MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

PDF 4 KURD

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوی ئەمەی خوارەوەیە:
*حسین یعقوبی (ترجمه و تالیف)*
*زبان، ترجمه، وارتباطات فرهنگ ها*
*(آرمان جامعەی زبانی یکپارچه)*
*نشر مرکز. چاپ اول*
*تهران ١٣٨٤*

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **زمان، و وەرگێڕان و پەیوەندیی کولتوورەکان**
- **نووسین و وەرگێڕانی: حوسێن یەعقووبی**
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئیسماعیل زارعی**
- **نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی**
- **بەرگ: ئاسۆ مامزادە**
- **سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات**
- **ژمارەی سپاردن: ٣٦**
- **نرخ: ٢٠٠٠**
- **چاپی یەکەم ٢٠٠٧**
- **تیراژ: ١٠٠٠**
- **چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس (هەولێر)**

**زنجیرەی کتێب (٢٠٥)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

**پێشکەشە بە:**

مامۆستا ***عەبدولرەحمان زەبیحی***

و

مامە ***هەژار موکریانی*** *(عەبدولرەحمان شەرەفکەندی)*

و

مامۆستا ***عەبدوڵڵا حەسەن زادە***(مامۆستایەك كە لە بواری وەرگێڕان دا زۆر ڕێنوێنی بەنرخی کردووم)

و

هەموو ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن لە بواری ئەدەبیدا (بە تایبەتی وەرگێڕان) درێژە بە ڕێگای ئەوان بدەن و لەو ڕێگایەوە، یا لە ڕێگاکانی دیکەوە مەبەستی خزمەتکردنیان بە نەتەوە و زمانی کورد هەیە.

وەرگێڕ١٣٨٥/٢/١١، کۆیە

# پێڕست

**پێش بار** ................................................ أ
**پاری یەکەم** — ئاوڕدانەوەیەك لە رابردوو........................................ ١
**پاری دووهەم** — ئاڕاستەی وەرگێڕان................................................ ٢١
**پاری سێهەم** — ئاڕاستەی زمانە دەستکردەکان.................................... ٧١
**پاری چوارەم** - ئاڕاستەی هەڵبژاردنی زمانێکی سرووشتی وەك زمانی جیهانی...... ١٠١
**پاری پێنجەم** - ئاڕاستەی دوو زمانی.............................................. ١٤٢
**پاری شەشەم** — پوختە و دەرئەنجام ................................................ ١٧١
**سەرچاوەکان**................................................................ ١٨٣

PDF 4 KURD

# پاری یەکەم

## ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو

*لە سەردەمی کۆندا، منداڵەکانی باوە ئادەم لە سەر گۆی زەوی بە تاکە زمانێك قسەیان دەکرد. ئەو زەمەن سەردەمێك بەسەرداهات کە ویستییان لە ڕۆژهەڵات کۆچ بکەن. ڕێککەوتن تاکو گەیشتنە دەشتاییەك لە دەڤەری شنعار و لەوێ بڕیاری نیشتەجێ بوونیان دا. دواتر بە یەکتریان ووت: وەرن با شارێك بۆ خۆمان دروست بکەین تاوەرێکی تێدا دروست بکەین، تاوەرێك کە هێندە بەرز بێ سەر لە ئاسمانی خوا بسوێ، بۆ ئەوەی بەمشێوەیە یەك سەرزەویان هەبێ و هێندە لە سەر زەوی پەرش و بڵاونەبینەوە. لەم کاتەدا یەهوێ(ناوێکە لە تەورات دا کە بە خوا بەخشراوە. وەرگێڕی کوردی) هاتەخوار بۆ ئەوەی چاو لە شار وتاوەرێك بکا کە منداڵەکانی ئادەم دەستیان بە دروستکردنی کردبوو. یەهوێ لە دڵێری و بوێری ئەم خێڵە ترسی لێ نیشت و بە خۆی وت ئەم خەڵکە یەکپارچەن و تاکە زمانێکیان هەیە و ئاوا یەکگرتوو بن هیچ کارێکیان لە دەستی یاخی نابێ، دواتر یەهوێ بۆ شێواندنی پلانەکەیان بیرێکی کردەوە و کارێکی کرد کە ئیدی لە زمانی یەکتر تێنەدەگەیشتن. هەر کە نەیاندەتوانی لە زمانی یەکتر تێبگەن شەڕو ناخۆشی لە نێوانیاندا رووی دا و دەستیان لە دروستکردنی ئەو بینایە هەڵگرت و لە سەر زەوی بڵاوبوونەوە.*

*تەورات، بەشی یازدەهەم*



زمان هێندە لە ناو تانوپۆی ژیانی کۆمەڵایەتیمان دا قووڵ دروواوە و گرێدراوە کە ئێمە بوونی ئەو وەك خواردن، خواردنەوە و خەوتن بە شتێکی ئاشکرا و روون گریمانەی دەکەین. بە لای ئێمەوە زمان دیاردەیەکی هێندە ئاساییە کە کەمتر زەحمەتی ئەوە بە خۆمان دەدەین کە لە کار و پێکهاتەی (ستراکچەر) ئەو رابمێنین و لەم رووەوە زۆر بە ئەستەمی دەتوانین دۆخێك بێنینە پێش چاو کە زمان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بستێندرێتەوە.

ناکرێ بە وردی مێژووی سەرهەڵدانی زمان دیاری بکرێ. بەڵام ڕوونە کە دیاردەیەکی یەکجار کۆنە. بەڕاستی نازانین زمان بە چ شێوەیەك پێکهاتووە، چونکە کاتێك گەڵێك هێما لە سەر ژیانی مرۆڤ لە سەر زەوی دەدۆزینەوە کە دێرینبوونیان بۆ نیو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، قەت ناتوانین بەڵگەیەکی روون سەبارەت بە زمانی ئاخاوتنی باو و باپیرە زۆر کۆنەکانمان بەدەست بێنین، چونکە بە پێچەوانەی زمانی نووسین هیچ ئاسەوارێك لە زمانی ئاخاوتن بە جێ نەماوە. ڕەنگە هەر بە هۆی نەبووونی ئەم بەڵگەگەلە هەستپێکراوانەیە کە تا هەنووکەش گەلێك گریمانە سەبارەت بە سەرچاوەی ئاخاوتنی مرۆڤ خراوەتە ڕوو.

دیاردەی ئاخاوتن شتێکی حاشاهەڵنەگر بووە. مرۆڤ لە سەردەمان و ڕۆژگارەکانی ڕابردوودا تووڕەتر و نەگۆڕتربووە لە ئەمڕۆکە، کەمتر هەوساری خۆی لە دەست خۆیدا بووە و دەنگی زۆر بەرزتر و بەهێزتر بووە. کاتێك گورزێکی دەوەشاند، یان کاتێك بۆ مەبەستێکی دیکە کەڵکی لە دەستی وەرگرتووە، ڕەنگە هەوای هەناسەکێشانی، بە شێوەی خرپە خرپ یا هاوارکردن لە سینگی هێناوەتەدەر، ڕەنگە هەناسەکێشانی دەنگێکی وەك بەع، دا، تا، نا، کا، گا ی هەبوو بێ. لە هەمان کاتدا فێر بووە کە بە چ شێوەیەك لە ڕێگای زارەوە کەڵك لە هەوا وەرگرێ، ڕەنگە فێری ئەوەش بوو بێت کە بە چ شێوەیەك دەنگە لێڵ و ناڕوونەکان روونتر و دیاریکراوتر بکا، ڕەنگە هەموو دەنگێك بە نۆرەی خۆی پەیوەندی بە جۆرێك کردەوەی تایبەتی وەك گرتن، لێدان، ڕاکێشان یا پان کردنەوە بووە. کەواتە، یەکەمین زمانی مرۆڤ تەنیا بریتی بووە لەم جۆرە فۆنەتیکە خود بە خودی و ئاماژەکردنە کە بەرە بەرە نموونەگەلێکی تایبەتی وەرگرتووە و فۆڕمی گرتووە. لە ڕاستیدا بنچینەی سەرەکی زمان ئەوەیە کە بزاوتنێك، دەنگێك، وشەیەك دەبێ واتا و ڕەنگە چەند واتاشی هەبێ، چونکە جگە لەمە ئەو کات پێکهاتنی پەیوەندییەکان نەشیاو و نەگونجاو دەبن. (دایمۆند، ١٩٥٩: ٥٨)

لە ساڵی ١٨٢٧دا، زانای ئەڵمانی لۆدڤیگ نۆیرە بەم شێوەیە بیر و ڕای خۆی دەربڕی، کە کاتێك یەکەمین وشەکانی مرۆڤ گوتران، کە ئامرازێکی داهێنا و لە کاتی کار کردن بەو ئامرازە بۆ پەیوەندی کارکردن لەگەڵ ئەوانیتردا گەلێك دەنگی بە کار هێنا، کە دواجار بوونە وشە. بە پێی ئەم تیۆرییە مرۆڤی قسەکەر و مرۆڤی ئامێرساز لە یەك کاتدا سەریان هەڵداوە. کاتێك جەستەی خۆمان دەجووڵێنین، بە تایبەتی ئەگەر ئەم هەوڵە زۆر لە نەکاو کتوپڕی بێ دەنگێکیش لە قووڕگمان دێنینەدەر. هێندێك کەس پێیان وایە مرۆڤ یەکەمین وشەکانی بۆ هەست گۆڕینەوە لەگەڵ کەسانی نزیکی خۆی و ئەوانیتر بە کار هێناوە دواتر ئەو پەیوەندییەی بە شێوەیەکی بەربلاوتر درێژە پێداوە. جۆرج یۆل (١٣٧٤: ٦ —٩) تیۆرییە باوەکانی سەرهەڵدانی زمان بە پێی ئەو شیکردنەوەی خوارەوە کۆبەندی دەکا:

**أ — سەرچاوەی یەزدانی:** بە پێی ئەم ڕوانگە ئایینی و ئەفسانەییە، زمان، سەرچاوەی ئاسمانی هەیە و دیارییەك بووە لە لایەن خواوە بە مرۆڤ بەخشراوە. هیندیەکان پێیان وایە خواوەندی ساراسواتی، هاوسەری برەهما، دروستکەری بوونەوەران، زمانی پێك هێناوە و لە تەوڕات دا هاتووە "خوا بەر لە هەموو شتێك قسەی کرد و گوتی لێگەڕێ با ڕوونی هەبێ، بەمشێوەیە بە گۆکردنی وشە پیرۆزەکان ئاسمان و زەوی داهێنا" واتە پەروەردگار ئەفراندنی لە ڕێگای ئاخاوتنەوە دەست پێکرد و لە ڕێگای ناو دێرکردنی تەن و شت و مەکەکانی ئەوانی ئەفراندووە. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە پێیان وابوو ئەگەر ڕێگە لە فێر بوونی زمان بگیرێ لای منداڵان، هەر لە خۆوە کەڵك لە زمانی سەرەتایی وەردەگرن.(واتە هەمان گڕو گاڵی منداڵی. وەرگێڕی کورد).

**ب — سەرچاوەگرتنی زمان لە دەنگە سرووشتییەکان:** پێڕەوەکانی گریمانەی سەرچاوەگرتنی زمان لە دەنگە سرووشتییەکانەوە بە سێ گرووپ دابەش دەبن: ***گرووپی یەکەم*** پێیان وایە وشە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ڕەنگە لاسایی کردنەوەی دەنگە سرووشتییەکان بووبن، کە خەڵکی ئەو سەردەمانە لە دەورو بەری خۆیانەوە دەیان بیست. بۆ وێنە کاتێك باڵندەیەك دەنگی " کو کو"ی دەردەهێنا، مرۆڤی سەرەتایی لاسایی ئەو دەنگەی دەکردەوە و بۆ ناو لێنانی ئەو



بوونەوەرە کەڵکی لەو دەنگە سرووشتییە وەردەگرت. ***گرووپی دووهەم*** پێشنیاریان کردووە دەنگی سەرەتایی زمان لە هاوارە سرووشتییەکانەوە بە هۆی هەستکردن بە ژان، تووڕەیی، چێژ و شتی لەو جۆرە پێکهاتووە. ***گرووپی سێهەم*** تیۆرییەکیان هەیە کە بە تیۆری *ناوی* "*دەنگی بە کۆمەڵ*" بەناوبانگە. بە پێی ئەم تیۆرییە، دەکرێ دەنگی کەسەکان لە کاتی کاری جەستەییدا سەرچاوەی زمانی سەرەتایی بوو بێ، بە تایبەتی کاتێك کە ئەو کارە جەستەییە چەند کەسی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبێ و بۆ ئەنجامدانی پێویستی بە هاوئاهەنگی بە کۆمەڵ بووبێت. هەربۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کۆمەڵانی مرۆڤە سەرەتاییەکان، لە کاتی تێکۆشانی وەك هەڵکێشان و گواستنەوەی کۆلکەدار یا مامووتە( بوونەوەرگەلێکی گەورە بوون، و.) بێگیانەکان، بە هاوارکردن و جنێودان بووبنە هۆی بڵاوبوونەوەی زمان.

**ج — سەرچاوەی بزاوتی دەربڕین:** تیۆرییەکی دیکە سەبارەت بە سەرچاوەی زمان، ئاوڕ لە پەیوەندی نێوان جووڵان و بزاوتی جەستەیی و دەنگەکانی زار دەداتەوە. ئەم تیۆرییە بانگەشەی ئەوە دەکا کە سەرەتا کەڵك لە کۆمەڵێك بزاوتی جەستەیی وەك ئامرازی پەیوەندیکردن وەرگیراوە و دواتر کۆمەڵێك جووڵانەکانی دربڕین بە تایبەتی بە کەڵك وەرگرتن لە زار بەرەو خەملان و کامڵبوون هەنگاوی ناوە.

پێش ئەوەی لە باسکردن سەبارەت بە سەرهەڵدانی زمان بچینەدەر خراپ نیە لەمبارەوە ئاماژە بە تیۆرییەکی سیاسی — ئایدیۆلۆژیکیش بکەین: چەندین ساڵ لەمەوبەر نیکۆلای مار (١٨٢٤ —١٩٣٠) لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆمۆنیسم، تیۆری زمانەکانی ***یافسی*** داڕشت (یافس ناوی سێهەمین کوڕی ***نووح***، دوای ***سام*** و ***حامە*** کە زمانەکانی ***سامی*** و ***حامی*** لەو دووانەوە وەرگیراوە). دواتر بۆ تیۆرییەکەی خۆی کەڵکی لە بنچینەکانی مارکسیسم وەرگرت. *مار* گریمانەی بوونی سەرچاوەیەکی هاوبەشی بۆ هەموو زمانەکانی جیهان دەکرد و پێی وابوو پەیوەندی مرۆڤەکان سەرەتا بە هۆی جووڵانی هێمایی دەست و پێ بوو و دواتر لەگەڵتێپەڕبوونی زەمەن چوار هۆکاری فۆنەتیك دەرکەوتن کە زمانێکی ناتەواوی باڵا دەستیان خولقاند. دواتر بە ئاوێتەبوونی، گۆڕانی نەسەن و فۆڕم و زیادبوونی ئەم چوار دەنگە زمانە

جۆراوجۆرەکانی دنیا پێك هاتن کە *مار* ئەوانی بە چوار قۆناغی بەردەوام دابەش کردووە. ئەم قۆناغانە لەگەڵ گەلێك بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئابووری جۆراوجۆر یەکتر دەگرنەوە.

***یەکەمین قۆناغ:*** زمانی چینی، زمانی ئەفریقایی

***دووهەمین قۆناغ:*** زمانەکانی فینلەندی، ئۆیغۆری، تورکی

***سێهەمین قۆناغ:*** زمانەکانی قەفقازی و حامی

***چوارەمین قۆناغ:*** زمانەکانی هیند و ئەورووپی و سامی

هەر کام لەم قۆناغانە لەگەڵ سەردەمێك لە پێشکەوتن یەکتر دەگرنەوە و زۆر بە ئەستەمی دەکرێ لە پشتەوەی ئەم پۆلێنەکردنەدا هێماگەلێکی رەگەزپەرستانە یا لایەنیکەم ئەورووپا تەوەرییانە نەبیندرێ. مار پێی وابوو بە وەدیهاتن و پێکهاتنی جیهانێکی سۆسیالیستی زمانێکی یەکە سەرهەڵدەدا، بە واتایەکی دیکە، یەکترخوێندنەوەی کامڵ و پوخت ئەو واتایەشی هەیە کە زمان کاردانەوەی خەباتی چینایەتییە.

## چ شتێک بوونی زمان پێویست دەکا؟

لێکۆڵەرێك کە ئەم پرسیارەی هێنایە گۆڕێ وەڵامێکی بەمشێوەیەی دایەوە: جێ بە جێ کردنی ئەو کارانەی خۆمان ناتوانین ئەنجامیان بدەین، لەلایەن کەسانی دیکەوە. لێکۆڵەرێکی دیکە بانگەشەی ئەوەی کرد کە مرۆڤ تەنیا کاتێك توانی ئاخاوتن بکا کە پێویستی پێی بوو. بەڵام چ کاتێك پێویستی بەم هێزە بوو؟ مەگەر هەمیشە پێویستی پێی نەبووە؟ لێکۆڵەرێکی دیکە گوتی وێناکردنی سەردەمێك ئەستەمە کە مرۆڤ نەیتوانیوە قسە بکا. هەتا زیاتر هەوڵ بدەین چۆنییەتی و هۆی داهێنانی وشەکان لە لایەن مرۆڤەوە بدۆزینەوە زیاتر سەرمان لـێدەشێوێ. وادیارە هۆکاری داهێنانی وشە زۆرە، بۆ دیاریکردنی نێوان نێرینە و مێینە، ناوهێنانی ئەندامێك لە ناو ئەندامەکانی دیکەدا بە ناولێنانەوە، وەك دیاریکردنی ئاژەڵێك لە بنەماڵەیەك لە ئاژەڵەکانی دیکە، توانایی دەربڕینی برسییێتی، تینوێتی و حاڵەتە دەروونییەکان، جیاوازی لە نێوان کاتی نزیك و دوور، شوێنی نزیك و دوور.



رۆژێك پێمان وابوو دەنگی منداڵان وەك لەو دەنگانە دەچێ کە مرۆڤی سەرەتایی لە کاتی کار وئیش کردن یا هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن دروستی دەکردن. ئەمڕۆکە دەزانین منداڵان تەنیا ئەو دەنگانە کۆدەکەن کە لە هەریەك لە قۆناغەکانی پێگەیشتندا دەکرێ دەریانبڕین.

ئار. ئەی. ڤیڵسۆن پێی وابوو: "زمان ئامرازێکی تاکەکەسییە کە مرۆڤ دایهێناوە بۆ ئەوەی جیهانی دەرەکی لە زەین و بیری خۆیدا وێنا بکا. لەوەڕا کە وێنای زەینی مرۆڤ لە جیهان بە هەمان رادە کە ئەو دەتوانێ لە دنیای دەرەوەیی نزیك بێتەوە، لە بنچینەوە نزیکە، بێگومان دەبێ پەیوەندییەك لە نێوان پێکهاتەی زمان و پێکهاتەی جیهانێکدا هەبێ کە زمان مەبەستی وێناکردنی هەیە"(پینکێر، ١٩٩٥: ٢٧).

وادیارە کە ئاخاوتن واتە توانایی مرۆڤ بۆ قسەکردن، رووداوێکی لە نەکاو و کتوپڕی نیە، سرووشتییە و لەگەڵ ئەودا پێگەیشتووە. وادیارە دوای پێشکەوتنێکی دوور و درێژ و دڕدۆنگانە زمان پێکهاتووە، کە زۆرتر لە رێگای تاقیکردنەوە و هەڵەوە شێوەی گرتووە. هەندێك پێیان وایە بنچینەیەکی سەرەتایی هەبوو و هەر کۆمەڵێك هەندێ گۆڕانکاری تێدا گونجاندووە و ئەو زمانە بەرهەمهاتووە بەرەبەرە وێکچوونی خۆی لەگەڵ زمانی سەرەتایی لە دەست داوە. هەنووکە چەندان بنەماڵەی زمانی بەرچاو دەکەوێ کە بێ شك لە زمانە پەیوەندیدارەکان بە یەکترەوە پێکهاتوون و هەر ئەوەش گرنگی و بەها بە بیروڕا و تیۆری زمانی سەرەکی دەبەخشێ. پینکێر پێی وایە مرۆڤی سەرەتایی لە شوێنی جۆراوجۆر و لە سەردەم و کاتە جیاوازەکاندا، کەڵکیان لە گەلێك زمانی جیاواز وەرگرتووە. ئەم جیاوازییەی نێوان زمانەکانیش، وەك جیاوازی لە نێوان جۆری مرۆڤ و ئاژەڵەکان لە ژێر کاریگەری سێ پرۆسەدایە کە لە درێژخایەن دا پراکتیزە دەبن. پرۆسەی یەکەم داهێنانی نوێی زمانی (سەبارەت بە جۆرەکان، موتاسیۆن) پرۆسەی دووهەم رەوتی فێربوون (سەبارەت بە جۆرەکانی میراتگری) و سێهەمین پرۆسە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی – هەرێمی (اقلیمی) (سەبارەت بە جۆرەکان، جیاوازی وەرزی تێکەڵ بوون(جفت گیری) و ئاناتۆمی تۆرەمە خستنەوە(تولید مثل) (پینکێر، ١٩٩٥: ٢٤٧ – ٢٤٣).

**جۆرج یۆل دەنووسێ:**

لەگەڵ ئەوەدا کە دەکرێ هەندێك لە گۆڕانکارییەکانی زمانی لەگەڵ گۆڕانکارییە بەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمی شەڕ، هێرش و گۆڕانکارییەکانی دیکە پێکەوە پەیوەست بکەین بەڵام وادیارە کاریگەر ترین هۆکار و سەرچاوەی گۆڕانی زمان، پرۆسەی هەمیشەیی گواستنەوەی کولتووری بووە هەر نەوەیەکی نوێ ئەبێ ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ کەڵك وەرگرتن لە زمانی نەوەی پێش خۆی لەم پرۆسە بەردەوام بێکۆتاییەدا، کە بە هۆی ئەوەوە هەموو تاکێك کە کەڵك لە زمان وەردەگرێ دەبێ بۆ خۆی سەر لەنوێ، زمانی کۆمەڵگا دروست بکاتەوە، مەیلی حاشاهەڵنەگر بۆ هەڵبژاردنی هەندێك لە تۆخمەکانی زمان بە شێوەیەکی ورد و هەندێکیان بە شێوەی ڕێژیی هەیە، هەروەها حەز و مەیلی پاڵەکی بۆ جیاوازبوونیش هەیە. بە حاشاهەڵنەگر زانینی ناسکی پرۆسەی گواستنەوە، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەشمان هەبێ کە زمانەکان وەك خۆیان نامێننەوە(نەگۆڕ نین)، بەڵکو تووشی گۆڕان و ئاڵوگۆڕ دەبن(یۆل، ١٣٧٤: ٢٦٠).

هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە پێش چاوی خەڵکدا گۆڕان لە زماندا رووی داوە، بەڵام تەنیا لە سەد و پەنجا ساڵی رابردوودا کە زمانەوان و زانایان شیتەڵ کردنەوە و راڤەکردنیان دەست پێکردووە و لە سەدەکانی پێشووتردا، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم کە دوور دووریان دەڕوانی هیچ کەسیتر سەرنجی پێ نەداوە. دانتی یەکەمین شاعیری ئیتالی، یەکەمین بیرمەندی گەورەیە کە سەبارەت بە گۆڕانی زمانی بیرو ڕای دەربڕیوە و دەڵێ:

کەواتە لە سەردەمی تێکچوونی تاوەری بابل بەملاوە، هەموو زمانێکی مرۆڤ بە پێی حەزەکانی ئێمە سەر لە نوێ پێکهاتۆتەوە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە زۆر شیاوی گۆڕانە، زمانیش ناتوانێ نەگۆڕ و هەمیشەیی بێ، بەڵکو وەکو هەموو شتەکانی دیکەی مرۆڤ، وەك داب و نەریت و جل و بەرگ، بێگومان بە پێی کات و شوێن دەگۆڕدرێ.(ئیکۆ، ١٩٩٧: ٣٢ —٣٣).

هەروەها دەیڤێد کریستاڵ کە یەکێکە لە دوایین لێکۆڵەران لە سەر پرسی گۆڕانی زمان نووسیویەتی:

زمان نەگۆڕ نامێنێ، گۆڕانی زمانی لە دۆخی هەنووکەیی مرۆڤدا، حاشاهەڵنەگرە. راستییەکەی ئەوەیە کە لە یەك میلیۆن ساڵی رابردوودا، رەگەزی مرۆڤ لە جیاتی گۆڕانی



ژینگەیی، لە رەهەندی زمانییەوە گۆڕدراوە. لەو هێزانەی کە کاریگەرییان لە سەر گۆڕانی زمان هەیە یەکیان پەیوەندی هەیە بە گۆڕانی فۆنیم، شێوە مۆر فۆلۆجی وپێکهاتە سینکاکسیەکانی زمان ئەویتر پەیوەندی بە وەرگرتنی دەروونی (یان بەراوردکاری) و سێهەمینیش پەیوەندی بە وەرگرتن لە شێوەزاری خزم و نزیکەکان، لە زمانە خزم و لە زمانە بێگانەکانەوەیە.( کریستاڵ، ١٩٩٧: ١٦).

سرووشتییە کە لەگەڵ گۆڕانی رۆژ لە دوای رۆژی ناوەوەو دەرەوەی زمان، پرسی تێگەیشتن و دەرککردنی بەرامبەر لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا رۆژ لە دوای رۆژ چەتوونتر بووە و گرفتێك بە ناوی "لەمپەری زمانی" گەلێك بانتر لە سنوورە جوگرافییەکانیش، بۆتە هۆی دابڕانی مرۆڤەکانی جیهان لە یەکتر.

## وەرگێڕان و پەیوەندی

دەکرێ وەرگێڕان بە یەکێك لە شێوە هەرە کۆنەکانی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بزانین، کە بە گشتی لە راستی تێگەیشتن و درکی بەرامبەری مرۆڤەکان ئەنجام دراوە. پێشینەی خوێندنەوەی وەرگێڕان بۆ چەندین سەدە لەوەو پێش دەگەڕێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوە و کاری رێکخراو لەم بواردا تەنیا لە دوای کۆتاییهاتنی دووهەمین شەڕی جیهانییەوە دەستی پێکرد.

دەکرێ لە ناو لێکۆڵینەوە پرش و بڵاوەکان لە مەڕ وەرگێڕان لە چاخەکانی رابردوودا ئاماژە بە دوو نموونە لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا بکەین: وادیارە یەکەمین کەس لە رۆژئاوا کە بە شێوەیەکی دیار سەرقاڵی تیۆری سەبارەت بە وەرگێڕان بووە ***ئاتین دۆلە،*** نووسەرو وەرگێڕ و خاوەن چاپخانەی فەرەنسی بوو، کە نامیلکەیەکی بە ناوی ***بنچینەکانی وەرگێڕان*** بڵاوکردەوە. تیۆری وەرگێڕانی ئەو بەوەدا کە باسی شێوە و چۆنایەتی وەرگێڕانی هەموو جۆرە دەقێکی جیاوازی دەکرد ناوبانگێکی تایبەتی پەیدا کرد. بەڵام بۆچوونە داهێنانە نوێیەکانی چارەنووسێکی تاڵی بۆ هێنا” ئاتین دۆلە لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا بە تاوانی وەرگێڕانی خراپی باسێکی ئەفلاتوون کە باوەڕنەبوون بە گیانی تێدەگەیاند، ئیدانە کرا و بە تاوانی لەدین دەرچوون لەگەڵبەرهەمەکانی سووتێندرا. بنچینەکانی وەرگێڕانی دۆلە کە ئەرکی وەرگێڕ دیاری دەکا بەمشێوەیەن:

أ — دەبێ وەرگێڕ بە باشی لە ناوەڕۆکی دەق و مەبەستی نووسەر تێبگات.

ب — دەبێ وەرگێڕ زانیارییەکی زۆری لە سەر ئەو زمانەی دەیەوێ وەریبگێڕێ و ئەو زمانەی وەرگێڕانی پێدەکا، هەبێ.

ج — دەبێ وەرگێڕ خۆ لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بپارێزێ کە هەم زیان لە واتای دەق و هەم زیان بە جوانی دەربڕینیش دەگەیەنێ.

د — دەبێ وەرگێڕ کەڵك لە گەلێك شێوەی ئاخاوتنی باو وەربگرێ.

هـ — وەرگێڕ دەبێ لە ڕێگای هەڵبژاردن و داڕشتنی وشەگەلی گونجاوەوە کاریگەری بەرامبەر و گونجاو بە دەقی سەرەکی وەرگێڕان ببەخشێ. (تاهیرە سەففارزادە: ١٣٦٦: ٤ —١٠). .

ئەو شتەی کە "دۆلە" سەبارەت بە ڕوونی واتا و خۆبواردن لە وەرگێڕانی وشە بە وشەیی دەیڵێ بنچینەیەکە کە هەمیشە سەبارەت بە جۆرەکانی وەرگێڕانی نووسین، زارەکی، ئەدەبی، هەمووانی(عامیانە)، زانستی، هوونەری و هەواڵی دروستە.

هەڵبەت شەش سەدە پێش ئەویش جاحظ لە کتێبی *(الحیوان)* دا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە وەرگێڕان دەربڕیوە کە زۆر گرنگ و بایەخدارە. بیروڕاکانی جاحظ بە تەواوی مانا ئەمڕۆیین و باس لە وشیاری و زەین و بیری ڕەخنەگرانەی ئەو دەکا. چەمکگەلێکی بنەڕەتی، کە دەکرێ لە دەقی ئەو دەرهاویژرێن بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

أ — توانایی زەینی وەرگێڕ دەبێ هاوشانی توانایی زەینی خاوەن بەرهەم بێ.

ب — دەبێ وەرگێڕ بە سەر هەر دوو زمانەکەدا بە یەك ڕادە یان تا ڕادەیەك بە یەك ڕادە زاڵ و شارەزا بێ.

ج — لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا وێکچوونی تەواو و ڕەها بوونی نیە؛ چونکە هەموو زمانێك ڕۆحی تایبەت بە خۆی هەیە. مێتۆدی دەربڕین و ئیدیۆم و پێکهاتە و ستراکچەر و شێوە و شیمانەی کورتکراوە یا درێژکردنەوەی زمانێك لەگەڵزمانێکی دیکە جیاوازە.

د — دوو زمان گورز لە یەکتری دەدەن، هەر کام لەو دووانە ئەویتر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێ و شێوە و پێکهاتەی پەیڤین و تایبەتمەندییەکانی ئەویتر بە قەرز وەردەگرێ.



هـ — هەروەها جاحظ باس لە ڕەخنەی دەق و دۆخی خراپی زاڵ بەسەریاندا دەکا و ئەوە بە ئەرکی وەرگێڕ دەزانێ، کە دەبێ سەرەتا دڵنیا بێ لە دروستی دەقی نووسخەی خەتی خۆی و هەروەها هۆکاری تەشەنەکردنی گەندەڵی لە دەقەکانیش دەستنیشان دەکا، کە قسەکانی ئەو لەمبارەوە هیچ کەم و کورتییەکیان لە قسەی زمانناسە گەورەکانی هاوچەرخدا نیە.(بەدوی ١٣٧٦: ٨٠ —٨١).

تارادەیەك لەگەڵ دەست پێکردنی دەیەی پەنجای زایینی، خوێندنەوە لە سەر وەرگێڕان بەهێزتر بوو و بوو بە بابەتێکی شیاوی هۆگری هەندێك زمانەوانان، لە ناو بەرچاوترین زمانناسەکاندا کە سەرقاڵی پرسگەلی وەرگێڕان بوون، دەکرێ ئاماژە بەو نموونانەی خوارەوە بکەین:

أ— و. هـ. کمیسارۆڤ زمانەوانی ڕووسی، پێی وایە دەبێ تیۆری وەرگێڕان لە سەر سێ بنەما ڕاوەستا بێ: گواستنەوەی زانیاری، گواستنەوەی واتا (دانانی هاوتای ورد و گونجاو) و گواستنەوەی پێکهاتەی نیتاکس گونجاو. بەشی یەکەم بریتییە لە ناوەڕۆك و بەشەکانی دوو و سێ، واتە خستنەڕووی هاوتاگەلێکی ورد لە ئاستی وشە ونیتاکس، وێنە لە خۆ دەگرێ.

ب — تیۆریستەکانی قوتابخانەی وەرگێڕانی لایپزیك نۆبێرت، کید، ڤێتجاك، جاگر، هلبیگ و ڕۆزیکا مۆدێلی وەرگێڕانی خۆیان لە سەر بنەمای پۆلێن بەندی سێ ڕەهەندی لە هێماناسی دامەزراندووە. ڕستەسازی یا جۆرێك پەیوەندی هێماکان لەگەڵیەکتر لە ناو ڕستەیەکدا“ واتاناسی یا پەیوەندی هێماکان لەگەڵتەن و دیاردەکان لە دنیای دەرەوەدا“ و پراگماتیك یان پەیوەندی لە نێوان هێماکان و ڕاڤیارەکانیان. نوێنەرانی قوتابخانەی لایپزیك بە تایبەتی سەبارەت بە پراگماتیکی زمان هەستیارن چونکە زۆرجار لەگەڵ ئەم پرسە ڕووبەڕوو بوونەوە کە بۆ وێنە وشەیەك کە لە کۆمەڵگایەکی زمانیدا بە واتایەکی تەواو باش و پۆزەتیڤ کەڵکی لـێ وەردەگیردرێ لە کۆمەڵگای زمانی دیکەدا بە هۆی نیزام و تێڕوانینی جیاوازی کولتووری — کۆمەڵایەتیدا واتایەکی تەواو نێگەتیڤ و سووك و چرووکی هەیە.

ج — یوجین نایدا یەکێك لە کەسایەتییە ناودار و تیۆریستەکانە لە بواری وەرگێڕاندا. یەکێك لەو پرسە گرنگانە کە نایدا بە باشی شیتەڵی کردۆتەوەو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی شرۆڤە کردووە، بابەتی هاوتای سرووشتی یا ئەکتیڤ لە بەرامبەر هاوتای میکانیکی یا ڕواڵەتیدایە.

گیرو گرفتەکانی وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا هی دوو کولتووری تەواو جیاواز و دوور لە یەکتر، پرسگەلێکی بەرهۆی رووبەڕووبوونەوەی زمان لەگەڵ لۆژیك، جیاوازی لە نێوان وەرگێڕانی زمانی و وەرگێڕانی کولتووریدا، ئاستە جۆراوجۆرەکانی وەرگێڕان، یەکەی وەرگێڕان، واتای رەسمی و واتای سۆزدارانە، گشتیان ئەو پرسانەن کە نایدا بە کەڵك وەرگرتن لە مێتۆدی لێکدانەوەی داهێنەرەکەیان باسیان دەکا.

د — کێت فۆرد زمانناسی ئینگلیزی، بە پراکتیزەکردنی سیستماتیکی هالیدەی بە سەر تیۆری وەرگێڕاندا، ریزبەندی و ئاستەکانی گواستنەوەی نێوان دوو زمانی پۆلێن کردووە. کێت فۆرد پێی وایە سەرەڕای لەمپەرەکانی زمانی، گەلێك لەمپەر و ئاستەنگی کولتووریش لە سەر رێگای وەرگێڕاندا هەیە، واتە وشەگەلێك کە وادیارە واتای هاوشێوەیان لە دوو زمانی جیاوازدا هەیە هەمیشە هێما بۆ بەرهۆگەلێکی یەکسان نادەن(صلح جو، ١٣٧٦: ٤٤ —٤٧).

لە دەیەی پەنجادا هاوکات لەگەڵ سەرقاڵ بوونی زانایان بە لایەنە تیۆرییەکانی وەرگێڕان، ئاوڕ لە باشتربوونی کارایی و زیادبوونی خێرایی لەگەڵ بیرۆکەی وەرگێڕانی ئامێری دراوەتەوە. وەرگێڕانی ئامێری بریتییە لە سپاردنی تێکۆشانەکانی وەرگێڕان بە ئامێرە خودکارەکان، کە بە یەکێك لە گەورەترین ئومێدەکانی مرۆڤی سەدەی بیستەم بۆ چارەسەکردنی گرفتی پەیوەندی نێونەتەوەیی دەژمێردرا. ئەگەر ئامێری وەرگێڕان خێرایی پێویستی هەبێ ئیزنی ئەوە بە هەموو کەسێك دەدا کە وێڕای کەڵك وەرگرتن لە زمانی خۆی، لە زمانی ئەوانیتریش تێبگا. تا کۆتاییەکانی دەیەی حەفتا وەرگێڕانی ئامێری بە واتا و پێوەندگی بازرگانی شیاوی خستنە بەردەست نەبوو، چونکە نەچۆنایەتییەکەی رازیکەر بوو و نە لە رەهەندی ئابووریشەوە دەریدێنا. بەڵام لە ماوەی دوو دەیەی دواییدا، بە خستنە بەردەستی ئامێرێکی زۆری وەرگێڕان کە لە بنەڕتدا کاری ئەوان لێکدانەوەی دەستوورییە و کەڵك وەرگرتن لە سیستمگەلێکی پێك تەبا (سیستمهای تعاملی) کە لەودا دەقەکان پێشوەخت دادەڕێژرێن و دواتریش دادەڕێژرێنەوە، ئامێری وەرگێڕان دووبارە زۆری سەرنج پێ دراوەتەوە. هەندێك کەس دەڵێن کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە لێکۆڵەر و بەرنامەدارێژەرانی وەرگێڕانی ئامێری، خۆیان وەرگێڕی پسپۆڕ نین و زۆربەیان تەنیا زمانی زگماکی خۆیان دەزانن و ئاگایان لە وردەکاری و خاڵگەلێکی پێویست بۆ ئەفراندنی وەرگێڕانێکی باش نیە. بەڵام زۆربەی رەخنەگران نەبوونی دیاریکردنی ناڕوونییە



ستراکچەرییەکان، وشەیی و رێزمانی کە لەبەرهۆی تەیارنەبوونی ئامێر یا ئامرازگەلی وەرگێڕان بە پڕۆگرامگەلێك بۆ راڤە و شێتەڵکردنەوە و نەبوونی تێگەیشتن و داهێنانی مرۆڤایەتی بە دەردێکی بێ دەرمان و بە کێشەیەکی دەزانن کە بەمزووانە لە لایەن ئەوانەی کار لە هۆش(لۆگۆس) و هزری دەستکردی دەکەن چارەسەر ناکرێ. ئەمڕۆکە گەلێك پڕۆگرامی وەرگێڕانی جۆراجۆر و جیاواز لە بازاڕدا هەیە بەڵام پێویستی بە راستکردنەوە و کامڵ کردنیان زۆر هەست پێ دەکرێ.

هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی زمانێکی هاوبەشی جیهانی رێگاچارەیەکی کۆنی دیکەیە کە بۆ چارەسەرکردنی لەمپەری زمانی پێشنیار کراوە. بلیمەتەکان و زانایان هەمیشە ئاواتی ئەوەیان هەبووە کە هەموو خەڵکی جیهان بە یەك زمانی تاك بدوێن، چونکە پێیان وابوو کە زۆربەی شەڕەکان لە نێوان کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا بەرهەمی خراپ لێك تێکگەیشتن و بە واتایەکی دیکە بەرهەمی جیاوازییەکانی زمانی بووە، ئەگەر هەموو خەڵکی جیهان بە یەك زمان بدوێن دەکرێ پێشگری لە زۆرێك لەم شەڕانە بگیردرێ. ئەم بیرو باوەڕە بووە هۆی ئەنگێزەیەکی باش بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە هەوڵی دۆزینەوەی زمانێکی جیهانیدا بن. ئەوان پێیان وابوو ئەگەر مرۆڤەکان زمانێکی تاك و یەکیان هەبووایە یا لایەنیکەم هەمووان وەك دووهەمین زمان فێری زمان ببوونایە، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ناو پەیوەندی مرۆڤەکاندا پێك دەهات، چونکە هەر کام لە کۆمەڵگاکانی زمانی وابەستەبوونێکی توندیان بە زمانی خۆیەوە نیشان دەدا و لە لایەکی دیکەوە بە پێی هۆکارگەلێکی سیاسی و نەتەوەیی هیچکامیان ئامادە نەبوون زمانی نەتەوەیەکی دیکە بە سەرووتر و بەرزتر بزانن و وەك زمانێکی نێونەتەوەیی کەڵکی لێ وەرگرن، لەم رووەوە هەندێك کەس بیریان لەوە کردەوە کە دەبێ بۆ ئەم مەبەستە زمانێك پێك بێ بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بە کەڵك وەرگرتن لە رێساگەلی ساکار و رێك و پێك لە دروستکردنی ئەو زمانە، راهێنان و فێرکردنی ئاسان و سانا بێ و لە لایەکی دیکەوە چونکە زمانی نەتەوە یا کۆمەڵگایەکی تایبەتی نیە، کارلێکی پێچەوانە پێك نەهێنێ و زۆر زووتر قەبووڵ بکرێ. لە سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە هەوڵێکی زۆر بۆ ئەفراندنی زمانە دەستکردە جیهانییەکان شێوەی گرت بەڵام تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ئەم زمانانە بە سەرنجدان بە ستراکچەری تیۆری و سەربەخۆبوونی زاتی و دەروونییانەوە پێشوازییەکی ئەوتۆ لە زمانە سرووشتییەکان نەکرا. لە

نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا زانایان بە سەرنجدان بە ناکارابوونی زمانگەلێکی ئەوتۆ روویان لە پێکهێنانی گەلێك زمان لە سەر بنەمای زمانە سرووشتییە کلاسیکی و مۆدێرنەکان کرد، بەڵام لە ناو سەدان پرۆژەدا تەنیا چەند پرۆژەی کەم و دەگمەنی وەك ولاپوك، سپرانتۆ و ئایدۆ هەندێك سەرکەوتنی رێژەییان بەدەست هێنا. گەلێك زمانی دەستکردی دروستکراو وەك زمانێك کارایی کردەیی و پراکتیکییان نەبوو و کەسانێك کە سەرقاڵی دروستکردنی ئەم زمانە بوون نەیاندەزانی ئامانجی فانتازیاییان خراپترین لەمپەری سەرکەوتنیان بوو و وەك دەڵێن، خراپترین دوژمنی باش، باشترنییانە. بۆ وێنە خولقێنەری زمانە تیۆرییەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا سیمبۆلی نوێ دەربڕینی بیرۆکەی مرۆڤ بکەن. بۆ وێنە پێکهێنەرانی زمانی لۆگلێن هەوڵی ئەوەیان دەدا تەواوی لێڵییەکان لە زمانی مرۆڤدا لە نێو ببەن، دەتگوت نەیاندەزانی مرۆڤ هەر لە بنەڕەتدا لە دەربڕینەکانی خۆیدا حەزی لە لێڵییەکان (میتافۆر و پەندی پێشینان بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە). سپرانتۆ، وەك سەرکەوتووترین زمانی دەستکرد دوو جیاوکی بەرچاوی هەبوو، لە لایەکەوە ئاسانی و رەوانی کارایی و ستراکچەری دەروونی زمان، لە لایەکی دیکەوە خاوەنی هەلومەرج و دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبار، وەك هۆکاری دەرەکی سەرکەوتنی زمان بوو.

– ئەنگیزەی داهێنەرانی زمانە دەستکردەکانیش جیاواز و جۆراوجۆر بوو بەڵام لە نێوانیاندا دەکرێ ئاماژە بە دوو ئەنگیزەی سەرەکی و گرنگ بکرێ:

– هۆکاری مرۆڤایەتی، ئاشتیخوازانە و حەزکردن لە پەیوەندی نێوەنەتەوەیی. داهێنەرانی ئەم جۆرە زمانانە باوەڕیان بەوە بوو کە دەکرێ بە هۆی زمانی جیهانی یا نێونەتەوەییەوە گەلێك کێشە و گرفتی نێونەتەوەیی و رەگەزەکان کەم بکرێتەوە یا نەمێنێ.

هۆکاری فەلسەفی و عیرفانی کە بە تایبەتی رۆڵێکی سەرەکیان لە هۆکاری پێکهێنەرانی زمانە ئیستقراییەکاندا هەبوو. فەیلەسووفەکانی سەدەی حەڤدەهەم وەك دیکارت و لایبنیتس گەلێك ئایدیای جۆراوجۆریان سەبارەت بە زمانە ئارمانجەکان هەبوو کە بە شێوەیەکی لۆژیکی دروستکرابێ.

ئاڵبێرت لیپتای (١٨٩٢) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی ***زمانی کاتۆلیك*** رەوتی کامڵبوون کە لەودا زمانە ئەورووپاییەکان مەیلیان لە پەرەگرتن و فراوان بوونەوە هەیە، نیشان دەدا.

PDF 4 KURD



تیۆرییەکانی ئەو لەگەڵ بیرو راکانی ئۆتۆیسپێرس (١٨٩٤) سەبارەت بە پێشکەوتنی کامڵ بوونی زمانی و تیۆری نیکۆلای مار لە سەر دەرەتانی ئەفراندنی زمانێکی یەکەی مرۆڤایەتی لە ئاکامی تێکەڵ بوونی زمانەکانی هەنووکەیی دەگونجێ. هەڵبەت تەواوی ئەم تیۆرییانە قەرزباری تیۆری پلووچە لە یەکەمین بەرگی ***ئینسکلۆپیدیای*** گەورەی دیدرۆ بوون کە لەوێدا بانگەشەی ئەوە کرابوو کە یەکەمین دابەش بوون و فراوانبوونی زمان لە سەردەمی تۆفانی نووح دا روویداوە.پلووچە گوتی پرسی بەربڵاوبوونی زمان (یان بە دەربڕینێکی روونتر ئاڵۆزی زمانی) شتێکی زیاترە لە راستییەکی سرووشتی تەواو و لە راستیدا بوارێکی کۆمەڵایەتی هەیە. (ئاکۆ، ١٩٩٧: ١٨٤ — ١٨٦).

یەکەمین سەرنجی جیدی زانایانی زمانناسی لە پرسی زمانە دەستکردەکان بۆ کۆتایی چواریەکی یەکەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٩٢٤دا ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی زمان بۆ یارمەتیدان بە هەوڵی زمانناسی مەزن، ئۆتۆیسپێرسۆن بۆ لێکۆڵینەوە و تاو و توێ کردن لە بواری زمانە دەستکردەکاندا پێکهات، ئەو کومیتەیە لە ژێر رێنوێنی و راوێژە راستەوخۆکانی یسپێرسۆن دەستی بە کار کرد. دوای بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنگرەی ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ١٩٢٥دا، یسپێرسۆن بڕیاری دا شێوە و فۆڕمێکی دیاریکراو بە ئایدیاکانی لە بواری رەهەندە تایبەتییەکانی لەمپەری زمانیدا بدا. بە پشتیوانی پڕۆفیسۆر کالێنسۆن (ئەندامی بزاڤی سپرانتۆ) و دوکتۆر ئامەن. ئابراچ (ئەندامی بزاڤی ئایدۆ) ئەو توانی کتێبەکەی خۆی سەبارەت بە ستراکچەری زمانە دەستکردەکان بە ناوی ***زمانێکی نێونەتەوەیی*** لە ساڵی ١٩٢٨دا بڵاوبکاتەوە. ئەو لەم کتێبەدا، باسی لە سەر بنچینە و رێساگەلی پێویست بۆ دروستکردنی زمانێکی دەستکرد کردووە.

لە پەنجاکان بەملاوە زمانناسان بە بینینی سەرنەکەوتنی پراکتیکی ئەم جۆرە زمانانە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، لێیان دڵسارد بوونەوە و ئەوانیان بە شێوەگەلێکی ناکارامە لە چارەسەرکردنی پرسی لاوازبوونی پەیوەندی هەڵسەنگاند. هەندێك کەس بۆ پاساودانی شکستی زمانە دەستکردەکان باسی گەلێك هۆکاریان کردووە کە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر ئەم پرسە داناوە. بۆ وێنە ئەوە کە پەرەگرتن و فێربوونی هەر زمانێك، هۆکار یا پێویستی و پێداویستییەکی بەدوادا دێ کە لە فێربوونی زمانی دەستکردی هۆکارێکی ئەوتۆدا نیە“

ئەورووپای بنەڕەتی، دژایەتی هەندێك دەوڵەت و کەمتەرخەمی زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهان بۆ پێکهێنانی ئاسانکاری و هاندانی فێربوونی ئەم چەشنە زمانانە لە لایەن خەڵکی وڵاتەکەیانەوە لەو هۆکارە باندۆدرانەن لە سەرنەکەوتنی زمانە دەستکردییەکاندا.

رێکارێکی پێشنیاری دیکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی لەمپەری زمانی، تێڕوانینی پەرەگرتنی زمانێکی سرووشتییە وەك زمانێکی جیهانی. پێشینەی ئەم ئایدیایە بۆ چەندین سەدە لەمەو پێش دەگەڕێتەوە. کاتێك کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لاتین زمانێکی ئاکادیمی سەرتاسەری ئەورووپا و عەرەبی زمانی بازرگانی و خوێندنی سەرتاسەری هەرێمی ئیمپراتۆری ئیسلامی بوو. دوای پڕ رەنگ بوونی رۆڵی بزاڤگەلی نەتەوەیی لە وڵاتانی ئەورووپی و بەهاگرتنی زمانە نەتەوەییەکان، لاتین پێگەی پێشووی خۆی لە دەست دا و فەڕەنسی لە ماوەی سەدەی هەڤدە تا نۆزدەدا، وەك زمانی نێونەتەوەیی سیاسەت و دیپلۆماتیکی، پێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی بەدەست هێنا. بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا بە رووداوی شۆڕشی پیشەسازی لە بریتانیا و پەرەسەندنی تێکۆشان و هەوڵە داگیرکەرانەکانی دەوڵەتی ئینگلیز لە سەرانسەری جیهاندا، زمانی ئینگلیزی بەرە بەرە فەڕەنسی لەسەر گۆڕەپان وەدەر نا. لە سەدەی بیستەمدا و بە سەرهەڵدانی ئەمریکا دۆخی تاکەکەسی و ناوازە بوونی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بەدەست هێنا. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك دا بە پەرەگرتنی دیاردەی ئینتەرنێت رۆڵی زمانی ئینگلیزی لە جاران زیاتر، لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا پڕ رەنگ بووە تا وەك بانگەشەی بنەڕەتی وەدەستهێنانی زمانێکی جیهانی بە کردەوە دۆخی تایبەتی خۆی بە هەموو هێز و توانایەوە بسەلمێنێ. رکابەرەکانی زمانی ئینگلیزی کەم و کەم ئومێدن. هەڵبەت چەند زمانێك لە ناوچە بەرتەسکەکانی جیهان، رۆڵی زمانی ناونجی دەگێڕن (وەکو رووسی لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا یا ئیسپانیا لە ئەمریکای ناوەندی و باشووریدا) و یان زمانێکی وەکو چینی هەیە کە زۆرترین ژمارەی قسەپێکەری لە جیهاندا هەیە (زیاتر لە یەك میلیارد کەس) بەڵام زمانەکانی رووسی و ئیسپانی لە گۆڕەپانی پیشەسازی، تەکنەلۆژیا، ئینتەرنێت، سینەما، بڵاوکراوە و راگەیاندنە گشتییەکانی دیکە ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان نیە و چینیش لە رۆژئاوا نائاشناتر و غەریب تر لەوەیە کە بتوانێ بە رکابەرێکی زمانی ئینگلیزی بژمێردرێ. گرفتەکانی بەردەم زمانی ئینگلیزی حەز و ئارەزووی وڵاتان بۆ پاراستنی شووناسی زمانی خود، سەرهەڵدانی



جۆرە تازەکانی ئەم زمانە لەم سەدەیەدا و جیابوونەوە و دابەشبوونی رۆژ لە دوای رۆژی ئەوان لە یەکترە.

لە بواری پەرەگرتنی رۆڵی زمانی ئینگلیزی وەك زمانی جیهانی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە گەلێك بابەت و کتێب نووسراوە کە دەکرێ لە ناو ناودارترینیان ئاماژە بە کتێبی ***کاریگەری زمان*** نووسینی ئێم فالیك، بابەتی لێکۆڵینەوەیی و تێرو تەسەلی ساپیر بە ناوی "ئینگلیزی: زمانی ئایدیاڵی جیهانی؟" و کتێبێکی تازەی دەیڤید کریستاڵ بە ناوی ***ئینگلیزی وەك زمانێکی جیهانی*** بکەین.

بەرنامە و پلان دانانی زمانی یەکێك لە تازەترین شێوە و رێکارگەلێکە کە بۆ چارەسەرکردنی پرس و کێشەی لاوازبوونی پەیوەندی پێشنیار کراوە. پلان دانانی زمانی، بە پێی پێناسەیەکی گشتی دەستێوەردان یا دەسکاری ئاگایانەیە کە لە لایەن دەوڵەت یا رێکخراوێکەوە کە کەم و زۆر لە ژێر چاوەدێری دەوڵەت دایە لە پێکهاتە و بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگایەکدا ئەنجام دەدرێ. پلان دانانی زمانی بوارێکی فراوانی هەیە بە شێوەیەك کە پرسگەلێکی گرنگی وەك دیاریکردنی زمانی رەسمی (یەکەمین) یا نەتەوەیی لە وڵاتێکی چەند زمانە و پرسگەلێکی کەم بایەختری وەك پێشنیارگەلێکی بۆ یەکشێوە کردنی رێنووس و شتی دیکەی لەو جۆرە لە خۆ دەگرێ. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پرسی پلاندانانی زمانی و دەستێوەردانی دەوڵەتی بۆ سیاسەتەکانی زمانی تەنیا رووکەرد و تێڕوانینێکی ژیۆپلۆتیك و یان لە رەوتی بەرجەستەبوونی شووناسی ناوچەیی و نەتەوەیی تایبەتی وڵاتێك بووە بەڵام لە دوو سێ دەیەی دواییدا لەگەڵڕووتێکردنی دەوڵەتەکان لە گوندی جیهانەوە، گەلێك پلان و بەرنامەی نووسراوە و ورد بۆ فێرکردنی زمانە بێگانەکان لە ناو سیاسەتی زمانی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا گونجێندراوە.

## بوارە تیۆرییەکان

یەکەمین خزمەت کە زمانناسی لە راست و رەوتی نیشان دانی بنەمای زانستی شێوەگەلی چارەسەرکردنی لەمپەری زمانی ئەنجامی دا، ئاشکراکردنی جیاوازی وێنەیی و واتایی زمانە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکترە. زمانناسی ستراکچەر خوازانە تەنیا خاوەن پێکهاتەبوونی زمان

شرۆڤە دەکا، بەڵکو نیشانیدا پێکهاتەی زمانەکان لەگەڵ یەکتردا یەکسان و هاوشێوە نیە. یەکێك لە باسەکانی زمانناسی — کە بە تایبەتی یارمەتی بە ناسینی ماکە و چوونایەتی وەرگێڕان داوە — راڤەیەکی بەرامبەر بوو. لە شێوەی راڤەی بەرامبەردا دوو زمان لە رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ئاستە جۆراوجۆرەکانی فۆن و وشەیی و سینتاکسی و بە گشتی پێکهاتەی رێزمانی ئەوان لەگەڵیەکتردا هەڵدەسەنگێندرێن و لایەنی هاوبەش و جیاوازیان دیاری دەکرێ. راڤەی بەرامبەری دوو زمان لە بوارگەلی گۆکردن و واتادا یارمەتی ئەوە دەدا کە بۆشاییەکانی دوو زمان بەرامبەر بە یەکتری دەستنیشان بکرێن. بە تایبەتی ئەم مێتۆدە نیشانی دا کە پێکهاتەی وێنەیی و واتایی هیچ دوو زمانێك لەگەڵ یەکتری یەکسان و هاوشێوە نیە و هەر ئەم دیاردەیە یەکێك لە پرسە بنەڕەتییەکانی وەرگێڕانی چارەسەر کرد.

بابەتێکی دیکە کە لە سووچێکی جیاوازەوە پەیوەندی بە پرسی "لەمپەری زمانی"یەوەیە گریمانەی وۆرفە. بێنجامین لی وۆرف پێی وایە زمان جۆرێك لۆژیك و چوارچێوەی گشتی ئاراستەکردن(ارجاع) پێك دێنێ و بەمشێوەیە هەموو زمانێك رامانی وتەبێژ و قسەپێکەرانی خۆی پێك دێنێ. هەروەها ئەو بانگەشەی ئەوە دەکا کە لە هەر شوێنێك کە کولتوور و زمانێك پێکەوە گەشەیان کردبێ، گەلێك پەیوەندی گرنگ لە نێوان رەهەندە گشتییەکانی رێزمانی زمان و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەلتوورە بە گشتی هەیە. وۆرف بۆ سەلماندنی ئەم تیۆرییە، زمانی هیندیەسوورەکانی ئەمریکا و بەتایبەتی زمانی هۆپی لەگەڵ زمانە ئەورووپییەکان هەڵسەنگاند و ئەنجامی ئەوەی وەرگرت کە جیاوازییەکانی زمانە ئەورووپییەکان لەگەڵ یەکتر لە پلەی هەڵسەنگاندن لەگەڵ جیاوازییەکانی ئەوان لەگەڵ زمانە هۆپییەکان هێندە کەمە کە دەکرێ ئەوان بە سەردێڕی نێونجی ستانداردی ئەورووپیی پۆلێنە بکرێ. وۆرف لە لایەکی دیکەوە پێی وابوو کە زمانەکان لە رەهەندی وشەییەوە، بە ئاشکرا لەگەڵ یەکتری جیاوازن و ئەم جیاوازییە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە سرووشتی قسەکەران و وتەبێژانی ئەو زمانانەوەیە. بۆ وێنە وۆرف بینی کە زمانە ئێسکیمۆییەکان بۆ هەموو جۆرە بەفرێك وشەگەلێکی جۆراوجۆریان هەیە لە حاڵێکدا لە زمانە ئەورووپییەکان دا تەنیا وشەیەك بۆ بەفر هەیە لە بەرامبەردا، زمانی ئازتەکی تەنانەت یەك وشەی جیاواز و هەڵاوارتە بۆ سەرما، سەهۆڵ و بەفریش نیە، وشەی ڤێستاك بۆ ئاماژە بە هەر سێ شتەکە کەڵکی لێوەردەگیردرێ. دوای وۆرف، ساپیر گەلێك



بەڵگەی زۆر لە هەرێمێکی فراوانتردا خستە روو و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە وشەکانی زمانێك، زۆر بە روونی سرووشتی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەك بەرپرچ دەدەنەوە. لە راستیدا تەواوی وشەکانی زمانێك، رەشاییەکی ئاڵۆزە لە بیرۆکەکان، وێناکان، هۆگری و سەرقاڵییەکان کە سەرنجی ئەو نەتەوەیە بە لای خۆیدا راکێشاوە. ئەو ئەوە وەبیر دێنێتەوە کە لە زمانی نەتەوەی "*نوت کا*"دا کە لە رەخی باکووری رۆژئاوایی ئەمریکادا دەژین، بوونەوەر دەریاییەکان زۆر بە وردی و بە تێرو تەسەلی پێناسە دەکرێن. هەروەها نەتەوەی "*پایی یۆت*" — کە نەتەوەیەکی بیابان نشینن — دەتوانێ تایبەتمەندییەکانی جوگرافیایی دەشت یا بیابان بە تێرو تەسەلی وێنا بکا و ئەم شتە لە نیشتیمانێکدا پێویستە کە دیاریکردنی جێگای چاڵە ئاوەکان پێویستی بە زانینی رێگا و بیری ئاوی بیابانە. ساپیر پێی وابوو ئەو شتەی سەبارەت بە ژینگەی سرووشتی دروستە زۆر روونتر لەوە لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیشدا دروستە. لە کولتووره جۆراوجۆرەکاندا، زنجیرە کۆمەڵایەتییەکان، وێڕای گشت ئاڵۆزی و حەزە پیشەییەکانی بە تەواوی لە زمانیاندا بەرپەرچ دەدرێتەوە.

راستییەك لە ناو ئەو شتەی کە وۆرف و ساپیر هێنایانە بەرباس شاردراوەتەوە. ئەم راستییە بریتییە لە چەمك و دیاردەکان، هەر کە لە کۆدگەلێکی وشەییدا بگونجێندرێن، باشتر لێی تێدەگەن و لەوەڕا کە ئەم کۆدانە (وشەکان) لە زمانێکی دیکەدا جیاوازن، تێگەیشتنی تەواو و کاملی واتای ئەوان لە زمانێکی دیکەدا، هەندێکجار ئەستەمە.

گریمانەی وۆرف بووە هۆی دوو تێگەیشتنی جیاواز، تێگەیشتنێکی زێدەرۆوانە و تێگەیشتنێکی مام ناوەندییانە. بە پێی تێگەیشتنی یەکەم لەوەڕا کە پێکهاتەی زمانەکان لەگەڵ یەکتردا جیاوازن، چەمکەکانی ناو زمانێکیش ناکرێ بە شێوەیەکی کامڵ و تەواو بۆ زمانێکی دیکە بگوازرێتەوە. هەر بەم هۆیەوەیە نوێنەرانی ئەم کۆمەڵە پێیان وایە دەرەتانی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و یان دەرەتانی گونجاندنی چەمکگەلی زمانە جۆراوجۆرەکان لە زمانێکی دەستکرد یا سرووشتی جیهانیدا نیە، چونکە چەمك و گوتەزاکانی هەموو زمانێك بە شێوەیەکی لێك دانەبڕاو لە ناو پێکهاتەی ئەو زمانەدا تەنراوە و لێك گرێ دراون. تۆشیهیکۆ ئیزۆتسۆ هەنگاوێکی بانتر لەوەشی هەڵێنا و نە تەنیا پەیوەندی هاوبەشی نێوان خەڵکی جیهان بە شتێکی نەشیاو دەزانێ بەڵکو پێی وایە ئێمە لە بنەڕەتدا ناتوانین لە

ڕاستی تێبگەین چونکە زمان لە نێوان ئێمە و ڕاستیدا بۆتە لەمپەر و بەو شێوەیە کە پێی خۆشە و دەیەوێ ڕاستیمان نیشان دەدا.صلح جوو، ١٣٧٦: ٤٢).

لە تێگەیشتنی سازگار و مامناوەندا جیاوازی پێکهاتەیی زمانەکان لەگەڵ یەکتری لە ئاستێکدا نیە کە نەکرێ یەکێك بۆ یەکێکی دیکە وەرگێڕدرێ. ڕاستە ناکرێ بۆ تەواوی وشەکانی زمانێك لە زمانێکی دیکەدا "هاوتای وشەیی" بدۆزینەوە بەڵام وەرگێڕان تەنیا لە ڕێگای "گواستنەوەی وشەیی"یەوە ڕوونادات. دەکرێ لە کاتی وەرگێڕاندا، ناوەڕۆکی وشەیەك لە ڕێگای چەند وشەوە بگوازرێتەوە.

بە پێچەوانەی گریمانە(مەبەستی لە تیۆرییە. وەرگێڕی کورد) کە پێداگری لە سەر دابەشبوونەکانی زمانی دەکا و دواجار لەمپەرێك لە سەر ڕێگای وەدەستهێنانی پەیوەندی هاوبەشی زمانێك زەقتر نیشان دەدا، تیۆرییە زمانییەکانی نۆم چۆمسکی — سەبارەت بە ڕووکەش سازی و قووڵ سازی و هەمووانییەکانی زمان — قامك لە سەر هاوبەشییەکانی نێوان زمان دادەنێ و لەم ڕێگایەوە نیشان دەدا گواستنەوەی چەمکەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەلوێ و دەگونجێ.

بە گشتی ئەم سێ هۆکارە — جیاوازی پێکهاتەی زمانەکان لەگەڵیەکتردا، گریمانەی وۆرف و مژاری قووڵ سازی و هەمووانییەکانی زمانی — سێ کۆڵەکەی بنەڕەتی باسەکانی زمانناسی پەیوەندیدار بە گرفتی لەمپەری زمانین و لە ڕاستیدا وادێتە بەرچاو کە بەرهەمی داهێنەرانەی ئەم سێ تێڕوانینەیە کە بۆتە کۆڵەکەی تیۆرییەکانی زمانناسان لە سەر پرسی پەیوەندیی هاوبەشی زمان.

PDF 4 KURD

# پاری دووەم

## ئاڕاستەی وەرگێڕان

### کورتە مێژووی وەرگێڕان لە جیهان دا

وەرگێڕان مێژوویەکی تارادەیەك دوور و درێژی هەیە. یەکەمین بەرهەمی وەرگێڕدراو بۆ ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین و بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری کۆنی میسر دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕۆژئاوا نزیك بە ٣٠٠ ساڵ بەر لە زایین و کاتێك کە ڕۆمییەکان بەشێکی زۆر گەورەی کولتووری یۆنانیان خستە ژێر دەسەڵات و پاوانی خۆیانەوە کاری وەرگێڕان بەها و گرنگی خۆی بەدەست هێنا. یەکەمین وەرگێڕانی ئەدەبی ناسراوی ڕۆژئاوا *ئۆدیسەی* هۆمێرە بە زمانی لاتینی کە لە ساڵی ٢٧٠ی بەر لە زایین و بە هەوڵ و تەقەللای لیوێۆس ئاندریکۆس شاعیری ڕۆمییەوە ئەنجام درا. (سەففارزادە، ١٣٦٣: ١٧).

پێش ئەو وەرگێڕان بە شێوەی زارەکی(شفاهی) و لە هەرێمی ئاییندا و بە تایبەتی لە کۆمەڵگا جوولەکەکاندا باو بوو. بانگەشەدەرەکان بۆ تێگەیاندنی تەورات خەڵکیان لە مەیدانەکانی شاردا کۆدەکردەوە ئەو شتەی کە لە قسەکانی خودا نارِوون و لێڵ بووایە ڕاڤەیان دەکرد. وەرگێڕانی نووسراوەی تەورات لە لایەن هەفتاو دوو کەس لە زانایانی جوولەکە لە سەدەی دووی بەر لە زایین بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگای جوولەکەی دانیشتووی ئەسکەندەرییە ئەنجام درا، کە ئەو کات سێ لە چواری حەشیمەتی ئەم ناوەندە کولتوورییەی پێك دێنا و بە زمانی یۆنانی قسەیان دەکرد، هەڵبەت هەمیشە وەك وەرگێڕانێکی وشە بە وشە و لێڵ باسی ئەم وەرگێڕانە دەکەن.



بە سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی و پەرەسەندنی لە شوێنە جیا جیاکانی جیهان، کاری وەرگێڕانی ئینجیلیش بە زمانەکانی لاتین، سریانی، قبتی و ئەرمەنی دەستی پێکرد کە هەڵبەت هەمووان وەرگێڕانگەلێکی لەبز بە لەبز و وشە بە وشە بوون. ئاراستەی وەرگێڕەکانی ئینجیل بە وەرگێڕانی وشە بە وشە و لە ڕەهەندی واتاییەوە زۆر لێڵ بوو، هۆی ئەوە بوو کە ئەسحاب و مەسیحییە دەمارگرژەکان، پاراستنی وێنەی سەرەتایی دەنگ و قسەی خوایان بە شتێکی زۆر پێویست دەزانی و هەر بەم هۆیەوە بۆ وێنە وەرگێڕانی نالەبز بە لەبزی(ناوشە بە وشە)ی جرووم، یەکەمین کەس کە لە سەدەی چوارەمی زایینیدا وەرگێڕانێکی ڕەوان و ڕوونی لە پەیام و ناوەڕۆکی ئینجیل بەدەستەوە دا، لەگەڵ ڕەخنەی توندی وەرگێڕەکانی دیکە، خوێنەران و کۆمەڵگای ئایینی کاتۆلیکی(کاسۆلیك) ڕووبەڕوو بۆوە.

لە نیوەی دووهەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە سەرەتاکانی سەدەی دوازدەدا سێ ڕەوتی گرنگی وەرگێڕان لە ئەورووپادا هەبوو: لە عەرەبییەوە بۆ لاتین، لە عەرەبییەوە بۆ عیبری و لە یۆنانییەوە بۆ لاتین. ڕەوتی یەکەم نیشاندەری گواستنەی زانست شارستانیەتی ئیسلامی بە ئەورووپای ڕۆژئاواییە، ڕەوتی دووهەم نیشاندەری قەبووڵ بوونی زۆری ژیاری ئیسلامی لە لایەن جوولەکەکانی ئەورووپای مەسیحییە و ڕەوتی سێهەم باس لە کەڵك وەرگرتنی ئەورووپا لە زانستی سەردەمی کلاسیکی و دێرین دەکا. ڕەوتی یەکەم واتە وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ لاتین، گرنگتر و لە ڕەهەندی چەندایەتییەوە لەو دوو ڕەوتەی دیکە گەورەتر بوو بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەهەم بەدواوە کاری وەرگێڕان لە نێوان زمانە جۆراوجۆرەکاندا گۆڕانێکی زۆرتری بە سەرداهات. جگە لە لاتین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ ئیسپانی و پۆرتوگالیش کرا و هەروەها گەلێك کتێبی لاتین بە زمانە تازەکانی لاتین لە ئەورووپایی ڕۆژئاوایی، بۆ وێنە بە ئیتالی و فەڕەنسی و هۆڵەندی وەرگێڕدران. بەمشێوەیە ڕەوتێك کە لە زمانی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتبوو لە ڕێگای زمانی لاتینەوە کە ئەو کات زمانی نێونەتەوەیی ئەورووپای ڕۆژئاوایی بوو ڕێی بۆ گەلێك زمانی دیکە برد و پەرەی سەند، ئەم بەریانییە پەرەسەندوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەهەمدا بە لوتکە گەیشت. (مینۆڤا، ١٣٧٦: ٥٤— ٥٥).

جۆرج سارتێن سی و چوار ڕەوتی وەرگێڕانی ژماردووە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو خاڵانەی خوارەوەی لە بەرچاو گرتووە:

أ — دوو ڕەوت کە لە خزمەت کۆمەڵگای جوودا بوو، واتە وەرگێڕان لە عەرەبی و لاتینەوە بۆ عیبری، بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر لە ڕەهەندی چەندایەتییەوە لە ڕەوتەکانی دیکە گرنگتر بوو. نزمبوونەوەیەکی ڕێژەیی ڕەوتەکانی وەرگێڕان لە عەرەبی و عیبرییەوە بۆ لاتین — کە پێشتر بە سەر ڕەوتەکانی دیکەدا زاڵ بوو — دەکرێ تارادەیەکی زۆر بە بەرهۆی زیادبوونی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە عەرەبی و عیبرییەوە بۆ زمانە تازەکانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژئاوا بزانین.

ب — زمانە سەرەتاییەکان کە بە زۆرترین ژمارەی زمانەکان وەردەگێڕدران بە پێی پلە بە پلە بریتی بوون لە : لە لاتینەوە( بە هەشت زمان) عەرەبی (بە شەش زمان) و فەرەنسی (بە چوار زمان). بە پێچەوانەی زمانە مەبەستەکان کە دەقەکانی زۆرترین ژمارەی زمانەکانیان وەردەگێڕدرایە سەر ئەوان بە پێی پلە بە پلە بریتیبوون لە لاتین و فەرەنسی (لە چوار زمان) و عیبری (لە سێ زمان). زاڵبوونی زمانی لاتین لە هەر دوو لای سەرەوەدا نیشان دەدا کە ئەم زمانە لەو کات دا سەرچاوەی زانست بووە.

ج — ئەوە کە وەرگێڕان لە نێوان هەر دوو زمانی دیاریکراودا لە یەك ڕەوتدا ئەنجام دەدرا یان لە دوو ڕەوتدا، یەکێك لە سەیرو سەمەرەترین لایەنەکانی ئەم بابەتەیە کە کولتوور بە چ شێوەیەك پەرەی پێدرا و زانیاری بە چ شێوەیەك گوازرایەوە. لەو سی و چوار ڕەوتە وەرگێڕانە، تەنیا چوار ڕەوت (یا هەشت ڕەوت ئەگەر هەر دوو ڕەوتەکانی دوو لایەنە بژمێرین) دوو لایەنە بوو" ڕەوتەکانی دیکە هەمووان ڕەوتگەلێکی یەك لایەنە بوون. چوار ڕەوتی دوو لایەنە لە نێوان عەرەبی و عیبری، یۆنانی و لاتین، لاتین و عیبری و لاتین و فەرەنسی بوو. ئەوەی کە وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر لاتین دەکرا بەڵام بە پێچەوانەکەی نا، هۆی ئەوەیە کە زمانی عەرەبی لەو کاتەدا تەنیا سەرچاوەیەکی فێربوونی زانست بووە و بەس، ڕەوتە دوو لایەنەکانی نێوان زمانی لاتین لە لایەك و زمانەکانی یۆنانی، عیبری و فەرەنسی لە لایەکی دیکەوە نیشان دەدا کە زمانی لاتین، سەرچاوەیەکی هاوبەش بووە.

PDF 4 KURD



د — وەرگێڕان هەندێکجار زیاتر بە مەبەستی پڕوپاگەندەی بە ئەنقەست دەکرێ نەك دابین کردنی پێداویستییە کردەییەکانی خوێنەر. بۆ وێنە ئەم شتە لە وەرگێڕانی لاتینیەوە بۆ یۆنانی لەگەڵ ئەرمەنی بەرچاو دەکەوێ. (مینوڤا، ١٣٧٦: ٥٦)

هەڵبەت تێبینییەکانی سارتێن زۆر بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئەورووپا بە چ شێوەیەك لە ژیارە ئیسلامی و یۆنانییەکانەوە فێری زانست بوو. ئەو باسی ئەو ڕەوتی وەرگێڕانێکی کردووە کە بۆ زمانە ئەورووپاییەکانی و بۆ وێنە لاتین، و بە عیبری بۆ جوولەکەکانی دانیشتوی ئەورووپا، ڕوویداوە بەڵام هیچ شتێکی لە سەر ڕەهەندی پێچەوانەوە نەگوتووە. ئەو تەنیا سەرنجی بە بوارێك داوە کە توانایی نوێسازی بە ئەورووپا بەخشی و جیهانی نارۆژئاوایی لە پێشنەکەوتندا ڕاگرت کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ درێژەی هەبووە.

لە سەردەمی ڕێنسانسدا سەرقاڵبوون بە کاری وەرگێڕانەوە لە کۆمەڵگا کولتورییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواییدا لە هەموو لایەکەوە پەرەی سەند. بەوەدا کە بزاڤی ئۆمانیست (مرۆڤخوازی)ەکان کە باوەڕیان بە دەسەڵاتی مرۆڤ و مافی ژیان و شادبوونی هەبوو سەرووبەخشی ئەم بووژانەوەو نۆژەنییە کولتوورییە بوون، پێکهێنانی پەیوەندی بەربلاوتر لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەولەویەت و سەرووتربوونێکی تایبەتی بە خۆوە گرت. پێشڕەوانی ئەم بزاڤە، هەندێك کەسی وەك پێترارك، بۆکاچیۆ و دانتە بە مەبەستی گەڕان لە حەقیقەتە کۆنەکان سەرقاڵی تۆژینەوە لە کولتورە دێرینەکانی ڕۆم و یۆنان و بەرهەمە کلاسیکییەکانیان بوون. خوێندنەوەکانیان تەنیا ئەدەبی نەبوو بەڵکو گەلێك لق و پۆپی دیکەی هونەری و هەروەها زانستی و بیناسازی و پەیکەرتاشیشی لە خۆ دەگرت.

بزاڤی ئۆمانیستەکان لە ئیتالیا لە دایك بوو، چووە فەرەنسا و لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەم گەیشتە ئینگلیز و تەنانەت دەرباری هێنری هەشتەم بوو بە ناوەندی ئۆمانیستەکان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی یۆنان و ڕۆم بە ئینگلیزی وەرگێڕدرا و کاریگەرێکی قووڵی لە سەر ئەدەبیاتی ئینگلیز دانا. بۆ وێنە ڕۆمیۆ و ژوولیتی شکسپێر بە ئاوازە بە کۆمەڵ و کۆرسییەکانی یۆنانی دەست پێدەکا و لە ڕەوتی چیرۆك دا — کە گوایە خۆی وەرگرتنێکە لە چیرۆکە ئەویندارەکانی یۆنانی سەدەی چوارەمی پێش زایینی— گەلێك هێمای کۆن و ئەفسانەیی بەرچاو دەکەوێ.

## دۆخی وەرگێڕان لە جیهانی هاوچەرخ دا

لە حاڵێکدا کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەرگێڕان ئامرازی گواستنەوەی ڕێك و پێك و کانگای زانست بوو، لە سەردەمی ڕێنسانس دا ئامرازێك بوو بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبیەکانی جیهانی کۆن بە زمانە ئەورووپییەکان و لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا بە ئامرازێکی یەك لایەنە بۆ پێوەندی لە نێوان مەزنەکانی ئەدەبیات و هونەر و تاڕادەیەکی کەمیش فەیلەسووف و زانا و خوێنەرانیان لە هەموو جیهاندا دەژمێردرا.

سەدەی بیستەم بە سەردەمی وەرگێڕان ناو دەبردرێ. لە ڕاستیدا پێویستییە سیاسییەکان، پێداویستییە کۆمەڵایەتی، کولتووری و زانستی و ململانێ بازرگانی و ئابوورییەکانی سەدە وای دەخواست کە هەموو بەڵگەنامە، وتار، کتێب و دیکۆمێنتەکان بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا و لایەنیکەم زمانی هەر دوو لایەنەکە وەرگێڕدرێن. لە ڕاستیدا وەرگێڕان لەم سەدەیەدا لەو ڕەهەندەوە بەهایەکی زۆری بەخۆوە گرت کە بەشێکی گەورە لە ناوەندەکانی زانیاری کۆمەڵگا سەرنجی بە زانیاری یا زانیارییە بنەماکان داوە. کات و ساتی نێوان وەرگێڕان بە مەبەستی گواستنەوەی زانیاری و سەرچاوەی ئەو هەمیشە کەمترو کەمتر دەبێتەوە و پانتایی ئەو زمانانەی کە بۆ کاری وەرگێڕان کەڵکیان لـێوەردەگیردرێ و ئەو بابەتانەی کە وەردەگێڕدرێن فرەچەشنییەکی زۆرتریان دەبێ. هەڵبەت لە لایەکی دیکەوە ئەم بەریانییانە بوونەتە هۆی میکانیکی بوونی وەرگێڕان، بەم واتایە کە هەنووکە کەمتر هەوڵی ئەوە دەدرێ کە لە بیرۆکەی دەقی سەرەکی تێبگەین بەڵکو وەرگێڕان لە سەر بنەمای جێگیرکردنی وشەکانی زمانێك لە گەڵ وشەکانی زمانێکی دیکە ئەنجام دەدەرێ.

ڕابێرت ئۆسکارپیت لێکدانەوەیەکی باشی لە دۆخی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان لە سەردەمی ئێستادا خستۆتە ڕوو. دەکرێ تێبینییەکانی ئۆسکارپیت بەو شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

أ — لە ساڵی ١٩٦٠دا ژمارەی ٣١٣٨٤ ناوی کتێبی وەرگێڕدراو لە سەرانسەری جیهان دا بڵاوبۆتەوە کە تاڕادەیەك لە سەدا ١٠ی(١٠٪) کۆی ناوە بڵاوبووەکان هەر لەو ساڵەدا

PDF 4 KURD



ئەنجام دراوە کە ٣١٠,٠٠٠ ناو بووە. بە سەرنجدان بەوە کە یەك کتێب زۆر جار بە زیاتر لە زمانێك وەرگێڕدراوە و گەلێك کتێبیش لە زمانە کلاسیکییەکانەوە وەرگێڕدراون، دەبێ دان بەوەدا نێین کە ئەو کتێبانەی وەرگێڕدراون تەنیا ڕۆڵێکی بچووکیان لە تێگەیاندن و پێکەوەهەڵکردنی نێونەتەوەییدا گێڕاوە.

ب — نزیك بە ٧٢ یا ٧٣٪ی کتێبە وەرگێڕدراوەکان لە جیهاندا هی یەکێك لە چوار زمانی ئینگلیزی، ڕووسی، فەڕەنسا و ئەڵمانی بووە. ئینگلیزی نموونەیەکی بەرچاوی زمانییە کە گەلێك بەرهەم لەویەوە بە زمانەکانی دیکە وەرگێڕدراوە، بەڵام ژمارەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان بەم زمانە زۆر کەمە. ئەوە لە لایەکەوە ئەوە نیشان دەدا کە سەرچاوەی لێوانرێژی ئەدەبی — زانستی، زمانی ئینگلیزییە و لە لایەکی دیکەوە باس لەوە دەکا کە درێژەی ئەم دۆخە لە درێژخایەن دا دەبێتە هۆی لاوازی بێ ئەملاو لای ئەم زمانە.

ج — لە هەندێك وڵات دا، وەرگێڕانێکی زۆر دەکرێ و لە هەندێك وڵاتدا وەرگێڕانێکی کەم. بە گشتی ئەم دۆخە لە ژێر کاریگەری هەڵکەوتوویی ئەو وڵاتەدا لە جوگرافیای سیاسی — کۆمەڵایەتیدایە.

د — وڵاتانی جیهان بە پێی زمان یا زمانەگەلێکی زاڵ کە ڕەوتی وەرگێڕان دیاری دەکەن دەکرێ بە چەند نموونەی جۆراوجۆر دابەش بکرێن. ئەم نموونەگەلە زۆرتر بەرپرچدانەوەی دەسەڵاتی سیاسی ڕێژەییە و دۆخی ئەدەبی و سەیترە یا وابەستەبوونی وڵاتان دەردەخات.

و — هەموو وڵاتێك لە وەرگێڕاندا زۆرتر هۆگری بە بوارێکی تایبەت بە خۆی نیشان دەدا. هەندێك وڵات زۆرتر حەزیان لە ئەدەبیاتە، هەندێکی دیکە کەم و زۆر حەزیان لە زانست و کۆمەڵێکی دیکە لە زانستە سرووشتییەکان. (مینۆڤا، ١٣٧٦: ٦١ —٦٢).

ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان لە جیهاندا بڵاو کردەوە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامەکەی بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

١ — لە سەدا ٨٦ی تەواوی وەرگێڕانگەلێك کە لە جیهاندا بڵاو بۆتەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا چاپ بووە و سەرچاوەکانیشیان زۆرتر ڕۆژئاوایی بووە بە واتایەکی دیکە ئیدی ڕۆژئاوا هیچ حەز و مەیلێکی بۆ فێربوونی زانست جگە لە ڕۆژئاوا نیە.

٢ — بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان کە لە وڵاتانی نارۆژئاواییدا، جگە لە ژاپۆن، بڵاوبوونەوە تەنیا لە سەدا ٨ی تەواوی وەرگێڕانەکان پێك دێنێ ئەم وەرگێڕانانەش نیشاندەری حەز و مەیلی زۆرە بۆ فێربوونی زانست لە رۆژئاواوە.

٣ — ژاپۆن بە تەنیا لە سەدا ٥ی تەواوی وەرگێڕانە بڵاوبووەکانی جیهانی چاپ کردووە و وەرگێڕانەکانی ئەو وڵاتەش بە شێوەی یەك لایەنە لە سەرچاوە رۆژئاواییەکانەوە ئەنجام دراوە(باسێنت، ١٩٩٠: ٢٥ —٢٦).

## پووختەی دیرۆکی وەرگێڕان لە جیهانی ئیسلام و ئێران دا

سوپای ئیسلام، دوای داگیرکارییە زۆر خێراکانی، بە سەر وڵاتێکی پان و بەریندا بە میراتێکی یەکجار گەورەی کولتووری و شارستانیدا زاڵ بوو. جوولەکە و مەسیحییەکان ئیمانیان هێنا و ئێرانییەکان و هیندی و سریانی و میسر و مەغریبی و ئسپانییەکانیش ملیان بۆ رەوا پێدان بە پیرۆزبوونی دا، بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی ببێتە زمانی هاوبەش بۆ هەموو دانیشتووانی وڵاتانی ئیسلامی. پزیشکە شارەزاکان و زانا مەزنەکان (جوو و مەسیحی زۆرتر و بە تایبەتی نستۆرییەکان) چوونە بەر دەرگای خەلیفەکان و بەمشێوەیە تێکەڵاوییەکی گەورە لە نێوان هەموو توخمە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئیسلام پێك هات و گۆڕینەوەی فرە لایەنەی بیرۆکە عەقڵانییەکان لەم جیهانە نوێیەدا بەها و پەرەی گرت. عەرەبەکان خۆیان لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لە گەڵ ژیاری یۆنانی — ئێرانیدا دۆزییەوە و کەوتنە ژێر کاریگەری راستەوخۆ و قووڵایی ئەوانەوە.

لە کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی دا، وەرگێڕە ئیسلامییەکان وردە وردە هەندێك شتیان وەرگێڕا بەڵام بزاڤی راستەقینەی وەرگێڕان تەنیا لە نیوەی دووهەمی سەدەی دووهەمەوە پێی گرت. وەرگێڕەکانی ئەم سەردەمە سەرنجێکی زۆر تایبەتییان بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەرەستۆ و ئەفلاتوون دەدا و زۆریان هۆگر بوون. سەدەی سێهەمی کۆچی، واتە سەردەمی کلاسیکی ئیسلام، سەرەتای سەردەمی زێڕینی بزاڤی وەرگێڕانی ئیسلامی بوو کە تا کۆتایی سەدەی پێنجەم درێژەی هەبوو. هەر بۆیە موسڵمانەکان زیاتر لە سێ سەدە زۆر بە توندی



سەرقاڵی وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی و فەلسەفی و ئەدەبی و ئاینییەکانی ژیارە کۆنەکان بوون و بوونە خاوەنی میراتێکی گەورەی مرۆڤایەتی کە سەرچاوەکانی لە شەش زمانی ناسراوی ئەو کاتدا واتە عیبری و سریانی و فارسی و هیندی و لاتین و لە هەمووان گرنگتر یۆنانی بوو. گەلێك ناوەندی زانستی بە ناوی ***بیت الحکمە*** بۆ جێگیرکردنی وەرگێڕەکان و پاراستنی بەرهەمەکانیان دامەزراو و گەلێك لێژنە بۆ گەڕان بە دوای بە نرخترین کتێبەکان لە ئێران و هیند و قوستەنتەنییەدا دانران و گەڕان، بۆ ئەوەی گەلێك بیرۆکەی بەهادار و کامڵ لە زمانەکانی دیکە بە ئەمانەتی تەواوەوە وەرگێڕن، هەم وەریانگێڕان و هەم وەرگێڕانەکانی پێشووتریشیان راست کردەوە یا جارێکی دیکە وەریانگێڕانەوە.

خەلیفەکانی عەبباسی سەرنج و هۆگرییەکی تایبەتیان بە دیاردەی وەرگێڕان دەدا بۆ دابین بوونی ئەم گرنگییە، واتە وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی و فەلسەفییەکان بە زمانی عەرەبی، پشتیان بە زمانزانانی ئێرانی و هیندی و سائیبی و جوولەکە و مەسیحی بەست. سێ ناوەندی وەرگێڕان لەو کاتەدا بریتی بوون لە ئەسکەندەرییە، جوندی شاپوور و حەڕڕان. گرنگترین هەوڵ بۆ وەرگێڕان بە زمانی عەرەبی لە قوتابخانەی ئەسکەندەرییەدا دەستی پێکرد. قوتابخانەی ئەسکەندەرییە کە میراتی کولتووری ئاکادیمی ئاتێن (ئەسینا) بوو بە پەیوەندییەك لە نێوان بیرۆکەی یۆنانی و بیرۆکەی ئیسلامی و بە بڕوای زۆربەی خاوەن بیرو راکان کاریگەریی لە زانست و فەلسەفەی ئیسلامیدا زۆر گەورەیە. کیمیای عەرەبی زۆرتر بەرهەمی ئەم کاریگەری و پزیشکی ئیسلامی لە بنەڕەتدا جالینووسی یان بە واتایەکی دیکە ئەسکەندەرانییە. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا موسڵمانان شان بە شانی مامۆستایانی مەسیحی دەستیان بۆ کاری وەرگێڕان و راڤەکردنی کتێبە ناعەرەبیەکان — بریتی لە فارسی و هیندی و عیبری و سریانی — برد وەرگێڕە ئیسلامییەکان ئەرکێکی دوو لایەنەیان لە سەر شان بوو بۆ گێڕانەوەیەکی دروست لە دەقە سەرەکییەکان و گونجاندنی وشەگەلی گونجاو بۆ چەمکە تازەکان. لە ناو وەرگێڕە بەرچاوەکانی ئەم سەردەمە دەبێ ئاماژە بە عەبدووڵڵای کوڕی ئەلموقەفەع بکەین کە شێوەی دارشتنی ئەو لە نووسین دا ئێستاش هەر سەرمەشقی نووسەرانی عەرەبە. ئەم وەرگێڕ و نووسەرە بە رەچەڵەك ئێرانییە دوای ئەوەی کە ئیمانی بە ئیسلام هێنا زۆر بە باشی فێری

زمانی عەرەبی بوو و چەند کتێبێکی مۆڕاڵی بە زمانی عەرەبی وەرگێڕا کە نموونەی بەرچاوی ئەو کتێبی بەناو بانگی کلیلە و دمنەیە.

وەرگێڕەکانی ئەم چاخە هەڵبەت تەنیا هەر بە کیمیا و پزیشکی رازی نەبوون بەڵکو کتێبگەلێکی دیکەشیان بە گەلێك ناوەڕۆکی زانستی سرووشتیی، بان سرووشتی و ئایینییەوە، و بۆ وێنە کتێبی پیرۆز و ئینجیل و بەرهەمەکانی مانەوی و زەردەشتیان وەرگێڕا کە لە پێکهاتنی زانستە ئایینەییەکانی موسڵماناندا رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. لە ئەستێرەناسی و بیرکاری و سیاسەتدا بەرهەمگەلێکیان لە هیندی و فارسی، جگە لەوەش گەلێك کتێبی هەندەسی و پزیشکی و ئەستێرەناسی یۆنانیشیان بە عەرەبی وەرگێڕا.

مێژوو شتێکی ئەوتۆی لە وەرگێڕانە عەرەبییەکان بۆمان بە جێ نەهێشتووە، ئەو هێندە کەمەش کە ماوەتەوە لە چوار قورنەی جیهاندا بلاوبوونەوە و بە ناو کتێبخانەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دابەش بوون. بەڵام دەکرێ بە خوێندنەوەی ئەم نوسخە کەم و دەگمەنانەش بە گەلێك خاڵی ورد و سەرنجراکێش بگەین" ئەگەر لە ئاگاداری ورد و تایبەتمەندییە مۆڕاڵی و زانیارییە یەکجار زۆرەکانی وەرگێڕە ئیسلامییەکان گەڕێین، ئەو شتەی کە لە هەموو شتێك زیاتر شیاوی سەرنجە ئەوەیە کە ئەوان لە کاری وەرگێڕاندا شێوازێکی تەواو زانستییان لە بەرچاو گرتووە. دەقێك چەند جار کەوتۆتە بەر دەستی وەرگێڕە جۆراوجۆرەکان و لە رووی سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە وەردەگێڕدران. ئەو کات وەرگێڕەکان ئەو وەرگێڕانانەی کە پێشتر بە پەلە یا بە دەستی کەسانێك کە شارەزاییەکی کەمتریان هەبووە ئەنجام درابوو دووبارە پێداچوونەوەیان بە سەردا دەکردن یان ئێدیتۆرییان بۆ دەکردن. هەندێك ژمارە لەم بوارەوە ئەو شتە دەردەخات: بیست و سێ کەس کە نیوەی زیاتریان یۆنانیان دەزانی قۆڵیان لە وەرگێڕان یا دووبارە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەرەستۆ هەڵکرد و لەو بیست کتێبەی ئەرەستۆ کە جیهانی ئیسلام دەیناسین نزیك بە هەشتا و هەشت وەرگێڕانیان خستۆتە بەردەست واتە بە شێوەیەکی ناوەنجی بۆ هەموو کتێبێك زیاتر لە چوار وەرگێڕان. (مەدکور، ١٣٧٩: ١١١– ١٠٥).

بەمشێوەیە دەبینین کە کاری وەرگێڕە ئیسلامییەکان زۆر بەرچاوە، ئەوان کولتورێکی مەزنیان دامەزراند. ئەوانەی کولتوور و ژیاری یۆنانیان دێنا بەو شێوەیە کە لەو کولتوور و ژیارە تێدەگەیشتن بۆ جیهانی ئیسلامیان دەگواستەوە. لە رەهەندی مێژووی زانستیشەوە دەبێ



بڵێین ئەم وەرگێڕانانە یۆنانیان بە عەرەبستانەوە گرێ دا، ئێسکۆلاستیکی رۆژئاوایی بەرەو زانستی یۆنانی راکێشا و بە کورتی چاخی دێرینی لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاست پێکەوە گرێ دا. بە هۆی ئەم وەرگێڕانانەوە بوو کە لاتین زمانەکان لەگەڵ بەرهەمە کلاسیکییەکان ئاشنا بوون.

بەڵام وەرگێڕان لە ئێراندا پێشینەیەکی زۆر دوور و درێژی هەیە. بەر لە ئیسلام، ئەوەندەی کە بەڵگە و دێکۆمێنت دەریدەخات، گەلێك کتێب لە زمانی سانسکریتی و زمانەکانی دیکەوە بە تایبەتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا وەرگێڕدراوە کە بە داخەوە دەقە پەهلەوییەکانیان لە بەردەستدا نیە، بەڵام ئەو وەرگێڕانانەی کە لە رووی ئەوانەوە لە سەدەکانی دواتردا بە زمانی عەرەبی ئەنجام دراون هێشتاش هەر ماون (بۆ وێنە ***هەزار و یەك شەو*** و ***کلیلە و دمنە***). لە سەردەمی ئیسلامیدا، هەر لە هەمان سەدەکانی سەرەتای کۆچییەوە، لە لایەکەوە وەرگێڕانی زۆربەی بەرهەمە بڕواپێکراوی زانستی و فەلسەفییەکانی یۆنان (زۆربەیان لە رێگای زمانی سریانی)یەوە بە عەرەبی لە بەر دەستی ئێرانییەکانیشدا بوون و لە لایەکی دیکەوە گەلێك دەقی عەرەبی و بە تایبەتی راڤە و شیکردنەوەکانی قورئان بە فارسی وەرگێڕدران و ئەم دەست خەتەی وەرگێڕان تا چەند سەدەی دواتریش هەر وا مابۆوە.

وەرگێڕان لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە پێشینەیەکی زیاتر لە سەدەیەکی هەیە. لە راستیدا کاری وەرگێڕان لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە (بە تایبەتی فەرەنسا) بە کتێبە وانەییەکانی دارالفنون دەستی پێکرد و بە هۆی ئاشنابوون لەگەڵ پیشەی چاپ و ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات پەرەی سەند. لەوەڕا کە مەبەستی دامەزراندنی ئەم ناوەندە ناوەندێکی راهێنان لە سەردەمی عەبباس میرزا — دا بە پێشنیاری رووناکبیرانی ئەو کات — وەرگرتنی ژیار و زانست و تێگەیشتنەکانی رۆژئاوا بوو هەر بۆیە هەوڵی دا مامۆستای و بیانیش دامەزرێنێ. هەروەها گەلێك کتێبی وانەیی بیانیش لە بوارەکانی زانستی، ئەدەبیات، مێژوو، پزیشکی و هەتا دوایی هەر بە یارمەتی ئەم مامۆستایانە بۆ فارسی وەرگێڕدران. دوای ماوەیەك لە سەر پێشنیاری عەبباس میرزا هەوڵیان بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیش دا. لەوەڕا کە زۆربەی خوێندکاران بۆ فەرەنسا دەناردران زمانی فەرەنسا لەم وڵاتەدا (ئێران) بوو بە باو و بە پەرەگرتنی ئەو نەك تەنیا بەرهەمی نووسەرانی فەرەنسا بەڵکو بەرهەمە ئەدەبییەکانی

زمانەکانی دیکەی ئەو رووپیش وەك ئەڵمانی، رووسی، لەهێستانی، مەجار، ئیسپانی و پۆرتوگالی بە فارسی وەرگێڕدران.

یەکەمین شانۆنامە کە لە فەڕانسییەوە بۆ فارسی وەرگێڕدرا شانۆنامەی ***خەڵك ڕەتێن*** (مردم گریز) بەرهەمی مۆلێر بوو. دوای مردنی عەبباس میرزا و فەتح عەلیشا لە سەردەمی ***محەممەد*** شادا بزاڤی وەرگێڕان و چاپی کتێب تووشی نسکۆ و کەم و کوڕی هات بەڵام لە سەردەمی ناصرالدین شا و موزەففەرەدین شادا گەیشتە لوتکە. ***محەممەد*** تاهیر میرزا و ***محەممەد*** خانی ئێعتمادۆلسەڵتەنە پڕ کارترین وەرگێڕەکانی ئەم سەردەمە بوون. لە بەناوبانگترین وەرگێڕانەکانی ***محەممەد*** تاهیر میرزا، ***سێ چەکدار***، ***کێنت مۆنت کریستۆ*** و لە بەرچاوترین وەرگێڕانەکانی ئێعتمادولسەڵتەنە ***پزیشکی تۆبزی*** و ***ژیاننامەی کریستۆف کلۆمب*** ە.

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، زمانی ئینگلیزی بەرە بەرە جێی فەڕانسەی وەك زمانی سەرچاوەی وەرگێڕان لە ئێراندا گرتەوە و ئێستا زۆربەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان بە زمانی فارسی، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەردەگێڕدرێن.

## پرۆسەی وەرگێڕان و نموونەی زەینی وەرگێڕ

لە کاتی وەرگێڕاندا چ شتێك لە زەینی وەرگێڕدا روودەدا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئەستەمە و باشتر وایە بڵێم تاڕادەیەك نەشیاوە چونکە دەروونناس و دەمار ناسان خۆیان نازانن زانیارییە زمانییەکان بە چ شێوەیەك لە مێشکدا کۆ دەبنەوە.

ژان دۆلیل (١٣٨١: ٧٨٠ —٨) زمانناسی فەڕەنسی پێی وایە ئەم پرۆسە زەینییە بریتییە لەو قۆناغانەی خوارەوە:

أ — **تێگەیشتنی بابەت** : لەم قۆناغەدا وەرگێڕ لە بنەڕەتدا هەوڵ دەدا لەو شتە تێبگا کە نووسەر مەبەستی دەربڕینی هەیە. ئەو لەم قۆناغەدا لەگەڵ دوو جۆر پەیوەندی لەگەڵ دەقدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە“ پەیوەندی واتایی نێوان وشە و ئاخاوتنەکانی دەق، و پەیوەندی کۆنی نێوان وتە و دیاردە نازمانییەکان. هەر بۆیە تێگەیشتنی بابەت لە دوو ئاستدا روو دەدا، ئاستێك کە لەودا بەرهۆکان دەرك پێ دەکرێن و قۆناغێك کە لەودا واتاکان دەرك پێ دەکرێن.




ب — **دووبارە فۆڕمۆڵەکردن:** قۆناغی دوایی دووبارە دەربڕینە، کە بریتییە لە کردەی دەربڕینی دووبارەی ماناکان بە سوودوەرگرتن لە نیشانەکانی زمانێکی دیکە ڕێزبەندی دووبارە، تەنیا ناو لێنانی چەمکەکان نیە بەڵکو لە بنەڕەتدا کردەوەیەکە کە پێویستی بە وەگەڕخستنی هۆش و هزر، واتە زنجیرەیەك کردەوەی زیندوو و ئەکتیڤە کە وەرگێڕ بەشی هەرە زۆری ئەو کارە بە شێوەی لەخۆنائاگا (بێ ئەوەی خۆی ئاگای لــێ بێ) ئەنجام دەدا.

ج — **تەئید:** مەبەست لە تەئید واتە سێهەمین و دوایین قۆناغی پرۆسەی ناسینی وەرگێڕان، ڕاستی و دروستی ڕێگاچارەیە. ئەم کارە بە کۆنترۆڵ کردنی هاوواتای پێشنیار کراو بۆ دڵنیابوون لەوە کە ئایا ئەو هاوواتایە بە شێوەی تەواو و کەماڵ واتای تەواو و پوختی قسەی بنەڕەتی دەگەیەنێ، روودەدا. وەرگێڕ لەگەڵ ئەوەدا کە هەوڵ بۆ تەئیدی وەرگێڕانەکەی خۆی دەدا هەوڵ دەدا ڕادەی گونجانی دووبارە فۆڕمۆڵەکردنی خۆی لەگەڵ واتای دەقی سەرەکیش بگونجێنێ و یان بە واتایەکی وردتر، ئاستی دروستی ڕاڤەی خۆی لەگەڵ مەبەستەکانی نووسەر (دانەر) هەڵسەنگێنێ.

گرووپێکی دیکە لە زمانناسان وەرگێڕان بە پیشەیەك دەزانن کە لەودا وشەکان و پێکهاتە ڕێزمانییەکانی دوو زمان تەنیا دەبێ لە گەڵ یەکدی، یەکتر بگرنەوە و لەگەڵ یەکدی بگونجێن. زۆر جار ئەم پێناسەیە لە هەندێك خاڵی زۆر ساکاردا ڕاستە بەڵام لە زۆربەی خاڵەکانی دیکەدا وەرگێڕ پەیامێك کە لە زمانی "أ" وەردەگرێ سەرەتا لە ڕێگای ڕەمزشکاندن لە چوارچێوەی واتایەکدا دادەڕێژێ و دواتر ئەم واتایە بنەمای پێویست بۆ واتاگەلێك کە دەبێ لە زمانی "ب" دا شکڵ و فۆڕم بگرێ دابین دەکا.

بۆچوونی دیکەی زمانناسان سەبارەت بە پرۆسەی زەینی وەرگێڕان شێوەی دۆزینەوەیە کە لە نیشاندەر(نمودار) ١ — ٢ دا هاتووە.

PDF 4 KURD




**پیشاندەری ١- ٢: شێوەی داهێنان لە پرۆسەی زەینی وەرگێڕاندا (سەرچاوە: دۆلیل ١٣٧٤: ٧٨)**

PDF 4 KURD



## قۆناغەکانی وەرگێڕان

(باتنی ١٣٥٤: ١٠٤ —١٠٦) ئەو قۆناغانەی کە لە کاتی وەرگێڕاندا ئەنجام دەدرێ بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

أ — وەرگێڕ، وەك هەموو تاکێکی خاوەن زمان، لە زەینی خۆیدا رێساگەلێکی زەبت کردووە کە بە سەر پێکهاتەی ئەو زمانەدا زاڵن و بە پێی ئەم رێسایە دەتوانێ بڕیار بدا کە ئایا ئەو رستەی دەیبیستێ یا دەیخوێنێتەوە سەر بەو زمانەیە یان نا، ئەگەر رستەکە سەر بەو زمانەیە، بە چ شێوەیەك پێك دێ و بە چ شێوەیەك بە سەر توخمە پێکهێنەرەکانی دا شیتەڵ دەبێتەوە. بە کۆی ئەم رێسا و زانیارییانە کە هەموو کەس لە سەر زمان هەیەتی "رێزمانی زمان"ی پێ دەگوترێ. لە راستی دا ئەم رێزمانە تێگەیشتنی گشتی و لەخۆنائاگایە کە هەموو کەس بە پێی کات لە زمانی خۆی وەرگرتووە نەك کۆمەڵێ رێسا و یاساگەلێك کە لە کتێبەکانی رێزمانیدا هاتووە. دوای ئەوەی وەرگێڕ رستەیەك وەردەگرێ، کە دەبێ وەریگێڕێ، سەرەتا بەپێی رێزمانێك کە دەیزانێ دەق بە توخمە پێکهێنەرەکانی شیتەڵ دەکاتەوە و رۆڵی هەموو توخمێك دووبارە دەناسێنێتەوە.

ب — وەرگێڕ وەکو هەموو تاکێکی خاوەن زمان، کۆمەڵێك لە وشەکانی ئەو زمانە لە بیری خۆیدا دەپارێزێ کە وشەکانی ئەو پێك دێنێ. وشەکانی هەر کەس بەشێکە لە کۆی وشەکانی زمان و وشەکانی هەر زمانێك بریتییە لە وشەگەلێك کە ئاماژە بە راستی و ئەزموونەکانی خاوەن زمان لە جیهانی دەرەوە و ئەبستراکتە زەینییەکانی ئەوان لە ئەزموونەکاندا دەکا. دوای ئەوەی وەرگێڕ، رستەکەی خۆی بە پێی رێساگەلی رێزمانی بە توخمگەلێکی پێکهێنەر لە زەینی خۆیدا شیتەڵ کردەوە، بۆ ناسینی واتای وشەکانی، ئەوان لەگەڵ وشەگەلێك هەڵدەسەنگێنێ کە لە مێشکی خۆیدا زەبتی کردوون.

ج — وەرگێڕ دەبێ لە زەین و بیری خۆیدا کۆمەڵێك رێسا بۆ هاوتادۆزینەوە هەبێ، بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای ئەو بتوانێ هاوواتای توخمی پێکهاتەی زمانێك کە لەویەوە وەرگێڕان دەکا (واتە زمانی سەرەتا) لە زمانێکدا کە بەو وەرگێڕان دەکا (واتە زمانی مەبەست) بدۆزێتەوە. دوای ئەوەی کە توخمی پێکهاتەی رستەیەك کە بۆ وەرگێڕان دانراوە لە بیری وەرگێڕدا ناسراو لە واتای ئەو وشانە تێگەیشت، لە رێگای ئەم رێسایانە هاوواتاکانیان دەدۆزرێتەوە.

د — دەبێ وەرگێڕ وشەگەلێکی لە زمانی مەبەست دا لە بیربێ بۆ ئەوەی بە پێی ڕێساکانی هاوواتادۆزینەوە، هاوواتای توخمی پێکهاتەی زمانی سەرەتا لە ناو ئەواندا بدۆزێتەوە.

هـ — دەبێ وەرگێڕ ڕێزمانی زمانی مەبەست بزانێ واتە ڕێساکانی ئەو لە زەینی خۆیدا زەبت کردبێ بۆ ئەوەی بە پێی توخمە هەڵبژێردراوەکان پێکهاتەیەك بخاتە ڕوو.

بوریس هێلبێك لە بابەتێکدا بە ناوی "هۆکار و قۆناغەکانی وەرگێڕان" دا لەگەڵ پەرەسەندنی تیۆری تۆپزی لۆی، قۆناغەکانی وەرگێڕانی بە کورتی بەمشێوەیە باس دەکا:

**١- زانیاری پێویست بۆ ڕاڤەکردنی دەقی بنەڕەتی:**

شێوەیەکی دەروونناسانە لە مێشکی وەرگێڕدا هەیە کە تاڕادەیەك هاوشێوەی مێشکی کۆمپیوتەرە. لە ڕاستیدا مێشکی ئەو نە تەنیا بریتییە لە زانیاری لە سەر زمانەکانی سەرەتا و مەبەست و گەلێك کۆد و ڕەمزی دیکە، بەڵکو گەلێك بواری جۆراوجۆری دیکە لە خۆ دەگرێ کە وەرگێڕ لەو بوارانەدا خاوەنی هەندێك زانیارییە: وەك شارەزابوون لە دەق و ئەدەبیات، ئاشنایی لە گەڵ زانیارییەکانی دەروونی زمان (ئینسکلۆپیدیایی، کولتووری و تەکنیکی) و ئاگادار بوون لە نێوانیان واتە ئاگادار بوون لە دەقەکانی دیکەش. کاتێك ئەم هۆکارە بە مەبەستی وەرگێڕان پراکتیزە ببێ ڕووداوێکی دەروونناسانەیە و یەکەمین قۆناغە لە ڕێگای وەرگێڕاندا.

**٢- وێناکردنی وەرگێڕ لە بەردەنگ (خوێنەر)ی وەرگێڕان:**

خوێنەر / بیسەری ڕاستەقینە یا گریمانەیی وەرگێڕان خاوەنی گەلێك زانیاری، ئەزموون، حەز، زەوق، توانایی و چاوەڕوانییە. تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە و سەر بە توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگایە. هەر وەك سەبارەت بە ناردنی هەموو جۆرە پەیامێك هەلومەرجێك لە بەرچاو دەگیردرێ، دەبێ ئەم تایبەتمەندییەگەلەش کەم و زۆر لە لایەن پەیامنێرەوە لە بەرچاو بگیردرێ. سەرکەوتنی هەموو وەرگێڕانێك پەیوەندی بە کارلێکی پێچەوانەی کۆمەڵی مەبەستەکانەوەیە و وەرگێڕ دەبێ پێداویستییەکانی بەردەنگ( "مخاطب" لێرەدا مەبەستی لە خوێنەرە. و) — چ دەقێکی ئەدەبی بێ یا زانستی — دابین بکا.

**٣- هەڵبژاردنی ڕەمز (کۆد):**



واتە بڕیاردان لە سەر زمانێکی تایبەتی هەموو جۆرە ڕەمزێکی دیکە کە کەڵکی لێوەردەگیردرێ، ئەم هەڵبژاردنە هۆکارێکە لە وەرگێڕاندا چونکە چاوپۆشی کردن لەو شتێکی نەشیاوە و ناکرێ دەبێتە هۆی ئەستەمی یا تەنانەت ببێتە هۆی وەرگێڕان نەبوونی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی. بۆ وێنە deare لە سووناتەکانی شکسپێردا لەودا یەکەیەکی واتایی خۆشەویست و بەهادار دەدا. کاتێك وەرگێڕان دەکەین ئەگەر زمانی مەبەست ئەو وشەیەی نەبێ کە هەر دوو واتاکە بدا پاراستنی ئەم پیشەی شاعیرانەبوونە لە وەرگێڕاندا نەشیاو دەبێ. جگە لەوانەش، پێویستە لە نێوان کۆد یا ڕەمزەکان دا وشەگەلێکی، فۆنەتیکی و خەتی جیاوازی دانێین. ڕەمزی وشەیی یا ڕەمزی واژەیی بە واتای چەمك و واتای تایبەتی هەموو وشەیەکە. کۆدی دەنگ یا فۆنەتیکی بریتییە لە ئاوازە، دەنگدانەوە، بەرزی و نزمی، توندی و خێرایی ئاخاوتن کە زۆر لە وەرگێڕانە زارەکییەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. کۆد یا ڕەمزی خەتی کەڵك لە پیتە جۆراوجۆرەکان و شێوەی پۆلێنکردنیان بە شێوەی یەکەگەلێکی دیاریکراو وەردەگرێ. گواستنەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆدی خەتی لە ڕێگای لێکدانی کۆدی وشەیی و دەنگەکانەوە واتە گۆڕینی پەیوەندی نووسراوە و زارەکی زۆربەی کاتەکان نەشیاو و نەگونجاوە. بۆ وێنە گواستنەوەی شێوەی خەتی شیعرێك کە بە شێوەی باران یان کلکی ئەسپە بە شێوەی وشەیی یا دەنگی نەشیاوە.

**٤- ڕاڤەی دەقی سەرەکی:**

بە واتای تەکنیکی و پیشەیی، بە واتای تێگەیشتنی وەرگێڕدراوێکی باش لە تایبەتمەندی و پەیام و تێگەیشتنی ئەوە. لە ڕاستی دا ڕاڤەی دەق هەمان واتای دەقە کاتێك کە لە شێوەی کۆد هاتبێتەدەر.

ڕاڤە پەیوەندی بە زاڵبوونی تەواوە بە سەر زمانی سەرەتا و زانیاری لە بواری کولتووری و کۆمەڵایەتیدا کە دەق لەویەوە سەرووی وەرگرتووە.

**٥- وێناکردنی وەرگێڕ سەبارەت بە دەقی بنەڕەتی:**

دەکرێ ئەم خاڵە لە نێوان دوو ئاستی ئەمانەتداری و بەرژەوەندیخوازانەدا پۆلین بکەین. لە بەشی یەکەم دا وەرگێڕ دەیەوێ تەواوی تایبەتمەندییە گرنگەکانی دەقی بنەڕەتی بە گوێی

PDF 4 KURD

خوێنەر(بەردەنگ)ی خۆی بگەیەنێت لە حاڵێکدا لە بەشی دووەم دا مەبەستی ئەوەی هەیە وەك دەقێکی سەربەخۆ کار بکا. هەروەها روانگەی وەرگێڕیش سەبارەت بە کردەوە تایبەتییەکانی پەیوەندی وەك توێژە جۆراوجۆرەکانی دەق یا ئازادە یا بەویەوە بەستراوەتەوە و نوێنگەی پلەکانی وردەکاری لە چینی وەرگێڕانی ئەمەگدارانە – بەرژەوەندیخوازانەیە. بۆ وێنە ئەگەر وەرگێڕانی یاسای وڵاتێك بیەوێ تەواوی کردەوە و خاڵە دەرهەستەکانی ئەو – دیاردەیەکی، بەڕێوەبەری و شێوازی – بپارێزێ زۆر ئەمەگدارانە و وەفادارانە دەبێ. وەرگێڕانێکی ئەوتۆ بۆ ئەو خوێنەرە گونجاوە کە بیەوێ شتە لاوەکییەکانی دەق بزانێ. وەرگێڕانێکی ئازادتر تەنیا بەشێك لە رۆڵە سەرەکییەکان نەك هەموویان وەك پاڕامێترەکان، پەیوەندی بە خواست و هۆگرییەکانی بەردەنگ یا خوێنەرێك کە لە بیردایە – بە دەست لێنەدراوی دەهێڵێتەوە. پێدەچێ وەرگێڕانێکی بەرژەوەندیخوازانە یاسای بنەڕەتی وڵاتێك بکاتە یاسای بنەڕەتی نیزامێکی سیاسی خودی خوێنەر و باسی وەرگێڕدراو بوونی دەق بکا یا باسی نەکا. وەرگێڕانی لەو چەشنە هەیە (زۆرتر لە جۆری ئەدەبی) کە قۆڵی لە گەیشتن بە هەر دوو مەبەستەکە هەڵماڵیبێ: ئاشناکردنی خوێنەر لەگەڵ دەقی بنەڕەتی و وێناکردنی دەقی وەرگێڕدراو وەك دەقێکی رەسەن و سەربەخۆ.

### ٦– وێناکردنی وەرگێڕ سەبارەت بە شێوەی کۆد(رەمز)ی وەرگێڕان:

رۆڵی سەرەکی شێوەی کۆد لە پەیوەندییەکاندا، دابینکردنی ئامرازی دەرهەستی پێویست لە راستای وەرگرتنی هزر و هەستی وەرگردایە بەڵام لە هەندێك خاڵدا شێوەی کۆد پێویستی بە تێڕوانین هەیە. بۆ وێنە کاتێك شانۆنامەیەك بەمەبەستی پێشکەش کردن وەردەگێڕدرێ، دەبێ وەرگێڕ گوتن و بیستنی وشەکان کە دەکەونە سەر زمان لە بەرچاو بگرێ. رووبەڕووبوونەوەی ئەکتیڤی وەرگێڕان لەگەڵ شێوەی کۆد لەم خاڵانەدا و خاڵەگەلێکی هاوشێوەدا تەنانەت وێدەچێ کاریگەری لە سەر مەبەستی وەرگێڕیش هەبێ، چونکە هەندێکجار دەبێ مەبەستی وەرگێڕ بگۆڕدرێ بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی شێوەی کۆد روون بکاتەوە. ئەم لە بەرچاوگرتنە تایبەتییەی شێوەی کۆدی وەرگێڕان بۆ وێنە لە دوبلاژ و پەراوێزنووسی فیلم دا پێویستە، چونکە کاریگەری لە سەر پێویستی هاوئاهەنگی بزاوتەکانی لێو و کورتکراوەیی لە وەرگێڕاندا دادەنێن.



### ٧- بڕیاری وەرگێڕ لە سەر رێژەی وشە بە وشە بوونی وەرگێڕان:

واتای وەرگێڕانی وشە بە وشە بە گشتی بریتییە لە:

أ – کەڵك وەرگرتن لە وشە وەك یەکەی وەرگێڕان لە کاتی لە بەرچاوگرتنی بەش و پاژەکانی وتە و رێکوپێك کردنی وشەکان لە دەقی سەرەکیدا.

ب – وەرگێڕانی واتای بنەڕەتی وشە.

ج – هاوواتا دانانی وشە لە زمانی مەبەستدا، بە شێوەیەك کە واتای بنەڕەتی ئەو بە شێوەیەکی زۆر باش و گونجاو لەگەڵ واتای وشە لە زمانی سەرەتادا دەگونجێ.

وەرگێڕانی لەبز بە لەبز(وشە بە وشە) واتای دەق و بوار لە بەرچاو ناگرێ و تەنیا و تەنیا بە شێوەیەکی رەها سەرنج بە واتا دەدا. بەزۆری ناتوانین وەرگێڕانی لەبز بە لەبز (یان وشە بە وشە)ی دەقێکی کامڵ، تێبگەین و سەرلێشێوێنەرە، چونکە بە پێی زمانی سەرەتا کەڵك لە زمانی مەبەست وەردەگرێ. بەڵام هەندێك خاڵ هەیە کە پێدەچێ وەرگێڕ بڕیار بدا بە ئەنقەست ئەم کارە ئەنجام بدات وەك وەرگێڕانی دەقە ئایینییەکان.

### ٨ – بڕیاردان لە سەر واتاکان:

تەنها هەڵوێست گرتن(تێڕوانین)ی گشتی لە سەر ئاکارەکانی دەقی بنەڕەتی، بۆ دیاریکردنی وەرگێڕانی شیاوی قەبوولکردن بەس نیە. هەندێکجار ناکرێ تەواوی واتا لەبار و گونجاوەکان بە پێی بابەتی گشتی وەفادارانە بگوازرێنەوە یان زمانی مەبەست ئیزنی گواستنەوەی واتا گریمانەییەکان لە بوارێکی تایبەتیدا نادا (بۆ وێنە وای دانێن دەتانەوێ پەندی پێشنیانی *لێم بۆتە گونی قۆڕ، دەیبڕی نابێ، نایبڕی هەر نابێ*( ئەم پەندە لە بری "آش کشك خالتە بخوری پاتە نخوری پاتە" دانراوە.و) بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕی). ئەگەری تێڕوانین، تێڕوانینێکی بەرژەوەندیخوازانە بێ، وەرگێڕ تەنانەت دەبێ زیاتر لەوەش بڕیار بدا کە چ واتایەك بپارێزێ، چ واتایەك لابدات و چ واتاگەلێك لە جیاتی واتای دیکەدا بگونجێنێ.

**٩- بڕیاردان لە سەر شێوەی گواستنەوەی واتای بنەڕەتی:**

لە هەر شوێنێکدا هەڵبژاردنی نێوان چەند خاڵێك بۆ گواستنەوەی واتا تایبەتییەکان لە گۆڕێدا بێ، دەبێ وەرگێڕ بە سەرنجدان بە شێوەی دارشتنی دەق و ناوەرۆکەی بڕیار بدا کە کام خاڵ هەڵبژێرێ. بۆ وێنە بۆ گواستنەوەی چەمك و واتای فارسی "تێکەیشتن"(برداشت) بە زمانی ئینگلیزی، دەبێ وەرگێڕ لە نێوان وشە و دەستەواژەکانی deduction، offake taking، withdrawal، in advance یەکێکیان هەڵبژێرێ. کاتێك وەرگێڕ، واتای شێوەی بگوازێتەوە دوو ڕێگای لە بەر دەمە: لاساییکردنەوە و جێگیرکردن، جێگیرکردن بە واتای دۆزینەوەی شێوازێکی هاوچەشن لە زمان و ئەدەبیاتی مەبەست دا کاتێك کە لاسایی تەواو دووپاتکردنەوەی ئامرازی وێنەیی شێوەی بنەڕەتییە. ئەوەی کە لە دوو شێوەی گواستنەوەی شێوازە دەبێ کامیان هەڵبژێرین زۆرتر پەیوەندی بە جۆری خوێنەرەوەیە. پێدەچێ خوێنەر یا بەردەنگ لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی بنەڕەتی تێنەگا مەگەر ئەوەی کە گەلێك گۆڕانکاری شێوازی لە وەرگێڕاندا ئەنجام بدرێ.

**١٠- زانستی پێویست بۆ دووبارە دانانی کۆد(رەمز):**

دووبارە دانانی کۆد پێویستی بە ئاشنایی زۆر لەگەڵ زمانی مەبەستە، پەیوەندی دوو لایەنە و زانیاری لە سەر کولتووری خوێنەرەوە هەیە. کاتێك ئەم جۆرە زانستە پراکتیزە دەبێ قۆناغێکی دیکە لە ڕەوتی وەرگێڕان دەست پێ دەکا. ئاشنایی و زانینی زمانی مەبەستیش بریتییە لە زانیاری لە سیستەمی زمانی — بەو شێوەیە کە فەرهەنگی وشە و کتێبەکانی ڕێزمانی وێنا دەکەن — و زانیاری لە سەر یاسا پراکتیکیەکان و بەکار هێنانیان. بۆ وەرگێڕ تەنیا شارەزابوون لە زمانەکانی سەرەتا و مەبەست تەواو نیە. ئەو پێویستی بە بنەچەبوونی بەرامبەریش هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو وشانەی دوو زمان کە ئەوپەڕی هاوشێوەییان پێکەوە هەیە — زۆرتر لە ڕەهەندی واتاییەوە — بگونجێنێ و کەڵك لە باشترین ئامراز لە زمانی مەبەست دا وەرگرێ، بۆ دەربڕینی هەمان واتا یا واتایەکی هاوشێوەی ئەو.(موختاری ئەردەکانی، ١٣٧٥: ٨٨ —٩٥).



## گرفتەکانی وەرگێڕان وەك ئامرازێك بۆ پەیوەندی جیهانی

مەبەستی سەرەکی وەرگێڕان، ئەفراندنی هاوواتای واتایی گونجاو و وردی نێوان زمانی سەرەتا و زمانی مەبەستە. ئەوە ڕاست پرسێکە کە وەرگێڕان لە گەلێك هەوڵی وەك وەرگرتن(اقتباس)، کاکڵەنووسی و پوخت نووسی و کورتکردنەوە جیای دەکاتەوە. هەڵبەت دۆزینەوەی هاوواتای ورد دیاردەیەکی نەشیاو و نەگونجاوە. هیچ وەرگێڕێك ناتوانێ وەرگێڕانێك بخاتە ڕوو کە هاوواتای دەقی سەرەتا بێ، خاڵگەلێکی وەك زاراوە، قسەی نەستەق، چەند مەتەل، نوکتە و تێل نیشانە (تلمیح) کولتووری و ئەدەبییەکان لە زۆربەیکاتدا وەرناگێڕدرێن. زۆربەیان لە زمانێکی دیکەدا هاوواتایەکی ناتەواو و نادروستیان هەیە کە هەر کام لەوان کاراییەکی زۆر بەرتەسکتریان لە هەمبەر وشەی بنەڕەتیدا هەیە. کەواتە بە کردەوە شتێك بە ناوی باشترین و وردترین وەرگێڕان نیە. سەرکەوتنی وەرگێڕان پەیوەندی بە مەبەستی وەرگێڕانەوەیە و بە واتایەکی دیکە پەیوەندی بە پێویستی کۆمەڵێك کە ئەم وەرگێڕانە بۆ زانیاری و ئاگایی ئەوان ئەنجام دەدەرێ. ڕەنگە وەرگێڕانێکی تایبەتی و سەرەتایی کە لە هەموو جۆرە وردەکارییەکی ئەدەبی بێ بەرییە بۆ زانیاری پێرسۆنێلی کۆمپانیا یا دامەزراوەیەك بۆ دۆزینەوە تازەکان بەس بێ، هەر بەم شێوەیە وەرگێڕان بابەتگەلێکی زانستی و ئابووری تەنیا پێویستی بە وەرگێڕانی کامڵ و پوختی واتا هەیە و لە بەرچاوگرتنی وردەکارییەکانی ئەدەبی لەودا هێندە پێویست و گرنگ نابێ. نموونەیەکی دیکە دوبلاژی فیلمە سینەماییەکانە، لە دوبلەی فیلمێك دا، بە پێی کێشی ئاخاوتن و دەنگ و وشەی وەرگێڕدراو لەگەڵ بزاوتەکانی لێوی کارەکتەرەکان زۆر گرنگترە لە وەرگێڕانی وردی دیالۆگەکانی ئەو فیلمە. بەڵام لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، ڕەهەندی پاراستنی شێوە و فۆرمی ئەدەبی بە ڕادەی وەرگێڕانی وردی ناوەرۆکی دەق گرنگە و تەنانەت هەر لە بەر ئەم پرسە، هەندێك لە شاکارەکانی ئەدەبی پێویستیان بە چەند جار وەرگێڕان هەیە بۆ ئەوەی لە هەر کام لەوان دا لایەنێکی تایبەتی بەرهەمی ڕەسەن و بنەڕەت، جیا و دیاری بکرێ.

پێویستە لە بەرچاوترین گرفتە گشتییەکانی وەرگێڕان ئاماژە بەو خاڵانە بکرێ:

### أ — گرفتەكانی هاوواتایی وشەكانی نێوان دوو زمان:

واتای وشەكان تەنیا لە ناو زمانی پەیوەندیداردا باوەڕپێكراو و بەهادارن، چونكە هەموو زمانێك خاوەنی پێكهاتەی واتایی تایبەتییە. هۆكارە زاڵەكان بە سەر ئەم پێكهاتە واتاییە بریتین لە تایبەتمەندییە كولتوورییەكانی ئەو نەتەوەیەی بەو زمانە قسە دەكا، تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتیی — ئابوورییەكانی كۆمەڵگای پەیوەندیدار و پێداویستییە پەیوەندیدارەكانی هەموو نەتەوەیەك كە خۆی لەو دوو تایبەتمەندییەی پێشووەوە سەرچاوە دەگرێ. لاینز (بێرگمەن، ١٩٧٤: ٦٤ —٦٦) گرفتە پەیوەندیدارەكان بۆ پێكهێنانی هاوسەنگی وشەكانی نێوان دوو زمان بە سێ بەش دابەش كردووە.

١) پێدەچێ لە زمانێك دا دوو یا چەند واتا پەیوەندییان بە وشەگەلێكی هاودەنگەوە هەبێ، بەڵام لە زمانێكی دیكەدا بەو شێوەیە نەبێت. بۆ وێنە ئەگەر چاو لە فەرهەنگی وشەی ئینگلیزی بكەین دەبینین كە وشەیەك (بە ڕێنووس و گوتنی یەكسانەوە) وەك چەندین وشەی جیاواز و بە واتا و چەمكگەلێكی ڕێزمانی جیاوازەوە خراوەتە ڕوو بۆ وێنە sound وەك ئاوەڵناو واتای سەلامەتی هەیە، وەك ناو واتای دەنگی هەیە و وەك كردە واتای "بە بیردا هاتن"ی هەیە.

٢) پێدەچێ لە زمانێكدا بۆ چەمك و واتایەكی تایبەت وشەیەك هەبێ، لە حاڵێكدا زمانێكی دیكە هیچ وشەیەكی بۆ ئەو واتایە نەبێ. ڕوونترین نموونەی ئەم چەمكە زۆربەی وشە و زاراوەگەلی زانستی نوێیە لە زمانی ئینگلیزی دا كە لە ماوەی دەیەكانی دواییدا شان بە شانی پێشكەوتنە نوێیەكان لە زانست و سەرهەڵدانی چەمكە نوێیەكان لەم بوارەدا كەڵكیان لــێ وەرگیردراوە.

٣) وێدەچێ واتای وشەگەلێك كە لە ڕەهەندی واتاناسییەوە لە زمانە جۆراوجۆرەكان دا بە هاوواتا دێتە بەرچاو خاوەنی سنوورگەلێكی دیاریكراو نەبووبێ و یان گونجاو سازگار نەبێ ئەوەی كە هاوتای واتایی نێوان وشەكانی زمانە جۆراوجۆرەكان چ شتێك پێك دێنێ تەواو باسێكی فراوان و ئاڵۆزە. دواجار ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە بەرامبەری كولتووری تەن، بنەما و دۆخەكانەوەیە.

PDF 4 KURD



### ب — وەرگێڕانی نەگۆڕەكان:

نەگۆڕەكان وشە یا تێكەڵاوێكن لە وشەكان كە باس لە شێوەی ژیان، كولتوور و گەشەكردنی كۆمەڵایەتی و مێژوویی تایبەتی وڵاتێك دەكەن. چونكە نەگۆڕەكان دەرخەری ڕەنگی خۆماڵی یان مێژووین لە زمانەكانی دیكەدا هاوتایەكی ورد و دروستیان نیە. لەم ڕووەوە ناكرێ ئەوان بە شێوەیەكی ترادسیۆنی وەرگێڕدرێن و شارەزایی تایبەت بە خۆیان گەرەكە. دەكرێ نەگۆڕەكان أ — بە پێی بابەت: بە پێی كۆمەڵەكانی ڕەگەزی یا ناوچەیەك كە هی ئەوێن. ب — بە پێی سەردەم: بەو سەردەمە مێژووییەوە كە پێوەندییان بەوە و ج — بە پێی جوگرافیا: بە پێی ئەو شوێنانەی كە كەڵكیان لــێ وەرگیراوە، دابەش بكرێن.

گوتەزا بابەتییەكان بریتین لە وشەگەل و واتاگەلی سەر بە ژیانی ڕۆژانە، كار، هوونەر، ئایین، ئەفسانەكان و كولتووری گشتی هەندێك نموونەی ئەوان بریتین لە: ئاڵ، هوو، دوو بەش كردن، بە ژێر ئاودا ڕەت بوون (لە فارسی دا) ڕیكشا، گیشا (ئاسیای باشووری ڕۆژئاوایی) ڤاڵنتاین(ئەورووپا و ئەمریكا).

چەمكە كاتی و سەردەمییەكان زۆربەیان هێما بۆ ناو، نازناو و پیشەگەلێك دەكا كە لە سەردەمێكی مێژوویی تایبەتدا كەڵكی لــێ وەرگیراوە وەك: نایب، خان، ساتراپ.

گوتەزاگەلێكی جوگرافیاییش ئاماژە بە شوێن و دیاردەگەلێكی كەش و هەوایی هەرێمی تایبەتی وڵاتەكان دەكا، نموونەگەلێكی وەك فیۆرد(نۆرویژ) پێلدێر (هۆلەند) یەتی (تەبەت)

كاتێك لە چوارچێوەی زمانی سەرەتا و یان مەبەستدا وەرگێڕان دەكەین دەتوانین زۆر بە ئاسانی نەگۆڕەكان بە:

١) كۆمەڵێك كە سەر بە زمانێكن و بۆ زمانەكانی دیكە بێگانە و نامۆن وەك بەسیجی.(وەك پێشمەرگە)

٢) كۆمەڵێك كە بۆ هەر دوو زمانەكە نامۆیە وەك وەزارەتی دادپەروەری.

دابەش بكەین.

ئاستی قەبووڵكردنی نەگۆڕەكانیش دیاردەیەكی ڕێژەییە. هەندێك لە نەگۆڕەكان لە زمانی مەبەست دا وەردەگیردرێن و دەبنە بەشێك لە وشەكانی ئەو، هەندێكی دیكە تاڕادەیەك لە زمانی مەبەست دا، بە شتێكی نوێ دادەنرێن و بەرەبەرە كەڵكیان لــێ وەردەگیردرێ. هەندێكی

دیکەش زوو دەڕۆن و نامێننەوە و بە خێرایی تەواوەوە لە مۆدێرنەوە بەرەو ناباوی و سواوی دەڕۆن. گرنگترین گرفتێك کە بۆ وەرگێڕانی نەگۆڕەکان دێتە پێش نەبوونی هاوتا یا هاوشێوەی ئەوان لە زمانی مەبەست دایە و پێویستی گواستنەوەی واتای بابەتییانەی نەگۆڕەکان بە خوێنەری زمانی مەبەستە لەگەڵ پاراستنی رەنگی خۆماڵی (ناوچەیی) یان مێژوویی یا واتا لاوەکییەکانیانە. ئەم پرسە تەنیا دوو رێگا بۆ وەرگێڕانی نەگۆڕەکان دەهێڵێتەوە: گواستنەوەی راستەوخۆ و جێگیرکردن. گواستنەوەی راستەوخۆ لە راستیدا جێ گۆڕکێ پێکردنی نەگۆڕەکان لە زمانی سەرەتاوە بۆ زمانی مەبەستە بەلام لە جێگیرکردندا، وەرگێڕ پێدەچێ هەندێك وشەی تازە دابتاشێ کە وەرگێڕانێکی قەرزی یان قەرزباری بێ.

### ج – گرفتی وەرگێڕانی توخمەکانی پێکهاتە:

گرفتەکانی وەرگێڕان تەنیا بە ئاستی وشە و زاراوەکان نابەسترێتەوە. لە راستیدا وەرگێڕ سەرەڕای وشەکانی زمانی سەرەتا، دەبێ سەرنج لە پێکهاتە یا پێکهاتیشیان بدا. هەڵبەت مەبەست لە سەرنجدان بە پێکهات لە پرۆسەی وەرگێڕان دا ئەوە نیە کە وەرگێڕ دەبێ هەموو توخمێکی پێکهاتەیی زمانی سەرەتا لە گەڵ توخمی پێکهاتی هاوشێوەی ئەو لە زمانی مەبەست دا جێگیر بکا، چونکە یەکەم زمانەکان لە رەهەندی ژمارەی توخمی پێکهێنەرییەوە لە گەڵ یەکتری یەکسان نین و توخمی پێکهێنەر کە لە زمانێك دا دەدۆزرێتەوە پێدەچێ لە زمانێکی دیکەدا یان هەر نەبێ و یان گەلێك جیاوازی لەگەڵ توخمی پێکهاتی هاوشێوەی لە زمانەکەی دیکەدا هەبێ. بۆ وێنە توخمی پێکهاتی کاتی ئێستای تەواو بەو شێوەیە کە لە زمانی ئینگلیزی دا هەیە لە زمانی رووسی و یان فەرەنسیدا نیە. دووهەم توخمەکانی پێکهێنەری زمانی سەرەتا پێدەچێ لە رەهەندی کارایی و بەهاوە پەیوەندییان لەگەڵ توخمەکانی پێکهاتی لە زمانی مەبەست دا تەواو هاوشێوەیان نەبێ. دەسەڵاتدارێتی ئەم بنچینەیە بە سەر پێکهاتی زمانەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە لە پرۆسەی وەرگێڕان دا یەکەم وەرگێڕانی پێکهاتە بە پێکهاتە لە هەموو شێوەکان دا لە نێوان دوو زماندا نەشیاو و نەگونجاو بێ و دووهەم لە کاتی دەرەتانی وەرگێڕانێکی ئەوتۆش، دەقی وەرگێڕدراو لە روانگەی پەیام و ناوەڕۆکەوە شتێك بێ جگە لە دەقی زمانی سەرەتا، وەکو:



Such dogs are highly valued by all experienced sheep – farnmers

**وەرگێڕانی لەبز بە لەبز(دەقاو دەق):** ئەو سەگانە بەهایان پێ دەدرێ لە لایەن هەموو شوانە بە ئەزموونەکانەوە.

**وەرگێڕانی روون و رەوان:** شوانە بە ئەزموونەکان قەدری ئەم سەگانە دەزانن. (قەدری زێڕ لای زێڕینگەرانە)

لە وەرگێڕانی فارسی رستەی سەرەوەدا، ناکرێ کەڵك لە پێکهاتی نادیار وەربگرین و ئەگەر کەسێکیش کەڵك لە کردەی نادیار لە وەرگێڕاندا وەرگرێ رستەکەی ئەو بە تەزویر و فارسی(ئەوە بۆ زمانی کوردیش راستە. و) رەسەن نابێ.

### د – گرفتەکانی پەیوەندیدار بە جیاوازی کولتوورییەوە:

سیدنی ئەلێکساندێر وەرگێڕی نێوداری زمانی ئیتالی دەڵێ: "زمانەکان تەنیا وشەگەلێك نین لە خزمەت سەمبوولەکان دا بەڵکو ئەوان شێوەی جۆراوجۆری تێڕوانین لە جیهانن. ئەوان بۆ شکڵ دان و دەربڕینی تایبەتمەندی نەتەوەکان کەڵکیان لـێ وەردەگیردرێ". لە راستیدا گرنگترین گرفتی سەروو زمانی وەرگێڕان، بۆ دووربوونی کولتوور و زمانەکان دەگەڕێتەوە. وەرگێڕان لە زمانی عیبرییەوە بۆ عەرەبی یا لە فەرەنسیەوە بۆ ئینگلیزی بە هۆی نزیکبوونی کولتووری و ژیارییەوە هێندە ئەستەم نیە، بەلام وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە بۆ مەجاری و سویدی و فینلەندی هەرچەندە کە گەلێك وێکچوونی کولتووریش هەیە کارێکی چەتوونە هەرچەندە ئەڵمانی و سویدی لە هیند و ئەورووپییەوە و زمانەکانی فینلەندی و مەجاری لە کانگای ناهیندوئەورووپییەوە سەرچاوە دەگرن و لە تووركییەوە نزیکن. کاتێك کولتوور و زمان هەردووکیان دوور بن وەکو فارسی و ئینگلیزی گرفتەکان چەندین بەرابەر دەبنەوە و ئەرکی وەرگێڕیش قورستر دەبێ. تەنیا ئەوە بێننە بەرچاوتان کە دەیەوێ دەقی شانۆیەك کە لە گوندێکی ئێرانی دا بەڕێوە دەچێ بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕێ تووشی چ گیرو گرفتێکی سەیر و سەمەرە دەبێ.

PDF 4 KURD

**نموونەیەکی تایبەتی گرفتەکانی وەرگێڕان: هاوسەنگی وشەیی نێوان زمانی فارسی و ئینگلیزی**

وەرگێڕێك کە دەیەوێ لە فارسییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕان بکا یا بە پێچەوانەوە لەگەڵ چ گیرو گرفتگەلێك ڕووبەڕوو دەبێتەوە؟

بەشێك لە گرنگترینیان بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

**أ – واتای ئاراسەکردن(ارجاعی):**

پێدەچێ هەندێك وشەی ئینگلیزی خاوەنی چینی ئاراسەکردن (ارجاع) فراوان لە هاوتاکانیان لە زمانی فارسیدا بن، بۆ وێنە وشەی Cousin بۆ ئاماژەکردن بە تەواوی منداڵەکانی خاڵ و مام و ئامۆژن و خاڵۆژن کەڵکی لـێ وەردەگیردرێ. بە پێچەوانە هەندێك وشەی فارسی چینی ارجاعی بەربڵاوتریان لە هاوتا ئینگلیزییەکەیان هەیە بۆ وێنە پێست = Skin, Shell, ring, bark, peel

**ب – واتای ئەزموونی:**

پێدەچێ وشە و واتاگەلی فارسی لە ڕەهەندی واتای ئەزموونیەوە لە چاو هاوتای ئینگلیزییانەوە چین و توێژێکی فراوانتریان هەبێ وەك

(بە باری نێگەتیڤی واتادا) notorius

}نێودار

(بە باری پۆزەتیڤی واتادا) famous

(باری پاسیڤی واتا) I think

} پێم وایە

(باری نێگەتیڤی واتا) I suspect



**ج – واتای مەجازی:**

واتای مەجازی وشە ئینگلیزییەکان لەگەڵ واتای مەجازی وشەی هاوتای فارسی یەکسان نەبێ بۆ وێنە OWL لە ئینگلیزیدا خاوەنی واتای مەجازی و هێماگەرانەیە بۆ هۆش و زیرەکی، لە حالێکدا هاوتاکەی لە فارسیدا "کوند"ە(جغد) کە واتای مەجازییەکەی نەخسی و نەگبەتییە. وشەی Bull لە ئینگلیزیدا خاوەنی واتای مەجازی و هێماگەری خۆڕاگرییە بەڵام هاوتاکەی لە فارسیدا "گا"(گاو) واتای مەجازی و هێماگەری "گەمژەیی و تێنەگەیشتن"ە.(لە زمانی کوردیش دا ئەو دوو نموونەیە هەر ئەو واتایە دەدەن).

**د- واتای همایشی:**

پێدەچێ گەلێك وشەی فارسی لە ڕەهەندی تایبەتمەندی همایشی شەوە لەگەڵ هاوتا ئینگلیزییەکەیان جیاوازییان هەبێ. ئەم جیاوازییانە زۆرتر لە سەر بنەمای پانتایی و بەرینایی همایشی وشەکان لە هەر دوو زمانەکەدا پاساو بدرێ. بەو واتایە کە پانتایی همایشی هەندێك وشەی فارسی لە هەمبەر هاوتای ئینگلیزییەکەیان فراوانترە. بۆ وێنە وشەی پوخت و ڕەسەنی فارسی دەتوانێ لەگەڵ گەلێك وشە هاوشێوەیی هەبێ بەڵام هاوتاکەی لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو توانایییەی نەبێ.

thick (soup, smoke, mist)(دووکەڵ، مژ، سوپ) ( غلیظ)

heavy (make – up, accent) (رازاندنەوە، زاراوە) ( غلیظ)

strong (coffe, tea) (چای، قاوە) ( غلیظ)

concentrated (solution) (لێکدراو)(ئاوەکی)( غلیظ)

یان بە پێچەوانەوە داوێنی همایشی هەندێك وشەی ئینگلیزی لە هەمبەر هاوتای فارسیاندا فراوانترە. بۆ وێنە وشەی to wearی ئینگلیزی دەتوانێ لەگەڵ هەندێك وشەی هاوشێوە بێ کە سەبارەت بە هاوتاکەیان لە زمانی فارسیدا ڕاست نیە.

| | | |
|---|---|---|
| ژاکێت، شەڵوار) لە بەر کردن | a Jacket, trouser | |
| (عەتر، کڕاوات) لێدان | Perfume, tie | to wear |
| (ددانی دەستکرد(تاقم)) دانان | denture | |
| (رازاندنەوە) کردن | cosmetics | |

**هـ – پێکهاتەی توخمی وشەکان:**

هەندێکجار پێدەچێ ئەو توخمانەی کە لە زمانی فارسیدا وەك هاوتای وەرگێڕان بۆ توخمگەلی وشەکانی زمانی ئینگلیزی دادەنرێن لە ڕەهەندی پێکهاتەوە تەواو هاوشێوەی هاوتای ئینگلیزی خۆیان نەبن. بۆ وێنە پێدەچێ بە ڕێك و پێکی دانرانی وشەگەلی پێکهێنەری توخمی وشەکان لە دوو زمانی هاوشێوەدا نەبن.

درەنگ یا زوو sooner or later

کەوچك و چنگاڵ ford and spoon

تەکووزی و یاسا law and order

کەم تا زۆر more and less

ترس و هومێد hope and fear

## وەرگێڕانی نووسراو، وەرگێڕانی زارەکی

لە زمانی ئینگلیزیدا translation واتای گشتییە کە لە هێماکردن بە وەرگێڕانی قووڵی پێکهاتەی زمانی سەرەتاوە بۆ رووکەش سازی زمانی مەبەست کەڵکی لـێوەردەگیردرێ. بە گشتی ئەم وشەیە بە وەرگێڕانی زارەکی و نووسراوە دەگوترێ، بەڵام هەندێك لە پسپۆڕەکان لە سەر بنەمای جیاوازی ئامراز و راگەیەنەکان کەڵك لە دوو جۆر وەرگێڕان لە interpretation بۆ ئاماژەکردن بە وەرگێڕانی زارەکی وەردەگرن. هەربۆیە پۆلێنکردنی وەرگێڕان بە گشتی بریتییە لە دوو بەشی زارەکی و نووسراوە. هەڵبەت لە هەندێك کات دا جیاوازی ئەم دووانە هەستپێنەکراوە بۆ وێنە کاتێك زمانی سەرەتا شێوەی زارەکی هەیە بەڵام وەرگێڕانەکەی بە شێوەی نووسراوە ئەنجام دەدەرێ (وەکو کەڵك وەرگرتن لە پەراوێزنووسی بۆ فیلمە بیانییەکان).

هەڵبەت زۆر کەم دەتوانین کەسێك بدۆزینەوە کە لە هەر دوو بواری وەرگێڕانی زارەکی و نووسراوەدا، شارەزایی و لێهاتوویەکی یەکسانی هەبێ. هەندێك پێیان وایە وەرگێڕانی نووسراوە زۆرتر لەگەڵ کەسانێك دەگونجێ کە کەسایەتییەکی دەروونخوازییان هەیەو وەرگێڕانی زارەکی تایبەت بە کەسانێکە بە کەسایەتییەکی دەرەوەیخوازەوە.



وەرگێڕانی زارەکی ئەمڕۆ بە هۆی کەڵك لـێوەرگرتنی بەربڵاوییەوە لە هاتوچۆ و سەردانە سیاسییە بازرگانییە نێونەتەوەییەکاندا بەهایەکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە. کاتێك کەسایەتییەك سەردانی وڵاتێکی بیانی دەکا، وەرگێڕەکانیش هاوکات لەگەڵ ئەوان لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن دا دەردەکەون. لە کۆنفرانسە جیهانییە گرنگەکان دا وەك دانیشتنی گشتی رێکخراوی نێونەتەوەیی، کەڵك وەرگرتنی ئامادەبووان لە گۆشە بچووکەکان نیشاندەری ئامادەبوونی هاوکاتی وەرگێڕەکانە لە دەرەوەی دالآنی کۆبوونەوەدا. ئەمڕۆکە لەگەڵ زیادبوونی کۆچکردن و پێکهێنانی کۆمەڵگاگەلێکی جیهانی پێکهاتوو لە خەڵك بە زمانە جۆراوجۆر و جیاوازەکانەوە، ئامادەبوونی وەرگێڕێکی بەتوانا لە شوێنە گشتییەکانی وەك دادگا، نەخۆشخانە و پۆلە وانەییەکان دا شتێکی پێویست و حاشاهەڵنەگرە. بە بوونی بەهای رۆژ لە دوای رۆژی وەرگێڕانی زارەکی، تا ئێستاش لێکۆڵینەوەیەکی کەم لەم بوارەدا ئەنجام دراوە. بێ شك درەنگ هەست کردن بە بەهاداربوونی وەرگێڕانی زارەکی لە کورتبوونی زانیاری و لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا زۆر کاریگەردارە.

کۆنترین جۆری وەرگێڕانی زارەکی، وەرگێڕانی پچڕاو یا بەردەوامی consecutiveیە لەم وەرگێڕانەدا کە لە سەردەمە زۆر کۆنەکانەوە (رەنگە هەندێك دوای نیوەکاربوونی قەڵاتی(برج)ی بابل لە جیهاندا باو بووە. وەرگێڕ دوای ئەوەی کە قسەکەری زمانی بیانی قسەکانی خۆی بە کۆتایی گەیاند قسەکانی وەردەگێڕێ. ئەم شێوازە لە سەدەکانی رابردوودا و لە کۆمەڵگا ترادسیۆنی و کۆنەکاندا کارایی و کەڵکی هەبووە. بەڵام لە دۆخی دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆکەدا و لە دنیای گوندی بوونی جیهانی (بچووك بوونی جیهان)دا ئامادەبوونی وەرگێڕەکان بە توانای وەرگێڕانی هاوکات (بەردەوام) simultaneous حاشاهەڵنەگرە. وەرگێڕانی زارەکی هاوکات دیاردەیەکی تایبەت و سەیرو سەمەرەیە. لە هیچکام لە پەیوەندییە ئاخاوتنییەکانی مرۆڤ دا، پێویست ناکا بێژەر بە شێوەیەکی هاوکات گوێش بداتێ و قسەش بکا. بەڵام لە وەرگێڕانی زارەکیدا هاوکات رووداوەکە بەو شێوەیە، وەرگێڕ دەبێ لەگەڵ ئەوەدا کە قسەی زمانی سەرەتا دەبیستێ و لێی تێدەگا هاوتای ئەوانیش لە زمانی مەبەست دا بەرهەم بێنێ و دەیانڵێ. دەروونناسان و دەمارناسانی زمان ئەگەری ئەوە لێدەدەن کە پرۆسەی وەرگێڕانی زارەکی هاوکات لە مێشکی وەرگێڕدا، دەبێ بەو شێوەیە روودات.

| یەکەزمانیەکان | A | B | C | D | E |
|---|---|---|---|---|---|
| چاللکی وەرگێڕ | A دەبیستێ. | B دەبیستێ وەرگێڕانی A ئەنجام دەدا (دەڵێ). | C دەبیستێ وەرگێڕانی B ئەنجام دەدا (دەڵێ). | D دەبیستێ | E دەبیستێ، وەرگێڕانیD,C ئەنجام دەدا.(دەڵێ) |

**نیشاندەری ٢ — ٢: پرۆسەی وەرگێڕانی زارەکی هاوکات لە زەین و بیری وەرگێڕدا (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٥١)**

بەو پێیە سرووشتییە دواکەوتن(کات)ێکی چەند چرکەیی لە نێوان پاڵنەر و وەڵام دا هەیە، چونکە بۆ دۆزینەوەی هاوتاکەی کە لە زمانی سەرەتا چی دەگوترێ و ئەو شتەی کە ئەو لە زمانی مەبەست دا دەیلێ کاتێك (زمان) پێویستە. ئەم کاتە ماوەی ٢ تا ٣ چرکەیە بەڵام ئەگەر دەقێکی ئاڵۆز بێ رەنگە تا دە چرکەش درێژە بکێشێ، ئەمجۆرە وەرگێڕگەلە زۆرتر لە ژوورێکی بێ دەنگ و هەرادا دادەنیشن بۆ ئەوەی دەنگ و هەرا نەبێتە هۆی شێوان و تێکچوون لە دیاردەی پەیوەندی و پەرت بوونی هەست و هۆشیان.

## جۆرەکانی وەرگێڕان

بە پێی پراکتیزەبوونی، ئاست و تێڕوانینە تیۆرییەکان، گەلێك دابەشبوونی جۆراوجۆر لە مەڕ وەرگێڕان کراوە کە گرنگترینیان بەو شێوەیەی خوارەوەن.

**دابەش بوونی پراکتیکی(کردەیی):**

بە پێی پراکتیك و کردەیی وەرگێڕانەکان بۆ سێ گرووپ دابەش دەبن:

**١) — وەرگێڕانی بەکارهێنان:**



لەمجۆرە وەرگێڕانەدا، پێداگری سەرەکی لە سەر وردبینی وەرگێڕان و پاراستنی ناوەڕۆکی واتایی دەقی بنەڕەتییە. ئاگاداربوون لە بابەت و تایبەتمەندییەکانی دەق بەهاو گرنگییەکی تایبەتی هەیە. دەکرێ نموونەی وەرگێڕانێکی ئەوتۆ لە بڕۆشۆڕەکانی کەرەسەگەلی رازاندنەوە، کەرسەگەلی دەنگ و رەنگ یان راپۆرتی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئابووریدا ببینین.

**٢) — وەرگێڕانی ستاتیکانە(جوانناسانە):**

لەمجۆرە وەرگێڕانەدا کە تایبەتە بە دەقگەلی ئەدەبی (شیعر و دەق)، گواستنەوەی کەش و هەست و شێوازی ئەدەبی بەرهەم بە رادەی روونی و رەسابوونی دەق گرنگە.

**٣) — وەگێڕانە نەتەوەیی خوازییەکان (قوم نگارانە):**

لەمجۆرە وەرگێڕانانەدا، زۆرتر سەرنجی تەواو دەدرێتە بواری کولتووری نووسەر و کەشی کۆمەڵایەتی — کولتووری سرووشت و ژینگەی ئەو، لەم وەرگێڕانانەدا، جیاوازییەکانی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی نێوان زمانی سەرەتا و مەبەست لە بەرچاو دەگیردرێ. نموونەیەکی ئەو وەرگێڕانی دەقەگەلی ئایینی مەسیحییەکان بە زمانە ئاسیایی و ئەفریقاییەکانە بە سەرنجدان بە نۆرمە کولتوورییەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە.

## دابەش کردن لە سەر بنەمای ئاستەکانی وەرگێڕان

هەندێك لە زماناسان (بۆ وێنە نیدا و لاینز) ئەو دابەش بوونەکەیان قەبووڵ نەکردووە کە باسکرا، پێیان وایە زۆربەی وەرگێڕانەکان ئاوێتەکردنێکیان لەم سێ جۆرە لە خۆیاندا هەیە و لە راستیدا ئێمە زۆرتر سەروکارمان لە گەڵ جۆرە ئاوێتەبوونەکانی وەرگێڕان هەیە تا جۆرێکی تایبەتی وەرگێڕان. ئەم گرووپە لە دابەشبوونی وەرگێڕانەکان لە سەر بنەمای وەرگێڕان قسە دەکا بەو شێوەی خوارەوە:

**١) — وەرگێڕانی وشە بە وشە:**

هەر وشەیەك یان وشەیەکی تاك لە زمانی سەرەتادا بە وشە یا دووپاتبوونەوەی هاوتاکەی لە زمانی مەبەستدا وەردەگێردرێ، هەڵبەت ئەنجامەکەی زۆرتر واتایەکی ئەوتۆی نابێ. بە تایبەتی کاتێك لەگەڵ دەستەواژە( ئیدیۆم)ێك رووبەڕوو دەبینەوە. وەرگێڕانە ئامێرییە

سەرەتاییەکان نموونەی دیاری لەم جۆرە وەرگێڕانانەن. بۆ باشتر تێگەیشتن لەم جۆرە وەرگێڕانانە ئەو نموونەیەی خوارەوە لە بەرچاو بگرن:

آن باران می آید گربەها و سگ ها It’s raining cats and dogs

**٢) — وەرگێڕانی دەقا و دەق:**

پێکهاتەی زمانی دەقی سەرەتا بە دەست لێنەدراوی دەمێنێتەوە و واتای وشەکان ناگۆڕدرێ بەڵام ئاساییکردنەوەی رێك و پێکی وشەکان بە پێی رێزمانی وشەکان دەبێ. وەرگێڕانە زارەکییەکان زۆرتر لەم چەشنەن. نموونەیەك لەم جۆرە وەرگێڕانانە بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

از آسمان سگ و گربە می بارد It’s raninig cats and dogs

**٣) — وەرگێڕانی ئازاد:**

پێکهاتەی زمانیی زمانی سەرەتا لە بەرچاو ناگیردرێ، واتایەکی تەواو ئازاد و گونجاو لە گەڵ رێسا و چەمك و واتای زمانی مەبەست تەنیا بە گونجانی ناوەڕۆکی واتایی واتایەك لە بەرچاو دەگیردرێ.

دەڵێی کوندەی سەرەو ژێرە(کورد"لە ناوچەی سەردەشت" بە بارانی بە خوڕەم وا دەڵێ، لە ناوچەکانی دیکە پێی دەگوترێ "دەڵێی گۆزەی سەرەوخوونە" و چەندین شتی لەو جۆرەی دیکەش... وەرگێڕی کورد)

مثل دم اسپ باران می‌آید It’s raining cats and dogs

## دابەشکردنەکان لە سەر بنەمای تێڕوانینە تیۆرییەکان

لە سەر بنەمای پێناسە جۆراو جۆرەکانی وەرگێڕان و تیۆرییەکانی زمانناسی لەم بوارەدا، کەسایەتییە ناسراوەکانی زمانناسیش سەرقاڵی پۆلێنکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان بوون، کە لێرەدا ئاماژە بە سێ پۆلێنکردنی بەرچاو دەکەین.

**١) — جۆرەکانی وەرگێڕان لە روانگەی کێت فۆڕد**ەوە:

کێت فۆڕد کە وەرگێڕان بە جێگیرکردنی توخمەکانی دەقێکی زمانی سەرەتا بە هۆی توخمەکانی دەقی زمانی مەبەستەوە دەزانێ، ئەو بە سێ بەش دابەش دەکا:



**وەرگێڕانی تەواو لە بەرامبەر وەرگێڕانێکی ناتەواودا*

لێرەدا پێودانگی دابەشکردن، رادە و ئاستی توخم لە دەقی زمانی سەرەتادایە کە وەردەگێڕدرێ. رادەی دەقێك بە سەرنجدان بە هەلومەرج و پێویستییەکانی پەیوەندی پێدەچێ لە نێوان رستەیەکی ساکار یا دێرێکدا، پاژێکی کتێب و یەك یا چەند بەرگ کتێب بگۆڕدرێ. لە وەرگێڕانی تەواو دا تەواوی دەقێك وەردەگێڕدرێ لە حاڵێك دا لە وەرگێڕانی ناتەواو دا هەندێك بەشی دەقی زمانی سەرەتا دەقا و دەق بۆ دەقی مەبەست دەگوازرێتەوە. هۆی ئەم پرسە دەکرێ وەناگێڕدرێ بوونی توخمێکی زمانی سەرەتا بۆ وێنە هۆی نەبوونی هاوتای ناسراو یا بە شێوە یا مێتۆدی تایبەتی وەرگێڕێك و یان پەیوەندی بە پێویستییەکانی پەیامی دەقێکی پەیوندیدارەوە بێ.

** وەرگێڕانی گشتی لە بەرامبەر وەرگێڕانی بەرتەسك دا*

پێوەری ئەم دابەشکردنەی ئاستەکانی پێکهاتی زمانە. پێکهاتی زمان ئاستگەلێکی جۆراوجۆری وەك واژەناسی، واژە رێکخەری، تەك واژەیی، شێوە، گریمانەناسی(نگارەشناسی) و هەتا دوایی هەیە. لە وەرگێڕانی بەرتەسکدا، جێگیربوونی توخمەکانی دەقێکی زمانی سەرەتا لە لایەن توخمەکانی دەقێکی زمانی مەبەستەوە لە هەموو ئاستەکانی پێکهاتیدا ئەنجام نادرێ. بۆ وێنە لە بەشێك لە وەرگێڕانەکان دا لە جیاتی وشەی ئینگلیزی image لە فارسی دا "ایماژ" بە کار دەبردرێ کە تەنیا گریمانەناسی و واژەناسی زمانی فارسی لە زمانی سەرەتادا جێگیر بووە و لەم رووەوە بە وەرگێڕانێکی بەرتەسك دادەنرێ. لە بەرامبەردا، لە وەرگێڕانی گشتیدا کردەی جێگیربوونی توخمەکانی دەقێك لە گشت ئاستەکان لە گریمانەناسییەوە (نگارەشناسی) بگرە تا ئاستەکانی واتایی و کارایی ئەنجام دەدرێ و توخمەکانی زمانی سەرەتا لە هیچ ئاستێك دا بۆ زمانی مەبەست ناگوازرێتەوە.

** وەرگێڕانی ئازاد لە بەرامبەر وەرگێڕانی وابەستەدا*

پێوەرێك کە کێت فۆڕد بۆ ئەم دابەشکردنەی هەڵبژاردووە "قۆناغ"ی یەکەی پێکهاتی زمانە، کە ئەوەی لە دەستووری سیستماتیکی هالیدەی وەرگرتووە. لە دەستووری هالیدەیدا قۆناغگەلێکی دیاریکراو بۆ یەکەگەلی پێکهاتی زمان (دەق، دێر، رستە، کۆمەڵ و وشە) لە بەرچاو گیراوە. لە نێوان قۆناغەکانی ناوبراودا هیرارشییەك هەیە و یەکەکانی هەر قۆناغێك لە توخمەکانی قۆناغی خوارەوەی خۆی پێك دێن. ئێستا ئەگەر لە کاتی وەرگێڕاندا، پرۆسەی جێگیرکردنی توخمەکانی

دەقێکی زمانی سەرەتا بە سەرنجدان بە تەواوی ناوەڕۆك و پەیام و بە بێ لەبەرچاوگرتنی قۆناغگەلی جۆراوجۆری یەکەکانی پێکهاتی زمانی سەرەتا ئەنجام بدرێ پێی دەگوترێ وەرگێڕانی ئازاد. بەڵام ئەگەر وەرگێڕ هەوڵ بدا قۆناغەکانی زمانی سەرەتا بە بێ گۆڕان بۆ زمانی مەبەست بگوازێتەوە واتە رستە بە رستە، واتا بە واتا، وشە بە وشە و... وەرگێڕێ وەرگێڕانێکی ئەوتۆ وەرگێڕانی وابەستەی پێ دەگوترێ. لە راستیدا دابەشبوون لە سەر بنەمای ئاستەکانی وەرگێڕان لە گەڵ ئەم دابەشبوونە یەکتر دەخوێنێتەوە. بەمشێوەیە کە وەرگێڕانی وشە بە وشە هەمان وەرگێڕانی وابەستە لە قۆناغی وشەدایە، وەرگێڕانی ئازاد وەرگێڕانێکی ناوابەستەیە کە لە هەڵبژاردنی هاوتادا هیچ جۆرە بەربەست و لەمپەرێك بۆ ئەو بوونی نیە و وەرگێڕانی دەقا و دەق کە ئاستی ناونجی ئەم جۆرە وەرگێڕانانەیە و لەودا وەرگێڕانی وشە بە وشە بە گۆڕانێکی کەمترەوە بە پێی رێزمانی زمانی مەبەست ئەنجام دەدرێ.

**٢) — جۆرەکانی وەرگێڕان لە روانگەی یاکوبسینەوە:**

یاکوبسین بە روانگەیەکی جیاوازەوە لە پرسی وەرگێڕان دەڕوانێ و ئەو دابەشبوونەی خوارەوەی لەم بوارەدا خستۆتە ڕوو:

* *وەرگێڕانی دەروون زمانی*

تێگەیشتن و راڤە لە زمانێك دا و دەربڕینی ئەو بە واتا و وشەگەلێکی دیکە لە هەمان زماندا. ئەم وەرگێڕانە لە راستیدا جۆرێك گۆڕانکارییە.

* *وەرگێڕانی نێوان زمانی*

هەمان جۆری باو و ناسراوی وەرگێڕانە کە بریتییە لە دەربڕینی پەیامی گوتراو لە زمانێکدا بە هێما و ئاماژەگەلی زمانی زمانێکی دیکە.

* *وەرگێڕانی ئینتێرسیمیاتیك یان گۆڕان و گۆڕینی هێما رەمزییەکان*

بریتییە لە سیستەمی هێما رەمزییە بنەڕەتییەکان و خستنە رووی بە هۆی سیستەمێکی دیکەوە وەك گۆڕانی رۆمانێك بە فیلمنامە یا وەرگێڕانی زمانێکی هێمایی بۆ کەڕ و لاڵ بە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی.

PDF 4 KURD



**٣) — جۆرەکانی وەرگێڕان لە روانگەی نیۆمارکەوە:**

یەکێك لەو تیۆرییە پڕ لایەنگرانەی پەیوەندیدار بە دابەشبوونی جۆرەکانی وەرگێڕان هی نیۆمارکە(صلح جو، ١٣٧٦: ٥٠ — ٥٢). نیۆمارك بە سەرنجدان بەوە کە وەرگێڕان دەبێ مەبەستی چ شتێك بێ — وەفاداربوون بە شێوازی نووسەری سەرەکی و یان پێکهێنانی پەیوەندی خوێنەر لەگەڵ دەق — قسە لە سەر وەرگێڕانی واتایی دەکا. بە کورتی تیۆری نیۆمارك سەبارەت بە بەراوردکردنی دوو میتۆدی وەرگێڕانی واتایی و (وەرگێڕانی) پەیوەندی لە خشتە(نیشاندەر)ی ٣- ٢ دا هاتووە.

| وەرگێڕانەکانی پەیوەندی | وەرگێڕانی واتایی |
| --- | --- |
| زۆرتر سەرنج بە وەرگری پەیام دەدا تا پەیامنێرەکەی. | نایەوێ لە دنیای پەیامنێر دوور بکەوێتەوە. |
| هۆگری بۆ خستنە ناوی پێکهاتەگەلی وێنەیی و واتایی ناهۆگر لە زمانی سەرەتادا بۆ زمانی مەبەست نیشان دەدا. | تێدەکۆشێ ئەوەندەی دەتوانێ پێکهاتی وێنەیی و واتایی زمانی سەرەتا بخاتە ناو زمانی مەبەستەوە. |
| خوێنەر بە گرنگتر لە نووسەر دەزانێ. | ئەولەوییەت بە شێوازی نووسەرە. |
| وەرگێڕانێکی روونترە. | وەرگێڕانێکی وردتر و دروسترە. |

**نیشاندەری ٣- ٢ بەراوردکردنی دوو شێوەی وەرگێڕان لە روانگەی نیۆمارکەوە**

## شێوەکانی تاقیکردنەوەی چۆنیەتی وەرگێڕان

**أ — وەرگێڕانی پێچەوانە:**

لەم شێوەیەدا کەسێك لە زمانی "أ" بۆ زمانی "ب" وەرگێڕان دەکا و کەسێکی دیکە دووبارە دەقەکە لە زمانی "ب"ەوە بۆ زمانی "أ" وەردەگێڕێ. ئەم دەقە لەگەڵ دەقی بنەڕەتی هەڵدەسەنگێندرێ و ئەگەر دوو دەقەکە کەم و زۆر یەکسان و هاوشێوە بن شایەتێکی گەورەیە بۆ ئەوەی کە وەرگێڕانی یەکەم خاوەنی چییەتییەکی زۆر بەرز بووە (هەرچەندە هۆیەکی

هێندەش قاییم نیە، چونکە پێدەچێ وەرگێڕی دووهەم لە کاتی پرۆسەی پێچەوانەسازیدا گەلێك چاکسازی و راستکردنەوەی ئەنجام دابێ.)

**ب – تاقیکاری(تێست)ی زانیاری:**

سەبارەت بە ناوەڕۆك و واتای وەرگێڕان لە وتەبێژانی زمانی "ب" (زمانی مەبەست) هەندێك پرسیار دەکرێ. وەڵامەکانیان لەگەڵ وەڵامی قسەکەرانی زمانی "أ"(زمانی سەرەتا) سەبارەت بە هەمان دەق هەڵدەسەنگێندرێ" ئەگەر ئەنجامەکە گونجاو بوو، بە وەرگێڕانێکی قەبووڵکراو (سەرکەوتوو) دادەنرێ.

**ج – تاقیکاری کارلێك (تست کنش):**

ئەم شێوازە بۆ دەقگەلێك کە کاریان پێ دەکرێ و بە کار دەبردرێن کەڵکی لــێوەردەگیردرێ. داوا لە ئاخاوتنکەرانی زمانی "ب" دەکرێ بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای دەقی وەرگێڕدراو هەندێك کار ئەنجام بدەن (بۆ وێنە داوا لە کڕیاری کۆمپیوتەرێك دەکرێ لە سەر بنەمای وەرگێڕان برۆشۆری ئەو کۆمپیوتەرە بەرێ بخات). هەروەها داوا لە ئاخاوتنکەرەکانی زمانی "أ" دەکرێ کە لە سەر بنەمای دەقی سەرەکی هەندێك کار ئەنجام بدەن ئەگەر دەرئەنجامی کارلێکی هەر دوو گرووپەکە یەکسان بوو هۆکارێکە بۆ چییەتی بانتر لە وەرگێڕان.

## خێرایی وەرگێڕان

*وەرگێڕێکی شارەزا بە چ خێراییەکەوە دەتوانێ وەرگێڕان بکا؟*

تەنیا وەڵامێکی رازیکەر کە دەکرێ بەم پرسیارە ساکار و نەگونجاوەی بدەینەوە ئەوەیە: پەیوەندی (بە جۆری دەق)ەوەیە. هۆکارگەلێکی وەك ئەزموونی وەرگێڕەکان، ئاشناییان لەگەڵ بابەتی دەق و جۆری دەق پرسگەلی دیاریکەر و کاریگەردارن. ئەم پرسەش بۆ کەسێك کە وەرگێڕان بۆ کەسێکی دیکە دەنووسێتەوە، یا خود خۆی تایپی دەکا گرنگ و کاریگەردارە. ئەستەمی دەقیش هۆکارێکی دیاریکەرە. پێدەچێ وەرگێڕێك بتوانێ لە کاتژمێرێکدا هەزار وشە لە دەقێکی ئاسایی وەرگێڕێ بەڵام لە دەقێکی تەکنیکیدا تەنیا بتوانێ ٤٠٠ وشە لە کاتژمێرێکدا وەرگێڕێ. هۆکارێکی کاریگەرداری دیکە پەیوەندی خزمایەتی نێوان زمانی

PDF 4 KURD



سەرەتا و مەبەستە. زمانگەلێك کە گەلێك نموونە و سەمبوولی پێکهاتی هاوشێوەیان هەیە و سەر بە کۆمەڵگایەکن بە کولتووری نزیك لە یەکترەوەن وەرگێڕانیان بۆ سەر یەکتری بۆ وەرگێڕێك زۆر ساناترە لە وەرگێڕانی زمانە جۆراوجۆرەکانی سەر بە کولتوورگەلێکی بێ خزمایەتی. رەوتی وەرگێڕانیش دەتوانێ کاریگەری لە سەر خێرایی ئەو بەرهەمەدا هەبێ" هەندێك لە وەرگێڕەکان بۆ وێنە لە وەرگێڕانی دەقی زمانی "أ" بۆ سەر زمانی "ب" خێراییەکی دوو هێندەی وەرگێڕانی زمانی "ب" بۆ زمانی "أ" یان هەیە. وا مەزەندە کراوە کە وەرگێڕێکی شارەزای دەقە نووسراوەکان، دەتوانێ لە نێوان دوو تا هەشت هەزار وشە لە رۆژێکدا وەرگێڕێ. سەبارەت بە وەرگێڕانە زارەکییەکانیش گەلێك لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوە کراوە کە دۆخی بیستنی نەگونجاو تا چ رادەیەك کاریگەری لە سەر کەمبوونەوەی خێرایی وەرگێڕان هەیە و یان خێرایی گوتنی زمانی سەرەتا چەندە لە وردبینی و دروستی وەرگێڕاندا کاریگەردارە. وادیارە خێرایی ١٠٠ تا ١٢٠ وشە لە یەك خولەکدا خێراییەکی لەبارە بۆ وەرگێڕانی هاوکات. زیادبوونی خێرایی ئاخاوتن تەنانەت بە رادەیەکی زۆر کەمیش دەتوانێ کاریگەری لە سەر وەرگێڕان دانێ. لە خوێندنەوەیەکی لێکۆڵینەوەیی، کاتێك کە خێرایی قسەکردنی بێژەری زمانی سەرەتا لە ١٤٠ وشەوە بۆ ١٦٠ وشە لە یەك خولەکدا زیادی کرد رێژەی هەڵەکان و نەهێشتنی وشەکان لە لایەن وەرگێڕی هاوکاتەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

## وەرگێڕانی ئامێری (ماشێنی)، ئاسۆی روون لە جیهانی وەرگێڕان دا

بیرۆکەی کەڵك وەرگرتن لە کەرەسەیەك بۆ کاری وەرگێڕان لە دەیەی سییەوە سەرنجی پێدرا، بەڵام تا ساڵەکانی بەر لە شەڕی جیهانی دووهەم باکگراوند و زەمینەسازی بۆ پراکتیزە کردنی ئەم ئایدیایە دابین نەکرا. لە راستی دا دوای سەرکەوتنی تەواوی دەزگا رەمزشکێنەکانی سوپای یەکگرتووی ناسراو بە "ئینگما" و داهێنان و خستنەڕووی کۆمپیوتەرگەلێکی ئەلێکتریکی بوو کە ئایدیای دەزگا (ماشین)ی وەرگێڕان، ئیدی نەك وەك ئایدیایەکی دەسەڵاتخوازانە و ئاماجنێکی فانتازییایی، بەڵکو وەك راستی و کەتوارێکی شیاوی لێکۆڵینەوە سەرنجی پێ درا. ڤارێن ڤیڤەر ئالا هەڵگری ئایدیای دەزگای وەرگێڕان لە ساڵی ١٩٤٧دا رایگەیاند: "بە بڕوای

من دەبێ گرفتی وەرگێڕان بە شێوەیەکی ڕەمز و ڕاز شکێنی چارەسەر بکرێ، کاتێك لە دەقێکی ڕووسی دەڕوانم بە خۆم دەڵێم ئەم دەقە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە کە من بۆ خوێندنەوەی دەبێ ڕەمزشکێنی ئەم هێماگەلە بکەم." (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٥٢).

قسە و بۆچوونەکانی ڤیێەر لەگەڵ پێشوازی کۆمەڵگای زانستی جیهانی ڕووبەڕوو بۆوە و لە دەیەی پەنجادا چەندین کۆمەڵی لێکۆڵینەوەیی و تۆژینەوەیی تەواوی تێکۆشانی خۆیان لە سەر MT(وەرگێڕانی ئامێری) کۆکردەوە. لە ١٩٥٢دا یەکەمین کۆنفرانسی وەرگێڕانی ئامێری بەڕێوەچوو و لە ١٩٥٤دا تاقیکاری وەرگێڕانی ئامێری زانکۆی جۆرج تاون بە سەرکەوتنێکی ڕێژەییەوە ئەنجام درا. ئەم ئامێری وەرگێڕانە دەیتوانی بە کەمترین هەڵەوە دەقەکانی فیزیا لە زمانی ڕووسی بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدات. بەداخەوە دەرئەنجامەکانی دواتر هێندە دڵخۆشکەر نەبوون و تەنانەت دەکرێ بڵێین زۆریش نائومێدکەر بوون. ئەو سیستمانەی خرانە ڕوو توانایی و لێهاتوویی کردەوەگەلێکی زۆر بەرتەسکیان هەبوو و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەوان کاڵ و کرچ و پڕ لە هەڵە و پێویستی بە دووبارە نووسینەوە و ڕاستکردنەوە بوو (بۆ وێنە کاتێك ڕستەیەکیان لە ئینجیل "The spirit is willing, but the flesh is weak" بە واتای ڕۆحی هۆگر بەڵام جەستەی لاواز، بە کۆمپیوتەرەکەدا بۆ ئەوەی بە زمانی ڕووسی وەرگێڕێ، بەرهەمی وەرگێڕانەکە لە تاقیکاری وەرگێڕانی پێچەوانەکەی بەو شێوەیە بوو The wine is agreeable but the meat has spoiled واتە (شەرابێکی باش و دڵپەسندە بەڵام گۆشتەکە گەنیوە!) سەرەڕای ئەوەش خەرجی وەرگێڕانیان زۆر لە وەرگێڕانی هەمان دەق لە لایەن مرۆڤەوە زیاتر بوو.

لە ڕاستی دا گرفتی سەرەکی، دۆخ و وێناکردنی تیۆرییەکی زمانی کامڵ و پوخت بۆ کۆمپیوتەر بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوەوە بکرێ وردەکاری و خاڵەکانی لە وەرگێڕانەکەی دا لە بەرچاو بگرێ. یەکەمین دەزگاکانی وەرگێڕان زۆرتر وەك فەرهەنگێکی دوو زمانە کاریان دەکرد تا دەزگایەکی وەرگێڕانی ڕاستەقینە. بەرهەمی کاری ئەوانە لە سەرەتاییترین جۆری وەرگێڕان و لە ئاستی وەرگێڕانی وشەیی دا بوو. دوای تێپەڕبوونی چەندین دەیە، ئێستا دەرکەوتووە کە بۆچی لێڕوانینەکانی یەکەمین وەڵامی لەبارو گونجاوی نەداوەتەوە، ئەوان گرفتی ڕەهەندی ڕێزمانی ڕاڤەی زمانیان لە بەر چاو نەگرتبوو، هەروەها سەبارەت بە جیاوازی

PDF 4 KURD



ئاستەکانی ڕێکخستنی مێتۆدیك و ئەفراندنی هاوتایەکی هاوشێوەی نێوان یەکەکانی دەستووری وەك پیتێك پێناسەیەکی کورتیان بۆ کردبوو. داهێنەرانی ئەم جۆرە سیستمانە هەروەها بە گوێ نەدان و کەمتەرخەمییەوە بە تەنیشت شێوەگەلێکی جۆراوجۆردا تێپەڕیبوون کە لەودا پێکهاتی زمان واتادارن. لە بواری واتاناسیشەوە، هێزی جیاوازی پێویست بۆ بەرزتر نرخاندنی واتا جۆراوجۆرەکانی وشەیەك یا شێوەگەلێك بۆ دیاریکردنی ئامادەبوونی بە کۆمەڵ لە وشەکاندا وەك واتا و دەستەواژەیەك لە بەرچاو نەگیردرابوو.

ڕوون و ئاشکرایە دەکرێ زۆرێك لە ناڕوونییەکان تەنیا بە هۆی ڕاڤەی واتایی و یان بە پشت بەستن بە زانستی دەرەوەیی زمان و جیهانی وەڵام بدرێنەوە و ئاساییە دابین کردنی دەسەڵات و هێزێکی ڕاڤەکردن بۆ کۆمپیوتەر لەو کاتدا کارێکی نەشیاو و ئەستەم بوو. لە ڕاستی دا بە پێچەوانەی بۆچوونی ڤیێەر، دەزگای وەرگێڕان ئەرکێکی بانتر لە دەزگایەکی ڕەمز شکێنی "ئەنیگما" هەیە.

سەرەنجام دوای تێکشکانە پەیتا پەیتاکانی وەرگێڕانی ئامێری، لێژنەیەك لە لایەن وڵاتی ئەمریکاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر داهاتووی وەرگێڕانی ئامێری و ئاستی پراکتیزەبوونی ئەم ئایدیایە دانرا. ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵەر لە زمانی خودکاری ئەمریکا "ALPAC" لە ساڵی ١٩٦٦، زۆر نێگەتیف و نائومێدی هێنەر بوو. لەم ڕاپۆرتەدا ئەو ئەنجامە وەرگیراوە کە وەرگێڕانی مرۆڤ خێراتر، وردتر و هەرزانترە لە وەرگێڕانی ئامێری و تەرخان کردنی بودجە و خەرجی و وزەی زۆرتر بۆ پراکتیزەکردنی پرۆژەیەکی ئەوتۆ بێ سوود و زۆر گرانە لە چاو دروستبوونی بەرچاوی لە دەست دانی کات و دراو. بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە بوو بە هۆی ئەوە کە بۆ ماوەی دە ساڵ پرۆژەی وەرگێڕانی ئامێری لە ئەمریکا و ئەورووپادا (هەڵبەت جگە لە یەکێتی سۆڤییەت) پشت گوێ بخرێ. بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتادا، دوای دۆزینەوەیەکی تازە لە بواری زانستی کۆمپیوتەری و خستنەڕووی بیرو بۆچوونگەلی نوێ لە بواری زمانناسیدا (دەستووری هەمەکی گرتنی بەرهەمهێنانی چۆمسکی) (دستوور زایشی گشتاری چامسکی) جارێکی دیکە پرۆژەی وەرگێڕانی ئامێری کەوتە ناو خانەی کاری لێکۆڵەران و زانایان و بە واتایەکی باشتر بازنەی کاری وڵاتانی جیهانەوە. لێکۆڵینەوەگەلێکی سەر سووڕهێنەری زانایان لە بواری هۆش و هزری دەستکرددا و خستنە ڕووی تیۆرییگەلێکی

تیۆریکی لەمەڕ سرووشت و پێکهاتەی دەروونی زمان بووە هۆی ئەوەی کە پێداچوونەوەیەکی دووبارەی گشتی لە لێڕوانیندا بۆ دروستکردنی ئامێرو و دەزگاکانی وەرگێڕان ئەنجام بدرێ.

یەکەمین هەنگاوەکان لە ڕێگای بەرهەمهێنانی ئەم مەبەستە بە دانانی زانیاریگەلێکی ئۆتۆماتیك بۆ تێکشاندنی پێکهاتی ڕێزمانی ڕستەکان بە یەکەگەلێکی بچووکتر و دابینکردنی ڕاڤەیەك لە پێکهاتەی وشە. لە بواری پێکهاتەی وشەوە پێویست بوو کۆمپیوتەر هێزێکی ڕاڤەیی و لێکدانەوەیی بۆ پۆلێنەکردنی وشەکان بە تێکسمڕاوترین شێوەی گونجاو لە بیر و ئاوەزی وشەیی هەبێ. بۆ وێنە دەبوو کۆمپیوتەر توانیبای s لە کۆتایی Cats لە دەقێك هەڵگرێ بۆ ئەوەی دیاری بکات کە ئەم وشەیە کۆی Catە نەك سەرچاوەی وشەیەکی جیاواز و هەڵاوارتە. هەڵبەت ئەم پرسە بۆ زمانی ئینگلیزی کێشەیەکی هێندە بەرچاو و گرنگ نیە چونکە ئەم s ەی کۆ جگە لە چەند ناوازەییەك هێمای کۆیە بۆ گشت وشەکانی ناو لە ئینگلیزیدا. بەڵام ئەوە لەبەرچاو بگرن لە گەلێك زمانی وەك فارسیدا کە زیاتر لە یەك هێمای کۆیان هەیە و یان هەندێك زمانی کۆن و گەڕاوە کە لێك هەڵاوارتنی هێمای کۆ لە وشە، بۆ هۆشی دەستکرد دیاردەیەکی نەگونجاوە، ئەو شتە پڕاکتیزە نابێ. هەوڵەکانی دواتر لە ڕاستای بەهێزکردنی توانایی لێکدانەوە و سەرقاڵبوونی واتاییدا ئەنجام درا. کەڵك وەرگرتن لە تێکنیکەکانی هۆشی دەستکرد بۆ وێکچوون لە سیستەمەکانی سەرقاڵبوونی واتایی کۆمپیوتەر بە زەین و بیری مرۆڤەوە نموونەی ئەو هەوڵانە بوو. پێیان وابوو کە ئەگەر سەرچاوە و زانیاری پێویست لە بواری واتای وشەکان و پێکهاتەی ڕستەوە بە کۆمپیوتەر بدرێ، کۆمپیوتەر دەتوانێ ڕستە ناڕوونەکان ڕاڤە و شی بکاتەوە.

بەڕواڵەت ئەم پرسە شتێکی ڕوون و ئاشکرا بوو، بەڵام لە کردەوەی نووسیندا پرۆگرامێك کە بتوانێ کۆمپیوتەر بە زانستناسی لە جیهان و زانستی واتاناسی تەیار بکا کارێکی ئەستەم و چەتوون بوو. هەربۆیە بیرۆکە و ئایدیای کەڵك وەرگرتن لە سیستمگەلی پێك تەبا (تعاملی) هاتە گۆڕێ. لەم شێوەیەدا هۆشی مرۆڤ دەقی وەرگێڕدراوی کۆمپیوتەر ڕاست دەکاتەوە (دوا پێداچوونەوە Post – edaiting) یان ئەوەی کە بەر لە دەستپێکردنی کاری وەرگێڕان لە لایەن کۆمپیوتەرەوە، دەست لە دەق وەردەدا بۆ ئەوەی بە پێی توانایی و لێهاتوویەکانی دەزگای وەرگێڕان بێ. بە واتایەکی دیکە زمانێکی سرووشتی لە سەر بنەمای دەرەتانگەلی هۆش یا



لۆگۆ (مێمۆری) دەستکرد دووبارە دەنووسرێتەوە (پێش پێداچوونەوە Pre – editing).
شێوەی دووهەم هەڵبەت تەنیا لە هەلومەرجێکی بەرتەسك و دیاریکراودا (وەك کاکڵەنووسی بابەتگەلی زانستی) دا کەڵکی هەیە چونکە بۆ دابین کردنی لە دەروون دانانی پێویستی بە کۆمپیوتەرو پێویستی بە کات و وزەیەکی زۆرە، بەڵام لە نموونەگەلی بەرتەسکی ئەنجام دراودا گەلێك وەرگێڕانی سەرکەوتوو ئەنجام دراوە. لە شێوەی دوا پێداچوونەوەدا کە وەرگێڕانی کاڵ و کرچی ئامێر بە شێوەی دەقێکی دوور لە هەڵە و نادروستی دادەڕێژرێ لە گەڵ پرۆسەیەکی کات هەڵگر و ماندووکەر ڕووبەڕووین. چونکە وەرگێڕی مرۆڤ دەبێ سەرلەنوێ دەقی بنەڕەتی لە گەڵ وەرگێڕانی ئامێری (ماشینی) هەڵسەنگێنێ بۆ ئەوەی هەموو جۆرە هەڵە و نادروستی چارەسەر بکا.

### تایبەتمەندی وەرگێڕانی ئامێری لە بەرامبەر وەرگێڕانی مرۆڤی دا

- زانیاریگەلێك کە لە مێشکی دەزگای وەرگێڕاندا سەیڤ بووە هەموویان لەو یەکەیەدا و بە دەرەتانێکی یەکسان لە بەردەستدان لە حاڵێکدا زانیارییە سەیڤ بووەکانی مێشکی مرۆڤ ڕوونی و ئاشکراییەکی یەکسانیان نیە: ئێمە تووشی فەرامۆشی دەبین، تووشی شك و گومان دەبین، بۆ گەڕاندنەوەی بەشێك شتی لاوەکی دەبێ هەوڵ بدەین و گەلێك گرفتی پێوەندیداری دیکە بە مێشکەوە کە ئەزموونمان کردوون.
- خێرایی دەزگا یا ئامێری وەرگێڕان زۆر لە مێشکی مرۆڤ زیاترە چونکە خێرایی ئەو هاوتایە بە خێرایی بزواتی ئەلێکترۆنەکان کە خێراییەکەیان لەگەڵ خێرایی تیشك یەکسانە و نزیك بە ٣٠٠ هەزار کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا. لە حاڵێك دا خێرایی شەپۆلەکانی مێشك کە لە ئۆرگانیزمی ناوەندی ئەعسابدایە ئەوپەڕەی ١٢٠ میترە لە چرکەیەکدا.
- ئامێری وەرگێڕان دەتوانێ بە بێ هەست بە ماندوویی کردن ٢٤ کاتژمێر(شەو و ڕۆژێك) بێ پشوودان بەردەوام کردەوەی میکانیکی ئەنجام بدا، لە حاڵێکدا دووپاتبوونەوەی بوارێکی کردەوەیی یەکسان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ جەستە و ڕۆحی مرۆڤ تووشی ماندوویی و جاڕز بوون دەکا.

## گرفتەکانی وەرگێڕانی ئامێری

- **فرە واتایی:**

وشەگەلێك کە چەند واتای جۆراوجۆریان هەیە دیاریکردنی واتای گونجاویان لە دەقێکدا بۆ کۆمپیوتەر کارێکی ئەستەمە.

بۆ وێنە Head لە زمانی ئینگلیزیدا و دندە لە زمانی فارسیدا.(دندە لە فارسیدا بەو واتاگەلە دێ: پەراسوو، گێری سەیارە، بە ددانی تایە یا مێڵە یان شتێکی ددان دار و... وەرگێڕ)

- **هاوشێوە:**

چەند وشەی جۆراوجۆر کە پێکهاتەی زمانێکی یەکسانیان هەیە و بە واتایەکی دیکە چەند واتایەکیان هەیە کە یەك وشەی یەکسان هێماگەرییان دەکا دیاریکردنی واتای ئەم وشەیە لە دەقدا بۆ کۆمپیوتەر نەشیاو و ئەستەمە.

وەك شیر لە زمانی فارسیدا و Spring لە زمانی ئنیگلیزیدا.

- **ناڕوونییەکانی (پێکهاتەیی):**

هەندێکجار نەك واتای جیاوازی وشەکان بەڵکو پێکهاتی ناڕوونی رستەیەك دەبێتە هۆی دڕدۆنگی، تەنانەت بۆ وەرگێڕێکی مرۆڤیش دەبێ جا چ بگا بە کۆمپیوتەرێکی نائاگا لە زانستی دەروون زمانی.

نموونەی ئینگلیزی Flying planes be dangerous

واتای یەکەم: فڕین بە فڕۆکە مەترسیدارە.

واتای دووهەم: ئەو فڕۆکانەی لە حاڵەتی فڕیندان مەترسیدارن.

نموونەی فارسی: "بخشش لازم نیست اعدامش کنید".

(پێویست ناکا لێی خۆش بن لە داری دەن) ( ئەم رستەیە بە یەك "فاریزە" (،) واتاکەی دەگۆڕدرێ، بۆ وێنە "لێخۆش بوون، پێویست ناکا لە داری دەن" واتە لێی خۆش بن و لە داری



مەدەن، بەڵام "لێخۆش بوون پێویست ناکا لە داری دەن" واتە پێویست ناکا لێی خۆش بن، لە داری بدەن. سەرنج بدە بە جێ گۆڕکێی هێمای ڕێزمانیەکان کە تا چ رادەیەك کاریگەری دەخاتە سەر واتای ناوەڕۆك. و)

- **ناروونییە ئاراسەکان(ارجاع):**

راناوەکان ئاماژە بە وشەگەلێکی دیاریکراو دەکەن بەڵام هۆشی دەستکرد دیاریکردنی ئەوەی کە ئاراسەکردنی راناو راست بۆ کام وشەیە کارێکی ئەستەم و دژوارە.

نموونەی فارسی: "من گربه‌ام را در خیابان گم کردم. ممکنه اونو دزدیده باشن". (پشیلەکەم لە سەر شەقام لـێ ون بوو. پێدەچێ لێیان دزیبێ)

نموونەی ئینگلیزی: My cat was chasing a mouse. It played with It (هۆش و هزری دەسکرد نازانێ کە کام It بۆ مشك و کام It ئاماژە بە پشیلە دەکا).

- **هێما و میتافۆرە و پەندەکان:**

هێما و میتافۆر و پەندەکان پەیوەندییان بە کولتوور و مێژووی کۆمەڵگاوەیە و زۆربەی کاتەکان وەرناگێڕدرێن. بۆ وێنە: "میان همه پیغمبرها جرجیس را پیدا کرده است". (هەر شاییان بە عومەر بوو، ئەویش بە سوننە دەرچوو. و).

- **وشە هاوواتاکان:**

گەلێك وشە هەن کە واتایەکی تاڕادەیەك هاوشێوەیان هەیە و پێویستی بە دۆزینەوەی شتێکی گونجاوی زانستی بان زمانی و شارەزا لە پێکهاتە و شێوازی نووسینە.

نموونە: وشەگەلی باش، خاس، پەسند، قەبووڵ واتاگەلێکی کەم و زۆر یەکسانیان هەیە بەڵام بۆ وێنە لە کاتی پێناسەکردنی سەلاجەیەك تەنیا دەتوانین کەڵك لە وشەی باش وەرگرین.

- **بوونی وشەکان لە چینە جۆراوجۆرەکانی ڕێزماندا:**

بۆ وێنە وشەی sound لە ئینگلیزیدا هەم بە واتای ناو، هەم بە واتای راناو و هەم وەك کردەش کەڵکی لـێوەردەگیردرێ و دیاریکردنی هەر کام لەم نموونانە بۆ کۆمپیوتەر ئەستەمە.

- **لە بەرچاوگرتنی ڕێزبەندی وشەکان و تایبەتمەندییەکانی نیمچەزمانی:**

لە هەموو زمانەکاندا ریزی وشەکان وەك ئینگلیزی نیە (بکەر + کردار+ بەرکار) و جگە لەوە هەندێك تایبەتمەندی نیمچەزمانی دیکە لە هەندێك زمان هەیە و لە زمانەکانی دیکەدا نیە.

نموونە: زمانی چینی و ژاپۆنی سیستمی نوختە دانانیان نیە.

- **گۆڕان و گۆڕانکاری لە زماندا:**

زمان هەڵسووڕ و لە حاڵی گۆڕان دایە و وشە و واتاگەلی نوێ بەردەوام لە حاڵی دروستبووندان و ئەوەش پێویستی بە سەردەمی کردن یا ئەمرۆیی کردنی فەرهەنگی وشەکانی کۆمپیوتەریە.

نموونە: Telnet, Secure shell لە ئینگلیزیدا و لە فارسیدا "ضد حال" (تەریق کردنەوە) و "خفن".

## جۆرەکانی سیستەمی وەرگێڕانی ئامێری

لە سەر بنەمای سیستەمەکانی وەرگێڕان، ئارنۆڵد (١٩٩٤: ٢٢٠ – ٢٢٤) ئەو پۆلێن بەندییەی خوارەوەی بۆ ئامێرەکانی وەرگێڕان داناوە:

**– سیستەمەکانی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ:**

یەکەمین سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێری لە سەر بنەمای وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی دوو زمان بە یەکتر(زۆرتر رووسی و ئینگلیزی) داڕێژرا، ئەم سیستەمانە لە سەر بنەمای هیچ جۆرە مۆدێل یا تیۆرییەکی زمانناسییانە دروست نەکرابوون و لەواندا لایەنیکەم ڕاڤە و لێکدانەوەی پێویست بۆ گۆڕینی دەقی زمانی سەرەتا بۆ زمانی مەبەست ئەنجام دەدرا.

LOGOS ڕەنگە پێشکەوتووترین مۆدێلی پەیوەندیدار بەم کۆمەڵە لە سیستەمگەلێکە کە بتوانێ وەرگێڕانی ئینگلیزی بە ڤیتنامی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیسپانی و بە پێچەوانە بکا و بتوانێ لە هەر کاتژمێکدا ٢٠٠٠٠ وشە وەرگێڕێ.



**ب – سیستەمەکانی زمانی ناونجی:**

دووهەمین تۆرەمەی سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێری لە دەیەی شەست دا کەوتە ژێر کاریگەری گەلێك پێشکەوتنی هاوچەرخی خۆی لە گۆڕەپانی تیۆرییە نوێیەکانی زمانناسی لە بریتی پێویستی ڕەهەندی پێکهاتی شێوە وەك پایە و کۆڵەکەی بەرهەمهێنان و ڕاڤەکردنی زمان بوون. ئایدیای بنەڕەتی ئەم دەزگای وەرگێڕانە لە سەر بنەمای کەڵك وەرگرتن لە زمانی ناونجی جیهانی بوو و قەرزباری بیرو بۆچوونی ڤارێن ڤێیەر بوو کە پێی وابوو لە دیاردەی داهێنان و ئەفراندنی ئامێرێکی وەرگێڕانێکی کاریگەر و کارامەدا دەبێ بەر جیاوازی زمانەکان، وێکچوونەکانیان لە بەرچاو بگیردرێ. بە ناوبانگترین ئامێری وەرگێڕان هی ئەم کۆمەڵە، METALS بوو کە لە دەیەی هەفتادا لە زانکۆی تێگزاس دا کەڵکی لـێ‌وەرگیرا. ئەم ئامێری وەرگێڕانە لە ئەڵمانییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕانی دەکرد و (دەستووری هەمەکی گیریی بەرهەمهێنانی چۆمسکی) (دستوور زایشی گشتاری چامسکی) کردبووە بنەما و مۆدێلی کاری خۆی و یەکەمین ڕستەکانی زمانی سەرەتای بە کەڵك وەرگرتن لە زانیارییە دەستووری و ڕێزمانی و وشەییەکانەوە شتیەڵ و ڕاڤە دەکرد، دواتر نیشاندەرەکانی دارێکی جێگای ئەگەر و گریمانە دەکێشرایەوە و خاڵە ناماقووڵەکان وەلا دەنران و دواتر لەو زانیارییە واتاییانە لە فەرهەنگی وشەکانی کۆمپیوتەر بۆ تەئیدکردنی جێگای قەبووڵ بوونی ڕستەگەلی وەرگێڕدراو پێك دەهات. لە ڕاستیدا ئەم ئامێری وەرگێڕان( ماشێنی وەرگێڕان)ە بە گۆڕینی رووکەش سازی ڕستە بۆ قووڵ سازی، ئەوی بۆ سەر زمانی مەبەست وەردەگێڕا و زیاتر لە هەموو شتێك پێی لە سەر مێتۆد و شێوە دادەگرت.

**ج – سیستەمەکانی گواستنەوە:**

لەم سیستەمەدا پرۆگرامێك بۆ لێکدانەوەی دەروونی و پرۆگرامێك بۆ دروستکردنی دەرەکی هەبوو. ناسراوترین ئامێری وەرگێڕانی سەر بەم سیستەمە Taum – Meteo بوو. ئەم سیستەمە لە ساڵی ١٩٧٧ بەملاوە ساڵانە ١٥ میلیون وشەی لە ئینگلیزییەوە بۆ فەڕەنسی بە بێ دەستێوەردانی وەرگێڕی مرۆڤی وەردەگێڕا. ئەم ئامێری وەرگێڕانە کەڵك لە فەرهەنگێکی

بچووکی دوو هەزار وشەیی وەردەگرێ و دەتوانێ وەرگێڕانی پۆخت و جێگای پەسندی کەش و هەواناسی ئەنجام بدا. لە ١٩٨٩بەملاوە پرۆگرامی وەرگێڕانی فەڕەنسا بە ئینگلیزیش بەم سیستەمەوە زیاد کراوە.

**د – سیستەمگەلی پێك تەبا (تعاملی):**

ئەم سیستەمانە خۆیان بە دوو بەش دابەش دەبن:

- وەرگێڕانی ئامێری بە یارمەتی مرۆڤی وەرگێڕ(HAMT)
- وەرگێڕانی مرۆڤی بە یارمەتی ئامێری وەرگێڕ (MAHT)

ئەم سیستەمانە پشتیان بە دەستێوەردانی مرۆڤ لە هەندێك قۆناغدا هەیە. ئەم دەستێوەردانە دەتوانێ بە شێوەی پێش پێداچوونەوەیی دەق، دوا پێداچوونەوەیی دەق و راوێژی کۆمپیوتەر بە ئۆپێراتۆر لە کاتی ئەنجامدانی وەرگێڕان بێ. EUROTRA ئامێری وەرگێڕانێك کە لە یەکێتی ئەورووپادا کەڵکی لـێوەردەگیردرێ هی ئەم سیستەمە وەرگێڕانەیە.

ئێرۆترا دەتوانێ ٩ زمانی ئەورووپیی بۆ سەر یەکتری وەرگێڕێ. لە ئێرۆترا لەگەڵ ٤ بەش سەرو کارمان هەیە.

- ئاستێکی پایە کە بە ئاستگەلێکی وردتر دەشکێتەوە.
- ئاستی پێکهاتی پێکهێنەری
- ئاستی پەیوەندی مێتۆدیك (شێوەیی)
- ئاستی پەیوەندی واتایی

هەر کام لەو ئاستانە دووبارە نوێنی رێزمانی و کولتوورێکی وشەیی تایبەتە.

## داهاتووی وەرگێڕانی ئامێری

هەنووکە وەرگێڕانی ئامێری یارمەتییەکی بەرچاو بە ناوەندەکانی وەرگێڕان دەکا و ئەم رۆڵە لە داهاتوودا دەتوانێ لە جاران و پێشووتر زیاتر بێ، بەڵام پێناچێ ئامێری وەرگێڕان بتوانێ بەم زووانە جێگای مرۆڤی وەرگێڕ بگرێتەوە. کۆمپانیاگەلێکی وەك سەرقاڵی ئۆتۆماتیکی زمان (ALPS) ئێستا هەندێك کۆمپیوتەری وەرگێڕیان هەیە کە دەتوانن بۆ دارشتن خێراییەکەیان



دەگاتە هەزار و چوارسەد وشە لە یەك کاتژمێردا، بەڵام هەر ئەم خێراییەش چەندین بەرابەری وەرگێڕانی دەستی مرۆڤە. جگە لەوەش سیستەمەکان بە دابین کردنی گەلێك کانگا و سەرچاوەی مەزنی وشە یارمەتییەکی کاریگەرداریان بە وەرگێڕە مرۆییەکان لە خێرابوونی کار و تێکۆشانیان کردووە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە کانگای وشەی یەکیەتی ئەورووپا EU (EURODICAUTOM) فەرهەنگی ئۆتۆماتیکی ئەورووپی) بکەین کە لە رێگای سایتی ئینتەرنێتی EURONET لە بەردەستاندایە و کەڵکی لـێوەردەگیردرێ. لە لایەکی دیکەوە تەکنیکە تازەکانی کۆمپیوتەری خەریکە دەچەسپێن وەك دانانی دەرەنجامی ئەزموونەکانی دوا پێداچوونەوەیی (پۆست ئیدۆتۆری) و پێش پێداچوونەوەیی لە ناو مێمۆری کۆمپیوتەریدا بۆ هێنانە خواری ئاستی هەڵەکانی وەرگێڕان. (ئارنۆڵد ١٩٩٤: ١٨٤ – ١٨٥).

## سەرچاوەکانی زمان و دۆخی وەرگێڕان لە وڵاتانی جیهاندا

پەندێکی ئیتاڵی دەڵێ "وەرگێڕ، خائینە" و بە پێی بیرو باوەڕێکی باو لە بریتانیا و فەڕەنسادا، وەرگێڕی باش پەیکێکی نادیارە کە بە بێ کاریگەری دانانی تاکەکەسی لە سەر دەق، واتاکەی لە زمانی سەرەتاوە بۆ زمانی مەبەست وەردەگێڕێتەوە. ئاڵۆزبوونی وەرگێڕان شتێکی روون و ئاشکرایە بەڵام بەداخەوە بەهای ئەو لە زۆربەی شوێنەکانی دنیادا لە بەرچاو ناگیردرێ. هەندێك وڵات وەرگێڕان تەنیا بە ئەرك یا پیشەیەکی دەفتەری و کۆن و بێ بایەخ دادەنێن و هەر لە سەر بنەمای ئەم بیرو رامانە مافی وەرگێڕ دەدەن. هەڵبەت لە هەندێك شوێنی جیهاندا وەك ژاپۆن (یابان) وەرگێڕان پیشەیەکی زۆر بەرزە و لە بەرزترین و زۆرترین دراوی پێ دەدرێ. لە ئەورووپاش لە سەدەی نۆزدە بەدواوە وەرگێڕە پسپۆڕ و شارەزاکان بەها و بایەخێکی بەرزتریان پێ دراوە و هەنووکە هەندێك وەرگێڕ کاری و پیشەیی هەمیشەییان لە خانەی وەرگێڕانەکان یا لە دەزگا و ناوەندەکانی بازرگانی و سیاسی دا هەیە. ئەو چاپەمەنیانەی کە بەرهەمەکانی خۆیان بە چەندین زمان وەردەگێڕن بە شێوەیەکی رۆژ لە دوا رۆژ زیاد دەکەن. بڵاڤۆکی چەند زمانەی دیکە دەگمەن و کەم نین و ناوەندە زانستییەکان لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا ئەرکە لە سەر شانیان کە دەبێ بەرهەمەکانیان بە چەندین زمان وەرگێڕن. رەوتێکی ئەوتۆ بۆتە هۆی ئەوەی کە گەلێك ئۆرگان و ناوەند بۆ ئاسانکاری و دەست پێڕاگەیشتنی ئاسانتر بەم وەرگێڕانانە پێك بێ. بۆ وێنە

دەکرێ لەم ناوەندانە ئاماژە بە ناوەندی وەرگێڕانی نێونەتەوەیی دۆڵفتی هۆلەندی و ناوەندی وەرگێڕانی نەتەوەیی لە شیکاگۆدا بکەین. لەم بوارەدا، پێشکەوتنەکانی کۆمپیوتەری کۆکراوە و سەرقاڵبوون بە زانیارییەکانەوە بەخشینێکی راستەقینە بووە. هەڵبەت بە پێی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەگەلێك کە لە ساڵی ١٩٧١دا ئەنجام درا زیاتر لە سەدا ٩٠ ئەندامی لێژنەی زانستی زانکۆکان هیچکات کەڵکیان لە پێڕستی وەرگێڕانی ئەم ناوەندگەلە نەکردووە و لە سەدا ٨٠ی ئەوان لە بوونی وەها پێڕستگەلێك بێخەبەرن، هەڵبەت رەنگە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەم پرسە ئەوە بێ کە زۆرتر زانایان حەزیان لەوەیە کەڵك لە بابەت و دەقگەلێکی وەرگرن کە بە زمانی زگماکی خۆیان بێ نە بە زمانە بیانییەکان. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ساڵی ١٩٩٣دا سەبارەت بە زانایانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەڕەنسی لە سێ بواری زانستی جیاوازدا لە بابەتگەلێکەوە بۆ زمانە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دراوە و لە چوارخشتەکی ١-٢دا دەبینن تەئیدکەری ئەم بانگەشەیە. (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٢٥٢— ٢٥٤)

| بواری لێکۆڵەر | زمانی زگماکی لێکۆڵەر | زمانی بابەت و دەقگەلێك کە کەڵکی لــێوەردەگیردرێ | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ئینگلیزی | ئەڵمانی | فەڕەنسی | هی دیکە |
| دەروونناسی | ئینگلیزی | ٩٢/٥ | ٥/٢ | ٠/٧ | ١/٦ |
| | ئەڵمانی | ٢/٧ | ٩١/١ | ٦/٢ | ٠ |
| | فەڕەنسی | ٢٥/٦ | ٧/٤ | ٦٤ | ٣ |
| کیمیا | ئینلگیزی | ٧٩ | ١١/٩ | ٤/٧ | ٤ |
| | ئەڵمانی | ٢٢/٨ | ٦٤ | ٦/٢ | ٧ |
| | فەڕەنسی | ٣٦ | ٢٧/٩ | ٢٩/١ | ٦/٣ |
| فیزیا | ئینگلیزی | ٨٦/٢ | ٥/٩ | ٢ | ٥/٩ |
| | ئەڵمانی | ٣٥/٥ | ٥٨/١ | ٩/٤ | ٥/٢ |
| | فەڕەنسی | ٤٩/٨ | ١٥/٣ | ٣٠/٧ | ٤/٢ |

PDF 4 KURD



**خشتەی ١-٢ سەرچاوەی وەرگێڕانی زانایانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەڕەنسی لە سێ بواری زانستیدا (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٤٧)**

وەرگێڕان لە چ هەلومەرجێکدا ئەنجام دەدرێ و لە چ هەلومەرج و دۆخێکدا ئەنجام نادرێ؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، شیگئۆ مینۆڤا بەرپرسی بەشی خزمەتکاری ئاکادیمی زانکۆی نێونەتەوەیی لە تۆکیۆ باسی سێ گرووپی وڵات دەکا:

أ — **گرووپی وڵاتانی تەك کەوتوو:** لەم وڵاتانەدا بە هۆی خودموختاری فیکری و کولتووری نەتەوەیی تایبەت و تاکەکەسی وەرگێڕان هێندە ناکرێ نموونەی ئەم وڵاتانە چین و ژاپۆنە.

ب — **گرووپی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی:** ئەو وڵاتانەی گەشەکردوو یا لە حاڵی گەشەکردندان کە لەواندا تێگەیشتن و پێکەوەسازان و هەڵکردن لە رێگای زمانی هاوبەشی ئەو کۆمەڵگایە یا لە رێگای زمانێکی زاڵ دا روودەدا، نموونەگەلێك کە لەگەڵ ئەم مۆدێلە یەکتری ناخوێننەوە بریتییە لە جیهانی عەرەب و ئەورووپای رۆژئاوای ئێستا.

ج — گرووپی **وڵاتانی پەراوێزکەوتوو:** کە لە رەهەندی کەلتوورییەوە پەیوەندییان بە کۆمەڵگایەکی نێونەتەوەییەوە کەمتر دەست بۆ وەرگێڕان دەبەن و هێز و توانای پێویستیان بۆ کۆتایی پێهێنان بە وابەستەبوونی خۆیان بە زمانی زاڵ دان بەو شێوەیە کە گەلێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بەم شێوەیەن. (مینۆڤا، ١٣٧٦: ٦٤— ٦٥).

## کورتکراوە و دەرئەنجام

بە شێوەیەکی گشتی وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی واتا بە شێوەی زارەکی یا نووسراو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە. وەرگێڕان کۆنترین شێوازە کە خەڵك لەگەڵ زمانە جۆراوجۆرەکان بۆ پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ یەکتر، پشتیان پێوە بەست و تەنانەت دەکرێ دان بەوەدا نێین کە دیرۆکێکی هاوشانی شارستانییەتە. هەرچەندە بۆ تێگەیشتن و سازگاربوونی نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، تاکەکان مەجبوور بوون پەیوەندی لەگەڵ یەکتری بگرن و لە ئەنجامدا پێویستی بە کەسانێك بوو کە بتوانن بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بگوازنەوە.

وەرگێڕان وەك ئامرازێكی پەیوەندی گرتنی كاریگەر، لە سەردەمی ئێمە لەو ڕەهەندەوە بەهایەكی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بە خۆوە گرتووە كە بەشێك لە ناوەندە زانیارییەكانی كۆمەڵگا پێویستی بە زانیارییە.

ماوەی كات و زەمەنی نێوان وەرگێڕان بە مەبەستی گواستنەوەی زانیاری و سەرچاوەی ئەو هەمیشە كەمترو كەمتر دەبێ و پانتایی ئەو زمانانەی كە لە وەرگێڕاندا كەڵكیان لــێوەردەگیردرێ و بابەت و مژارگەلێك كە وەردەگێڕدرێن پانتاییەكی بەرینتر بە خۆیانەوە دەگرن. ئەم بەریانییانە دەبنە هۆی میكانیكی بوونی وەرگێڕان، بەو واتایە كە هەنووكە كەمتر هەوڵ دەدەرێ بۆ ئەوەی بیرۆكەی دەقی سەرەكی دەرك و تێبگەیەندرێ بەڵكو وەرگێڕان لە سەر بنەمای جێگیركردنی میكانیكی وشەكانی زمانێك لەگەڵ وشەكانی زمانێكی دیكە ئەنجام دەدەرێ. لەم ڕووەوە وەرگێڕان هەرچەندە كە لە پێكهێنانی پەیوەندی زمانیدا لە ئاست و پلەگەلێكی ڕەسمی (وەك پەیوەندیی دیپلۆماتیكی، وەرگێڕانی بابەتگەلی زانستی و...) كارێكی شیاو و باشی هەیە بەڵام لە ئاست و پلە ناڕەسمییەكاندا بە هۆی وابەستەبوونی زمانی گشتی بە بوارەكانی كولتووری، ڕووداوە كۆمەڵایەتییەكان، تایبەتمەندییە ڕەگەزی و نەتەوەییەكان، كاراییەكی ئەوتۆی نیە. چونكە واتای وشەكان تەنیا لە زمانی پەیوەندیداردا جێی متمانەن و هەموو زمانێك پێكهاتی واتایی تاتبەت بە خۆی هەیە و تایبەتمەندییە كولتوورییەكانی نەتەوەی ئاخاوكەر بەو زمانە، و تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتی ئابوورییەكانی كۆمەڵگای پەیوەندیدار، لە وەرگێڕانی زمانێك لە زمانێكی دیكەوە ڕۆڵێكی سەرەكی دەگێڕن. هەروەك نوێنەرانی قوتابخانەی لایپزیك باوەڕیان بە لایەنی پڕاگماتیكی زمانی هەستیار هەبوو زۆرجار وشەیەك لە كۆمەڵگایەكی زمانیدا واتای پۆزەتیڤ (ئەرێ)ی هەیە و لە كۆمەڵگای زمانی دیكەدا بە هۆی نیزام و ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، واتایەكی سووكایەتی ئامێزانەی هەیە. وردبینی و وردەكاری توانایی كاری وەرگێڕانیش هۆكارێكی گرنگە لە باسی وەرگێڕاندا وەك ئامرازێكی پەیوەندی جیهانی. هەڵبەت ئەمرۆكە ئامێری وەرگێڕان وەك ڕێگاچارەیەكی كاریگەر لە بەرچاو دەگیردرێ، بەڵام هەرچەندە ئەم شێوە خێراییە سەرووترو زۆرترە، توانایی زیاتر و هێزی كەڵكی وەرگرتنی هاوكاتی لە گشت زانیارییە كۆكراوەكانی خۆی هەیە، بەڵام بە هۆی نەبوونی زانستی سەروو-زمانی و هێزی دیاریكردنی ناڕوونی و میتافۆریكی زمانی، كارایی و كەڵكێكی زۆر و بەرز و فراوان نیە.

PDF 4 KURD

# پاری سێیەم

## ئاڕاستەی زمانە دەستکردەکان

### زمانە دەستکردەکان چین؟

زمانی دەستکرد زمانێکە کە لەلایەن کەسێك یا کۆمەڵێکی بچووکەوە بە مەبەستگەلی پەیوەندی، لێکۆڵینەوە یا رابواردن بە شێوەیەکی زانست و ئەنقەستانە لە ماوەیەکی کورتدا داهێنرابێ(کریستاڵ، ١٩٩٧: ٢٣٧) هاوتاکانی زاراوەی زمانی دەستکرد بریتین لە دەستکرد(١)، زمانی پلان داڕێژراو(٢)، زمانی مۆدێل (٣) و زمانی داهێنان (٤). لە سەر بنەمای کارایی و مەبەستی پێکهێنان، گەلێك پۆلێن بەندی جۆراوجۆر بۆ زمانە دەستکردەکان ئەنجام دراوە، بۆ وێنە ئەوانەی کە بۆ کارایی لە چیرۆکە فانتازیایەکان پێك دێن زمانی فانتازیایی (٥) و ئەو زمانانەی کە بۆ هاسانکاری پەیوەندی جیهانی پێك دێن، پێیان دەگوترێ زمانی یارمەتی(٦) یا زمانی نێونەتەوەیی (٧). هەروەها بواری زمانە دەستکردەکان بریتییە لە زمانە لۆژیکی (٨)، زمانە ژمارەیی (٩)، زمانە سەمبوولێك (١٠) و زمانە هێماگەر(١١) ەکانە(شۆبێرت، ١٩٨٩: ١٧٧). دەکرێ لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم کۆمەڵە زمانە ئاماژە بەو نموونانەی خوارەوە بکەین:



**أ – لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی:** هەندێکجار زماناسان گەلێك زمانی مۆدێلی بچووك دادەهێنن بۆ ئەوەی خوێندنەوە لە سەر شێوەی فێربوونی زمان لە تاکە جۆراوجۆرەکاندا بکەن، لەم هەلومەرجەدا زمانێکی دەستکردی داهێنراو ئەو قازانجەی هەیە کە تایبەتمەندییەکانی ئەو دەتوانێ بەو پەڕی وردبینییەوە کۆنترۆڵ بکرێ. ئەم زمانی مۆدێلە فێری کۆمەڵێك کەسی هەڵبژێردراو دەکرێ و توانایی یا بێ توانایی ئەوان لە فێربوون یا کاریگەری ئەو لە سەر تێکۆشان و هەوڵی مێشك یا تێگەیشتنیان لە جیهانی دەورووبەردا دەکەوێتە بەر شیکردنەوە و راڤەکردنەوە.

**ب – هۆشی دەستکرد:** لەم ڕووانگە(ڕویکرد)دا، زمانە دەستکردەکان بۆ پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەر و ڕۆبۆتەکان کەڵکیان لـێ وەردەگیردرێ. نموونەگەلێکی لەم جۆرە، زمانە تەوەری(١٢)یەکانن کە لە هەندێك مێتۆدەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتێك و خودکاردا کەڵکیان لـێ وەردەگیردرێ. هەندێك زمانی دەستکردی داهێنراو لە راستای کەڵك وەرگرتن لە بواری هۆش و هزری دەستکرد وەبیرهێنەرەوەی زمانە دەستکردە تیۆرییەکانی سەردەمی سەدەکانی شانزە و هەڤدەیە. هەڵبەت کۆمەڵێك لە پسپۆران پێیان وایە ئەم کۆمەڵە زمانە دەستکردانە بە زمانی واتایی باو و ناسراو نین، چونکە کارگێڕەکانی (واتە کۆمپیوتەر و ڕۆبۆتەکان) بیرۆکەگەلێکی سەربەخۆ و هێزی هەڵکردن و سازگاربوونیان نیە.(لارج، ١٩٨٥: ٨٣– ٨٧).

**ج – پەیوەندی نێونەتەوەیی:** زۆر کەس پێیان وایە زمانێکی دەستکرد – کە لە ڕەهەندی خێڵەکی، کولتووری و نەتەوەییەوە پاسیڤە – دەتوانێ وەك زمانێکی یارمەتیدەرانەی بێ لایەن بۆ پێکهێنانی پەیوەندی نێوان تاکە جۆراوجۆرەکان لە ئاستی جیهانیدا کەڵکیان لـێوەردەگیردرێ. ئوریستەکان، بازرگانەکان، لێکۆڵەران، خوێندکاران، مامۆستایان، زانایان و ... هەروەها لە ئاستگەلێکی بانتر لەوەش ناوەندە نێونەتەوەییەکان و کیشوەریدا وەك ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپادا، دەتوانن بە رادەیەکی بەرچاو کەڵك لە کارایی زمانێکی یارمەتیدەرانە لە ڕەهەندی سیاسی بێ لایەنەوە وەربگرن. نوێنەری وڵاتەکان

بە بێ پێویستی بە سیستەمەکانی وەرگێڕان دەتوانن لەگەڵ یەکتری بدوێن و ئەگەری دەرکەوتە نانۆرمدارەکانی پێکهاتوو لە وەرگێڕانە هەڵە و کەم و کورتەکان کە دواتر دەبێتە خراپ تێگەیشتن(سوء تفاهم)ی لە قەرەبوو نەهاتووەکان، چارەسەر دەبێ. بەمشێوەیە، خەرجی خزمەتگوازارییەکانی وەرگێڕانیش بە کەمترین ئاست و لایەنیکەمی خۆی دەگا.

**د – ئەدەبیات و سینەمای فانتازی:** لە کتێب و فیلمەکاندا هەندێکجار گەلێك زمانی دەستکرد وەك هەوێنی رووداوەکە بۆ زیادبوونی باری فانتازیایی زاڵ بەسەر فیلم یا چیرۆکەکان کەڵکیان لـێ وەردەگیردرێ. هەندێکجار ئەم زمانە فانتازییانە لە ناو خەڵکدا پەرەدەسێنێ و وەك دەڵێن دەبێتە وێردی زمانان. نموونەی سەرکەوتووی ئەم زمانانە دەبێ ئاماژە بە زمانی جینەکان لە تریلۆژی فانتازیایی ئەربابی ئاڵقەکانی تولکین(١٣)، زمانی کلینگێن(١٤) لە ناو زنجیرەی سەفەری ئەستێرەیی (یان هەمان پێشڕەوانی کەش) بکەین.

**هـ – زمان وەك فۆرمێکی هونەری:** هەندێك کەس زمان بە فۆرمێکی هونەری دادەنێن و هەر بە هەمان سۆز و هۆگری پەیکەرساز، شێوەکار یا ژەنیارەکان، هەوڵ بۆ ئەفراندنی زمانە دەستکردەکان دەدەن artlang بەو زمانە دەستکردانە دەڵێن کە تەنیا لە رەهەندی ستاتیکیی هونەرییەوە دادەهێنرێن.

**و – زمانە نهێنییەکان / لۆتێرا:** تاك ، کۆمەڵ یا کۆمەڵگاکان هەندێکجار بۆ شاردنەوەی زانیاری رەمزی و نهێنییەکانی خۆیان و یان ئاخاوتنە نهێنییەکان لەگەڵ یەکتری هەوڵ دەدەن زمانگەلێکی دەستکرد پێك بێنن، ناودارترینی ئەم زمانانە یەکیان piglatin ە کە لە لایەن منداڵانی ئینگلیزی زمانەوە کەڵکی لـێوەردەگیردرێ و ئەویتر Damin ە کە لە لایەن هەندێك فیرقەی فرامانسۆنێرییەوە کەڵکی لـێوەرگیراوە. زمانەکانی زێڕینگەری، مووتربی، حوشتری نموونەی نێوخۆیی ئەم چەشنە زمانانەن.



**ز – چارەسەری دەروونی:** دەروونناس یا دەروونشیکارێك دەتوانێ لە رێگای زمانە دەستکردە داهێنراوەکان لە لایەن نەخۆشە دوو کەسایەتی و چەند کەسایەتییەکان یان خوێندنەوەی شێوەی کەڵك وەرگرتنی زمانە دەستکردەکان لە لایەن نەخۆشە دەروونی و رۆحییەکانەوە بۆ دەرمان و چارەسەرییان کەڵك وەرگرێ. دوکتۆر دەبلیۆ جان ڤێلگارت داهێنەری زمانی دەستکردی aVI ئالا هەڵگری بزاڤی چارەسەری زمانی دەروونی (نەخۆشی دەروونی) بەمشێوەیە.

لە درێژەی ئەم پاژەدا تەنیا باسی کارایی و کەڵکی زمانە دەستکردەکان لە بواری پەیوەندی نێونەتەوەییدا دەکەین.

## گەڕان بە دوای زمانێکی کامڵ و پوخت دا

بەسەرهاتی گەڕان لە زمانێکی کامڵ و پوخت بەسەرهاتێکی زیندەخەون و شکستی زیندەخەونە (فانتازیا)ە. هەڵبەت ئەوە تەنیا بەسەرهاتی زیندەخەونێکی نەشیاو نیە. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم زیندەخەونە بە چ شێوەیەك ریشەی گرتووە و بە چ شێوەیەك گوڵی دەرکردووە و پشکوتووە. لە راستیدا ئامانجی دووبارەدۆزینەوە و بووژانەوەی زمانی کامڵ و پوخت هەمیشە وەك دوایین رێگاچارەی کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئایینی – سیاسی باسی لە سەر کراوە. سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەك رێگاچارەیەکی لۆژیکییانەی چارسەکردنی گرفت و ئاستەنگییە بازرگانی و تەجارەتییە نێونەتەوەییەکان پێشنیار دەکرا. هەرچەندە ئەو هەوڵانەی ئەنجام دران بۆ دۆزینەوەی زمانی کامڵ و پوخت هەموویان تووشی شکست بوون، بەڵام وەکو هەموو تێکشکانێکی دیکە گەلێك کاریگەری پۆزەتیڤی لاوەکی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەم کاریگەرە لاوەکییانە لە پۆلێنکردنی زانستە سرووشتییەکانەوە بگرە تا زمانناسی بەراوردکاری، و لە ئەفراندنی زمانە دەستکردییەکانەوە بگرە تا وەدەستهێنانی هۆش و هزری دەستکرد و دۆخی زانستناسی لە خۆی دەگرێ.

لە سەفەری رسکان(تکوین)دا سەبارەت بە زمانی پوخت هاتووە:

پەروەرندە(خوا) هەمـوو بوونەوەرەكانی سەر زەوی و فڕندە(باڵندە)كانی لە ئاسماندا كۆكردەوە و هێنایە لای ئادەم بۆ ئەوەی بزانێ چ ناوێكیان لـێ دەنێ و هەر ناوێكی كە ئادەم لە سەری دادەنان لەوەودا دەبووە ناوی ئەو ئاژەڵە. د

بەمشێوەیە بە پێی بیر و باوەڕی جوولەكەكان، ئەم ئادەم(مرۆڤ)ە بووە كە ناوی باڵندە و چڕندە و گشت بوونەوەر و شت و مەك و تەنەكانی سەر زەوی دیاری كرد و لە راستیدا ناولێنان وەك زیادكردنی چییەتی هەمیشەیی بە شتێك دادەنرێ، جوولەكەكان پێیان وایە كە زمانی پوخت، زمانی حەزرەتی ئادەم هەمان زمانی عیبرییە، لە سەر بنەمای بیركردنەوەیەكی لەو چەشنە بوو كە فیرقەیەك لە عارفان و كیمیاگەرانی جوولەكە بە ناوی قەباڵە(١٥)كان شێوەی گرت. قەباڵەییەكان باوەڕیان بە قەباڵە، واتە رەوتێكی نهێنی و سەیر و سەمەرە كە داهێنراویان بە دیاردەیەكی زمانی دەزانی هەبوو. قەباڵە سەرەتا شێوەیەك راڤەكردن و خوێندنەوەی تەورات بوو. بە بڕوای قەباڵەییەكان لە ناو ئەو وشانەی كە تەوارتی پێ نووسراوە زمانێكی پڕ لە راز و نهێنی هەیە، كە خوا تەواوی جیهانی بوون و پەرییەكانی بەو ئەفراند بوو. قەباڵە بە هۆی پێڕەوەكانی ئەو زمانە جیهانییە، زمانێكی پوخت بوو كە ئەو خۆی بەرپرچدانەوەی خودی راستی بوو. لە راستیدا لە قەباڵەدا جیهان تەنیا بە ئاماژەكردن بە زمان پێناسە دەكرێ نەك لە پەیوەندی لە نێوان هۆ و هۆكار و ئاماژە بە سەرچاوە. بە واتایەكی دیكە ئەگەر پەروەردگار جیهانی بە هۆی دەربڕینی دەنگ یا كۆكردنەوەی پیتەكانی ئەلف و با ئەفراندووە ئەم توخمانە، هێما یا هێماگەلێك لەو شتانە نەبوون كە پێشتر بوونیان هەبووە. لە راستیدا، زمانی ئەفراندن، زمانێكی پوخت و كامڵە نەك بە هۆی ئەوە كە جیهان لە خۆیدا بەرپرچ دەداتەوە، بەڵكو بە هۆی ئەوە كە بۆتە هۆی ئەفراندنی جیهان.باوكی لفیە پێی وابوو بیست و دوو پیتی ئەلف و بای عیبری دەنگگەلێكی ئایدیاڵ بوون بۆ ئەفراندنی هەفتاو دوو زمانی سەرەكی جیهان. بە باوەڕی ئەو لە شێوەی باو و كاراییەكانی لە كۆمەڵگادا، زمانێكی پەیمانی بوو بەڵام دڵخواز نەبوو، بە واتایەكی دیكە عیبری زمانی خواپێداوی و زاتی مرۆڤ بوو كە لە رێگای یەهووەوە فێری پەری و لە رێگای ئەوانیشەوە فێری مرۆڤ كرا.

دوای جوولەكەكان، سەرەی یۆنانییەكان بوو كە زمانی خۆیان، بە زمانێكی كامڵ و پوخت دانێن. هەڵبەت بە باوەڕی یۆنانییەكان، ئەم بەرز و بانتر بوونە نەك بە هۆگەلێكی ئاسمانییەوە



بەڵكو بە هۆی بەرزتربوونی رەگەزیان بوو. لە روانگەی یۆنانییەكانەوە، زمانی یۆنانی، زمانێكی كامڵ و زمانی ژیار بوو و زمانەكانی دیكەی جیهان، زمانی لادەرانەی بەربەرەكان بوون. جگە لەوەش یۆنانییەكان سەرنجیان بە پرسگەلێكی لەم چەشنە دەدا، كە ئایا وشەكانی دەربڕینی سرووشت و پێویستی ئیدەگەلێك دەبن كە نوێنەریانن یان ئەوەی كە تەنیا هەڵگری دەنگگەلێكن كە بە دەستی رێكەوت لە تەن و كردەوەكان هەڵبژێردراون، ئەگەر وایە ئایا دەنگەكانی دیكە بۆ ناوزەدكردنی تەنەكان هەر بە هەمان رادە گونجاو و لەبار نین؟

دوای یۆنانییەكان سەرەی رۆمییەكان هات كە وێڕای پەرەسەندنی سنوورەكانی ئیمپراتۆری خۆیان، بانگەشەی ئەوە بكەن كە زمانی ئەوان، زمانی لاتین، زمانێكی پوختە و دایكی هەموو زمانەكان — بە پێڕەوی لەوان — لادراوی مرۆڤایەتیە. دوای بە دەسەڵات گەیشتنی كەنیسە، لاتین هەر وا گرنگی و دەسەڵاتی خۆی پاراستبوو. یارانی كلیسا دژ بە رۆحانییەكانی جوولەكە كە رەسالەتی خواوەندی عیسایان قەبووڵ نەدەكرد، رایانگەیاند نوسخە عیبرییەكانی كتێبی پیرۆزی تەوراتیان قەبووڵ نیە و پێیان وایە جوولەكەكان بۆ خەوشدار كردنی پەیامی ئاسمانی عیسای مەسیح، دەستیان لە تەواوی نوسخە عیبرییەكانی تەورات وەرداوە كە لەودا سەرهەڵدانی مەسیح پێشگۆیی كراوە. بەمشێوەیە بوو كە كەنیسە بە شێوەیەكی فەرمی زمانی لاتینی وەك زمانی ئاسمانی و زمانی كامڵ و پوخت راگەیاند.

لەم نێوەدا، سێنت ئاگۆستین یەكێك لە قدیسە ناسراوەكانی جیهانی مەسیحییەت ئایدیایەكی جیاوازتری هەبوو. ئەو باوەڕی بە زمانێكی كامڵ بوو كە بۆ گشت خەڵكی جیهان هاوبەشە. بە بڕوای سێنت ئاگۆستین ئەم زمانە زمانی وشە و پیتەكان نەبوو، بەڵكو زمانێك بوو كە لە خودی جەم و جووڵی بوونەوەرانەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو باوەڕی بەوە هەبوو كە جیهان كتێبێكی كراوەیە كە بە هۆی خواوەندەوە نووسراوە و تەنیا كەسانێك دەتوانن بیخوێننەوە كە بتوانن رەمز و نهێنییەكانی گێڕانەوە بابەتییەكان و واتا ئەبستراكتەكانیان بشكێنن. ئەو بیرو باوەڕەی سێنت ئاگۆستین لە سەدەكانی دواتردا بوو بە هۆی ئەفراندنی گەلێك زمانی دەستكرد بە كەڵك وەرگرتن لە وێنە، هێما، نۆتەكانی مۆسیقا و ئاماژەگەلی ئەژمێری. (ئاكۆ، ١٩٩٧: ٢٢ —٢٥).

کەسێکی ناسراوی دیکە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاوڕی لە پرسی زمانی پوخت دایەوە، دانتە ئالیگێری شاعیر و نووسەری ناوداری ئیتالی و داهێنەری بەرهەمی "کۆمیدی ئیلاهی" بوو. دانتە چەندین سەدە بەر لە دێکارت ئاماژەی بە پرسی ماکە و جەوهەری زمانی هاوبەشی مرۆڤەکان کرد بوو. ئەو پێی وابوو توانایی زاتی و دەروونی هەمەگیری زمان، لە تەواوی تاکەکانی مرۆڤایەتیدا سەرەڕای جیاوازییەکانی زمان و زاراوە هەیە. لە راستیدا ئەو یەکەمین کەس بوو کە ئاماژەی بە پرسی جیهانی بوونی زمان کرد، بە یاساگەلێکی هاوبەش کە پێکهاتی تەواوی زمانەکانی جیهانە. دانتە لە ژێر کاریگەری رامانەکانی کیفیون (مۆدیستەکان) پێی وابوو ئەو شتەی خوا بە مرۆڤەکانی بەخشیوە توانایی فێربوونی زمانێکی تایبەتیی نیە، بەڵکو لە راستیدا کۆمەڵێك رێسا و بنچینەی بنەمایی و بنەڕەتین. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، دانتە، هەروەك قەبالەکان پێی وابوو زمانی کامڵ و پوخت، زمانێك کە خواوەند بەو لەگەڵ فریشتە و ئادەم و حەوادا قسەی کردووە، هەر هەمان زمانی عیبری کۆن و بنەڕەتی بووە کە لە ئەنجامی رووداوی قەڵاتی بابۆل تووشی ئاڵۆزی بووە و زمانەکانی دیکە لەویەوە بەرهەم هاتوون. بە واتایەك ئەو فرە زمانی بە دەرئەنجامی سرووشتی ئاڵۆزی زمانی دەزانی، بەڵام بە پێچەوانەی پێشینانی خۆی لە جیاتی ئەوەی لە هەوڵی دۆزینەوەی زمانی عیبری بنەڕەتی و لانەدراو و دەست تێوەرنەدراو بێ، لە هەوڵی دووبارە ئەفراندنی ئەو لە چوارچێوەی یەکێك لە زمانە دابەش بووەکانی ئەو بوو، زمانێك کە بە بڕوای دانتە دەکرا زمانی ئیتالی بێ.

سۆدێربێرگ رۆحانی سویدی لە سەدەی سێزدەهەمدا لە نامیلکەیەکدا سەبارەت بە زمانی کامڵ و تایبەتمەندییە باشەکانی ئەو بۆ وەرگێڕان بەمشێوەیە نووسی:

ئێمە دەزانین چ گیرو گرفتێك بۆ وەرگێڕانی زمانە رەگەزییەکان و خێڵەکییەکانی دیکە هەیە. وەرگێڕانی کامڵ و پوخت هەر نیە مەگین ئەوەی کە بتوانین سەر لە نوێ زمانی کامڵ بدۆزینەوە. زمانێکی پاڵاوتە و دەگمەن کە لە گشت هەرێم و شوێنەکانی ئاسماندا کەڵکی لـــێوەرگیراوە... زمانێك کە فێری نابین بەڵکو لە جەوهەر و زاتی هەموو مرۆڤێکدا شاراوەیە. زمانێك پەرییەکان بەو دەتوانن لە یەك رستەدا شتێك بڵێن، کە مرۆڤ لە کتێبێك یا وتارێکدا



نەتوانن دەربڕن. زمانێکی ئەوتۆ نەگۆڕ، نەگەنیو، خۆڕسکی(غریزی)، وێنەیی، کورت، لۆژیکی و سرووشتییە.(ئاکۆ: ١٩٩٧: ٣٧ — ٣٥).

لە ساڵی ١٦٠٣دا، قەشەیەکی عیسایی، ناسراو بە لۆدڤیگ بێرتۆنینۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کە زمانی کامڵ و پوختی دۆزیوەتەوە. ئەو زمانەی ئەو مەبەستی بوو زمانی "ئایمار" بوو کە سوورپێستەکانی بۆلیڤی و پێرۆ پێی دەئاخاوتن. بە بڕوای بێرتۆنینۆ، زمانی ئایمار زمانێکی گونجاوە بە لێهاتوویەکی ئامادەی گۆڕان، شیاوی قەبووڵکردن و هێزی گونجانی پێویست، بۆ دەربڕینی چەمکەکان تەواو سەربەخۆو ئەبستراکت بوو. بێرتۆنینۆ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە " ئەم زمانە، زمانی حەزرەتی ئادەم بووە"، زمانێکی فەلسەفی بە ریشەگەلێکی سامییەوە. بە بڕوای بێرتۆنینۆ، زمانی ئایمار تەنیا زمانێك بوو کە تەواوی زمانەکانی مرۆڤایەتی بە بێ چووکەترین لادان و راڤەیەکی شیاوی وەرگێڕانی ئەو بوو. ئەو قسەیەی ئەو راست بوو، بەڵام گرفتی سەرەکی لێرەدا بوو کە زمانی ئایمار بۆ سەر هیچکام لە زمانە ناسراوەکانی جیهان وەرنەدەگێڕدرا. چەندین سەدە دواتر خوێندنەوەی زانایان نیشانی دا زمانی ئایمار بە پێچەوانەی زۆربەی زمانەکانی جیهان نەك لە سەر بنەمای لۆژیکی دوو بەهای ئەرەستوو (هەڵە یان راست) بەڵکو لە سەر بنەمای لۆژیکی سێ بەهایی دامەزراوە کە دەتوانێ چەمکە تایبەت و نەشیاوەکانی دەربڕین لە لایەن زۆربەی زمانەکانەوەیە.

کوری حەزم، نووسەری عەرەب، لە سەدەی یازدەهەم دا نووسی:

سەرەتا یەك زمان هەبوو کە لە لایەن خواوە پێشکەش بە مرۆڤ کرا، کە لە لایەن ئەو مرۆڤەوە توانی لە هەقیقەت بگا، ئەم زمانە بۆ هەر وشەیەکی خۆی، هاوتایەکی لە جیهانی دەرەوەدا هەبوو و بۆ هەر شتێك لە جیهاندا، وشەیەکی لە ناو خۆیدا هەبوو. (ئاکۆ، ١٩٩٧، ٣٩).

بەڵێ، باسی زمانی کامڵ و پوخت وەك ماری یۆرۆ بورۆ — مارێك کە هەر لە جێدا خۆی دەخواتەوە — ئاڵۆز و چەتوون بوو. رەنگە هەر بەم هۆیەوە بوو کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە هەمان سەرەتای سەدەی شانزەوە بیرمەندان، فەیلەسوفان و زانایان بڕیاریان دا لە جیاتی دۆزینەوە و بوژاندنەوەی زمانی کامڵ دەستیان بۆ ئەفراندنی زمانە دەستکردە کامڵ و پوختەکان برد.

## دیرۆکی زمانە دەستکردەکان

تا ئێستا سەدان زمانی دەستکرد داهێنراون (لە سەدەی هەڤدەدا، ٤١ زمان، لە سەدەی هەژدەدا ٥٠ زمان، سەدەی نۆزدەهەم ٢٤٦ زمان و لە سەدەی بیستەمدا ٥٦٠ زمان) و ژمارەیەکی زۆریش لە قۆناغی گەڵاڵەی ئامادە سازی یا خستنە بەردەستدان. زۆر کەس بە گەلێك ئەنگیزەی جۆراوجۆرەوە هەوڵیان بۆ ئەفراندنی ئەم زمانانە داوە. ئایدیای ئەفراندنی زمانێکی دەستکرد بۆ کەڵك وەرگرتنی جیهانی بۆ سەردەمی کلاسیکی دەگەڕێتەوە. بەڵام یەکەمین نموونەی چەسپاو هی سەدەی دوازدە و زمانی "لینگۆڤا ئیگنۆتا"(١٦)یە کە قەشەیەك بە ناوی هیلدگارد دایهێنا کە لە ناو پەرستگایەك بە ناوی رۆیتسبێرگ دا دەژیا و خودای دەپەرست. هیلدگارد یەکێك لە پێشڕەوانی بزاڤی فێمێنیستی لە جیهاندا و ئاڵاهەڵگری بزاڤی رێنسانسی ژنانی ئەوروپایە. هەڵبەت ئەو وەك خۆی هیچ بڕیارێکی بۆ ئەفراندنی زمانێکی جیهانی نەدا، چونکە لە دنیای ئەودا تەنیا یەك زمان هەبوو: لاتین.

لە راستیدا زمانی داهێنانی ئەو تەنیا ئامرازێك بۆ دیالۆگە نهێنی و رەمزییەکانی خوشکانی قەشە بوو، کە دواتر بە شێوەیەکی بەربڵاو لە پەرستگا قەشە نیشینەکانی ئەورووپادا کەڵکی لێ وەرگیرا. (دواتر زمانی ئەو بوو بە سەرووبەخشی فرانك هێربێرت، لە ئەفراندنی زمانی خەیاڵی رۆمانی زانستی فانتازیاییە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی ***دۆن***). واتای ناوی ئەم زمانە — زمانی نەناسراو — هەر خۆی لە خۆیدا دەربڕی ئەم پرسەیە، کە ئەم زمانە بۆ کەڵك وەرگرتنی تاکە ئاساییەکان دانەهێنرا بوو.

سەدەی هەڤدەهەم گەلێك ئاراستەی نوێ و بەربڵاوی لە سەر پرسی زمانە دەستکردەکانی بە خۆیەوە بینی. ئەم سەدەیە هاوکاتی سەردەمێك بووە کە دۆزینەوەی شوێنە جوگرافیاییە نوێیەکان، چاوی ئەورووپاییەکانی بۆ زمانە نوێیەکان زۆر روون کردووە و لاتینیش بەرەبەرە جێگە و پێگەی خۆی وەك زمانی ناوبجی ئەورووپا لە دەست دابوو. دیکارت و بیکێن یەکەمین کەسانێك بوون کە سەبارەت بە ئەگەری ئەفراندنی زمانێکی ئەوتۆ بە شێوەیەکی تیۆری و زانستی قسەیان کردووە، بەڵام خۆیان رۆ نەچوونە ناو ئەو چاڵەوە.



لە ١٦٦١، جۆرج داڵگارنۆ دانیشتووی ئابردینی سکاتلەند، زمانێکی بۆ کەڕ و لاڵەکان و جۆرێك خێرانووسی زانستی بۆ هەموو زمانەکان داهێنا و لە کتێبێکدا بە ناوی ***هونەری هێماکان*** *Ars signorum* چاپ کرد. داڵگارنۆ لەم کتێبەدا بانگەشەی کردبوو کە هەموو کەس لە هەر نەتەوەیەکەوە بێ لە ماوەی دوو هەفتەدا زمانی داهێنراوی ئەو بە شێوەیەك فێر ببێ کە بتوانێ بە باشی پێی بنووسێ و قسەی پێ بکا. زمانە داهێنراوەکەی ئەو بریتی بوو لە دوو سەد و پەنجا رەگ، دە کات، شەش لایەن و دوازدە بەشی ئاخاوتن. دوای داڵگارنۆ، زانایان و بیرمەندانی دیکەی وەك ویلکینز، کۆمێنیۆس و کاسپاردینۆ، سیستەمە پێشنیارییەکانی خۆیان بۆ ئەفراندنی زمانە دەستکردەکان خستە روو. سیستەمە هێماییەکان لە هەموو جۆر و هەموو شێوەیەکدا لەو سەردەمەدا خرایە روو، بە تایبەتی ئەوانەی کە وا دەهاتنە پێش چاو دەتوانن چەمکەکان راستەوخۆ تێبگەیەنن (وەك مۆسیقا، ئایدیا دارێژەکان، هێما کورتەکان و پیتە نهێنی و رەمزییەکان). تا رادەیەك لە هەمان کاتدا کە گرانەتی ئەفراندنی زمانی جیهانی ئەورووپای داگرتبوو لێگاریتم و چوارخشتەی بەراوردکاری کەوتە بەر سەرنجی گشتی و هەمووان. بیرکایزانان دەیانتوانی بە ئاسانی و بە بێ سەرنجدان بە زمانی قسەکردن یا نەتەوەکەیان، پرسەکانی جبر و بەراود تێبگەن. بە واتایەکی دیکە زمانی بیرکای بە جۆرێك گۆڕین بە زمانی نێونەتەوەیی جیهانی — لانیکەم لە بوارێکی تایبەتیدا بەرتەسك کرابۆوە. ئەم بیرو باوەڕە بە هێز بوو و تەنانەت گۆتفێرد ڤیلهۆڵم لایبنیتێس فەیلەسووف و زانای نێودار رایگەیاند "دوا بە دوای زمانی نێونەتەوەیی بیرکای" ئەلف و بای نێونەتەوەیی و زمانی نێونەتەوەیی بۆ پەیوەندی نێوان هەموو خەڵك، لە ئاستی جیهاندا دەچەسپێ. (ئاکۆ، ١٩٩٥، ٢٢٨ —٢٣٨).

بە داخەوە ئەم ئاواتە هیچکات بەدینەهات. لە راستیدا تەواوی ئەم زمانانە کە بە مەبەستی ساناکردنەوەی پەیوەندییەکان، نەهێشتنی ناڕوونییەکانی زمانە سرووشتییەکان، لۆژیکی کردن و هزرمەندی کردنی زەین و ئاسان کردنی کەڵك وەرگرتن داهێنرا بوون دواجار بە کردەوە خۆیان سیستەمێکی هێندە ئاڵۆز و پێکهاتێکی ئەبستراکتیان هەبوو، کە جگە لە کەسانێکی تایبەت، هیچ کەسی دیکە لێی تێ نەدەگەیشت. دەکرێ بڵێین لەم جۆرە زمانانە، زمانی خود فێریاری خۆی بە بارستاییەکی زانیاری نەپارێزراوەوە لە زەین و پۆلێنکردنێکی

پێکهاتی ئەستەمدا ڕووبەڕوو دەبینی و سرووشتییە لە هەمان سەرەتای کاردا لە فێربوونی ئەم زمانانە پەشیمان دەبۆوە.

بەمشێوەیە بوو کە زمانە دەستکردەکان لە کۆتایی سەدەی هەڤدەهەمەوە بە کردەوە بەهای خۆیان لە دەست دەدا و وەك ئایدیایەکی فانتازیایی و دووره دەست بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ فەرامۆش کران.

سەدەیەك دواتر، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێزمانی گشتی، بازاڕی ئەفراندنی زمانە دەستکردییەکان جارێکی دیکەش گەرم بۆوە. داهێنەرانی زمانە دەستکردەکان ئەم جارە ئاراستەیەکی جیاوازیان سەبارەت بە پێشینانی خۆیان لە مەڕ پرسی پێکهێنانی زمانی دەستکرد هەبوو. لە سەدەی هەڤدەهەم دا وێنای باو ئەوە بوو، کە کۆمەڵێکی گونجاو لە هێما و ئاماژەکان کە سەر بە ئەلف و بای هیچ زمانێکی ناسراو نەبن و بریتی بێ لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییەکی جیهانی، دەتوانێ یارمەتی بە وەلانانی نارِوونی و ئالۆزییە دەستکردییەکانی زمانی بکا و ئامرازێکی باشتر بێ بۆ ڕامان و بیرکردنەوە و شێوەیەکی کاریگەردارتر بێ بۆ پرش و بڵاوکردنی زانست لە ناو بنەماکانی مرۆڤایەتیدا. بەڵام بە نەبوونی پێشوازی گشتی خەڵك لەم جۆرە زمانانە، لێکۆڵەر و زانایان دەستیان لە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە لە سەر زمانە دەستکردە تیۆرییەکان هەڵگرت و ڕوویان لە ئەفراندنی زمانە دەستکردە ئەزموونییەکان کرد — ئەو زمانانەی کە وەك دەڵێن، ساکارکراون، گۆڕانی شێوەکانی زمانە سرووشتییەکان یان قەرز وەرگرتنی ئەلف و با و هەندێك توخمی شێوەیی و وشەداتاشین لەوانەوە شێوەی دەگرت. یەکەمین لێکۆڵینەوەگەلێکی لەم چەشنە، بەرهەمی کاری زماننا‌سانێك بوو کە لە سووچ نشینیدا کاریان دەکرد و ئەو زمانەی ئەوان ئەفراندیان هیچ کات لە چوارچێوەی کتێبخانە و ژووری کارەکەیان نەچووە دەر. زۆربەی ئەم زمانانە لە سەر بنەمای ئەو زمانانە دارێژرابوو کە لە ڕۆژئاوای ئەورووپادا قسەی پێ دەکرا، زمانگەلێکی وەك لاتین و زمانەکانی دیکەی ڕۆمییەکان. یەکێك لە یەکەمین نموونەکانی زمانە دەستکردە ئەزموونییەکان لە لایەن پۆفۆروفیلۆس لە ١٧٥٣دا داهێنرا" ئەو وشەکانی لاتینی کەم کردەوە، ژمارەی شێوەگەلی ڕێزمانی کەم کردەوە، گەلێك وشەی هاوشێوە و هاوتای نەهێشت و هێمای کۆی im کە لە زمانی عیبرییەوە وەریگرتبوو کردە هێمای کۆی نەگۆڕەی گشت وشەکان. بەڵام یەکەمین زمانی



دەستکرد کە لەگەڵ پێشوازی گشتی ڕووبەڕوو بۆوە و ژمارەیەکی زۆر قسەیان پێ دەکرد ڤێلاپووك بوو، کە داهێنەرەکەی قەشەیەکی ئەڵمانی بە ناوی شلاییێر بوو. ڤیلاپووك زمانێکی تێکەڵاو بوو کە توخم و بنچینەکانی زمانە ئەزموونی و تیۆرییەکانی لەو یەکەیەدا کۆکردبۆوە. بەشێك لە وشە و ڕێسای ڕێزمانی سەر بە زمانەکانی دیکە (بە شێوەیەکی گشتی ئینگلیزی، ئەڵمانی و لاتین) و بەشێکی دیکەی داهێنان و هەڵقوولاوی خۆی بوون)(کالینز، ١٩٩٠: ٣٢٨ — ٣٢٠). بەداخەوە داهێنەری زمانی ڤێلاپووك تەواوی هەوڵی خۆی بۆ ساکارکردنەوەی وشە و ڕێسایی کردنی نموونە و سومبوولەکانی وشە داتاشراوەکانی خۆی کرد و پۆلێنکردنەکانی دیکەی ڕێزمانی وەك زمان، ڕەگەز یان لایەنی لە بیرچووبۆوە. لە ئەنجامدا ئەم زمانە بوو بە زمانێکی بان تێکەڵاوی کە پێویستی بە لێهاتوویی و شارەزاییەکی بەرزی ڕەمزدانان و ڕەمزشکێنی بۆ ئەو کەسانەی کەڵکیان لـێوەردەگرت هەبوو. شێوەگەلی ڕێزمانی جۆراوجۆری چاوگ Iöfon = to love کە لە خوارەوەدا هاتووە ئەو قسەی ئێمە تەئید دەکا:

Iöfon = I love

a Iöfob = I loved

u Iöfob = I shall have loved

Iöfom = he loves

Iöfof = she loves

Iöfob – s = they love

pe – I – löf – o – f = she was always loved

löfo – b – seok = we love one another

no – li – löfo – s – la = will you not have loved

e – löfo – m – la = that he was loved

سەرەڕای گشت ئەم کەم و کوڕییانە ڤیلاپووك پێشوازییەکی گشتی فراوانی لێ کرا. لە ١٨٨٨دا یەك ملیۆن کەس لەگەڵ ئەو زمانە ئاشنا بوون و سێ کۆنگرەی نێونەتەوەیی زمانی ڤێلاپووك لە ساڵەکانی ١٨٨٤، ١٨٨٧ و ١٨٨٩ بەڕێوە چوو، کە دواییینیان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سێزدە وڵات بوو. بەڵام بەرە بەرە کەم و کوڕییەکانی ڤێلاپووك لە کردەدا دەرکەوت و

پێشوازییەکەی رووی لە کزی و کەمی دا. جیاوازییەکانی نێوخۆیی لە نێوان هەڵگرانی ڤێلاپووك بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەك لەوان بەدوای ئەفراندنی زمانگەلێکی دەستکردی خۆیان بکەون، هەندێکیان لە سەرەوە هەوڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی نوسخە راستکردنەوەکانی ڤێلاپووکیان دا و هەندێکی دیکەش لەگەڵ هەڵگرانی زمانی سپرانتۆ و رکەبەرەکانی ڤێلاپووك کەوتن. سپرانتۆ کە حەوت ساڵ دوای ڤێلاپووك لە لایەن لۆدڤیك زامنۆڤی لەهێستانییەوە بە خەڵکی ناسرا، بە سەرکەوتووترین زمانی دەسکردی مێژوو دادەنرێ. سپرانتۆ زمانێکی دەستکردنی ئەزموونییە کە لە سەر بنەمای رێزمان و وشەگەلی زمانە ئەڵمانی و رۆمییەکان داهێنراوە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا سەبارەت بە سپرانتۆ — بە تێرو تەسەلی — و سەبارەت بە زمانە دەسکردەکانی دیکە — بە ئاماژە پێکردن — قسەیان لە سەر دەکەین. لە چوارخشتەی ١ — ٣ دا بە کورتی ئاماژەیەك بە پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی بەرچاوترین زمانە دەستکردە داهێنراوەکان لە ماوەی١٨٨٠ —١٩٨٠ دا نیشان دراوە.

PDF 4 KURD

**چوارخشتەی ١ — ٣: بەرچاوترین زمانە دەستکردە داهێنراوەکان لە ساڵەکانی ١٨٨٠ تا ١٩٨٠وە (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٥٥)**

| ناوی زمان | ناوی داهێنەر | ساڵی داهێنان | تایبەتمەندییەکان |
|---|---|---|---|
| ڤێلاپووك Volapok | یۆهان مارتین سلایێر | ١٨٨٠ | هەشت ڤائۆل، بیست کۆنونانت، پتر لەسەر بنەمای زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی پێکهاتووە. |
| سپرانتۆ Espranto | لۆدیگ لازارۆس زامنۆڤ | ١٨٨٧ | پێنج ڤائۆل، بیست و سێ کۆنونانت، لە سەر بنەمای وشەکانی زمانە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپی بە کاریگەر وەرگرتن لە سیستەمی مێتۆد و دەنگی و فۆنەتیکی زمانە سلاڤییەکان. |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ئیدیۆم نیۆتراڵ Idiom nevtral | دەبلیۆ.کیپ. رۆزێنبێرگ | ١٩٠٢ | نوسخەی چاککراوی ڤێلاپووك بە کاریگەری وەرگرتن لە زمانەکانی لاتین (ئیتالی، ئیسپانی) |
| لاتیتۆسینە فلێکسیۆن Latino sine flexion | جوزیە پینۆ | ١٩٠٣ | رێزمانی لاتین بە بێ شێوەی گشتی مۆرفۆلۆجی وشەکانی زمانی لاتین |
| ئادیۆ Ido | لۆئی کوترا | ١٩٠٧ | نوسخەی چاککراو و سادە کراو لە زمانی سپرانتۆ |
| ئۆکسیدنتاڵ occidental | ئێدگار ڤێن واهێل | ١٩٠٧ | بە وتەی داهێنەرەکەی تەنیا بۆ جیهانی رۆژئاوا داهێنراوە و لە ژێر کاریگەری زمانە رۆمییەکان |
| نۆڤیال Novial | ئۆتۆیسپێرسێن | ١٩٢٨ | تێکەڵاوێکە لە وشەکانی ئایدۆ و رێزمانی ئۆکسیدێنتاڵ واتای ئەم ناوی زمانی یارمەتیدەرانەی نێونەتەوەیی نوێیە. |
| ئێنتێر گلۆسا Interglossa | لانسلۆهاگبێن | ١٩٤٣ | تەنیا لە شێوەی گەلاڵە و پێش نووسی گشتیدا نووسراوە. |
| ئێنتێر لینگۆڤا Interlingua | لێژنەی نێونەتەوەیی زمانە یارمەتیدەرەکان | ١٩٥١ | رێزمانی سەروو وەرگر لە زمانە رۆمییەکان وشەگەلێکی هەڵبژێردراو لە وشەکانی زمانە جۆراوجۆرە ئەورووپی |
| گلۆسا Glosa | ئێشبی و کلارك | ١٩٨١ | نوسخەیەکی راست و دروستکراو لە ئینتێرگلۆسا بریتیە لە هەزاران وشەی بنەمایی کە لە رەگەکانی لاتین و یۆنانییەوە وەرگیراون. |

## پۆلێنکردنی زمانە دەستکردەکان

زمانە دەستکردەکان گەلێك جۆراوجۆرن، هەندێکیان تەواو دەسکردی و هەندێکیان خاوەنی لایەن یا توخمێکی هاوبەشن لەگەڵ یەکێك لە زمانە سرووشتییەکان. هەندێکیان تەنیا لە سەر بنەمای پۆلێنکردنی زانستی مرۆڤایەتی لە چەند پلە و پۆلی سەرەکی و لاوەکی دا بوون و هەندێکیشیان تەنیا کەڵکیان لە وێنەکان وەردەرگرت. کۆمەڵێکیان وێنە و روالەتێکی ساناکراو یا گۆڕدراوی زمانێکی سرووشتی بوون. کۆمەڵێکی تێکەڵاویەکن لە توخمەکانی دوو یان چەند زمانی سرووشتی.

## سپرانتۆ: هێمایەکی نزیك

### روانگەی جیهانی

لە تۆژینەوەی زمانە دەستکردەکاندا، سپرانتۆ بە هۆی سەرکەوتنی رێژەیی خۆی لە رۆڵگێڕانی زمانی جیهانیدا، پێگەیەکی تایبەتی هەیە.

ئەمرۆکە چەندین بڵاڤۆك و رۆژنامە بە زمانی سپرانتۆ چاپ دەبێ و بەرهەمە ئەدەبییە ناودار و کتێبە پیرۆزە ئاینییەکان بۆ وێنە قۆرئان و ئینجیل بۆ ئەم زمانە وەرگێڕدراون. چەندین وڵات گەلێك ئێزگای رادیۆیی تایبەت بە زمانی سپرانتۆیان دامەزراندوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا گوترا کە ئەم زمانە لە پتر لە شەش سەد قوتابخانە و سی و یەك زانکۆ لە سەرانسەری جیهاندا دەگوترێتەوە. مەزندەی وردی قسەکەرانی زمانی سپرانتۆ بە هۆی پەرش و بڵاوییانەوە لە سەرانسەری جیهاندا کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە. تەنیا پێش بینی ئەوە دەکرێ کە لە نێوانی یەك تا پانزە میلیۆن کەس لە جیهاندا بتوانن بە روونی بەم زمانە ئاخاوتن بکەن. پتر لە ١٢٥٠ لێژنەی سپرانتۆ لە جیهاندا هەیە، بەڵام ژمارەی ئەندامەکانیان بە دڵنیاییەوە ناتوانن ببنە بەڵگەی شیاو و شایستە بۆ مەزندەکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی قسە بەم زمانە دەکەن (لە ١٩٨٨دا لێژنەی جیهانی سپرانتۆ ٣١٠٠٠٠ ئەندامی هەبوو، زۆربەی ئەندامانی ئەو لە ئەورووپای رۆژهەڵات و خەڵکی وڵاتانێکی وەك بولغارستان، لەهێستان، چیك، کۆماری ئۆسلۆڤاك و مەجارستان بوون). ژاپۆن یەکێك لەو دەگمەن وڵاتە نائەورووپییانەیە کە لێژنە و



قسەکەرێکی یەکجار زۆری زمانی سپرانتۆی هەیە. لە ١٩٦٦دا پێشنیارێك بە ئیمزای یەك میلیۆن کەس لە ٧٤ وڵاتی جیهان بە رێکخراوی نێونەتەوەیی درا، کە لەودا داوا کرابوو زمانی سپرانتۆ وەك یەکێك لە زمانە رەسمییەکانی رێکخراوی نێونەتەوەیی بە رەسمییەت بناسرێ. بەڵام ئەم خواستە رەت کرایەوە. نارازی و دژەکانی سپرانتۆ لە لایەکەوە کۆمەڵێك بوون کە مەبەستی ئەوەیان هەبوو پلەی زمانی ئینگلیزی وەك تەنیا زمانی نێونەتەوەیی جیهانی بچەسپێنن و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێك بوون کە خۆیان هەڵگری زمانە دەستکردەکانی دیکە بوون.

هەڵبەت جگە لەوەش، دژایەتی لەگەڵ سپرانتۆ گەلێك لایەنی سیاسی — جوگرافی (ژیۆپۆلێتیك)یشی هەیە. لەوەرا کە زۆربەی وڵاتانی هەڵگری زمانی سپرانتۆ سەر بە بلۆکی رۆژهەڵات و ئەو دیوی دیواری پۆڵایینی ئەو سەردەمە (سەردەمی شەڕی سارد) بوون، ئەمریکا بۆ رەتکردنەوەی ئەم پێشنیارە کەڵکی لە نفووزی تایبەتی خۆی وەرگرت.

## زامنهۆڤ، پزیشکی چاو لە گەڕان بە دوای ئاشتیدا

بە پێچەوانەی باوە شلایێر — داهێنەری زمانی ڤێلاپووك — کە باوەڕی بەوە هەبوو خواوەند خۆی فەرمانی دروستکردن و داهێنانی ئەم زمانەی بەو داوە، لازار مارکۆڤیچ زامنهۆڤ — پزیشکی چاوی لەهێستانی — گەلێك هۆی تاکەکەسی و تەنیا زەمینی بۆ ئەفراندنی زمانی دەستکردی خۆی، سپرانتۆ، هەیە. ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە تەنیا بوونی زمانێکی نێونەتەوەیی بۆ گۆڕینی زەوی دۆزەخ بە یۆتۆپیایەکی رۆژهەڵاتی بەهەشت بەس نیە، بەڵام ئەوپەڕی دەتوانێ گۆی زەوی بکەینە شوێنێکی شیاوی هەڵکردن بۆ ژیان کردن.

ئایدیای داهێنانی زمانی دەستکرد بۆ یەکەمجار لە پانزە ساڵیدا بە بیری ئەودا هات، کاتێك بە هۆی نمرەی کەم لە وانەی ئەستەم و دژواری لاتینیدا ساڵێك لە هاوپۆلەکانی دواکەوت. هەڵبەت زامنۆڤ خۆی لە بوارێکی لەباری بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی بۆ ئاشنابوون لەگەڵ چەندین زمانی جیهان هەبوو. ئەو لە ماڵەوە بە رووسی قسەی دەکرد و لە دەرەوەی ماڵەوە بە پێی تۆپزی هەڵکەوتوویی و دۆخ بە زمانەکانی یەدیش، لەهێستانی و عیبری قسەی دەکرد، لە قوتابخانەش فەرەنسی، یۆنانی، ئەڵمانی و ئینگلیزی و تارادەیەك ئەو لاتینە نەفرەت لێکراوەش فێربوو.

سەرپەرشتەکانی زامنهۆڤ لە سەردەمی منداڵی ئەودا مەجبوور بوون ناوی لۆدڤێگیش بەو ناوە درێژە گوریس ئاسایەی ئەوەوە زیاد بکەن. هۆی ئەو شتەش ئەوە بوو کە فەرمانی رەسمی پلەبەرزەکانی رووسی بریتی بوو لەوە کە منداڵان دەبێ ناوێکی مەسیحیان هەبێ(تەنانەت ئەگەر ئەو منداڵە وەك زامنهۆڤ جوولەکەش بێ). جگە لەمە، زامنهۆڤ لە ساڵەکانی منداڵی و مێرمنداڵیدا خۆی لە نزیکەوە تێکهەڵچوونە هۆزی و رەگەزییەکانی بینی کە بە بڕوای ئەو زۆرتر لە نەبوونی لێك تێگەیشتنی زمانی پێکهاتبوون. لە "بیالی ئێستاك" شارێك کە ئەو تێیدا نیشتەجێ بوو — کە هەنووکە بەشێکە لە وڵاتی لەهێستان و ئەوکات بەشێك بوو لە ئیمپراتۆری رووسیا — نیوەی دانیشتووانی شار کلیمی بوون و ئەوەی دیکە کۆمەڵانێکی نایەکسان و ناسازگار لە نەتەوەکانی رووسی، لیتوانیایی، ئەڵمانی و لەهێستانی. بینینی بێزاری، دژایەتی و بێ باوەڕی بەرامبەر و هاوبەش لە نێوان کۆمەڵە رەگەزی و نەتەوەییەکان، هۆکارە پێویستەکانی بۆ ئەفراندنی زمانێکی دەستکردی کاریگەر و کارامەی بە هۆکاری تاکەکەسی زامنهۆڤی لاوەوە زیاد کرد. ئەو لەو کاتەدا بە شێوەیەکی دیار لە هەوڵی داهێنانی زمانێکی نێگەتیڤ بۆ یەکێتی نەتەوە نایەکانگیرەکانی شارەکەی دابوو.

زامنهۆڤ گەڵاڵەی یەکەمی زمانی سپرانتۆی لە ساڵی ١٨٧٨دا لە تەمەنی نۆزدە ساڵی و لە کاتێکدا ئەوەی هێنایە سەر کاغەز کە هێشتاش شلاییر "ڤێلاپووك"ی بە خەڵکی جیهان نەناساندبوو. زامنهۆڤ هێندە لە گەڵاڵەی یەکەمی ئەم زمانە رازی نەبوو، هەربۆیە کاتی بێکاری خۆی بۆ چاککردن و راستکردنەوەی ئەم گەڵاڵەیە تەرخان کرد. حەوت ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٨٨٥دا کاری راستکردنەوە و داڕشتنی زمانی دەسکردی ئەو کۆتایی پێهات، زمانێك کە سەرەتا بە Lingue Internacia بە ناو بانگ بوو. بەڵام دواتر سپرانتۆ (نازناوی زامنهۆڤ) جێی ئەو ناوەی گرتەوە. زامنهۆڤ دوو ساڵی رەبەق لە بلاوکەرێك دەگەڕا بۆ چاپی نامیلکەی ناساندنی زمانەکەی لە تیراژێکی زۆردا و دواجار ناچار بوو بە فرۆشتنی بەشێکی زۆر لە باوانی(جهیز)ی کلارای خێزانی کە دەوڵەمەند بوو پارەی چاپی ئەم نامیلکەیە دابین بکات. سپرانتۆ یەکەم هەندێك لاینگری لە رووسیا، دواتر لە ئەڵمان و وڵاتانی ئەورووپییدا پەیدا کرد. سەرەتا وانەدەهاتە بەرچاو کە سپرانتۆ هێزی رکابەرایەتی لەگەڵ زمانی ڤێلاپووك بکا، کە ئەو کات لە لوتکەی سەرکەوتن دا بوو، بەڵام وشەگەلی ئاشناتری سپرانتۆ و رێزمانی

PDF 4 KURD



سانا و ساکاری ئەو بووە هۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی درێژخایەندا، ڤێلاپووك پێگەی خۆی بە سپرانتۆ بدۆڕێنێ.

یەکەمین بلاڤۆکی سپرانتۆ بە ناوی La Esprantisto لە ١٨٨٩دا چاپ بوو و یەکەمین کۆنگرەی جیهانی زمانی سپرانتۆ لە ١٩٠٥دا بەڕێوەچوو، لەم کۆنگرەیەدا نزیك بە حەوت سەد نوێنەر لە بیست وڵاتی جیهانەوە ئامادە بوون. لە ١٨٩٤دا زامنهۆڤ لە وەڵامی پێشنیار و رەخنەکانی رەخنەگران و چاکسازیخوازەکانی زمانەکەیدا خۆی پرۆژەیەکی چاکسازی پێشنیار کرد. پرۆژەی پێشنیاری ئەو بریتی بوو لە هەڵبژاردەیەك لە پێشنیارە پێشکەش کراوەکان بۆ باشترکردنی سپرانتۆ، کە هەرچەندە دەیتوانی رەخنەگر و ئیرادگرەکان داخا بەڵام گورزی لە پێکهاتی کێش و کلاسیکی سپرانتۆ دەدا. بە خۆشییەوە بە دژکردەوەی روون و نارەزاییەتییانەی لایەنگران و قسەکەرانی سپرانتۆ، ئەم چاکسازییانە تەنیا لە ئاستی قسە و پرۆژەدا مایەوە. زامنهۆڤ لە کۆتایی تەمەنی خۆیدا ئایینی جیهانی خۆی Homaranismo (کۆمەڵگای جیهانی مرۆڤایەتی) کە بنچینەکانی لە سەر بنەمای ئاشتی، سەبر، هاوژینی ئاشتیخوازانە و یەکێتی نێوان خەڵکی جیهان بوو، بە جیهان ناساند. ئەم هەوڵەی ئەو دژکردەوەیەکی نێگەتیڤی هەندێك کۆمەڵگا بە تایبەتی ناوەندگەلی پەیوەندیدار بە کەنیسەی کاتۆلیك رووبەڕوو بۆوە.

## سپرانتۆ زمانەکان کێن؟

دەکرێ بێژەر و قسەکەرانی زمانی سپرانتۆ بە کۆمەڵگای جوولەکەکان (تا بەر لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم) بشووبهێنین، کۆمەڵێك کە بە زمانێکی یەکەی بە بێ وڵاتێك کە ئەم زمانە، زمانی نەتەوەییان بێ. سەبارەت بەو سپرانتۆ زمانانەی کە لە چوارقوڕنەی جیهاندا بلاوبوونەوە ئەو خاڵانەی خوارەوە شیاوی سەرنج پێدانە:

أ — ژمارەی وتەبێژانی زمانی سپرانتۆ بە پێی رێژەی دانیشتووانی تەواوی جیهان کەم و دەگمەنە، بەڵام لە تەواوی وشکانییەکاندا — نەك تەنیا لە شارە گەورەکاندا بەڵکو لە شارە بچووك و دوورکەوتەکانیشدا — نیشتەجێن. بۆ وێنە بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە ساڵی ١٩٨٥دا لە لایەن لێژنەی جیهانی سپرانتۆوە ئەنجام درا لە شاری یۆنی تیۆی ژاپۆن ١٣٠٠٠،

لە رۆلێنسۆی نەرویج ٨٠٠، لە لیلی ئێستۆنی ٥٠٠، لە بەین ئەلعەربی تونس دا ٥٠٠ کەس بە زمانی سپرانتۆ قسە دەکەن.(شۆبێرت، ١٩٨٩: ١٥٣).

ب – سپرانتۆ زمانەکان تۆڕە زۆر ئەکتیڤەکانی کۆمەڵگای جیهانین. پەیوەندییە نووسین و زارەکییەکانیان، سەفەرە پشوودانەکانیان و زانستی هاوبەشیان، تێکۆشان و هەوڵی بەردەوام لە میتینگە نێونەتەوەییەکاندا کە لەودا سپرانتۆ زمانی رەسمییە، بەڕێوەبردنی بەردەوام و بەربڵاوی بڵاڤۆك و کتێب بە زمانی سپرانتۆ (بڵاڤۆك یا گۆڤاری فەرمی ئەنجوومەنی جیهانی سپرانتۆ لە سەد وڵاتی جیهاندا هاوبەشە) نموونەی ئەم تێکۆشانانەیە.

ج – فێربوونی زمانێکی سرووشتی بە واتای دەرەتانی پێکهێنانی پەیوەندی نزیك لەگەڵ وتەبێژ و ئاخاوتنکەرانی ئەم زمانە نیە. لە نێوانی تایلەندی و سوییدییەکدا کە هەردووکیان بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن زۆربەی کاتەکان هیچ هەستێکی نزیك و خەمخۆر بوونی نیە. بەڵام سپرانتۆ زمانەکانی هەر نەتەوە و کولتوورێکی هەیانبێ وەك کەمینەیەکی نەتەوەیی، لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی نزیك و تایبەتی هەستیار پێك دێنن.

سەبارەت بە دۆخی جوگرافی مرۆڤانی سپرانتۆ زمانەکان و رێژەی بەربڵاویان لە جیهاندا دوو سەرچاوەی جۆراوجۆر هەیە، یەکێکیان کتێبی ساڵی ئەنجوومەنی جیهانی سپرانتۆ UEA و ئەویتر زانیارییگەلێك کە لە لایەن کەسانی سپرانتۆزمانەوە بۆ دۆزینەوەی پیشە، هاوسەر و هاوڕێ لە بڵاڤۆکە سپرانتۆیی زمانەکاندا چاپ دەبن. ئەنجامەکانی ئەم دوو رێژەیە لە هەندێکجاردا زۆر دژ بە یەکترە. بە هەر حاڵ سپرانتۆ زمانەکان پتر لە هەموو شوێنێکی دنیا لە ئەورووپای رۆژهەڵاتدا ئەندامیان هەیە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە شێوەیەکی یەکسان بڵاوبوونەوە. لە رەهەندی پیشەیشەوە لە هەموو چین و توێژ و شێوە کەسانێکی ئاشنا لەگەڵ سپرانتۆ بە بەرچاو دەکەون.

PDF 4 KURD



## زمانە دەستکردە بەرچاوەکانی دیکە

**سێلرێسل:**

تاکە تایبەتمەندی ئەم زمانە ئەوەبوو کە تاك دەیتوانی هەم لە رێگای ساز ژەنینەوە، هەم لە رێگای فیتوو لێدان و هەم لە رێگای قسەکردنەوە قسەیان لەگەڵ بکا. ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ئەم زمانە لەگەڵ پێشوازییەکی زۆر لە کۆمەڵگای ئەورووپادا رووبەڕوو بۆوە و تەنانەت سوپای فەڕانسا ئەم زمانەی وەك زمانی فەرمی هێزە سەربازیەکانی ئەو وڵاتە راگەیاند.

سەرەڕای ئەوەی کە فێربوونی سێلرێسل وەك زۆربەی زمانە ئەزموونییەکانی دیکە کارێکی ئەستەمە بەڵام بە یارمەتی تایبەتمەندییە مۆسیقاییەکانی خۆی هەروا بەردەوام لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لایەنگرانێکی تایبەت بە خۆی هەیە و چەندین ئەنجوومەنی تایبەتی قسە کەرانی ئەو زمانە هەیە.

**ڤێلاپووك:**

داهێنەری زمانی ڤێلاپووك یۆهان مارتین شلاییێر قەشەیەکی کاتۆلیکی خەڵکی شاری بادەن بوو.بە پێی بانگەشەی خودی شلاییێر، ئایدیای ئەفراندنی زمانێکی دەستکرد بۆ یەکێتی و هاوخەمی گشت خەڵکی جیهان لە لایەن خواوە لە زیندەخەوێکی بێگەرد و دڵپاکانە سەرووی پێکراوە.

شلاییێر، لە ساڵی ١٨٨٠دا پرۆژەکەی خۆی چاپ کرد کە دەست بە جێ پێشوازییەکی گەرمی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپادا لێکرا. ئەم زمانە ئاسمانییە پاش بەزاندنی سنوورەکانی ئەورووپا بۆ ئەمریکا و دواتر بە هەندێك بەشی ئاسیاش گەیشت. بە روواڵەت وادێتە بەرچاو کە ئامانجی خەون و فانتازیای زمانی نێونەتەوەیی لە بەرەبەری وەدەیهاتن دایە، چونکە لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵ دا ڤێلاپووك زیاتر لە سەدان هەزار قسەکەری لە چوارقوڕنەی جیهاندا هەبوو.

یەکەمین کۆنگرەی جیهانی ڤیلاپووك لە ١٨٨٤ لە ئەڵمانیا بەڕێوە چوو، دووهەمینیان لە ١٨٨٧ لە ئۆتریش و سێهەمینیان لە ١٨٨٩ لە ڤییەنا. لە دوو کۆنگرەی یەکەمدا بەشداربووان بە زمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد، بەڵام زۆربەی وتارەکانی کۆنگرەی سێهەم بە زمانی ڤیلاپووك بوو. بەڵام بەخت و شانسی ڤیلاپووك، دەوڵەتی تاڵووکە بوو.

ڤیلاپووك لە ماوەی تێپەڕینی رۆژەکاندا هەم لە ناوخۆوە گورزی لێدرا و هەم لە دەرەوە، بە واتایەکی دیکە هۆکاری شکستی ڤیلاپووك هەم هۆکاری زمانی بوون و هەم پرسگەلێکی سەروو زمانی.

ڤیلاپووك بە رێزمانی زۆر هزرخوازانە و سیستەمی وشەسازی وردی خۆی لە زۆر لایەنەوە پێشەکی و بەراییەك بوو بۆ سپڕانتۆ. وشە نوێیەکان بە هۆی زیادبوونی گیرەکەکان یان بە هۆی لێکدانی وشە پچڕوکەکان پێك دەهاتن، بەڵام بە بوونی گەلێك هاوشێوەیی کە ئەم دوو زمانە لە تیۆریدا پێکەوە لەگەڵ یەکتریدا هەیانبوو لە زانستدا زۆر جیاواز بوون. روانگەی زامنهۆڤ لە سەر زمان سەر ڕاست و ئاسان بوو بەڵام رووبەڕووبوونەوەی شلاییێر ئاڵۆز و ناڕوون بوو. بەو حاڵەش گرنگرین کەم و کوڕی و رەخنە لە سەر ڤیلاپووك، پێداگری بێ جێی شلاییێر لە سەر گۆڕینی شێوەی رەگ و وشەکانی ئەورووپایی ستاندارد بوو. بۆ وێنە بۆ ئینگلیزی زمانێك دیاریکردنی ئەوەی کە زۆربەی ناو و کردارەکانی ڤیلاپووك لە ئینگلیزییەوە وەرگیراون و تەنانەت خودی وشەی ڤیلاپووکیش دوو وشەی گۆڕدراوی ئینگلیزین(World Speech) زۆر ئەستەم بوو. هەڵبەت بە رووالەت هۆی ئەم گۆڕانە لە لای شلاییێر ئەوە بوو کە ئەو لە هەوڵی ئەفراندنی زمانێکی یارمەتیدەرانە لە تەنیشت زمانە سرووشتییەکان نەبوو، بەڵکو لە هەوڵی ئەفراندنی تاکەکەسی و تایبەت بە جیهان بوو.

زۆری نەخایاند هەڵگران و لایەنگرانی ڤیلاپووك بڕیاریان دا دەست بۆ راست و چاکسازی کردن و ئاسان کردنی ئاڵۆزییەکانی زمان ببەن. لە لایەکەوە هەوڵ درا بۆ ئەوەی رێزمان و وشە نامۆکانی وێکچوونێکی زۆرتر لە وشەگەلی زمانە ئەورووپاییەکان بە خۆوە بگرن. رێبەری ئەم بزاڤە چاکسازییە پڕۆفیسۆرێکی فەڕەنسی بە ناوی ئاگێست کرشۆف بوو، کە لە دووهەمین کۆنگرەی ڤیلاپووکدا وەك یەکێك لە ئەندامانی لێژنەی بەرپرسی ئاکادیمی ڤیلاپووك هەڵبژێردرا. هەر لە هەمان سەرەتاوە تێکهەڵچوون لە نێوان شلاییێر و کرشۆفدا دەستی پێکرد،



چونکە کەسی دووهەمی وەك داهێنەری زمان خۆی بە خاوەن ماف دەزانی کە دەبێ هەموو جۆرە چاکسازی و دەستێوەردانێك لە زمانی ڤیلاپووك لە ژێر چاوەدێری ئەودا ئەنجام بدرێ (هەرچەندە لە بنەڕەتدا باوەڕی بەوە هەبوو ڤیلاپووك پێویستی بە هەموو جۆرە چاکسازییەك نیە). لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سێهەمدا، ئاگری ژێر کا بوو بە شەڕێکی تەواو بەمانا. دوای گەیشتنی کرشۆڤ بە پلەی سەکردایەتی ئاکادیمی، شلاییێر ئاکادیمی بە رەسمییەت نەناسی و لەوێ هاتەدەر. شەڕی نێوخۆیی و ناکۆکی سەرکردایەتی بزاڤی ڤیلاپووك، ئەنجامێکی جگە لە لەناوچوونی ئەم زمانە نەبوو گەلێك ئەندام و لایەنگری ڤیلاپووك لە ماوەی چەند ساڵدا دڵیان لەم زمانە بۆوە و بەدوای سپڕانتۆ یا زمانە دەستکردەکانی دیکە کەوتن. لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا، ڤیلاپووك لە راستیدا، تەنیا ناوێك بوو کە لە ناو کتێبی مێژووی زمانە دەستکردەکاندا بوو نەك وەك زمانێکی چییەتی پەیوەندی بۆ کۆمەڵە بچووکەکانیش. لە ساڵی ١٩٨٠دا بێرنارد گێڵدەن زمانناسی ئەمریکی رایگەیاند کە تەنیا دە ڤیلاپووك زمان لە جیهاندا هەیە کە هەڵبەت ئەم دە کەسەش سپڕانتۆیی زمانانێك بوون کە تەنیا لە رووی پرسنی و کونجکۆڵییەوە — یان رەنگە لە بەر بێکارییان — فێری ئەم زمانە بوون.

**ئایدۆ(١):**

دەور و بەری ساڵی ١٩٠٠ و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سپڕانتۆ لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی رووسیا، ئەڵمانیا و سویددا ناسرابوو و گەلێك قسەکەری هەبوو. لە فەڕانسە و بریتانیا سپڕانتۆ لە ناو چین و توێژی رووناکبیرو هونەرمەندا کۆمەڵێك لایەنگری تایبەتیان هەبوو. بەڵام لە ئیتالیا و ئیسپانیادا، پێکهاتی رێزمانی، سیستەمی دەنگ و وشەیی ئەو زۆر نەدەکەوتە بەر دڵی خەڵکەوە. پیتی ژێر و رەق، وشەگەلی سلاڤی و ئەڵمانی، داتاشینی وشەی پەیوەندی و شێوەی سلاڤی هەموویان بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە نامۆ و ناخۆش بوون.

لە ١٩٠٠دابیرکار زانی ناوداری فەڕانسی لۆیی کوتۆرا بە یارمەتی زاناکەی لێئۆپلێدلێئۆ بەرنامەیەکی پاوانخوازانەی بۆ راکێشانی لایەنگر و یارمەتی ناوەندە نێونەتەوەییەکان بۆ دابین کردنی زمانێکی نێونەتەوەیی باش و جێگای قەبووڵی هەموو خەڵك دەست بە کار بوون. ئەم

دووانە دواجار ١٩٠٧دا بە پشتیوانی دەیان ناوەند و ڕێکخراوی کۆمیتەی زمانی نێونەتەوەییان دامەزراند.

کۆمیتەی کۆتۆرا لە سەرەتا کار و تێکۆشانی خۆیدا، بەبیر هێنەرەوەی ئالۆزی زمان دوای ڕووخانی تاوەری بابل بوو. لەم کۆمیتەیەدا گەلێك زمانی سەیرو سەمەرە بە ناوی سەیر و سەمەرەوە هەبوو — ناوگەلێکی وەك بالتا، بولاك، بۆپال، دیل، ئارنا، ئێسلێن — هەڵبەت زۆربەی ئەم زمانانە هەلومەرج و دۆخی پێویستی سەرەتایی و پێویست بۆ زمانێکی دەستکردی ستانداردیان نەبوو. هەڵبەت مەبەستی سەرەکی کۆتۆرا لە دامەزراندنی ئەم کۆمیتەیە مەیدان نەدان بە داهێنەرە بێ ناو نیشانەکان — و زۆربەی نالێهاتووەکان — ی ئەم زمانانە نەبوو، بەڵکو بەدەستهێنانی لایەن و ڕەهەندی ئەندامبوون لە بەرامبەر ئەنجوومەنی سپرانتۆ بوو. لە ١٩٠٨، کۆتۆرا لە ئۆلتیماتۆمێکی توونددا بە ئەنجوومەنی سپرانتۆی ڕاگەیاند کە یا لە ماوەی یەك مانگدا دەبێ ئەو چاکسازییانەی ئەو لە مەڕ زمانی سپرانتۆ قەبووڵ بکا یان دەبێ چاوەڕوانی نوسخەی چاکسازیکراوی سپرانتۆ لە لایەن ئەوەوە بێ وەك زمانێکی نوێ. کۆمیتە گوێی نەدایە ئۆلتیماتۆمی کۆتۆرا و ئەو نوسخەی زۆر بە توندی چاکسازیکراوی سپرانتۆی بە ناوی ئایدۆ بە کۆمەڵگای جیهانی ناساند.

ئایدۆ گەلێك لایەنگری بە خاوەن دەسەڵات و ناسراوی پەیدا کرد کە دەبێ لە نێوان ئەواندا ئاماژە بە ئۆتۆیسپیرسینی زمانناسی ناودار بکەین، بەڵام شێتی چاکسازی ناکۆتا و بەردەوام، زۆرترین گورزی لەم زمانەدا. ئایدیستەکان یان لایەنگران و هەڵگرانی ئایدۆ لە گەڕان بە دوای زمانێکی کامڵدا هیچ کات بە لوتکە و ڕاستی نەگەیشتن. هەر ڕۆژەی پێشنیارێکی تازەیان بۆ چاکسازی دەخستە ڕوو و لە ڕاستیدا دەروازەی گشت بەشەکانی ئەم زمانە بۆ ئەنجام دانی هەموو چەشنە چاکسازییەك کراوە و ئاوەڵا بوو. پێویست بە گوتن ناکا کە فێربوونی زمانێك کە بە شێوەیەکی ڕۆژانە کەوتۆتە بەر چاکسازی و گۆڕان و گۆڕانکاری کارێکی چەندە ئەستەم و بێ سوودە. دەگێڕنەوە کۆتۆرا لە کاتی هەڵبژاردنی ناوی ئایدۆ، بۆچوونی بێرتراند ڕاسێلی فەیلەسووفی ئینگلیزی سەبارەت بەم ناوە پرسی و ڕاسێل وڵامی دایەوە: من وام پێ باشە لە جیاتی ناوی Ido، ناوی Idiot (گەمژە) هەڵبژێری. جگە لە گشت قسە و فەرموودەکان:



جیاوازی ڕواڵەتی ئایدۆ و سپرانتۆ زۆر کەم و لاوازە و زۆرتر دەگوترێ کەسێك کە بتوانێ دەقی سپرانتۆ بخوێنێتەوە خوێندنەوەی بابەت بە زمانی ئایدۆ بۆ ئەو کارێکی هێندە ئەستەم نیە.

**ئۆکسیدنتاڵ:**

ئۆکسیدنتاڵ یەکێك لە گەورەترین پرۆژەکانی زمانە دەستکردەکان بوو، کە دوای کۆتاییهاتنی یەکەمین شەڕی جیهانی خرایە ڕوو. داهێنەری ئەم زمانە ئێدگار فێن واڵی ئێستونیایی بوو کە لە ساڵەکانی بەر لە شەڕی ماڵوێرانکەر، بە هۆگرییەکی زۆرەوە فێری سپرانتۆ ببوو بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا، لەم زمانە وەك زمانێکی گونجاو بۆ پێکهێنانی پەیوەندی هاوبەش لە کیشوەری ئەورووپادا وەڕەز ببوو.

فێن واڵ پێی وابوو سپرانتۆ لە ڕادەبەدەر قەرزباری زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەورووپایە و لەوەڕا کە لانکی ژیاری ئەورووپای بە ڕۆژئاوا و باشووری دەزانی، بڕیاریدا زمانی دەستکردی خۆی لە سەر بنەمای ڕۆمی و لاتینی دامەزرێنێ. زمانی ئۆکسیدنتاڵ پتر لە هەموو شتێك وەبیرهێنەرەوەی زمانێکی ڕۆمی خۆماڵی و ناوچەیی بوو، تەنانەت ئەگەری ئەوە هەبوو کە زمانناسی نائاشنا ئەو وەك زاراوەیەکی ڕۆمی بچووك بە هەڵە بگرێ کە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری ڕۆم وەك زمانێکی تێکەڵاو لە هێرشبەرانی ئەڵمانیا و ئێسکاندیناوی کەڵکی لێوەرگیراوە. لایەنگرانی ئەم زمانە هەڵوەستەی لایەنگری لە نازیسم و فاشیسمیان هەبوو و ئەم زمانە لە ١٩٨٥دا وەك زمانێکی مردوو ڕاگەیاندرا.

**ئینگلیزی سانا:**

هەروەك پێشتر گوتمان هەندێك پرۆژەی زمانە دەستکردەکان تەنیا پێشنیارگەلێکی بریتی لە گۆڕان و ساکارکردنەوەی پێکهاتی زمانە سرووشتییەکان بوو. ئەم ساناکردنەوەیە زۆرتر لە بواری نەهێشتنی ئالۆزیی و ناڕوونییە ڕێزمانییەکان یان بەرتەسك بوونی ژمارەی وشەکانی ئەم زمانانەوە بوو، ناودارترین زمانی ئەندامی ئەم کۆمەڵە لە پرۆژە زمانییەکان، "ئینگلیزی سانا" ی چارلیز ئۆگدەن بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەم زمانەی بە کۆمەڵگای جیهانی ناساند.

ئەم جۆرە ساناکردنەوەیەی زمانی ئینگلیزی بریتییە لە ٨٥٠ وشەی سەرەتایی و پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بوو.

زۆرێك لە خەڵکی جیهان بە بەد گومانییەوە ئینگلیزی سانایان بە "ئەسپی ترۆڤا"ی ئینگلیزی دەزانی. هەڵبەت لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەم دەرکەوت کە ئەم بەد گومانییەی ئەوان بێ جێ بووە.

## نۆڤیاڵ:

نۆڤیاڵ، زمانی یۆتۆپیایی زمانناسی گەورە و ناوداری دانیمارکی، ئۆتۆیسپیرسن بوو کە بەر لە داهێنانی ئەو، یەکێك لە بەرگریکەرە رادیکاڵەکانی زمانی ئایدۆ بوو. نۆڤیاڵ گەلێك وێکچوونی لە گەڵ ئۆکسیدنتاڵ هەیە بەڵام لەو کەمتر ناسراوە. وادیارە یسپیرسن ئەم زمانەی بە سیلەی چاو لە زمانە گەلاڵە دارێژراوەکانی / شماتیك (وەك سپرانتۆ ئایدۆ) لە لایەکەوە و سووکە ئاورێك لە زمانە سرووشتیخوازەکانی وەك ئۆکسیدنتاڵ لە لایەکی دیکەوە داهێناوە. بە پێی بەڵگەنامە و دێکۆمێنت کەم کەس بە کردەوە ئەم زمانەی بەکار هێناوە و جگە لە خودی یسپیرسن، هەڵگرێکی جیددی دیکەی نەبووە.

## ئینتێرگلوسا و گلۆسا:

یەکێك لە زمانە دەستکردە سەرنجڕاکێشەکانی دەیەی چل کە بەرووالەت لە ڕەوتی دیالۆگی ژیارەکان داهێنرابوو" ئینتێرگلوسا بوو، کە لەودا هەوڵ درابوو بە لە یەك گرێدانی دوو ترادسیۆنی زمانی تەواو لە یەکتری جیاواز و دژ بە یەکتری زمانێکی بە ڕاستی جیهانی داهێنرێ. وشەکانی زمانی ئەو لە بیرۆکەی یۆنانییەوە سەرچاوەیان گرتبوو و شێوەی ڕێزمانی ئەو قەرزباری زمانی چینی بوو.

## ئینتێرلینگۆڤا:

پرۆژەی زمانی "ئینتێرلینگۆڤا" یەکەمین نموونەی ناوداری زمانێکی دەستکردی بەرهەمی تێکۆشان و هەوڵی بەکۆمەڵ نەك تاکەکەسییە.

ئینتێرلینگۆڤا بریتییە لە کۆمەڵێك وشەی تەواو لاتین، ڕێزمانی سانا و ناڕوون و سیستەمی دەنگ و فۆنەتیك و میتۆدێکی ناڕوون و کەم و کورتیدار بوو. ئینتێرلینگۆڤا لە ئۆکسیدنتاڵ

PDF 4 KURD



ناتۆڕالیستر و لە ڕەهەندی سەرچاوەی زمانی وەرگرتنەوە بەرتەسکتر بوو. تەنیا زمانێکی نالاتینی کە ئەو شتی لێیەوە وەرگرتبوو ئینگلیزی بوو و زمانە جێرمەنی و ئۆسلاڤیکەکانی بە تەواوی لە بەرچاو نەگرتبوو.

## لاگلان:

لە ڕاستیدا لاگلان گەڕانەوەیەك بوو بۆ بنچینەکانی زمانەوانی تیۆری سەدەکانی حەڤدە و هەژدە. بە پێچەوانەی زۆربەی زمانە دەستکردەکانی سەدەی بیستەم، داهێنەری ئەو زانیارییە زمانییە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی نێونەتەوەیی نەبوو، تەنیا مەبەستی تاقیکردنەوەی تیۆری ڕێژەیی زمانی ساپیرۆرڤ بوو.

هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد گریمانەی ساپیرۆڤ لە تێگەیشتنی رادیکاڵانەی خۆیدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کارلێك و ڕێبازی مرۆڤایەتی تەواو لە ژێر کاریگەری پێکهات و وشەکانی زماندایە کە ئەو لە ڕێگای ئەوەوە قسە دەکا و بیر دەکاتەوە. بۆ وێنە کەسێك کە لە زمانی ئەودا وشەی درۆ نەبێ تەنیا دەتوانێ قسەی ڕاست بکا و تەنانەت ناتوانێ لە واتای درۆش تێبگات. ئەم بیرۆکەیە هەرچەندە پێشوازییەکی زۆری لەلایەن نووسەری بەرهەمە زانستی و فانتازییایەکانەوە لێکرا، بەڵام لە کۆمەڵگای زمانناسی بە ساردی لەگەڵی ڕووبەڕوو بۆوە و گەلێك کەسایەتی ناسراوی زمانناسی، تەنیا ئەویان بە ئایدیا و بیرۆکەیەکی منداڵانە و فانتازی دادەنا.

بە هەر حاڵ، لاگلان زمانێکی گونجاو بوو بۆ تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی رادیکاڵانەی ئەم گریمانەیە. ئەم زمانە هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ تەواوی ئەو زمانانەی کە لەگەڵیان ئاشناین و دەیانزانین، جیاوازە. وشەکانی ئەم زمانە تێکەڵاوێکە لە وشەکانی پێنج زمانی یەکەمی زۆرترین قسەپێکەری جیهان — چینی، ئینگلیزی، هیندی و ڕووسی و ئیسپانی — بوو. بەرهەمی تێکەڵاوکردنی وشەکانی ئەم پێنج زمانە تێکەڵاوێکی سەیرو سەمەرەی ئەفراند. هەرچەندە بە هیچ کلۆجێ توانایی کارایی و کەڵکی وەك زمانێکی شیاوی ڕاستەقینەی نیە. لە ڕاستیدا ئەم زمانە ئەو باغی وەحشە وشەیی و ڕێزمانە ئاڵۆزەیەوە، هێندە ئەستەم و چەتوونە کە زۆر دوورە، تەنانەت خودی دوکتۆر بڕوانی داهێنەری خۆش زەوق و مرخیش توانیبێتی ئەو ئاسانی قسەی پێبکا.

**کلینگێن:**

خێڵی ئاسمانی "کلینگێن" یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٧دا و لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی پڕ بینەری "سەفەری ئەستێرەیی" (کە لە ئێراندا بە ناوی "پیشتازان فضا" نیشان درا) بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ناسرا. کلینگێنەکان، بیانییە رەش پێستەکان بە شاخی بچووک لە سەردا بوون، کە بە زمانی ئینگلیزییەی رەوان و روون قسەیان دەکرد. لە کاتی بەرهەم هاتنی نوسخەی سینەمایی ئەم زنجیرەیە لە ساڵی ١٩٧٩دا کۆمپانیای پارامۆنت بڕیاری دا زمانێکی تایبەت بۆ ئەم خێڵە ئاسمانییە دروست بکات. ئاخاوتنی کلینگییەکان بەم زمانە دەستکردە هالیوودییە، زۆر سەیر لە لایەن بینەرانی فیلمەکەوە پەسند کرا و کۆمپانیا بڕیاری دا بۆ بەشی دووهەمی فیلم، زمانناسێك بۆ سەرو سامان دان و رێساییکردنی ئەم زمانە دامەزرێنێ. ئەویش کۆمەڵە رێسایەکی میتۆدێك، وشەیی و دەنگی سانا و ئاسان بۆ کەڵکی روون و رەوانی زمانی کلینگێن داهێنا. کارایی سەرکەوتووی ئەم زمانە لە بەشی سێهەمی فیلمدا، هێندە لایەنگرانی سەفەری ئەستێرەیی تووشی هەژان کرد، کە پێشنیاریان کرد زمانی کلینگێن وەك زمانێکی جیهانی بۆ پەیوەندی نێونەتەوەیی کەڵکی لێوەرگیردرێ. لایەنگرانی کلینگێن پێیان وابوو کە ئەم زمانە زۆر لە سپرانتۆ شیرینترە، لەگەڵ ئەوەشدا فێربوونی زۆر ئاسانترە و سەرەڕای ئەوەش لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ پێکهێنانی پەیوەندی نێوان کاکێشانیش بەسوود دەبێ.

کۆمپانیای پارامۆنت، خۆشحاڵ بوو لەوەی کە هێلکەیەکی زێڕینی نوێی دۆزیوەتەوە، بۆیە فەرهەنگی وشەگەلی کلینگێنی بە تیراژی دوو سەد و پەنجا هەزار نوسخە لە ساڵی ١٩٩٠دا خستە ناو بازاڕەوە. هەندێك دوای ئەو گەلێك شریتی فێرکردنی دیالۆگی کلینگێنی هاتە ناو بازاڕەوە و ئەم زمانە کە لە سەرەتادا بڕیار وابوو تەنیا سەر بە بیانییەکانی ئاسمانی بێ، بوو بە خاوەنی هەزاران قسەکەر لەسەر زەوی. لە ساڵی ١٩٩٤دا ئینجیل بۆ سەر ئەم زمانە وەرگێڕدرا، بەڵام لە کۆتایی دەیەی نەوەد و لەگەڵ تێکشکانی بەردەوام و یەك لە دوای یەکی بەشی شەش و حەوتی سەفەری ئەستێرەییدا کلینگێن بەرەبەرە خۆشەویستی رابردووی لە دەست دا.

PDF 4 KURD



**کاریگەری تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەری لە سەر گەڵاڵەکردنی زمانە دەستکردەکان**

پێشتر سەبارەت بە رۆڵی کۆمپیوتەرەکان لە وەرگێڕاندا قسەم کرد و بە کورتی ئاماژەمان بە زمانە تایبەتییەکان کرد کە بۆ پێکهێنانی سازگاری و هەڵکردنی نێوان مرۆڤ و دەزگاکان داهێنراون. لە دەیەی حەفتا بەملاوە مەیل و حەزێکی نوێ لە بەرامبەر زانستی زمانی و زانستەکانی کۆمپیوتەردا بە بەرچاو کەوت، کە کەڵك وەرگرتن لە کۆمپیوتەر لە رەوتی ئۆتۆماتیك و خودکاری زمانە دەستکردەکاندایە.

**هەلومەرجی زمانی دەستکردی ئایدیاڵ**

بۆ زمانێکی دەستکردی ئایدیاڵ، چەندین تایبەتمەندی پێویستیان ناو بردووە، هەندێکیان لەوانی دیکە زیاتر، لایەنی کردەییان هەیە و ئەوانیتر زۆرتر لە سنووری تیۆرییدا شیاوی لێکۆڵینەوەن (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٥٧). ئەم تایبەتمەندییانە بەو شێوەیەن کە لە خوارەوە شرۆڤە و کۆبەندی کراون: **سانایی فێربوون، پەیوەندی لەگەڵ زمانە زیندوو و سرووشتییەکان،** پانتایی دەوڵەمەند و کەڵك وەرگرتن، لە بوارەکانی زانستی، ئایینی، سیاسی، بازرگانی، وەرزشی، پشوودان و هونەری و لە راگەیاندنە گشتییە پەیوەندیدارەکان، ستاندارد بوونی گشتی و دوور بوون لە هەر چەشنە ئاخاوتنێك، نێگەتیڤ بوون، لە رەهەندی سیاسی، کولتووری، رەگەزی و ئایینییەوە، بەدەیهاتنی هزری ساغ و سەلامەتی جیهانی.

**گرفت و لەمپەرکانی کامڵ و پووخت بوون و پەرەسەندنی زمانە دەستکردەکان**

بە ئاکام گەیشتنی زمانە دەستکردەکان لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە و کارایی بەربڵاویان لە ئاستی نێونەتەوەییدا، شەڕێکی دوور و درێژی (تا ئێستاش بێ ئاکام)ی بۆ هەڵگرانیان بووە. ئەوان هاوکات دەبێ بە سەر گرفتە کۆمەڵایەتی، زمانی و سیاسییەکاندا زاڵ بن، نموونەی ئەو گرفتانە بریتین لە: **ئەستەمی پێکهێنانی هۆکار بۆ فێربوونیان، نەبوونی ناسنامەیەکی کولتووری و نەتەوەیی، دەمارگرژی زمانی،** زۆرێك لە زمانە دەستکردەکان تەنیا لە سەر بنەمای زمانەکانی بنەماڵەی هیند و ئەورووپی داهێنراون، جیاوازی واتایی لەگەڵ زمانەکانی دیکە، رکابەرایەتی ناخۆشی زمانە دەستکردەکان لەگەڵ یەکتریدا، و هەندێکجار دژایەتی حکومەت لەگەڵ زمانە دەستکردەکان.

## کورتە و دەرئەنجام

بیرو باوەڕی بوونی زمانێکی کۆن کە زمانێکی یەکە و گشتی هەموو مرۆڤایەتی بووە، ریشەیەکی ئەفسانەیی — ئایینی هەیە. دوای شکستی گەلێك هەوڵ بۆ دۆزینەوە و بووژانەوەی ئەم زمانە، کۆمەڵێك بیریان لەوە دەکردەوە تا بە ئەفراندنی زمانە دەسکردەکان، بۆشایی زمانێکی هاوبەش بۆ پەیوەندی خەڵکی جیهان لەگەڵ یەکتری پڕ بکەنەوە. یەکەمین هەوڵەکان لەم بوارەدا، بە مەبەستی ئەفراندنی زمانێکەوە ئەنجام درا کە لەگەڵ هیچ کام لە زمانە زیندوو و سرووشتییەکانی دنیا خزمایەتی و نزیکی نەبوو. خۆپارێزی توندڕەوانەی ئەم زمانە تیۆرییانە لە هەر جۆرە خزمایەتی و پێکچوونێك لەگەڵ زمانە ئاشنا و ناسراوەکانی مرۆڤایەتی، دەبێتە هۆی نامۆبوونی ئەوان بۆ خەڵك و (لە ئاکامدا) سەرنەکەوتنیان. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە، داهێنەرانی زمانە دەستکردەکان بە ئاوڕدانەوەی دووبارە لە بیرو ڕای خۆیان روویان لە داهێنانی زمانە ئەزموونییەکان کرد کە لە ئەفراندنی زمانە سرووشتیەکان وەرگیرابوون. سەرکەوتووترینی ئەم کۆمەڵە زمانە سپڕانتۆ بوو. ئەم زمانە لایەنگرانێکی یەکجار زۆری هەبوو و لە زۆر وڵاتدا باو بوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا تەنانەت ئەم زمانەش نەیتوانی بە شێوەی ئامرازی تێگەیشتن و تێگەیاندنی نێونەتەوەیی لـێ بێت و لە درێژخایەندا پێشوازییەکەی رووی لە کەمبوونەوە و لاوازی کرد. لە هۆکارە بەرچاوکانی نەبوونی پێشوازی بەرین و جیهانی خەڵك لە زمانی سپڕانتۆ — و بە گشتی زمانە دەستکردییەکان — یەکیان ئەوە بوو کە باوبوون و فێربوونی هەموو زمانێك، هۆکار یا پێویستی یان تۆپزییەکی بەدواوەیە کە لە فێربوونی زمانێکی دەستکرددا هۆکارێکی ئەوتۆ بوونی نیە. لە لایەکی دیکەوە چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێب بەم زمانە خەرجی و بوودجەیەکی زۆر دەوێ، هەرچەندە گەلێك کتێب بە زمانی سپڕانتۆ بڵاوبوونەوە، بەڵام چاپ و پڵاوبوونەوەی کتێبی پێشووتر بەم زمانە نوێیە گرفتێکی گەورەی پێك هێنا. لە لایەکی دیکەوە دوای تێپەڕینی چەند ساڵ لە تۆرەمەی دواتردا گەلێك گۆڕانکاری لەم زمانەدا پێك هات و بە شێوەیەکی نەگۆڕ نەمایەوە. خاڵێکی گرنگی دیکەش ئەوە بوو کە چونکە بنەمای ئەم زمانە لە سەر بنەمای یەك یا چەند زمانی ئەورووپی بوو لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگا زمانییەکاندا کارلێکی نێگەتیڤی پێك دەهێنا.

PDF 4 KURD



## پەراوێزەکان

1). Artificial language
2). Planned language
3). model language
4). invented language
5). imaginary language
6). auxiliary language
7).inter langayge
8). logical language
9).number language
10). symbolic language
11).Gesture language
12). pivot language
13). Tolkein
14). Klingon
15). Kabbalist
16). lingua Ignuta
17). IDO

# پاری چوارەم

## ئاڕاستەی هەڵبژاردنی زمانێکی سرووشتی وەک زمانێکی جیهانی

### چۆن زمانێکی سرووشتی دەبێتە زمانێکی جیهانی؟

زمانێکی سرووشتی کە هی کۆمەڵێکی ڕەگەزی یا وڵاتێکی تایبەتە، کاتێك وەك زمانێکی جیهانی پێناسە دەکرێ و دەچەسپێ کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا خاوەنی ڕۆڵێکی تایبەتی بێت. ئەم ڕۆڵە تایبەتییە دەتوانێ بە شێوەی کارکردی زمانی وەك زمانی سەرەکی و زگماکی خەڵکی ئەو وڵاتە (وەك دۆخی زمانی ئینگلیزی لە بریتانیا، ئیرلەندا، ئەمریکا، کەنەدا، ئوستوراڵیا، نیوزلەندا، ئەفریقای باشووری و دوورگەکانی کاڕائیب) بێ. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بەبیر بێنینەوە کە ناتوانین هیچ زمانێك بدۆزینەوە کە زمانی زگماکی وڵاتانێکی زۆر لە جیهاندا بێ (ئیسپانیا وەك زمانی زگماکی بیست وڵاتی ئەمریکای ناوەندی و باشوور نموونەیەکی دەگمەن و ناوازەیە.) هەر بۆیە زمانێك سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ زمانی زگماکی چەند وڵاتێکی جیهانی بێ، بۆ گێڕانی ڕۆڵی زمانێکی جیهانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەبێ لە وڵاتانی دیکەشدا کاریگەردار بێ و کەڵکی لــێوەرگیرێ. دەبێ ئەم زمانە بە ڕادەیەك لە ئاستی جیهانیدا بەهادار و گرنگ بێ کە وڵاتانی دیکە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم زمانە، زمانی زگماکی



ژمارەیەکی زۆر کەمە لە خەڵکی ئەوان، حەز یا ئارەزوو یا تۆپزی ڕاهێنان و فێرکردنی ئەو لە ناوەندەکانی ڕاهێنانی خۆیدا هەبێ.

دوو بەشی سەرەکی لەم ناوەدا هەیە" یەکەمین شێوە ئەوەیە کە زمانێك — زمانی فەرمی — نەك زگماکی یا نەتەوەیی — وڵاتێکە و وەك ڕاگەیاندن بۆ پەیوەندی لە بوارگەلێکی وەك سیاسەت، یاساگەلی دادوەری، ڕاگەیاندنە گشتییەکانی پەیوەندی گرتن و سیستەمی ڕاهێنان کەڵکی لــێ وەرگیردرێ. ئەم چەشنە زمانانە زۆرتر وەك "زمانی دووهەم" ناویان دێنن، چونکە وەك خەملێنەر و کاملکەرێك بۆ زمانی زگماکی یا زمانی یەکەم خەڵکی ئەو وڵاتە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بۆ وێنە زمانی ئینگلیزی ڕۆڵ یا دەورێکی ئەوتۆی لە وڵاتانێکی وەك غانا، نێجیریا، هیند و سەنگاپووردا هەیە.

شێوەی دووهەم ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو زمانەی مەبەستمانە، زمانی فەرمی وڵات نیە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەست و ئامانجە بازرگانی، ئابووری، کۆچکردن، سیاسی و ڕاهێنان و فێرکردن، هۆگری خۆیان بۆ فێربوونی نیشان دەدەن. لە شێوەیەکی ئەوتۆدا بەم زمانە دەگوترێ " یەکەم زمانی بیانی " ئەو وڵاتە و لە ڕاستیدا زۆربەی وڵاتانی جیهان هەر ئەو زمانە بیانییەیە کە منداڵان لە دوای چوون بۆ قوتابخانە فێری دەبن. بۆ وێنە زمانی ڕووسی لە کۆمارە تازە سەربەخۆکانی سۆڤییەتی پێشوو و چینی ماندارینی لە وڵاتانی ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبووە و دەیان بێ. زمانی ئینگلیزی لەم ناوەدا زمانێکە کە پتر لە هەموو زمانێکی دیکە وەك "یەکەم زمانی بیانی" لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهاندا فێردەکرێ. لە زیاتر لە سەد وڵاتی جیهاندا وەکو چین، ڕووسیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، میسر و بەڕازیل فێرکردنی زمانی ئینگلیزی هەر لە سەردەمی قوتابخانەی سەرەتاییەوە دەست پێدەکا و پێتان سەیرە ئەگەر بزانن زمانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٩٦دا وەك "یەکەمین زمانی بیانی" لە جیاتی زمانی فەڕەنسی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەلجزایر دانرا. (کریستاڵ، ١٩٩٨: ٤).

لە کاتێکدا کە زمانێکی نا خۆماڵی (نا ناوچەیی)، وەك زمانی فەرمی وڵاتێك هەڵدەبژێردرێ ئەگەری ڕوودانی چەندین حاڵەت هەیە. پێدەچێ ئەم زمانە ناخۆماڵییە تەنیا زمانێکی فەرمی وڵات بێ، وێدەچێ بە شێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ زمانێکی دیکەدا ئەم ناوەی

هەبێ یا پێدەچێ هەر تەنیا پلەی نیمچە فەرمی هەبێ و تەنیا لە هەندێك بواری تایبەتیدا کەڵکی لـێوەرگیردرێ.

گەلێك هۆکار بۆ هەڵبژاردنی زمانێك وەك یەکەم زمانی بیانی بۆ وڵاتێك هەیە: ئەم هۆکارانە بریتین لە پێشینەی مێژوویی، هاوکێشەگەلی سیاسی و مەیل و ئارەزوو بۆ پەیوەندی تەکنەلۆژیا، کولتوور یا بازرگانییە. دوای هەڵبژاردنی زمان، ئاستی رۆڵ و ئامادەبوونی زمان لە وڵاتدا دەتوانێ پەیوەندی بە مەیل و حەزی دەوڵەتی ئەو وڵاتە یا سیاسەتەکانی راهێنانی ئەوەوە بێت.

لە کەشێکی گونجاو و لەباردا، سەرچاوەی پێویست بۆ یارمەتی بەو کەسانەی فێری زمان دەبن (راگەیاندن، کتێبخانە، قوتابخانە و ناوەندەکانی تەواو کردنی خوێندن) هەیە. زیادبوونی ژمارەی کەسانی شارەزای فێرکردنی زمان، کتێبەکان و شریتەکانی یارمەتیدانی وانەیی، گەلێك پرۆگرامی فێرکردنی زمان و گەلێك سیستەمی فێرکردن لە رێگای دوورەوە رۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی زمانێکدا وەك "یەکەم زمانی بیانی"هەیە. پەرەسەندنی ئەم سێ رۆڵە — زمانی زگماکی، زمانی فەرمی و "یەکەم زمانی بیانی" دەبێتە هۆی ئەوە کە زمانێك دۆخ و رۆڵی جیهانی بە خۆوە بگرێ.

## بۆچی زمانێکی سرووشتی دەبێتە جیهانی؟

ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی تایبەتی قسە دەکەن کاریگەرییەکی کەمتریان لە جیهانی بوونی ئەودا هەیە. ئێستا، نزیك بە ١/١ میلیارد کەس واتە نزیکەی ١ لە سەر پێنجی حەشیمەتی جیهان بە زمانی چینی قسە دەکەن. بەڵام ئەم زمانە تەنیا لە وڵاتی چین و هەندێك وڵاتی دیکەی ئاسیایی باشووری رۆژهەڵاتیدا ناسراوە و پەرەسەندنی جیهانی نیە.

لێگەڕێن با نموونەیەکی مێژوویی بێنینەوە، لاتین لە سەردەمی حکوومەتی ئیمپراتۆری رۆمدا زمانێکی نێونەتەویی لە بواری جیهانی خاوەن شارستانییەتی ئەو کات بوو، بەڵام ئەم پرسە نەك بە هۆی حەشیمەتی زۆری وڵاتی رۆم بەڵکو بە هۆی هێزی سەربازی لە رادەبەدەری وڵاتی رۆم بوو. دواتر کاتێك کە وڵاتی رۆم لاواز بوو و رووخا لاتینی هەروا بە هۆی دەسەڵاتی



ئاسمانی کەنیسەی کاتۆلیکی رۆم بۆ هەزار ساڵی دیکە پلەی خۆی وەك زمانی نێونەتەوەیی پاراست.

لە نێوان باڵادەست بوونی زمانی و هێزی کولتووریدا پەیوەندییەکی زۆر نزیك و روون هەیە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا کاتێك کە باسی مێژووی زمانی ئینگلیزی دەکەین ئەم پرسەش دەخەینە بەر چاو. لە راستیدا بە بێ پایە و بنەمایەکی بەهێز — لە رەهەندی سیاسی سەربازی یا ئابووری یا زانستی یەوە ناتوانین هیچ زمانێك وەك راگەیەنی پەیوەندی نێونەتەوەیی رۆڵ بگێرێ. شارەزایان پێیان وایە زمان ماکەیەکی سەربەخۆ و دوور لە خەڵکی نیە کە بەو زمانە قسە دەکەن. ئەگەر قسەکەرانی خۆماڵی و ناوچەیی زمانێك لە ئاستی نێونەتەوەییدا سەرکەوتنگەلێکی بەرچاویان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی، ئەدەبی، هونەری و ئابووریدا بەدەست بێنن، زمانەکەنیش لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە پێشوازی بەرچاوی لێدەکرێ. ئەوە زۆر باوە کە دەڵێن زمانێك بە هۆی خۆش ئاهەنگ بوونی، روون بوونی دەربڕینی، دوور بوون لە لێڵی رێزمانی، دەوڵەمەندی ئەدەبی و یا پرسگەلێکی ئایینی پەرەی سەندوە. عیبری، یۆنانی، لاتینی، عەرەبی و فەرەنسی نموونەی ئەو جۆرە زمانانەن. سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی دەڵێن سانابوونی رێزمانی لە بەرامبەر زمانەکانی دیکەدا بۆتە هۆی خۆشەویستی و کارایی بەربڵاوی ئەو زمانە لە ئاستی جیهانیدا. رێسایی بوونی، کەڵك وەرگرتن و کارایی فراوانی، بوونی ژمارەیەکی سنووردار لە پاشگر و پێشگر و نەبوونی جیاوازی و هەڵاوارتنی رەگەزی نێرینە و مێینە لەم زمانەدا، لەو هۆکارە بەرچاوە ساکار بوونانەی رێزمانی زمانی ئینگلیزی و پەرەسەندنی جیهانی ئەم زمانەن. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هۆکارگەلێکی ئەوتۆ و هێندە جێگای قەبووڵ و عەقڵانی نایەنە بەرچاو. لاتینی سەرەڕای بوونی کۆتاییە گەردانکراوی بێ هەژمارەکانی خۆی و جیاوازی رەگەزی رێزمانی، لە سەردەمی خۆیدا زمانێکی باوی نێونەتەوەیی بوو. فەرەنسیش لە ماوەی سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا سەرەڕای خاوەنداربوون لە رەگەزی رێزمانی و کرداری گەردانەیی خۆی، رۆڵێکی بەرچاوی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەبوو. سانابوونی فێربوون لە پەرەسەندنی جیهانی زمانێکدا پرسێکی هێندە دیاریکراو نیە. منداڵانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە کاتێکی دیاریکراو و تایبەتیدا، سەرەڕای جیاوازییە رێزمانی و وشەییەکانی زمانەکانیان، فێریان دەبن. منداڵێکی چینی کە دەبێ لایەنیکەم شێوەی سێ

چوار هەزار وشەی زمانێکی تاك وشەیی خۆی فێر ببێ هەر لە هەمان تەمەن بە سەر زمانی زگماکی خۆیدا زاڵ دەبێ کە منداڵێکی ئینگلیزی (کە لە بەرامبەردا تەنیا دەبێ بیست و شەش کاراکتەری زمانی ئەلف و بێی خۆی فێر ببێ).

هەڵبەت حاشاهەڵنەگرە کە هەندێك تایبەتمەندی لە قەبووڵ بوونی زمانێك و پەرەسەندنی جیهاندا ئەودا کاریگەرن، بەڵام ئەم زمانیانە تایبەتمەندییە لێبڕاو و دیاریکراویان نیە. بۆ وێنە، هەندێکجار ئەوانەی کە فێری زمانی ئینگلیزی دەبن قسە لە سەر ئاشنابوونی وشەگەلی ئینگلیزی دەکەن. لە راستیدا، هیچ زمانێك بە رادەی زمانی ئینگلیزی لەو زمانانەی دیکە کە پەیوەندی لەگەڵیان دەبێ وشەی بە قەرز وەرنەگرتووە. بەخێرهێنانەکانی ئەم زمانە لە وشەگەلی بیانیدا تەواو لەگەڵ زمانی فەڕەنسی پێکناکۆن کە بریکاریان پاڵاوتن و دەگمەن سازی ئەو لە هەوڵ دان زمانی جوانیان لە هەموو وشەیەکی ناشیرین و قێزەونی بیانی پاك راگرن. زمانی ئینگلیزی لە لایەکەوە گەلێك تایبەتمەندی پێکهاتەیی بەرچاوی وەك سیستەمە کۆد و رەمز دانان و پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی زمانی نێوان چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای نیە (بۆ وێنە زمانەکانی جاوەیی بۆ خاوەندار بوون لە سیستەمگەلە ئاڵۆزانە بە ناو بانگن).

لەو شتەی گوتمان بەو ئەنجامە دەگەین کە زمانێك بە هۆی تایبەتمەندییە ستراکتۆرییەکانی خۆی، بە هۆی ژمارە و چییەتی وشەکانی، بە هۆی خاوەنداری لە خەزێنەی ئەدەبی و میراتی کولتووری دەوڵەمەند و یان پەیوەندیداربوون و وابەستەبوونی بە مەزهەبێکی بەرزی ئاسمانی، نابێتە جیهانی. زمانێك تەنیا بە هۆی هۆکارێکی بەرچاوەوە دەتوانێ ببێتە زمانێکی نێونەتەوەیی. توانایی سیاسی خەڵکەکەی، بە تایبەتی هێز و توانای سەربازی ئەوان. مێژوو پێداگری لە سەر ئەم هۆیە دادەگرێ. بۆچی زمانی یۆنانی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ لەوەو پێش لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین دا بوو بە زمانێکی نێونەتەوەیی؟ بە دڵنیاییەوە هۆی ئەم دیاردەیە فەلسەفەی بەرزی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و شانۆنامە دەگمەن و بەرزەکانی سوفوکێل و ئاخیلووس نەبووە. رەنگە باشتر وابێ کە وەڵامی ئەم پرسیارە لە شمشێرە تیژ و نێزە تیژەکانی سوپای ئەسکەندەری مەزندا بدۆزینەوە. بۆچی خەڵك لە سەردەمی زێرینی کۆماری رۆمدا لە سەرانسەری ئەورووپادا بە زمانی لاتینی قسەیان دەکرد؟ دەتوانی ئەوە لە لۆژیۆنەکانی رۆمی بپرسی. بۆچی زمانی عەرەبی لە ئاستێکی بەریندا لە باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناڤیندا



کەڵکی لـێوەرگیراوە؟ پەرەسەندنی ئیسلام بە هۆی سوپای جەهانگیری مورەکانتان لە بیر نەچێ.( عەرەبەکانی مەغریب { باکووری ئەفریقا} ). فەڕەنسا، ئیسپانیا و پورتوگالیەکان چۆن گەیشتنە ئەمریکا، ئەفریقا و رۆژهەڵاتی دوور؟ سیاسەتی داگیرکەرانەی مەلەکی و سوڵتانەکانی سەردەمی رێنسانس بخوێننەوە و ئەوەی کە سیاسەتەکان بە چ شێوەیەك بە هۆی سوپا و هێزی دەریایی ئەم وڵاتە بە بێ هیچ بەزەیی و رەحمێك بەڕێوە دەچوو. بێرتراند راسێل فەیلەسووفی گەورەی ئینگلیزی لە یەکێك لە بابەتەکانیدا بە تانە و بەریەتییەوە دەنووسێ: "دەکرێ مێژووی زمانی جیهانی لە رێگای مێژوونووسی گەورەی سەرکەوتنانەی سەرباز و شەڕکەرەکانی قسەکەر و ئاخاوتنکەری ئەو زمانە بۆ هەموو ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان پەیسەری بکرێ".

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئەوە بێ ویژدانی دەبێ ئەگەر هێز و وزەی پیتاندخانەکان و رادەی ورەی سەردارەکانی شەڕی وڵاتێك یان نەتەوەیەك تەنیا بە هۆکاری پەرەسەندن و باڵادەستبوونی جیهانی زمانی بزانین. لە قۆناغێك لە مێژوودا، مەغۆلەکانیش نیوەی ئاسیایان داگیر کرد و یەك دوو سەدەیەك دەسەڵاتداریان بە سەر ناوچە داگیرکراوەکاندا کرد، بەڵام تەنانەت لە سنوورێکی بەرتەسکیشدا نەیانتوانی زمانی مەغۆلی پەرە پێ بدەن. رەنگە بکرێ بڵێین هێزی سەربازی دەتوانێ رۆڵی بان سنووری زمانێك بچەسپێنێ، بەڵام درێژەی ژیانی ئەو لە دەرەوەی سنوورەکانی نەتەوەیی و خێڵەکی ئەو، لە دەست دەسەڵاتی ئابووری و کولتووری لایەنگری و پشتی بڵاوبوونەوەیەتی. بە تایبەتی ئەم پرسە لە سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی، لە تێلدان (تێلگراف)، تەلەفۆن، و رادیۆ گەشەکردنێکی زۆرتری بە خۆوە بینیوە. هێزی راگەیاندنەکان لە سەد ساڵی دواییدا گەشەیەکی بەرچاوی هەبوو و تەواوی سنوورە جوگرافیە بەزاندووە. شەپۆلێکی تازەی پیشە سازی لە جیهان دا (بریتی لە فیلمە سینەماییەکان بە فرۆشتنێکی میلیاردییەوە، گەلێك یاری کۆمپیوتەری و شریتە پڕ فرۆشەکانی مۆسیقا) و پێشکەوتنی رۆژ لە دوا رۆژ لە بواری زانست و تەکنەلۆژیادا، رۆڵی هەڵکردنی زمانی نێونەتەوەیی لە رابردوو پڕ رەنگتر کردووە و لەم ناوەدا زمانی ئینگلیزی بە گێڕانی رۆڵی بەهێز لە هەندێك بواری کولتووری زانستی پشوودانی جیهانیدا چانسی یەکەمی وەك زمانی جیهانی بەدەست هێناوە. دۆخی زمانی ئینگلیزی لە ئاستی جیهانیدا لە

راستیدا ریشەی لە هەوڵ و تێکۆشانە داگیرکەرانەکانی ئەم وڵاتە لە سەدەی نۆزدەدا و روودانی شۆڕشی پیشەسازی لەو وڵاتەدا لە سەدەی هەژدەدا هەیە. سیاسەتە ئیمپیریالیستییەکانی ئینگلیز، زمانی ئەو وڵاتەی لە گەلێك شوێنی دوورەدەستی جیهان بڵاوکرد و بە واتایەکی دیکە دۆخەکە بە جۆرێکی لێهات کە لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا خۆر هیچکات بۆ وتەبێژانی ئەم زمانە ئاوا نەدەبوو. ئەم ئامادەبوونە جیهانییەی زمانی ئینگلیزی، لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا، سەرەڕای کەمبوونەوەی هێز و دەسەڵاتی ئینگلیز، لە لایەن زلهێزی نوێی ئینگلیزیی زمانەکانی جیهان، ئەمریکا، بەهێز بوو.

### قازانجەکانی هەڵبژاردنی زمانێکی سرووشتی وەك زمانی جیهانی

پێشتر گوتمان وەرگێڕان رۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری لە پێکهاتنی پەیوەندی تاکەگەلێکدا هەیە کە بە گەلێك زمانی جۆراوجۆر لە ماوەی چەند هەزار ساڵی دواییدا گێڕاوە، کاتێك دەسەڵاتداران یا خود سەفیرەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە گەلێك زمانی جۆراوجۆر دیدار و سەردانی یەکتری دەکەن بوونی وەرگێڕێك پێویستە. بەڵام لە وڵاتێکدا کە لە رەهەندی زمانەوە تووشی فرەزمانی بووە و دوو، سێ یا ژمارەیەکی زمانی دیکە لەوێدا قسە کەریان هەیە ئایا بوونی وەرگێڕێك لە گشت دیالۆگەکانی تاکەکان بە زمانە جۆراوجۆرەکان شتێکی نەشیاو و گونجاوە؟ بێگومان وەڵام نەرێیە. دوو زمان بوون یا چەندزمان بوون رێگاچارەیەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. ئەگەر منداڵان لە تەمەنێکی گونجاوی فێربوونی زمان، بە سەر دوو یا سێ زمانی سەرەکی وڵاتەکەیاندا زاڵ بن گرفتەکە خۆی لە خۆوە چارەسەر دەبێ. بەڵام چارەنووسی وڵاتێکی وەکو هیند چیە کە لەودا گەلێك زمان لەگەڵ یەکتری لە پەیوەندیدان؟

ئەم گرفتە تاڕادەیەك بە ناساندنی زمانێك وەك زمانی ناونجی یان زمانی هاوبەش چارەسەر کراوە. هەندێکجار زمانێکی ناوچەیی رۆڵی زمانی ناونجی دەگێڕێ. زۆرتر ئەم زمانە لە بواری کۆمەڵایەتییەوە کارایی و کەلکێکی زۆر و فراوانی هەیە و پێشینەیەکی مێژوویی بەرچاویشی هەیە، وەك زمانی چینی ماندارین لە چین(سین). کۆمەڵەکانی دیکەی زمانی کۆمەڵگاکانی دیکەش، بە گەلێك پلە و دەرەجەی جۆراوجۆرەوە لە ئاستی دابین کردنی پێداویستییەکانی رۆژانە فێر دەبن و دەبنە دوو زمانە. هەندێکجاریش پەیوەندی کۆمەڵەکانی زمانی ئەفراندنی



زمانە ئاوێتەبووەکانی لێدەکەوێتەوە، کە لە پاری داهاتوودا بە تێرو تەسەلی باسی لە سەر دەکەین. بەڵام شێوەی زاڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لە نیوەی سەدەی دواییدا، قەبووڵ کردنی زمان لە دەرەوەی کۆمەڵگاکانی زمانی ناوچەیی وڵات بووە. زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بۆ خۆپاراستن لە رووبەڕووبوونەوە نەتەوەیی رەگەزی و هەروەها بە هۆی کاریگەرییە ئابووری، سیاسی و ئایینییە زلهێزەکانی جیهان وایان بە باش زانیوە کە گەلێك زمانی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی وەك زمانی ناونجی وڵات بناسێنن. پانتایی جوگرافیایی زمانێکی ناونجی تەواو پەیوەندی بە هۆکاری ژیۆپۆلۆتیك / جوگرافیای سیاسیەوە هەیە.

ئایدیای هەڵبژاردنی زمانێکی سرووشتی وەك زمانی ناونجی تەواوی خەڵکی جیهانی لە سەدەی بیستەم و بە تایبەتی لە دەیەی پەنجا بەملاوە هاتۆتە گۆڕێ. بە چەسپانی رێکخراوی نێونەتەوەیی وەك ناوەندی سەرەکی پەیوەندی نێونەتەوەیی لە ١٩٤٥ بەملاوە، گەلێك دامەزراوەی نێونەتەوەیی وەك بانکی جیهانی (١٩٤٥) یۆنیسکۆ و یۆنیسیف (١٩٤٦) رێکخراوی پاك و خاوێنی جیهانی (١٩٤٨) و ئاژانسی وزەی ناوەکی (١٩٥٧) بە کۆمەڵگای جیهانی ناسێندران.

لە ئاستێکی بەرتەسکتردا لە بوار و چوارچێوەی کیشوەرەکانیشدا گەلێك رێکخستنی چەند نەتەوەیی وەك رێکخراوی وڵاتانی بەرژەوەندی هاوبەش و یەکێتی ئەورووپا پێیان نایە گۆڕەپانەوە، پێویستی بە ئامادەبوونی زمانێکی ناونجی بۆ ئاسان کردنی پەیوەندی لە کۆبوونەوەگەلێکی ئەوتۆدا، لە هەلومەرجێکدا هەست پێ کرا کە سیستەمەکانی وەرگێڕان سەرەڕای خەرجییەکی زۆری کەڵکێکی تەواو لەباریشیان نەبوو (ئەوە شتێکی ئاساییە کە چەند زمان وەك زمانی ناونجی ئەم جۆرە ناوەندانە پێشنیار دەکرێن. بۆ وێنە، رێکخراوی نێونەتەوەیی بە زمانی فەرمی — ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی، رووسی و چینی —یەوە دەست بە کاربوو).

هەڵبەت لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێستاش نیوەی بوودجەی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان (بۆ وێنە رێکخراوی نێونەتەوەیی و یەکێتی ئەورووپا) بۆ خەرجی وەرگێڕان تەرخان کراوە، چونکە نەهێشتنی سرویسەکانی وەرگێڕان بەم سانایی و ساکاریەش مەیسەر نیە. هیچ وڵاتێك پێی خۆش نیە زمانەکەی دۆخی نێونەتەوەیی خۆی لە دەست بدا. هەر بۆیە هەڵبژاردنی زمانە

PDF 4 KURD

فەرمییەکان هەمیشە یەکێك لە هەستیارترین و خولقێنترین پرسە سەبارەت بە بڕیاردان لە کومیتەکانی پلان دانانی ناوەندە نێونەتەوەییەکان.

پێویستی بە زمانێکی ناونجی جیهانی، لە گۆڕەپانی جیهانی و ناوەندە ئاکادیمییە نێونەتەوەییەکانیش زۆر بە توندی هەست پێ دەکرێ. دانوستانێکی بازرگانی یان باسێکی زانستی لە کۆنفرانسێکی ئینتەرنێتیدا لە نێوان نوێنەری وڵاتانێکی وەك سوید، نیجیریا و چین تەنیا بە زاڵبوونی هەر سێکیان بە سەر زمانێکی هاوبەشی نێونەتەوەییدا دەگونجێ، چونکە بوونی وەرگێڕێك لەم ناوەدا نە دەگونجێ و نە توانایی کارایی و کەڵکی هەیە.

لە لایەکی دیکەوە، خەڵکی جیهان ئەمڕۆکە هۆگرییەکی تایبەتیان بۆ سەفەرکردن بۆ دەرەوەی سنوور و کەڵك وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەری — بە تایبەتی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت لە دەیەی نەوەد بەملاوە — هەیە. بە پێی بەراوردی پسپۆڕان، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە یەك میلیارد سایت و وێبلاکی تاکەکەسی لە سەر تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت هەبوو. ئەمڕۆکە بە کەڵك وەرگرتن لە پۆستی ئینتەرنێتی دەکرێ پەیامێکی هاوبەش بۆ سەدان وڵاتی جیهان بنێردرێ.

بەڵێ، بەدەیهاتنی بیرۆکەی بە گووند بوونی جیهانی زەوی زۆر دوور نیە، تەنیا گرفتەکە لەوەدایە کە هێشتا خەڵکی ئەم گوندە بەو شێوەیە کە دەبێ ببێ و نەبێ لە زمانی یەکتری تێناگەن.

## مەترسییەکانی ناساندنی زمانێکی سرووشتی وەك زمانی جیهانی

ناساندنی زمانی سرووشتی نەتەوەیەك یا وڵاتێك وەك زمانی جیهانی گەڵێك لایەنی نێگەتیڤی خۆی هەیە، پێدەچێ ئەم باڵادەستبوونە زمانییە، دەبێتە هۆی باڵادەست بوونی فیکری و پراکتیکی خەڵکێك کە ئەم زمانە، زمانی زگماکییانە بە سەر کەسانێکدا کە وەك زمانی دووهەم یا زمانی بیانی فێری دەبن. بۆ وێنە دەوڵەتی ئینگلیز لە سەدەی نۆزدەدا بە خراپ کەڵك وەرگرتن لە ئاگادار نەبوونی دەسەڵاتدارانی وڵاتە دواکەوتووەکانی ئاسیایی و ئەفریقایی بە کەڵك وەرگرتن لە زاراوەگەلی یاسایی زمانی ئینگلیزی و واتاگەلی دوو لایەنەی ئەم زمانە، بە کردەوە لە کاتی پەیماننامەگەلێکدا کە لەگەڵ ئەم وڵاتانە بە زمانی ئینگلیزی

PDF 4 KURD



دەبەستران، سەریان بێ کڵاو دەهێشتنەوە و گەلێك جیاوك و ئیمتیازی بەرچاویان بۆ خۆیان دەستە بەر دەکرد. لە لایەکی دیکەوە چەسپانی زمانێکی تایبەتی وەك زمانی جیهانی پێدەچێ ببێتە هۆی بێ هۆگربوونی خەڵك بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکە و لە لایەکی دیکەوە ببێتە هۆی زیادبوونی خێرایی نەهێشتن و ونبوونی زمانی کۆمەڵە کەمینەکان. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی سەرژمێرییانە زیاتر لە ٩٥ لە سەدی دانیشتوانی سەر زەوی بە کەمتر لە ١٠٠ زمان لە ناو چوار هەزار زمان لە جیهاندا قسە دەکەن (کریستاڵ، ١٩٩٨: ١٦). کاتێك تێدەگەین کە تەنیا ٥ لە سەدی ئەوانەی تر بە هەزاران زمانی جۆراوجۆر قسە دەکەن، روون دەبێتەوە کە زۆربەی زۆری ئەم زمانانە، زمانی کۆمەڵەیەکی بچووك لە خەڵکن، کە ئەگەر زمانێك وەك زمانی جیهانی بە لێبڕاوی بچەسپێ، کاتی مەرگیان زۆر زووتر لەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێ. هەر لەم هەلومەرجە هەنووکەییەدا، زۆرن ئەوانە پێیان وایە فێربوونی زمانەکان کە هیچ قازانجێکی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی پەیوەندی بەوانەوە نیە کات بە فیڕۆ دانێکی راستەقینەیە و زۆری تر پێیان وایە جیهانێك تەنیا بە زمانێك، ئایدیایەکی بان سرووشتی و بەدیهاتنی ئاشتی و یەکێتی جیهانییە. بۆ کەسانێکی ئەوتۆ، جیهانی تاك زمانی، جیهانی سەردەمی پاکی و جیهانی رۆژەکانی دروستکردنی بورج و قەڵاتی بابلە. هەڵبەت لە بەرامبەردا هەندێك پێیان وایە کەڵك وەرگرتن لە زمانێکی تاك و یەکە هیچ هۆیەکی پاساوهەڵگر و گرەنتی کراو و دڵنیای بۆ بەدیهاتنی تێگەیشتن و دەرکی هاوبەش و دوو لایەنە نیە. هەر وەك لەمەوبەر گەلێك جار لە ماوەی مێژوودا ئەوە بەبەرچاو کەوتووە کە نەتەوە و کۆمەڵەیەك لە ناو وڵاتێکدا بە زمانێکی هاوبەشەوە تووشی گەلێك شەڕی درێژخایەن و خوێناوی لەگەڵ یەکتری بوون (شەڕی جیابوونەوەی ئەمریکا، شەڕی ناوخۆیی ئێرلەندی باکووری) هەروەها ئامادەبوونی لە زمانێك زیاتر لە کۆمەڵگایەکدا هۆکارێکی دڵنیا بۆ تێکهەڵچوون و رووبەڕووبوونەوەی نەتەوەیی و رەگەزی لە ناو ئەو وڵاتەدا نیە. وەك نموونەگەلێك لە هاوژینی ئاشتیخوازانەی ئاخاوتنکەرانی دوو یان چەند زمان لە وڵاتێکدا دەبێ ئاماژە بە فینلەندا، سەنگاپوور و سوویس بکەین.

*** باڵادەست بوونی زمانی (ارجحیت زبانی):**

ئایا کەسانێك کە لە تافی منداڵیدا زمانێك فێر دەبن کە ڕۆڵی جیهانی و نێونەتەوەیی هەیە لە بەراورد لەگەڵ کەسانێك کە ئەو زمانەیان وەك زمانی دووهەم یا زمانی دەرەکی لە تەمەنەکانی لاوبوون یا بەساڵاچوویدا فێر دەبن، جیاوك و باڵادەستی تایبەتیان هەیە؟ بە دڵنیاییەوە وەڵام ئەرێیە. بۆ وێنە کەسێك کە زمانی زگماکییەکەی ئینگلیزی نیە بۆ نووسینی ڕاپۆرت و بابەتەکەی بە زمانی ئینگلیزی دەبێ ماوەیەکی زۆر زیاتر بە بەراورد لەگەڵ هاوکارە ئینگلیزی زمانەکەی تەرخان بکا. لە لایەکی دیکەوە لەسەر زەین بوونی ئەوان بۆ کەڵك وەرگرتنی دروستی زمان، دەبێتە هۆی ئەوە کە لە ڕادەی داهێنان و لێهاتوویان لە کارەکەیان کەم بکاتەوە. جگە لە زاناگەلێك کە لە کۆمەڵگای زانستی نێونەتەوەییدا، گەلێك بابەت و بەرهەمیان بە زمانێك جگە لە ئینگلیزی دەنووسن لەو مەترسییەدان کە کارەکەیان لە بەرچاو نەگیردرێ.

نموونەیەکی دیکە فەرمانبەرانی لقەکانی ئاسیایی و ئەفریقی کۆمپانیا ئینگلیزی و ئەمریکییەکانن کە زمانی زگماکیان ئینگلیزی نیە و لە بەراورد لەگەڵ هاوکارەکانیان بە تایبەتی لە دانیشتنە ڕەسمی و سیمینارە بازرگانی و ئابوورییەکان وەك خەڵکی ئاسایی دەڵێن، کەمی دێنن. ڕەنگە ڕێگاچارەی ئەم گرفتە لە بەڕێوەبردنی سیستەمێکی ڕاهێنانی ڕێك و پێکی زمانی جیهانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەر لە هەمان سەردەمی خوێندنی سەرەتایی منداڵی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بێت. ئەگەر ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی دروست و بنەڕەتی کاری خۆی بکات، توانایی زمانی منداڵێکی بۆ وێنە چینی یا ڕووسی لەگەڵ منداڵێکی ئەمریکای لە بواری زمانی ئینگلیزیدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نابێ.

- **<u>بەسبوونی زمانی (کفایت زبانی)</u>**

ئایا زانینی زمانێکی جیهانی، دەبێتە کوشتنی ئەنگیزەی کەسانێك بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکە؟ بەڵگە و ئارگیۆمێنە جیهانییەکان دیاردەیەکی ئەوتۆ تەئید دەکەن. نەبوونی ئەنگیزە بۆ فێربوونی زمانێك جگە لە ئینگلیزی، بە شێوەیەکی پان و بەرین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە جیهانی هاوچەرخدا بە بەرچاو دەکەوێ. کەمبوونی پارە، کات و ئەنگیزە سێ هۆکاری بنەڕەتی ئەم بێ مەیلی و ئارەزووەن.



هەڵبەت دەکرێ بڵێین لاوازی و کەم و کوڕی سیستەمی فێرکردنی زمانی بیانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دەرکەوتنی ئەم گرفتەدا هەبووە. بۆ وێنە گرانت تۆرنتێن لێکۆڵەری کەنەدی لە ساڵی ١٩٦٦دا تۆژینەوەگەلێکی ئەنجام داوە کە نیشانی دەدا لە سەدا نەوەد کۆمپانیای بازرگانی بەلجیکا، هۆلەندا، لۆکسمبۆرگ و یۆنان گەلێك کارگێڕیان هەیە کە دەتوانن جگە لە زمانی زگمانی خۆیان بە زمانەکانی دیکەش قسە بکەن، لە حاڵێکدا سی و هەشت لە سەدەی کۆمپانیاکانی بریتانی گەلێك کارگێڕیان هەیە کە جگە لە ئینگلیزی، بە سەر زمانێکی دیکەدا زاڵ نین. لە ئوستراڵیاش ئێستایابانی وەك یەکەمین زمانی بیانی و لە ئەمریکا و ئینگلیز، ئیسپانیایی وەك یەکەم زمانی بیانی فێر دەکرێ بەڵام هێشتاش ڕێگایەکی زۆر بۆ چوونەدەرەوەی قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزی لە دوورەپەرێزی و پەراوێزبوونی زمانەکانیاندا هەیە. (کریستاڵ، ١٩٩٨: ١٨)

*** خێرایی مردنی زمان:**

ئایا ناساندن و چەسپانی زمانێکی جیهانی، دەبێتە هۆی خێرایی نزمبوونەوەو نەمانی زمانە کەمینەکان؟ دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە پرۆسەی باڵادەستبوونی زمانێك و لە ناوچوونی زمانێکی دیکە پێشینەیەکی هێندە دوور و درێژی نیە و تەنیا پەیوەندی بە پرسی ناساندنی زمانێکی جیهانییەوە نیە. هیچ کەس نازانێ بە دروستی تا ئێستا چەند زمان لە جیهاندا بێدەنگ بوون و بە واتایەکی دیکە تووشی مردنی زمانی بوون، بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێ کە ژمارەی ئەوان زیاتر لە چەند هەزار دانە بێ. زۆربەی کاتەکان مردنی زمانی تەنیا، بە هۆی خۆبەدەستەوەدانی نەتەوەیەك لە بواری کولتووری و زمانییەوە بە نەتەوەی باڵادەست و زاڵ دا ڕوویداوە. وا مەزندە دەکرێ کە زمانە ناوچەیی و نەتەوەییەکانی ئەمریکای باکووری، بەرازیل، ئوستراڵیا، ئەندۆنزیا و هەندێك بەشی ئەفریقا هەر بەم هۆیەوە لە ناوچوون. لێکۆڵەرەکان لەو باوەڕەن کە لە نزیك بە سێ تا چوار هەزار زمانی جیهان، لە سەدا هەشتایان تا کۆتایی سەدەی بیست و یەك بێدەنگ دەبن و لە گۆڕەپاندا نامێنن. ئەگەر ئەم ڕووداوە ناخۆشە ڕووبدات بە دڵنیایەوە تراژیدیایەکی کولتووری دەبینین. کاتێك زمانێك دەمرێ

PDF 4 KURD

خەزێنەیەکی گرانبەها لە فۆلکلۆر، ئەفسانە، گۆرانی، داب و نەریتی کۆن و ئایینی و گەلێك پەند کە بەرپەرچدەرەوەی تێڕوانینی تایبەتی قسەکەرەکانی ئەو زمانە بووە دەنێژرێ و نامێنێ.

بە خۆشییەوە لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا گەلێك ناوەند لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیادا سامانیان بە بزاڤی زمانەکان کە لە مەترسی مەرگدابوون داوە کە دەکرێ لە ناو ئەوانەدا ئاماژە بە لیژنەی پاراستنی زمانەکانی مائۆری لە نیوزلەندا، رێکخراوی پاراستنی زمانە ناوچەییەکانی ئوستراڵیا و ئەنجوومەنی پاراستنی زمانەکانی سوورپێستەکانی ئەمریکا و کەنەدا بکەین.

جگە لەوە، لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ گەشەکردنی بزاڤە جوداخوازەکان و نەتەوەییەکان شەپۆلێکی دیکەی تازەمان لە لایەنگری لە زمانە کەمینەکان بینییوە. لە راستیدا لە هەندێك شوێنی جیهاندا ئەوە بە بەرچاو کەوتووە کە لە جیاتی یەکێتی زمانی، بەرەو لەبەریەك هەڵوەشان و جیابوونەوەی زمانی راکێشراوە، بۆ وێنە دەتوانین لە سەر یوگوسلافی پێشوو قسە بکەین. بۆ ماوەی چەندین دەیە، خەڵکی پارێزگاکانی یۆگوسلافیا بە زمانی هاوبەشی سیربۆ — کرات قسەیان دەکرد بەڵام دوای سەربەخۆیی کۆمارە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە لە دەیەی نەوەددا، سیربەکان بە زەق کردنەوەی تایبەتمەنییەکانی ئاخاوتنی ئەو زمانەی کەڵکیان لـێوەردەگرت ئەویان وەك زمانی سیربی ناساند. بۆسنی و کرواتیەکانیش هەر بەمشێوەیە زمانی خۆیان بە بۆسنیایی و کرواتی راگەیاند.

دۆخێکی تارادەیەك ئاشتیخوازانەی هاوشێوەش لە وڵاتانی سکاندیناویدا هەیە. زمانەکانی سویدی، نەرویجی و دانیمارکی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نیە و بە شێوەیەکی بەرچاو دەتوانن لە یەکتری تێبگەن، بەڵام تەنیا بە هۆی شووناسی جیاواز و هەڵاوارتەی خەڵکی ئەم سێ وڵاتە وەك زمانە جیاوازکان دەناسرێن.

زۆر جار دەڵێن شووناسی نەتەوە — کولتووری لەگەڵ چەسپانی زمانی هاوبەشی جیهانی پێك ناکۆکە. بەڵام دۆخێك هەیە کە لەودا شووناسی نەتەوە — کولتوور و زمانی هاوبەش بە بێ ئەوەی کە پێك ناکۆکی و دژایەتییەکان لەگەڵ یەکتریدا هەبێ، هاوژینییەکی ئاشیخوازانەیان هەیە. بۆ وێنە ئەم دۆخە لە کۆمەڵگایەکی دوو زمانیدا بە بەرچاو دەکەوێ.



کۆمەڵگایەك کە لەودا زمانێك، زمانی ناوچەیی و نەتەوەیی ئەو وڵاتەیە و زمانێکی دیکە زمانی هاوبەشی جیهانییە.

هەڵبەت ناکرێ ئەوە رەت بکەینەوە کە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی زمانێکی جیهانی دەتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەر ستراکتۆری رێزمانی و وشەگەلی زمانەکانی دیکەی جیهان تووشی گۆڕان و گۆڕانکاری بکات. یەکێك لەو وڵاتانەی کە زۆر بە سەختی لە سەر ئەم پرسە هەستیارە وڵاتی فەرەنسایە کە لەودا یاسای زمانێکی توند و ئەستەمی لە دژی ئەو شتەی کە لە لایەن سامانبەخشانی پاڵاوتنی زمانی فەرەنسا، "شوێنەوارە ناحەز و نانۆڕمداری زمانە بیانییەکان" — بە شێوەیەکی بەرچاو زمانی ئینگلیزی — پێ دەگوترێ دانراوە. بە پێی یەکێك لەم یاسایانە کەڵك وەرگرتن لە وشەگەلی ئینگلیزی لە نامە ئیدارییەکاندا بە تەواوی قەدەغەیە و سزای پارەی هەیە تەنانەت ئەگەر ئەم وشەگەلە بووبنە زاراوەگەلێکی نێونەتەوەییش. بۆ وێنە زانایانی زانستەکانی کۆمپیوتەر دەبێ لە جیاتی وشەی جیهانی کۆمپیوتەر لە ناو بابەت و نووسراوەکانی خۆیاندا کەڵك لە وشەی ناباوی Ordinateur وەرگرن. سەیر لەوەدایە کە ئەم وشانە بەرووالەت ئینگلیزییانە، ریشەی لاتینیان هەیە و لاتینیش هەروەك بێگومان دەزانن دایکی زمانی فەرەنسایە.

ئایا ئاستەنگێك دەتوانێ ببێتە لەمپەرێك لە سەر رێگای زمانێکی سرووشتی، بۆ وێنە زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانێکی جیهانی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵێ و ئەرێیە، هەر وەك لە سەدەکانی رابردوودا لاتین و فەرەنسا پلە و پێگەی خۆیان وەك زمانێکی جیهانی لە دەست دا. ئاساییە ئەگەر باڵادەستبوونی زمان بە پلەی یەکەم بە پرسێکی سیاسی بزانین، ئەوکات روودانی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ لە بواری هێزە هاوشانە جیهانییەکان دەتوانێ ئەنجامی گۆڕانی زمانی جیهانی هەبێت. لە گەلێك کتێبدا — بۆ وێنە کتێبە زانستییە فانتازیاییەکان — دا پێش بینی داهاتوویەك کراوە کە لەودا زمانی جیهانی، زمانی چینی، عەرەبی و یان تەنانەت زمانە بیانییە ئاسمانی(فضايي)یەکانە. هەڵبەت دەبێ سەرەڕای گریمانە لاواز و خەیاڵ و فانتازیا بێ بنەماکان، دان بەوەدا بنێین کە زمانی ئینگلیزی ئێستا دۆخێکی هێندە لەبار و قاییم و باشی لە جیهاندا هەیە کە ئەو زۆر دوورە تەنانەت بە رووخانی ئیپمراتۆری ئەمریکا و یان بۆ وێنە گۆڕانی ئینگلیز بە داگیرکراوی یەکێك لە وڵاتە نا ئینگلیزییەکان تووشی لاوازی و کەم و

کورتی بێ. بەڵام ئەگەرێکی دیکە، پێشکەوتنی پیشەسازی وەرگێڕانە — بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و کەرەسەی وەرگێڕان (ماشین ترجمە) . پێدەچێ ئەگەر زانایان کەرەسەیەکی دیکەی وەرگێڕانی کامڵ و پوختیان دەست بکەوێ، ئیدی هەست بە پێویستی فێربوونی زمانی جیهانی ناکرێ. هەڵبەت سەرەڕای پێشکەوتنە خێرا و بەرچاوەکان لەم بوارەدا، بە تایبەتی لە ماوەی دەیەی نەوەددا بە سەرنجدان بەو کەم و کوڕییانەی هەیە و بە تایبەتی پێویستی پێناسەی هەندێك زمانی تایبەت بۆ لۆگۆس (هۆش)ی دەستکرد، پێناچێ گەیشتن بە کەرەسەیەکی وەرگێڕانی ئارمانی و کامڵ بەم زووانە گونجاو بێ.

لەوەڕا کە ئێستا زمانی ئینگلیزی بە بێ هیچ رکابەرێکی جیددی تەنیا زمانێکە کە لە ئاستێکی زۆر بەربڵاو و بەرین و زۆر کاریگەردا خەڵکی جیهان کەڵکی لـێوەردەگرن. لە لاپەڕەکانی دیکەی ئەم پارەدا، رەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم زمانە وەك زمانی جیهانی تاو توێ دەکەین.

### ئینگلیزی، زمانی هاوبەشی جیهانی؟

یەکێك لە یەکەمین کتێبەکان کە لەودا ئایدیای هەڵبژاردنی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی جیهانی، تێیدا هاتۆتە بەرباس، کتێبی *کاریگەری زمان* بەرهەمی ئێم. فالیکە. ئەم کتێبە لە سەردەمی چاپ و بڵاوبوونەوەیدا لە دەیەی سیدا لەگەڵ پێشوازی سیاسەتوانانی ئینگلیزی و نووسەرە گەورەکانی وەك ئێچ. جی. ڤێلز و بێرنارد شاو رووبەڕوو بۆوە. کتێبی فالیك تێکەڵاوێکی سەیر و نامۆ بوو لە ئایدیا سەرنجڕاکێش و ئەو هەڵانەی کە جێگای باوەڕ نین.

دانەر لە سەرەتای کتێبدا لەگەڵ رەتکردنەوەی ڤێلاپووك و سپرانتۆ وەك بەرچاوترین و زەقترین نموونەکانی زمانێکی دەستکرد، لە بنەڕەتدا ئایدیای داهێنانی زمانی دەستکردی بە شتێك کە پراکتیزە ناکرێ و شتێکی منداڵانەیە وێنا کردووە. هەڵبەت بە بڕوای فالیك ڤێلاپووك زمانێکی لۆژیکیترە لە سپرانتۆ، تەنیا لەبەر ئەوە کە یەکێك لە زمانە سەرەکی و بنەمای ڤێلاپووك، ئینگلیزی بووە. بەڵام بە هەر حاڵ نووسەر پێی وایە لە کاتی سەفەرە زۆرەکانیدا بۆ وڵاتە جۆراوجۆرەکان هیچ کەسی نەدیوە کە تەواو بە سەر یەکێك لە زمانە دەستکردەکاندا زاڵ بێ و هەر بۆیە بەو دەرئەنجامە دەگا کە ئەوان پێگەی کۆمەڵایەتییان لە



ئاستی جیهاندا نیە. بە بڕوای فالیك، مەبەستی سەرەکی خەڵك لە فێربوونی زمانێکی بیانی، خوێندنەوەی ئەدەبیات، بینینی شارەکان و وڵاتانی زێدی ئەو زمانە، کەڵك وەرگرتن لە بازرگانی و بازاڕی سەر بە ئەوان و فێربوونی زانست و مەعریفەی نووسراو بەو زمانەیە، کە شتێکی روون و ئاشکرایە زمانە دەستکردەکان هیچکام لەو تایبەتمەندییانەیان کە ناومان بردن. دانەر لە درێژەدا لە کتێبەکەی خۆیدا، سێ زمانی فەڕەنسا، ئیسپانی و ئینگلیزی بە بەرزترین زمانەکانی جیهان دەناسێنێ و باسی ئەوەی کردووە کە ئینگلیزی بە هۆی ئاسان بوونی دەربڕین و سانابوونی رێزمان و دەستوورەکەی، سەرووتری تایبەتی لە بەرامبەر دوو زمانەکانی دیکەدا هەیە. فالیك لەم کتێبەدا گریمانەیەکی زمانی گەلاڵە دەکا کە بە پێی ئەو کەسانێك کە بۆ وڵاتەکانی دیکە کۆچ دەکەن پێیان خۆشە زمانێك فێر بن کە لە زمانەکەی خۆیان ساناتر بێ. بۆ وێنە ئەگەر ئەڵمانییەك بۆ رووسیا و یان بۆیابان سەفەر بکا، ناتوانێ بە ئاسانی فێری زمانی رووسی یایابانی بێ بەڵام ئەگەر بۆ ئینگلیز یا ئەمریکا کۆچ بکا زۆر خێرا فێری زمانی ئینگلیزی دەبێ، چونکە لە ئەڵمانییەوە نزیکترە. دواتر فالیك هەندێك بڕیاری گشتی دەر دەکا. بانگەشەی ئەوە دەکا کە لە مێژووی جیهاندا، خەڵکانێك کە بە زمانێك قسەیان کردووە هەرگیز لەگەڵ یەکتری بە شەڕ نەهاتوون (بە رواڵەت ئەو شەڕی نێوان ئاتێن و سپارت، شەڕی نێوان ئینگلیز و ئەمریکا، شەڕەکانی جیابوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و شەڕی ئۆتریش و ئەڵمانیا بە پرسگەلێك لە دەرەوەی مێژووی جیهانی زانیوە) و یان لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ هۆی یەکیەتی جوولەکەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ئەوەیە کە ئەوان بە زمانی هاوبەشی یەدیش قسە دەکەن (وادیارە فالیك ئاگاداری ئەوە نەبووە کە زمانی یەدیش، پەیوەندییەکی کەمی لەگەڵ وشەکانی عیبریدا هەیە و لە راستیدا ئاخاوتنی باشووری زمانی ئەڵمانیا و ئۆتریشە کە وشە عیبرییەکانی زۆر کەم و دەگمەنن و جگە لەوەش تەنیا مووسایی و جووەکانی ئەڵمانیا و ئۆتریش بەو زمانە قسە دەکەن.) لە کۆتایی کتێبەکەدا، فالیك بە ئاماژە کردن بە هەرێمی بەرین و پانی ئیمپراتۆری زمانی ئینگلیزی (بریتی لە بریتانیای مەزن، ئەمریکا، کەنەدا، ئوسترالیا، هیند، بەشێکی زۆر لە ئەفریقیا...) بانگەشەی ئەوەی کردووە کە تا کۆتایی سەدە زمانی ئینگلیزی گرنگترین و کاریگەردارترین زمانی جیهان دەبێ، بەڵام ئەم ئینگلیزییە بە هۆی جیاوازییەکانی دەنگ و کەڵك و کاراییان ئینگلیزییەکی ئاوێتە و گۆڕدراو

دەبێ. ئۆتۆیسپیرسن زمانناسی ناوداری دانیمارکی لە ڕەخنەیەك لە سەر ئەم کتێبەدا نووسی بە پێچەوانەی فالیك، ئینگلیزی زمانێکی هێندە ساناش نیە، گوتنی دەنگی ئەو لەگەڵ وشەکانیدا هاوشێوە نیە و دەستەواژەکانی لە نووسینی وشەکانیدا هێندە بەسوود و جێگای دڵخۆشی نیە. یسپیرسن، پێشنیاری فالیك بۆ چاکسازی وشەکانی ئینگلیزی (نموونەگەلێکی وەك کارایی uurk لە جیاتی uuud, work لە جیاتی would) ی لە ڕەهەندی زمانناسی هەڵەوە بەوە دەزانی کە پراکتیزە ناکرێ و پێی وابوو دواجار گرفتی بنەڕەتی ئینگلیزی ڕێزمانی ئاڵۆز و بێ ڕێسای ئەوە. وێڕای ئەوە کە یسپیرسن بە دانانی ئینگلیزی گۆڕدراوی فالیك وەك زمانێکی کەمینەگەر، ئەگەری باو بوونی زمانێکی ئەوتۆی وەك زمانێکی جیهانی بە کز و لاواز زانیبوو. بە هەر حاڵ تێپەڕینی سەردەم سەلماندی فالیك سەرەڕای کۆمەڵێك هەڵە، پێش بینیبەکی دروستی لە سەر داهاتووی ڕوون و سەرکەوتووی زمانی ئینگلیزی هەبووە. بە باوەڕی زۆرێك لە خەڵکی، ئایدیای جیهانی بوونی زمانی ئینگلیزی بە کردەوە خەریکە بەدی دێ. زۆر کەس لەوەش زیاتر پێیان ڕاکێشاوە و پێیان وایە لە سەرەتای دەیەی نەوەدەوە زمانی ئینگلیزی بە سەلماندنی ڕۆڵی زاڵ و باڵادەستی خۆی لە تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتدا، بە کردەوە پلەی خۆی وەك زمانێکی جیهانی سەلماندووە. هەڵبەت بە ئاوڕدانەوە لە پێشکەوتنە سیاسی و پەرەسەندنە ئابوورییەکانی نەتەوە ئینگلیزییەکان ئەو شتە زۆریش سەرسوڕهێنەر نیە. بە پێی مەزندە کردنێکی ڕادیکاڵانە، ئەو کەسانەی کە زمانی ئینگلیزی زمانی زگماکییانە زیاتر لە ٤٠٠ میلیۆن و کەسانێك کە وەك زمانی دووهەم کەڵك لە ئینگلیزیان وەردەگرن نزیکەی ٣٥٠ میلیۆن کەسن و هەروەها پێش بینی ئەوەش دەکرێ کە زیاتر لە ١٠٠ میلیۆن کەسیش وەك زمانێکی بیانی بە فێربوونێکی تەواوەوە کەڵك لە زمانی ئینگلیزی وەردەگرن. ئاماری دروست، باس لە زیادبوونی چل لە سەدای ئەو کەسانەی کە فێری زمانی ئینگلیزی دەبن لە دەیەی پەنجا بەملاوە دەکا. لە مەزندە کردنە بوێرانەییەکانی دیکەدا کە لەواندا قسەکەرانی نیوە کارامە زمانی ئینگلیزی، ئەو کەسانەی کە تەنیا بە سەر یەکێك لە لێهاتوویەکانی تێگەیشتنی، بیستن و ئاخاوتندا زاڵن، و کەسانێك کە تەنیا لە ئاستی خوێندنەوەی گۆڤار و دەقەکاندا زمانی ئینگلیزی دەزانن، هەروەها باسیان دەکرێ، حەشیمەتی ئینگلیزی زمانی جیهانی پتر لە یەك میلیارد کەس مەزندە دەکرێ. ئەم جیاوازی سەر ژمێرییانە لە نێوان دوو ڕوانگەی خۆپارێزانە و

PDF 4 KURD



نەترسانەیە لە هەموو شتێك زیاتر جیاوازی لە بەراوردکردنی ژمارەی ئینگلیزی زمانەکانی هیند (ئینگلیزی بە دووهەمین زمانی ئەم وڵاتە یەك میلیارد کەسیە دادەنرێ) و چین (وڵاتێك بە حەشیمەتی پتر لە یەك میلیارد کەسەوە، کە هۆگری ڕۆژ لە دوا ڕۆژیان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەودا بە بەرچاو دەکەوێ)ەوە سەرچاوە دەگرێ.

بە پێی بەراوردکردنێکی نافەرمییەوە، نزیکەی ١٠٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی چین بینەری هەمیشەیی و بەردەوامی زنجیرە بەرنامەی تەلەفیزیۆنی بی. بی. سی، "Folow me" ن. جێك هیگنیز، نووسەری بریتانی دوای تەواو بوونی نیشتەجێ بوونی بیست ساڵەی لە چین و گەڕانەوەی بۆ ئینگلیز لە بابەتێکدا نووسی: لە ١٩٥٩دا هەموو چینییەك ***کتێبی سوور*** ی ڕێنوێنییەکانی *مائۆ*یان بە دەستەوە بوو. ئەمڕۆکە لە ساڵی ١٩٧٩دا — بیست ساڵ دواتر — هەموو چینییەك کتێبێکی خودفێرکەری ئینگلیزی پێیە." (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٦٠)

بیننە بەرچاوتان تەنانەت ئەگەر ١٠٪ فێریارانی چینی بە ڕوونی بە سەر زمانی ئینگلیزیدا زاڵ بن ژمارەی فێربووانی زمانی ئینگلیزی وەك یەکەمین زمانی بیانی دەبێتە دوو بەرامبەر. کەڵك وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی وەك زمانی فەرمی و ئیداری یۆنسکۆ و زۆر ناوەندی نێونەتەوەیی هاوچەشن بە هۆکارەکانی دیکەی وورووژانی خەڵك بۆ فێربوونی ئەم زمانە دەزانرێ.

ئینگلیزی وەك زمانێکی ئیداری و قسەکردنی ئاسایی لە زیاتر لە شەست وڵاتی جیهاندا کەڵکی لـێوەردەگیردرێ و زمانی سەرەکی ٢٠ وڵاتی دنیایە. لە شەش کیشوەری (قارە) جیهاندا زمانی ئینگلیزی ڕۆڵی زمانی سەرەکی یا سەلمێندراوی هەیە. ئینگلیزی زمانی سەرەکی پڕ فرۆشترین ڕۆمانەکانی جیهان، بلاڤۆکە پڕ تیراژەکان، کۆنترۆڵی ترافیکی ئاسمانی، بازرگانی نێونەتەوەیی، کۆنفرانسە جیهانییەکان، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، زانیاری دەرمانی، سیاسەت، وەرزش، ڕکابەرایەتی نێونەتەوەیی و مۆسیقای پاپە. پتر لە دوو لە سەر سێی زانایانی جیهان بە زمانی ئینگلیزی بابەت و کتێب دەنووسن، سێ لە چواری نامە جیهانییەکان بە زمانی ئینگلیزی دەنووسرێن. لە سەدا نەودی پەیوەندییەکانی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت لە ڕێگای زمانی ئینگلیزییەوە ئەنجام دەدرێن، بەرنامە ڕاهێنان و فێرکردنەکانی ڕادیۆ ئینگلیزی زمانەکان زیاتر لە ١٥٠ میلیۆن کەس لە ١٢٠ وڵاتی جیهاندا دەیبیستن. زیاتر لە ٥٠٠ میلیۆن منداڵ لە خولی سەرەتایی و پتر لە ٨٠٠ میلیۆن کەس لە خولی خوێندنی ناوەندی و

دوا ناوەندی (بە بێ لە بەرچاوگرتنی چین) لەگەڵ زمانی ئینگلیزی وەك زمانی دووهەم یا زمانی بیانی (دەرەوەیی) ئاشنا دەبن. (کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٦)

هەڵبەت روانگە و لێڕوانینی حکوومەتی هەندێك لە وڵاتان بۆ راهێنان و فێرکردنی زمانی ئینگلیزی هێندەش دۆستانە نیە و زۆرجار بە شێوەیەکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ تێکهەڵچوون و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارایی زمانی ئینگلیزی لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا دەکرێ. هەر وەك گوتمان لە فەرەنسا یاسایەك هەیە کە بە پێی ئەو یاسایە کەڵك وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی لە هەندێك کۆبوونەوە و ئیدارەدا قەدەغەیە و لادان لەم یاسایە تاوانبار برێك پارە وەکونرا بەدواوەیە. لە بەشی فەرەنسی زمانی "کبك"ی کەنەدا، ئاگادارییەکانی پروپاگەندە، ناوی دووکانەکان، هێماکانی هاتوچۆ و بە کورتی هەموو شتێك کە بە زمانی ئینگلیزی بوو و یان رەنگ و بۆنی ئینگلیزی لێدەهات گۆڕانی بە سەردا هاتووە، بۆ ئەوەی بە لە پێشکەوتنی ئەم زمانە لەو ناوچەیەدا بگیردرێ. سیاسەتە دوژمنانەییە زمانییەکان لە بەرامبەر ئینگلیزیدا لە ئیسپانیا، ئەڵمانیا، مەکسیك، میانمار، هیند و چەند وڵاتی دیکەش بە بەرچاو دەکەوێ، کە هەڵبەت زۆر جار ئەم هەوڵی بەرگرتنە کاردانەوە و دەرئەنجامێکی بە پێچەوانەی کارگێڕانی ئەوانەی هەبووە.

## زمانی ئینگلیزی: روانگەی مێژوویی

لە لێکۆڵینەوەی خەملاَن و کامڵبوونی مێژووی زمانی ئینگلیزیدا زۆرجار بە سێ بەش دابەشی دەکەن. ئینگلیزی کۆن کە لە سەردەمی رابردووەوە تا ساڵی ١١٥٠ لە خۆ دەگرێ" ئینگلیزی ناوەڕاست لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٠ — ١١٥٠ و ئینگلیزی هاوچەرخ لە ١٥٠٠ تاکو ئێستا. رەنگە بکرێ بڵێین مێژووی زمانی ئینگلیزی بە چوونە ناوەوەی سێ خێڵی ژێرمەنی لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی زایینیدا دەستی پێکرد. ئانگلەکان، ساکسۆنەکان و جووتەکان لە ناوچەی دانیماری ئەمڕۆیی و رۆخەکانی باکووری رۆژئاوایی ئەڵمانیا لە دەریای باکوور پەرینەوە و بەم سامانە گەیشتن. دانیشتووانی بریتانیا پێش ئەم هێرش کردنە بە زمانێکی سەلتی قسەیان دەکرد کە بە رواڵەت خێرا جێی خۆی بە زمانی نوێ واتە ژێرمەن (جێرمەن) دا. لەم سێ خێڵە، ئانگلەکان لە ناوچەی باکووری لە چەمی تایمزەوە تا سکاتلەند،

PDF 4 KURD



نیشتەجێ بوون و وشەی ئینگلیزی لە ناوی ئەوانەوە وەرگیراوە. لە سەدەی هەشتەمدا بە هێرش کردنی وایکینگەکان بۆ رۆخەکانی بریتانیا زمانە سکاندیناوییەکانیش هاتنە ناو ئەم دوورگەیەوە.

بەمشێوەیە لە ناو وشەگەلی ئینگلیزی کۆندا، گەلێك وشەی لاتینی و سکاندیناوی (نێرسی دێرین) بریتی لە سەر بنەمای ئانگلۆساکسۆنی پرش و بڵاو بۆوە. زۆر وشەی ئینگلیزی دێرین و هاوتای نێرسی کۆنیان لە سەر بەرزتر بوون تووشی رکابەرییەکی قورس بوونەوە. هەندێکجار وشەی نێرسی کۆن پیرۆز دەبوو (وەکو باشتر بوونی vindauga بە سەر eagthyrl و گۆڕانی شێوەی هەر دووکیان لە ئینگلیزی هاوچەرخدا بە شێوەی window پەنجەرە) و هەندێکجار وشەی ئینگلیزی (بەرزتربوونی no بە سەر nay) لە هەندێك نموونەشدا هاوشان و هاوتەریبی یەکتری کەڵکیان لێوەردەگیردرا (ill نێرس و sick ئینگلیزی هەر دووکیان بە واتای نەخۆشی) لەگەڵ زاڵبوونی نێرمەنەکان بە سەر بریتانیادا لە ساڵی ١٠٦٦، زمانی فەرەنسیش هاتە ناو دوورگەوە. لەوەڕا کە زمانی فەرەنسا بۆ ماوەی دوو سەدەی زمانی نەجیبزادەکانی ئینگلیز بوو، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر زمانی ئینگلیزی بە جێ هێشت. سەدان وشە لەم سۆنگەوە هاتنە ناو زمانی ئینگلیزییەوە و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت، ئایین، یاسا، چێشت لێنان، هونەر، ئەدەبیات و پزیشکیدا کەڵکی لێ وەرگیرا.

بەڵام سەرەڕای تەوژمی زۆر گەورەی وشەگەلێك کە لە لاتین، نێرسی دێرین، فەرەنسا و دواتر لە زمانەکانی دیکەوە هاتە ناو ئینگلیزییەوە، گیان و رۆحی ئەم زمانە هەر هەمان ئینگلیزی سەردەمی ئانگلۆساکسۆنەکان مایەوە. شتێکی کەمتر لە ٥٠٠٠ وشەی دێرینی ئینگلیزی لە گوتار و ئاخاوتنی باوی ئەمڕۆکەدا ماوەتەوە بەڵام هەر ئەوەندە کە کۆڵە سەرەکییەکانی ئەم زمانە پێك دێنێ، ئەم وشەگەلە بریتین لە وشەگەلی پەیوەندیدار بە ماڵداری، زۆربەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، زۆربەی راناوەکان، زۆربەی ئامرازەکانی پەیوەندی و کرداری یارمەتیدەرانە کە شیرازەی زمان پێك دێنن. ئەم کۆمەڵانە کۆڵەکەیەك بوون کە گەلێك سەرچاوەی جۆراوجۆر بەوانەوە گرێ دەدرا و دواجار شتێکیان پێك دێنا کە زۆر کەس ئەو بە دەوڵەمەندترین زمانی جیهانی دادەنێن.(کاتسنێر، ١٣٧٦، ٥٤ — ٤٨).

## زمانی ئینگلیزی: روانگەی جیهانی

هەندێك كەس پێیان وایە دۆخی هەنووكەیی و ئێستای زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا بەرئەنجامی دوو هۆكارە، پەرەسەندنی دەسەڵاتی كۆچبەرانی بریتانی و زیادبوونی بەرچاوی ئەوان لە سەدەی نۆزدەدا و سەرهەڵدانی ئەمریكا وەك زلهێزێكی سیاسی سەربازی ئابووری لە سەدەی بیستەمدا. لە سەدا حەفتای كەسانێك كە ئینگلیزی زمانی زگماكییانە لە ئەمریكادا دەژین. تەشەنەی كولتووری، ئابووری، سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئەمریكا لە سەرانسەری جیهاندا، بێ شك هۆكارێكی بەرچاو بووە لە هاتنە بەر باسی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێكی جیهانی بە تایبەتی لە ماوەی ئەو دوو دەیەی دواییدا. بێراج كوچێرۆ لێكۆڵەرێكی ئەمریكی لە بابەتێكدا لە ژێر ناوی "ئینگلیزی زمانی بە بێ سنوور" پانتایی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا بە شێوەی نیشاندەری ١ — ٤ وێنا كردبوو. ئەم سێ بازنەیە كە هەر كامێكیان بەرپەرچدەرەوەی شێوەی فێربوونی جۆراوجۆری ئەم زمانە لە شوێنە جۆراوجۆرەكانی جیهاندایە دەكرێ ئەم بەمێشوەیە شرۆڤە بكرێ:


١). بازنەی ناوەوە ئاماژە بە ناوچەگەلێك دەكا كە خواستی زمانی ئینگلیزییە و یان بە تێپەڕینی زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانی بنەڕەتی و زگماكی خەڵكی ئەو شوێنە. ئەمریكا، ئینگلیز، ئیرلەندا، كەنەدا، ئوستڕالیا و نیوزلەندا دەكەونە ناو ئەم بازنەوە.

٢). بازنەی دەوری ئەو یا دەرەكی ئاماژە بە وڵاتانێك دەكا كە زمانی ئینگلیزی لەواندا تەشەنەی كردووە و كارایی و كەڵكێكی بەرچاوی هەیە و وەك دووهەمین زمان ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێ. نزیكەی پەنجا وڵاتی جیهان دەكەونە ناو ئەم بازنەوە كە لەوان دەكرێ ئاماژە بە هیند، سەنگاپوور، كینیا و نیجیریا بكەین.

٣). بازنەی لە حاڵی فراوان بوونەوە و پەرەسەندندا ئاماژە بە وڵاتانێك دەكا كە زمانی ئینگلیزی لەواندا وەك زمانێكی نێونەتەوەیی بەهایەكی تایبەتی هەیە و سەرەڕای ئەوەی كە ڕۆڵێكی تایبەتی وەك زمانی زگماك یا فەرمی نیە، بەڵام وەك یەكەمین زمانی بیانی لە ئاستێكی بەربڵاودا فێردەكرێ و فێری دەبن. یابان، چین، یۆنان، لەهێستان و رووسیا نموونەی ئەم وڵاتانەن. سەبارەت بە قسەكەرانی زمانی ئینگلیزی لەو ناوچە و شوێنە جۆراوجۆرەكانی جیهاندا ڕێژەیەكی ورد و دروست لە بەر دەستدا نیە، بەڵام بە پێی ڕێژە یا سەرژمێریی



سەرچاوە جۆراوجۆرەكانی وەك ***كتێبی سەرژمێری یۆنسكۆ*** ساڵی (١٩٩٥)، ***كتێبی دایرەتولمەعارفی بریتانیكا*** ساڵی (١٩٩٩) دەكرێ بە شێوەیەكی مەزندەكردنی ژمارەی قسەكەرانی زمانی ئینگلیزی لە سەرانسەری جیهاندا بەراورد بكرێ.




**نیشاندەری ١ — ٤: نیشاندەری حەشیمەتی ئینگلیزی زمانی جیهان (كریستاڵ، ١٩٩٨: ٥٤)**

PDF 4 KURD

## هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا

هەر وەك پێشتریش گوتمان لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی نۆزدەهەم، ئینگلیز بوو بە هێزێکی بێ ڕکابەر لە بواری بازرگانی، پیشەسازی و ئابووری جیهانیدا. گەشەکردنی ئابووری ئەم وڵاتە لە ماوەی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا سەرسوڕهێنەرە، گەشەکردنی ساڵانەی دوو لە سەد کە تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ پێوەرەکانی ئەمڕۆییش دا ئایدیاڵ و شیاوی سەرنجن. زۆربەی داهێنانە بەرچاوەکانی ئەم سەدەیە بەرهەمی فیکری و هەوڵی زانایانی ئینگلیزی زمان بوو. پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانیان لە بواری هەڵێنجانو دەرهێنانی بەردی ڕەش(زغال سنگ)، پیشەسازی گواستنەوە، پەیوەند و کەرەسە ئاوی و هەڵمییەکان لە بواری "دوورگە"دا، بووە هۆی ئەوە کە بریتانیا شانازی نازناوی "کۆمپانیای جیهانی" پێ بدرێ.

پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی گەلێك دەرکەوتەی تایبەتی لە بواری زمان و ئاخاوتنیشی هەبوو. دە هەزار وشە بە فەرهەنگی وشەی زمانی ئینگلیزی و بە واتایەکی ڕوونتر بە فەرهەنگی وشەی جیهانی لە بواری زانست و مەعریفەوە زیاد بوو. ئەوە سرووشتی بوو کە ئەو بێگانانەی دەیانویست لەگەڵ ئەم داهێنان و ئەفراندنانە ئاشنا بن، مەجبوور بوون فێری زمانی ئینگلیزی بن.

لە سەردەمی ئێمەدا زمانی ئینگلیزی، ڕاگەیاندنی سەرەکی زانستی جیهانی بە تایبەتی لە بوارگەلێکی هاوشێوەی زانستە تایبەتییەکانە و دەست پێڕاگەیشتن بە زانستی ڕۆژ بێگومان پێویستی بە زاڵبوون و شارەزابوونی تەواو و کامڵ بە سەر ئەم زمانەدایە. لە توێژینەوەیەکدا کە لە ساڵی ١٩٨١ سەبارەت بە کەڵك وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی لە بڵاڤۆکە زانستییەکاندا دەرکەوت کە لە سەدا ٨٥ی بابەتگەلی بیۆلۆژی و فیزیایی، لە سەدا ٧٣ی بابەتە پزیشکی و ٦٩ لە سەدی بابەتگەلی بیرکای بە زمانی ئینگلیزین. لێکۆڵینەوەکانی دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ دەریخست کە ئەم ڕادەیە بە شێوەی پلە بە پلە ٩٠٪، ٨٠٪ و ٧٥٪ زیادی کردووە. لە ساڵی ١٩٩٥ لە سەدا نەوەد لە ١٥٠ بابەتی هەڵبژێردراوی ساڵ کە لە "*کۆکراوەیەکی زمانناسی" Linguistics abstracts*" دا چاپ بوو بە زمانی ئینگلیزی بوون.( کریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٦١).



لە بواری ڕاهێنانی زمانی ئینگلیزیش دا دەبێ ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە ئەم پیشەیە لە ماوەی پەنجا ساڵی دواییدا بۆتە یەکێك لە پڕ لە لایەنگرانی جیهانی. لە ساڵی ٢٠٠٠دا مەزندەی ئەوە کرا کە زیاتر لە ٨٠٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی جیهان خەریکی فێربوونی زمانی ئینگلیزین و نزیکەی ٣٠ میلیۆن کەس لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا سەرقاڵی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە کەسانیترن لە ئاستگەلێکی جۆراوجۆردا.

## پەیوەندی نێونەتەوەیی

یەکەمین هەنگاوەکان لە ڕاستای چەسپاندنی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەشی نێونەتەوەیی، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٨دا هەڵێندرایەوە. ئەوکات ناوەندی تازە دامەزراوی "کۆمەڵەی نێونەتەوەیی" زمانی ئینگلیزی وەك یەکێك لە زمانە فەرمییەکانی کۆبوونەوەکانی خۆی لە تەنیشت زمانی فەڕەنسادا ناساند. دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە یەکێك لە بەندەکانی پەیمانی ئاشتی ڤێرسای بوو و لە یەکەمین دانیشتنی ڕەسمی ئەودا نوێنەری چل و دوو وڵاتی تێدا بەشدار بوون کە نۆ کەسیان، لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقاییەوە دەهاتن. لە ساڵی ١٩٤٥ و دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی جێی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی گرتەوە. ناساندنی زمانێکی هاوبەش و ناوبجی بۆ پێکهێنانی پەیوەندی و دەرەتانی دیالۆگ لە نێوان نوێنەرەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، لەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییەدا ئەولەوییەت و تایبەتمەندییەکی بەرزی هەبوو. دواجار زمانی ئینگلیزی لە تەنیشت چوار زمانی دیکەدا وەك زمانە فەرمییەکانی ڕێکخراوی نێوەنەتەوەیی ناسران. لەو کاتە بەدواوە زمانی ئینگلیزی لە گۆڕەپانی پەیوەندی نێونەتەوەیی جۆراوجۆر و فرەچەشنی نێونەتەوەییدا، ڕۆڵێکی بەسوود و کاریگەرداری گێڕاوە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە یەکیەتی وڵاتانی ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات، وڵاتانی بەرژەوەندی هاوبەش، یەکیەتی ئەورووپا، پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور (ناتۆ) بکەین کە ئینگلیزی یەکێك لە زمانە فەرمییەکانی ئەوانە. هەروەها ئینگلیزی تەنیا زمانێکی فەرمی یەکێتی وڵاتانی هەناردنی نەوت (ئۆپێك) و تەنیا زمانی کاری یەکێتی بازرگانی ئازادی ئەورووپایە. بە پێی سەرژمێری کتێبی ساڵی ئەنجوومەنی یەکێتییە نێونەتەوەییەکان، ١٢٥٠٠ ناوەند و ئۆرگانی نێونەتەوەیی لە جیهان دا هەیە. لە

نموونەگرتنێك لە پێنج سەد ناوەند لەم كۆمەڵە دەركەوت، كە لە سەدا ٨٥ی ئەوان واتە ٤٢٤ ناوەند وەك زمانی فەرمی نووسین و كۆبوونەوەكانی خۆیان كەڵك لە زمانی ئینگلیزی وەردەگرن. دوای ئینگلیزی و بە مەودایەكی زۆر، زمانی فەڕەنسی هەیە كە زمانی فەرمی ٤٩ لە سەدەی (واتە ٢٤٥ناوەند)یە. عەرەبی، ئیسپانی و ئەڵمانی تەنیا لە ١٠٪ی ئەم ڕێكخراو و ناوەندگەلەدا وەك زمانی فەرمی كارایی و كەڵكیان هەیە. هەروەها لەم ٥٠٠ ناوەندە، ژمارەی ١٦٩ دانەیان تەنیا وەك زمانی فەرمی كەڵك لە زمانی ئینگلیزی وەردەگرن. هەروەها دەبێ ئاماژە بەو خاڵەش بكەین كە ئەو پانزە لە سەدەی كە كەڵك لە زمانی ئینگلیزی وەرناگرن هەموو ناوەند و دامەزراوەگەلێكی فەڕەنسین.(كریستاڵ، ١٩٩٨: ٧٩— ٨١)

كەڵك وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی تەنیا بە ناوەندگەلی سیاسی زانستی و كولتوورییەوە نەبەستراوەتەوە. ژمارەیەكی زۆر لە فێدراسیۆنە نێونەتەوەییە وەرزشییەكانی وەكو فێدراسیۆنی هاكی ئەفریقا، فێدراسیۆنی تۆپی پێی ئاسیا، یەكیەتی وەرزشكارانی ئاماتۆری ئاسیا و كۆمیتەی ئۆلەمپیپكی ئۆقیانووسی، زمانی ئینگلیزیان وەك زمانی فەرمی ڕێكخستنی خۆیان هەڵبژاردووە. لە ئەورووپادا ژمارەی ڕێكخراو و ئۆرگانگەلێك كە كەڵك لە زمانی ئینگلیزی وەردەگرن، بە شێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو ڕوو لە زیاد بوونن. "یۆرۆڤیێج"، یەكیەتی بلاوكەرەوەكانی پێلۆپیجی ئەورووپا (كتێبەكانی ڕێنمایی شوێن و ژمارە تەلەفۆنەكانی شار) زمانی ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، هۆڵەندی، ئیتاالی و ئیسپانی وەك زمانی فەرمی خۆی ناساندووە بەڵام گشت ئارگیۆمێنت و بەڵگەكانی، تەنیا بە زمانی ئینگلیزی چاپ دەبێ و دەپارێزرێ.

شێوەیەكی تەواو جیاوازی دیكە كەڵك وەرگرتنی زمانی ئینگلیزی لە كۆنگرەكاندا، كۆبوونەوە و میتینگە نێونەتەوەییەكانی ڕێكخراوەكانی ئۆرگانگەلێكە كە بەشداربووان لەودا بە گەلێك زمانی جۆراوجۆر قسە دەكەن. یەكیەتی ئەورووپا یەكێك لە نموونە بەرچاوەكانە لەم بوارەدا. بێننە بەر چاوتان كە ئەگەر بڕیار وابێ بۆ گشت زمانەكان كەڵك لە سرویسی وەرگێڕان وەرگیردرێ (فەڕەنسا بە ئینگلیزی، فەڕەنسا بە ئەڵمانی، ئەڵمانی بە ڕووسی و...) پێویستمان بە ١١٠ سرویس وەرگێڕانی جۆراوجۆرە، كە پێویستە خەرجێكی زۆری بۆ بكرێ. لەگەڵ ئەوەدا كە دۆزینەوەی وەرگێڕگەلێكی پسپۆڕ و شارەزا بۆ سیستەمگەلێكی هێندە پان و بەرین

PDF 4 KURD



كارێكی زۆر چەتوون و دژوارە. مێتۆدی كاریگەر و بەسوودی چارەسەری ئەم گرفتە كەڵك وەرگرتن لە زمانێكی ناوبجی هاوبەشە. بۆ وێنە ئەگەر وەرگێڕێكی پسپۆڕ و لێزان بۆ وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە بۆ فنلەندی نەبێ كەڵك لەم شێوازە وەرگیردرێ كە وەرگێڕێك دەقی یۆنانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕێ و ئەویتر ئەو دەقە بە زمانی فنلەندی وەرگێڕێ.

زمانی ئینگلیزی لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و ڕێپێوانەكانی خەڵكیش لە شوێنە جۆراوجۆرەكانی جیهاندا ڕۆڵێكی گرنگی هەیە كە مەبەستی پێكهێنانی ئەو بەرپەرچدانەوە جیهانییەی ناڕەزایەتییەیان هەیە. خەڵكی ناڕازی لە هەر شوێنێكی جیهاندا كە بیانەوێ ناڕەزایەتی خۆیان لەو دەوڵەتەی كە هەنووكە هەیانە بكەن یان بەرگری لە ئاشتی لە جیهاندا بكەن، گەلێك پلاكارد بە گەلێك درووشم بە زمانی ئینگلیزی لە سەر سەریان ڕادەگرن. نموونەیەكی سەیر لەم بوارەدا لە ساڵی ١٩٩٨ لە هیند ڕوویدا، كاتێك كە خۆپیشاندەران بۆ بەرگری كردن لە زمانی هیندی و دژایەتی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی، گەلێك پلاكاردیان بە دەستەوە گرتبوو كە بە زمانی ئینگلیزی لە سەریان نووسرابوو:

Death to English (مرێ ئینگلیزی!!!)

### بلاوكراوەكان

زمانی ئینگلیزی، زمانی سەرەكی بلاوكراوەكانە لە ماوەی ئەم چوار سەدەیەی دواییدا. لە سەرەتا سەدەی هەڤدەدا لە چەندین وڵاتی ئەورووپاییدا بلاوكراوەی بەردەوام چاپ دەبوون، بەڵام سانسۆری زۆر، سەرانەی قورس و گەلێك لەمپەری دیكە ئیزنی گەشەكردنی زۆر كەمیان بە بلاوكراوەكان لەم وڵاتانەدا دەدا. بەڵام لە بریتانیا شتەكە بە جۆرێكی دیكە بوو. لەم سامانەدا، گەلێك بلاوكراوەی بەرچاوی پێشكەوتوو هەبوون و یارانی ئەو لە هەمبەر هاوكارە ئەورووپاییەكانی خۆیان دا بەها و بایەخ و ئازادییەكی كردەوەیی زیاتریان هەبوو. بلاوڤۆكی *ویكلی نیوز* بلاوكردنەوەی خۆی بە شێوەیەكی نارێك و پێك لە ساڵی ١٦٢٢ دەست پێكرد. *لەندەن گازت* لە ١٦٦٦، *ولۆید نیوز* لە ١٦٩٦ هەواڵە گشتییەكانی بە شێوەیەكی تایبەتی و هەواڵ و زانیاری پەیوەندیدار بە پاپۆڕوانی بە شێوەیەكی گشتی و ئاسایی چاپ دەكرد. لە ئەمریكا *بۆستون نیوزلێتێر* لە ١٧٠٤، *نیویۆرك گازت* لە ١٧٢٥ و *دیلی ئێدوارتایزر* لە ١٧٨٥

کاری خۆیان دەست پێکرد. کۆتایی ئەم سەدەیە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ***تایمز***(١٧٨٨) و ***ئابزروور*** (١٧٩١)بوو. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سەرانەی بڵاوکراوەکان لە ساڵی ١٨٥٥، بڵاوبوونەوەی گەلێك ناوی جۆراو جۆری رۆژنامە، هەفتەنامە و مانگنامە بە خێراییەکی بەرچاوەوە زیادی کرد.

بە پێی سەرژمێری ***دایرەتولمەعارفی بریتانیکا***، لە ١٩٩٤ یەك لە سێی بڵاوکراوەکانی جیهان لە وڵاتانێك دا چاپ دەبن کە ئینگلیزی لەوان دا بەهایەکی تایبەتی هەیە و زۆر لۆژیکییە کە گریمانەی ئەوە بکەین زۆربەیان بە زمانی ئینگلیزی بن. بە پێی سەرژمێری پێنج بڵاوکراوەی پڕ فرۆشی دنیا (***نیویۆرك تایمز، واشینتۆن پۆست، واڵ ئێسترایت جورناڵ و ساندی تایمز***) بە زمانی ئینگلیزی چاپ دەبن. لە بواری بڵاڤۆکی پسپۆڕییەوە، رۆڵی زمانی ئینگلیزی تەنانەت لەوەش لە بانترە. لە ژمارەیەکی تایبەتی بڵاوڤۆکی کۆکراوەی بابەتگەلێکی زماننناسی لە ساڵی ١٩٩٥، راگەیاندرابوو کە لە ناو ١٦٠ بڵاوڤۆکی زماننناسی لە جیهان دا نزیکەی لە سەدا ٧٠ یان واتە ١١٠ ناویان بە زمانی ئینگلیزی چاپ دەبن.

PDF 4 KURD

## پڕوپاگەندە

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا، کۆمەڵێك هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و زیادبوونی رکابەرایەتی لە نێوان کۆمپانیا و کارگەکانی رنێوهێناندا، بووە هۆی ئەوە کە پرسی ئاگاداری و پڕوپاگەندە بەهایەکی تایبەتی بەخۆوە بگرێ. لەگەڵ زیادبوونی هێزی کڕینی کڕیار و دابین بوونی دەرەتانی رنێوهێنانی کاڵا بە کۆگایی، دیاردەی پڕوپاگەندە بووە دەرەتان و شیمانەی پیشەیەك بە ئیمکانیاتێکی زۆر بەرتەسکەوە. پرسی پڕوپاگەندە تەنیا تایبەت بە کاڵا بەرهەمهاتوو (رنێوهانین)ەکانی کۆمپانیاکان نەبوو. لە ئەمریکا بڵاوکەرەکان تێگەیشتن کە دەتوانن بە هۆی ئەو پارەی لە ئاگاداری دەستیان دەکەوێ نرخی بڵاوڤۆکەکانی خۆیان تا رادەیەکی زۆر بێننە خوارەوە، ئەمڕۆکە بە شێوەیەکی ناوەندی دوو لە سێی بارستایی بڵاڤۆك — بە تایبەتی لە ئەمریکا — بۆ ئاگاداری تەرخان کراوە. کەڵك وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی لە ئاگاداری و پڕوپاگەندەکان دا زۆر زوو دەستی پێکرد. لە راستیدا یەکەمین ئاگاداری بڵاوکراوە لە مێژوودا هی بڵاڤۆکی ***لەندەن گازت*** لە ساڵی ١٦٦٩دایە. لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم و



پەرەسەندنی کەڵك وەرگرتن لە درووشمەکانی پڕوپاگەندە بۆ سەرنج راکێشکردنی کڕیار — کە زۆرتر لە واتاگەل و زاراوەگەلێکی ئاشنای زمانی ئینگلیزی پێك هاتبوون — ئەوە بووە هۆی زەقتربوونی رۆڵی زمانی ئینگلیزی لە دیاردەی پڕوپاگەندەدا. بە پێی سەرژمێرییەکی ئاژانسی نێونەتەوەیی پڕوپاگەندە لە ساڵی ١٩٧٣دا، لە نێوان سی ئاژانسی پڕوپاگەندەی گەورەی دنیا، تەنیا سێ ئاژانس هی ئەمریکا نەبوون (ئاژانسێکی بریتانی و دوو ئاژانسی و دیکەی‌یابانی بوون).

ژاپۆن یەکێك لە بەرچاوترین وڵاتانی نائینگلیزی زمانی دنیایە، کە لە زۆربەی پڕوپاگەندە تەلەفیزیۆنی و رادیۆییەکانی کەڵك لە زاراوە و دەستەواژەی زمانی ئینگلیزی بۆ کاریگەری زیاتر و هاندانی زیاتری بەرخۆرەکان بۆ کڕین و کەڵك وەرگرتنیان وەردەگرێ. بە پێی لێکۆڵینەوەیەك لەیابان دا، زۆربەی بینەران و بیسەرانی ئەم ئاگادارییە پڕوپاگەندانە، لە واتای ئەم رستە و واتاگەلە تێناگەن، بەڵام بە شێوەیەکی نەستانە و لەخۆنائاگادارانە هەست دەکەن لەگەڵ شتێکی باش و جێگای باوەڕ رووبەڕوون.

## بەرنامە رادیۆی و تەلەفزیۆنییەکان

لە کریسمسی ساڵی ١٩٠٦دا یەکەم بەرنامەی رادیۆیی بە زمانی ئینگلیزی لە ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی رادیۆیی لە ئەمریکادا بڵاوبۆوە. چوارده ساڵ دواتر یەکەم ئێزگەی رادیۆیی لە ئینگلیز دەستی بە کار کرد. لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ پتر لە دوو سەد ئێزگەی رادیۆیی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا دەستیان بە کار کرد، کە شەست لە سەدی ئەوان بە زمانی ئینگلیزی بەرنامەیان بڵاوەکردەوە. لە ١٩٩٥دا ژمارەی ئێزگە رادیۆییەکان گەیشتە ٥٠٠٠دانە کە ٤٥ لە سەدیان هی ئەو وڵاتانە بوون کە زمانی ئینگلیزی لەواندا دۆخێکی تایبەتی هەبوو.

دەست پێکردن و پەرەسەندنی تەلەفزیۆنیش بەسەرهاتێکی کەم و زۆر هاوشێوەی ئەوی هەیە. یەکەم بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە لایەن کەناڵی بی. بی. سی لە ساڵی ١٩٣٦ لە لەندەن بڵاوبۆوە. ساڵێك دواتر تەلەفزیۆنی ئێن. بی. سی لە ئەمریکا دەستی بە کار کرد و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك، بیست کەناڵی تەلەفزیۆنی لەم وڵاتەدا لە دایك بوون. لە ١٩٩٥دا بە پێی ئامارێکی مەزندەکرن، ژمارەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئەمریکا ١٥٠٠ و ژمارەی دەزگای

تەلەفزیۆنەکانی ئەم وڵاتانە ٢٠٠ میلیۆن دانە پێش بینی دەکرێ کە سریاڵ (زنجیرە دراما)ەکانی ئینگلیزی زمانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکا و ئینگلیز زیاتر لە ١٢٠ وڵاتی جیهان بڵاو دەبنەوە. (کریستاڵ، ١٩٩٨: ٨٧— ٨٩).

## فیلمە سینەماییەکان

پیشەسازی سینەما لە ساڵی ١٨٩٥ لە فەرەنسا لە دایك بوو و تا بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم وڵاتە لە ئاستی جیهانیدا قسەی یەکەمی دەکرد.(هەڵبەت بە هۆی مات و بێدەنگبوونی فیلمە سینەماییەکانی سەرەتا ئەم پرسە بە هیچ شێوەیەك نەبووە هۆی ڕۆڵی بە هێز بوونی زمانی فەرەنسا لە جیهان دا.) دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەمریکا بە دامەزراندنی سیستەمی ئەستێرە سازی لە بواری سینەمادا هاتە ناو کایە و ڕکابەرایەتییەوە و زۆر زوو ڕکابەرە ئەورووپاییەکانی خۆی وەلانا. *گۆرانی بێژی جاز* یەکەمین فیلمی قسەکەری جیهان لە ساڵی ١٩٢٧ بە زمانی ئینگلیزی دروست کرا. لە ساڵی ١٩٣٢دا، یەکەمین دایرەتولمەعارفی سینەمایی جیهان چاپ بوو. لەو ٤٤ ستۆدیۆیەی کە لەو کتێبەدا ناویان هاتبوو ٣٢ ستۆدیۆیان ئینگلیزی و ئەمریکی بوون (دوانزە ستۆدیۆی دیکەیان ئەڵمانی، فەرەنسی و ڕووسی بوون) و لە ٣٤٠ دەرهێنەردا کە ناویان هاتبوو، ٣١٨ کەسیان (واتە لە سەدا ٩٤) فیلمەکانی خۆیان تەنیا بە زمانی ئینگلیزی دروست دەکرد.

لە سەرەتای دەیەی هەشتا بەملاوە، سینەمای ئەمریکا بە بەرهەمگەلێکی پڕ خەرج و سەرنج ڕاکێشەوە خۆی بازاڕی سینەمای بە تەواوی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و فرۆشی زیاتر لە سەد میلیۆن دۆلار بۆ فیلمە نائینگلیزیی زمانەکان زۆر لە زیندەخەوێکی دوورە دەست دەچێ. بە پێی سەرژمێری کتێبی فیلم و تەلەفزیۆن دامەزراوەی هونەرە نمایشییەکانی ئەمریکا (BFI)، لە ساڵی ١٩٩٦دا هەشتا لە سەدەی فیلمە بەرهەم هاتووەکان لە جیهان دا بە زمانی ئینگلیزی بوون. لە بواری فیستیڤاڵ و خەڵاتی سینەماییش دا، ئۆسکار، گرنگترین خەڵاتی سینەمایی جیهان بە فیلمە ئینگلیزییەکان دراوە. تەنانەت لە وڵاتانێکی وەك فەرەنسا، کە بە هۆی سیاسەتی دژە ئینگلیزی ناوبانگێکی تایبەتی و گشتی هەیە پتر لە نیوەی خەڵاتەکانی کەن — گەورەترین فیستیڤاڵی سینەمایی جیهان — لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەی دواییدا بە



فیلمە ئینگلیزییەکان دراوە. لە ماوەی دەیەی نەوەددا، بە پێی تیۆری دەیڤید ڕابینسۆن — لێکۆڵەر و مێژوونووسی سینەمایی — لە سەدا ٨٥ی دەرامەت و ئەو پارەی لە سینەماکانی جیهان بەدەست دێ هی فیلمە ئینگلیزی زمانەکانی هۆلیوۆد بووە. لە وڵاتەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا دا، سەرەڕای تەواوی سیاسەتەکانی دەوڵەتی بۆ بەرتەسك کردنەوەی نیشاندانی فیلمە ئینگلیزی زمانەکان و بەهێز کردنی بنەمای سینەما نەتەوەیی، تەنیا لە سەدا ٢٥ی ئەو پارەیەی لە فیلمە سینەماکانیان بەدەست دێ بۆ فیلمە نائینگلیزییەکان تەرخان کراوە. کاریگەری سینەما لە سەر خەڵکی جیهان و ڕۆڵی ئەو لە پانتایی و بەهێزبوونی زمانی ئینگلیزیدا ڕەنگە بکرێ لەو قسەیەی وێم وێندێرسۆن دەرهێنەری نێوداری ئەڵمانیدا بە ڕوونی دەرك پێ بکەین. "خەڵك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە جاران باوڕ بەو شتە دێنن کە لە سەر پەردەی سینەماکان دەبینن، خەڵك ئەو شتەی کە لە فیلمەکان دا دەیانبینن، دەیان کڕن، کەڵکیان لــێوەردەگرن، دەیان پۆشن (لەبەریان دەکەن) و دەی خۆن، سینەما، ئایینی نوێی سەدەی بیستەمە و زمانی سەرەکی ئەم ئایینە ئینگلیزییە."

## مۆسیقای خەڵك پەسند

سینەما یەکێك لە دوو پیشەسازییە سەرقاڵکەرە پڕ لایەنگرەکانی سەدەی بیستەمە. ئەویتر مۆسیقای پاپ یا مۆسیقای خەڵك پەسندە. تاکو بەر لە سەدەی بیستەم، لایەنگرانی مۆسیقای تایبەت بە چینی ڕووناکبیر و ئەشرافی کۆمەڵگا بوو کە لە ساڵۆن و داڵانە ڕازاوەکان بە جل و بەرگی جێگای شانازییەوە ئامادە دەبوون و چێژیان لە بەڕێوەچوونی پارچە مۆسیقا کلاسیکەکان دەبرد. لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆسیقای جاز کە درێژەی مۆسیقا نەریتی و کۆنی بلووزی کۆیلە ڕەشەکان بوو، مۆسیقا پێگەیەکی تایبەتی لە لای خەڵك بە گشتی بەخۆ گرت. ڕنێوهانینی بەربڵاوی گرامافۆن بۆ بازاڕ لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا و داهێنانی دەزگای زەبتی دەنگ لە ساڵی ١٩٢٧دا بووە هۆی ئەوەی کە خەڵك بتوانن لە ماڵەوەش گوێ بدەنە مۆسیقای خۆشەویستیان و لە جاران زیاتر هۆگری مۆسیقا بن.

بەڵام خۆشەویستی ڕاستەقینەی مۆسیقای خەڵك و هەمەكی پەسەند لە دەیەی هەشتادا و بە خستنە دەرەوەی ڕاك ئاندرۆڵ ڕوویدا. گۆرانی بێژ و گرووپە ئینگلیزیی زمانەكانی وەك ئۆلیڤس پیرپیسێلی و بێلی هێلی (ئەمریكا) و بیتلێز و ڕۆلێنگ ئۆستۆنز(بریتانیا) ئالاهەڵگرانی بزاڤی جیهانی مۆسیقای ڕاك بوون.

لە ماوەی دوو سێ دەیەی دواییدا ڕۆڵی دیاریكردنی زمانی ئینگلیزی لە بواری مۆسیقای خەڵك پەسندی جیهان دا دیاردەیەكی حاشاهەڵنەگرە. هەموو ولاتێك گۆرانی بێژێكی خۆشەویستی خۆی هەیە كە بە زمانی زگماكی خۆی گۆرانی دەڵێ، بەڵام ئەگەر ئەم گۆرانی بێژە بڕیار بدا كە لە ئاستی جیهانیدا ناوبانگ دەربكا هیچ ڕێگا چارەیەكی جگە لە گۆرانی چرین بە زمانی ئینگلیزی نیە. گەلێك گرووپی ناوداری وەك مۆدێرن تاكینگ (ئەڵمانیا) ئابا (سوید) و گۆرانی بێژی خۆشەویستی وەك ئانریك ئیگلسیاس (سپانیا) و شەكیرا (كۆلۆمبیا)یی تەنیا بە گوتنی گۆرانی بە زمانی ئینگلیزی توانیا هەڵكەوتوویی و پلەی خۆیان وەك ئەستێرەگەلێكی نێونەتەوەیی لە ناو بازاڕی مۆسیقادا بچەسپێنن. لە دایرەتولمەعارفی مۆسیقای خەڵك پەسندی پەنگوێن لە ١٩٩٠دا هاتووە كە لە ٥٥٧ تیپی ناوداری مۆسیقای جیهان، ٥٤٩ تیپ واتە (٩٩٪) بەرهەمەكانی خۆیان تەنیا بە زمانی ئینگلیزی دەخەنە ناو بازاڕەوە و لە ١٢١٩ گۆرانی بێژی ناوداری جیهان، ١١٥٦ كەس (واتە ٩٥٪) تەنیا بە زمانی ئینگلیزی گۆرانی دەچرن.

## سەفەر كردنەكان بۆ دەرەوەی وڵات

خەڵكی جیهان بۆ سەفەركردن بۆ دەرەوەی وڵات گەلێك هۆكاری جۆراوجۆریان هەیە، هەندێك كەس بۆ سەفەری بازرگانی، كۆمەڵێك بۆ ڕابواردنی و بەسەربردنی پشوودان و هەندێكی دیكە بۆ سەردان و زیارەتی ئایینی، ڕكابەرایەتی وەرزشی، چالاكی سەربازی و... بەرەو دەرەوەی وڵات بەرێ دەكەون. بە پێی سەرژمێرییەكی ڕێكخراوی جیهانی گەشتیاری(توریست)، لە ساڵی ١٩٩٨ دا نزیكەی ٥٠٠ میلیۆن كەس لە خەڵكی جیهان سەفەریان بۆ شوێنەكانی دیكەی جیهان هەبووە. هەر بە پێی ئەم ئامارە، ئەمریكا بە زیاتر لە

PDF 4 KURD



پەنجا میلیارد دۆلار كە لە پیشەی توریسمی بەدەست دێ سەركەوتووترین ولاتی جیهانە لەم بوارەدا (دوای ئەمریكا فەرەنسا بە ٢٥ میلیارد دۆلارەوە هەیە).

لە شوێنە توریستییەكانی جیهان دا، تابلۆی زۆربەی دووكانەكان بە ئینگلیزییە. مینۆی ڕێستۆرانتەكان زۆرتر بە هاوتای ناوی ئینگلیزی چێشتە خۆماڵییەكانە. ئاسانكاری كارتەكانی متمانەیی نێونەتەوەیی وەك ئەمریكێن ئێكسپێرس و مێستر كارت بە زمانی ئینگلیزییە. تەنانەت لە زۆربەی ئەم شوێنانەدا (بە شێوەیەكی بەرچاو ولاتانی ئاسیای باشووری ڕۆژهەلاتی، هیند و كۆمارە سەربەخۆكانی یەكێتی سۆڤییەتی پێشوو) بۆ زمانی ئینگلیزی سواڵ دەكەن.

ڕێنماییە پاراستنەكان لە فرینە نێونەتەوەییەكان و سەفەرە دەریاییەكان، زانیاری هۆتێل، تابلۆی ناوی شەقام و شۆستەكان هەموویان بە زمانی ئینگلیزی لە بەر دەستی ڕێبوارەكان دان. توریستە ئینگلیزی زمانەكان لەم بیست ساڵەی دواییدا بە ئاسانكاری گەلێكی زۆرترەوە لەم بوارەدا ڕووبەڕوون كە ڕەنگە بكرێ هۆی گشتی ئەوە بە ئامادەبوونی پڕەنگ و كاریگەری سەربازیەكانی ئەمریكای و ئینگلیزی، لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا، ئەفریقای ناوەندی، بۆسنی و زۆر شوێنی دیكە بزانین.

## ئینتەرنێت

بە پێی ئاماری كتێبی ساڵی ١٩٩٩ *دایرەتولمەعارفی بریتانیكا*، نزیكەی لە سەدا ٨٠ی زانیارییە كۆكراوەكانی تۆڕی ئینتەرنێتی بە زمانی ئینگلیزی بووە. ئەم زانیارییە كۆكراوانە لە لایەن كۆمپانیا و دامەزراوە و ڕێكخراوگەلێكی وەك كۆمپانیای بازرگانی، كتێبخانە، سرویسەكانی زانیاری و پاراستن، بنكەكانی زانیاری و هەروەها پەیامە ئەلیكترۆنییكییەكان بووە. هەڵبەت بە هیچ شێوە ڕێسامەندییەك بۆ دیاریكردنی زمانێكی فەرمی بۆ ئینتەرنێت نیە. ئینتەرنێت وەك شاری بێ دەروازە لە لایەن هیچ كەس و هیچ شتێكەوە — لایەنیكەم لە بەرتەسكایی و لە ئاستی جیهانی ئازاد دا — كۆنترۆڵ ناكرێ و هەموو كەس بۆ نووسینی بابەتەكەی بە هەر زمانێك لەم تۆڕەدا ئازادە. بەڵام بە شێوەیەكی گشتی ئینگلیزی بەهای تایبەتی لەم تۆڕەدا هەیە. هەڵبەت ئینگلیزییەك كە لە ئینتەرنێت دا كەڵكی لــێ وەردەگیردرێ، كلێكسیۆنێكی نامۆیە لە هەموو جۆر و چەشنێكی ناوچەیی و خۆداهێنەرانەی

زمانی ئینگلیزییە. ئینگلیزی کارگێڕانی نائینگلیزی زمانی ئینتەرنێت زۆربەی کاتەکان پڕ لە هەڵەیە و لە هەندێك نموونەی بەرز و تایبەتیدا، ئەو ئینگلیزییەی کەڵکی لێوەردەگرن جگە لە خۆیان هیچ کەس لێی تێناگەن. نموونەیەکی ئاشنای ئەو پینگلیشی (ئینگلیسی) (دیارە دەکرێ بە کوردی پێی بڵێین "*فینگلیشی*" و.) یە کە کارگێڕانی ئێرانی بە کەڵك وەرگرتن لە ئەلف و بای زمانی ئینگلیزی و تێکەڵاوێك لە وشەگەلی فارسی و ئینگلیزی لە ژووری گەپ / چات رووەمەکاندا کەڵکی لێوەردەگرن و لە راستیدا زمانێکی تێکەڵاوی ئینتەرنێتییە. جگە لەوەش زۆرێك لە ئینگلیزی زمانەکانیش کە زمانی ئینگلیزی زمانی ناوچەیی و زگماکییانە چونکە بەر لەوە تەنیا بە شێوەیەکی زارەکی کەڵکیان لەم زمانە وەرگرتووە، بە دروستی ناتوانن وشە ئەستەمەکانی وشەی ئینگلیزی بنووسن و بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکرێ بڵێین زمانی ئینگلیزی لە تۆڕی ئینتەر دا — بە تایبەتی لە بەشی پەیامە ئەلێکتریکییە و ژوورەکانی چات — ئینگلیزی بە نووسینی هەڵە، گەلێك هەڵەی دەستووری و رێزمانی بەرچاو و زەق و هەڵە ئاشکراکانی واتاییە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا رۆڵی باڵادەستی و زاڵبوونی زمانی ئینگلیزی لە ئینتەرنێت دا پرسێك نیە کە بکرێ بە سانایی لێی ڕەت بین. ئەم زمانە چۆن بە سەر ئینتەرنێت دا زاڵ بوو؟ لە کۆتاییەکانی سەدەی شەست دا لە لوتکەی سەردەمی شەڕی سارددا بەرپرسانی ئەو کاتی ئاسایشی ئەمریکا، تۆڕی کۆمپیوتەری ARPANET [1] یان بە مەبەستی پاراستنی زانیاری لە کاتی شەڕی ناوکیدا دامەزراند، کۆمپیوتەرە دامەزراوەکانی دەوڵەتی و راهێنانی ئەمریکا بەم تۆڕەوە گرێدرابوون و تاکەکان دەیانتوانی بە سەردانکردن بەم ناوەندگەلە لە ئەو زانیارییەی مەبەستی بوو بگەرێ. لە دەیەی هەشتادا لەگەڵ چارەسەر بوونی شەڕی سارد و ئەگەری پەیوەندی دامەزراوە نائەمریکییەکان بەم تۆڕەوە زەمینەی دەستپێکردنی تۆڕی ئینتەرنێتی لەبار و گونجاو بوو. سرووشتی بوو کە ئەم داهێنانە ئەمریکاییە لەگەڵ پەیوەندییە ئەلف و بایەکانی زمانی ئینگلیزی یەك بگرێتەوە و هیچ خەبەرێك لە ژێر و ژوور کردن و تێکەڵ و پێکەڵ کردنی پیتە نائینگلیزییەکان لەم کۆمەڵەدا نەبوو. بە خستنە بەر دەستی کۆدی هەشت پیتی و کۆمەڵەی کاراکتێرە تازەکان لە Latin 1، ئەگەری سەرقاڵبوون بە زمانەکانی

1-Advanced research Project Agency network.



دیکەشەوە لە تۆڕی ئینتەرنێت دا دابین بوو هەرچەندە کە هەروا بەردەوام زۆربەی browser توانایی کەڵك و سوود وەرگرتنیان لە زانیارییەکانی چەند زمانێك دا نەبوو ئەم گرفتە بۆ سیستەمگەلی نووسینی زمانێکی وەك چینی، کۆری، تایلەندی و هیندی بە هۆی ژمارەی زۆرتری کاراکتێرەکان و تایبەتمەندیی ئەستەمتر دەبوو.

لە ئاوریلی **١٩٩٦** کریس هێندێرسۆن زمانناسی ئەمریکایی لە بابەتێك دا بە ناوی World, wide, web: 3 English words لە گۆڤاری نیۆیۆرك تایمز دا رۆڵی زمانی ئینگلیزی لە ئینتەرنێت دا بەمشێوەیە وێنا کرد:

... گرنگ نیە کە تۆ رووناکبیرێکی فەرەنسی بی کە بۆ ئاگاداربوون لە چۆن و چوونایەتی داهێنەری ئینتەرنێت بگەڕێی یا مرۆڤناسێکیابانی بی کە لە سەر کۆمەڵە تازە دۆزراوەکانی "فسیل"ی پێش مێژوو کۆنجپشکن بی و یان تەنانەت تین ئیجێرێکی میسری بی کە لێکۆڵینەوە لە سەر پێشینەی تێکۆشانی مەجیك جانسۆن بکەی ئینتەرنێت پرسیارەکانی تۆ بە روونی وەڵام دەداتەوە، بەڵام بە مەرجێك تەنیا بە سەر زمانی ئینگلزییدا زاڵ بی.

هەروەها ئاناتۆلی ڤۆرونۆڤ کۆمەڵناسی رووسی لە وتوێژێك دا گوتوویەتی:

لە سەردەمی ئێمەدا و لە چاخی ئینتەرنێت دا، بۆ کەسێکی رووسی دارشتنی دەقێکی وەرگێڕدراوی بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکی بە زمانی ئینگلیزی لە ئینتەرنێت دا زۆر ئاسانترە لە دەست خستنی نوسخەی رووسی ئەو لە کتێب فرۆشییەکان دا.(کریستاڵ، ١٩٩٨: ١٠٧-١٠٩).

هەرچەندە زۆرێك لە خەڵکی دونیا بۆ ئەوە بەداخن کە زمانی زگماکی و دایکیان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دا نیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆریش بۆ ئەوە شادن کە ئامانجی زمانێکی هاوبەشی جیهانی — لایەنیکەم لە بواری سایبرێنتیك دا — خەریکە وەدی دێ. ئەم کۆمەڵە پێیان وایە کە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە لە ماوەی دەیەی نەوەددا روویان لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی کردووە، تەنیا بە مەبەستی ئاشنابوون لەگەڵ چی و چۆنی شێوەکانی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت بووە. بە واتایەکی دیکە هەتا ئینتەرنێت زیاتر پەرە بسێنێ ژمارەیەکی

زۆرتر لە خەڵکی هۆگری فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەبن و دۆخی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی جیهانی لە جاران و پێشووتر زیاتر دەسەلمێندرێ.

ژمارەی کارگێڕانی ئینتەرنێت لە ژمارەی یەك میلیۆن کەس لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بۆ بیست میلیۆن کەس لە ساڵی ١٩٩٣ و ٤٠ میلیۆن کەس لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ زیادی کردووە. راپۆرتی ئەوە دەدەرێ کە ئەم رادەیە لە ساڵی ١٩٩٦دا مانگانە بە زیادبوونێکی لە سەدا دە هاوکات بووە و وا مەزندە دەکرێ کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ ئەم رادەیە بگاتە یەك میلیارد کەس.(کریستاڵ، ١٩٩٨: ١١٠)


## کەم و کورییەکانی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی جیهانی

سایپر، زمانناسی ناوداری ئەمریکی لە بابەتێك دا لە ساڵی ١٩٢٥ لە رەخنەیەك دا لە توانایی و لێهاتووییەکانی زمانی ئینگلیزی وەك زمانی جیهانی بەمشێوەیە نووسی:

"... دەبێ زمانێکی یارمەتیدەرانەی نێونەتەوەیی ئەوەندەی دەگونجێ و دەکرێ، سانا، رێسامەند، لۆژیکی، دەوڵەمەند و داهێنەرانە بێ، فێربوونی ئەوو "زمانە" بۆ کەسێك پێویستی بە کەمترین خەرجی و وردبینی و هەوڵ بێ و زۆرترین و کاریگەردارترین کارایی و کەڵك بۆ تاك لە خۆ بگرێ. نموونەی زمانێکی ئەوتۆ دەبێ زمانی بیرکاری بێ کە بە کەڵك وەرگرتن لە مێتۆدەکانی بیرکاری رووداو و پەیوەندییە روون و دیارەکانی نێوان رووداوەکان دەردەبڕێ.

رەنگە ئەوە ئایدیاڵی بێ کە نەکرێ سانابوونی بەدەست بێ، بەڵام ئەوە بۆ بەدەست هێنانی شتێکی ئایدیاڵ نیە، بۆ دیاریکردنی رەوتن. ئێستا وەرن زمانی ئینگلیزی لە رەهەندی سانابوون، رێسامەندی، لۆژیکی، دەوڵەمەندی و داهێنەربوونەوە بخەینە بەر لێکۆڵینەوە. روون و ئاشکرایە کە زمانی ئینگلیزی گەلێك ئەستەمی و ئاڵۆزی ستراکتۆری زمانی ئەڵمانی یا لاتینی نیە، بەڵام ئەوە زۆر گرنگ نیە. رەنگە لە پلەی یەکەم دا لەو راستییە تێبگەین کە زمانی ئینگلیزی گەلێك رێژەی رێزمانی ئەستەمی لە چاو ئەو دوو زمانەی ناومان بردنی نەبێت ئەوە ئارامبوون و هێدی بوونێکی رێژەیی بە فێرخوازان بدات. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، تاك لەوە تێدەگا کە ئینگلیزیش ئەستەمییەکانی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ وێنە لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی هاوکات وەك ناو و کردار کەڵك لە وشەیەك وەردەگیردرێ.






ئەم پرسە دوو رەهەندییەکی تایبەی لەگەڵە. لە هیچ هەلومەرجێك دا یەك وشەش وەك ناو و لە هیچ دۆخ و هەلومەرجێك دا وەك بکەر کەڵکیان لـێوەرناگیردرێ؟ ئینگلیزمان گەلێك کە زمانی ئینگلیزی زمانی زگماکییانە بە شێوەیەکی بەراوردکارانە ئەم پرسە دیاری دەکەن، بەڵام بۆ کەسانێك کە مەبەستی فێربوونی زمانی ئینگلیزییان وەك زمانی دووهەم هەیە جیاوازییەکی ئەوتۆ ئەستەم و هەڵە وەرنەگرە. گرفتێکی دیکە هاوچەشنی ناو و کردارەکان لەگەڵ یەکترییە دەتوانین بۆ وێنە بڵێین give him a shove یا give him a push بەڵام بۆمان نیە بڵێین give him a move.

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لە راستیدا سانابوونی زمانی ئینگلیزی ئاڵۆزییەکی دەمامك دارە. کاتێك کە زمانی ئینگلیزی ناتوانێ یاساگەلێکی روون و ئاشکرا سەبارەت بە کارایی و کەڵکی وشەکان وەك ناو یا کردار یا نموونەگەلێکی وەك کرداری سانای وەك put بۆ کەسێکی بیانی بخاتە بەر دەست ئەوە چ سوودێکی هەیە رێزمانێکی سانا و ساکاری هەبێ! کاتێك زمانی ئینگلیزی ناتوانێ ئەوە شرۆڤە بکا کە بۆچی بۆ وێنە پاشگرێکی تایبەتی ناتوانێ بە شێوەیەکی بێ سنوور ئاوەڵناو پێك بێنێ (بۆ وێنە نموونەی پاشگری ness – ناتوانین لەگەڵ wide یا beauty ئاوێتە بە یەکتر بکەین و wideness، beautiness دروست بکەین) ئەوە چ سوودێکی هەیە کە تاریفی وشەکانی بکەین و پێیدا هەڵ بڵێین. لە راستیدا سانابوونی زمانی ئینگلیزی بە هۆی ناروون و لێڵ بوون، بێ رێسابوون و بێ رێك و پێك بوونی زاڵ بە سەر گشت پاژ و بەشەکانی دایە، کە زمان زانە بێنەواکان پاش ماوەیەکی کورت پەی بەوە دەبن کە بەراستی فێربوونی

زمانێکی پڕ لە ڕێسا و یاسای وەك لاتینی لە فێربوونی زمانێکی بێ ڕێسای وەك ئینگلیزی ئاسانترە، کە بەشێکی بەرچاوی ڕێزمانی ئەو تێکەڵاوێکە لە نەهێشتن و نموونەگەلێکی بیستن..."

ئەگەر لە ڕەخنەی ناوداری ساپیری ئینگلیزی زمان بگوزەرێین زۆر زانا و زمانناسی دیکەش ڕەخنەگەلێکیان لە زمانی ئینگلیزی — لە ئاستێکی فراوانتردا لە هەڵبژاردنی زمانێکی سرووشتی وەك زمانێکی جیهانی — گرتووە کە زۆربەیان بەو شێوەیەی خوارەوەن:

* قسەکەرانی ناوچەیی زمانێکی سرووشتی لە بار و دۆخێکی تەواو جیاوازدان و لە هەمبەرقسەکەرانی دیکەی بیانی ئەو زمانە. قسەکەرانی ناوچەیی و خۆماڵی زۆرتر حەزیان لە کەڵك وەرگرتن لە دەستەواژە و واتاگەلێکی گشتی و خۆماڵی و توند قسەکردنە، کە تێگەیشتنیان بۆ کەسانی ناخۆماڵی و بیانی ئەستەمە. ڕەوتێکی ئەوتۆ لە شوێنی کار و لە ئاستی کۆمەڵگادا دەتوانێ جۆرێك ئاپارتایدی زمانی بەدواوە بێت.

* زمانە سرووشتییەکان زاراوە و شێوەی ئاخاوتنی جۆراوجۆریان هەیە کە هەندێك کات تەنانەت تێگەیشتنی پەیڤ و وتەی قسەکەرانی جۆرێك (زاراوەیەك) بۆ قسەکەرانی زاراوەیەکی دیکە ئەستەمە و هەندێکجار نەگونجاویش دەبێ. لە لایەکی دیکەوە، زۆربەی کاتەکان زاراوەیەکی ستاندارد بۆ زمانێکی سرووشتی بوونی نیە و جۆرێك یا زارەوەیەك کە زۆربەی کاتەکان بە ستاندارد دادەنرێ تەنیا فۆرم یا نەسەنێکی زمانییە کە لە لایەن کەمینەیەکی تایبەتییەوە، ئەویش تەنیا لە کاتە تایبەتیی و بەرتەسکەکان دا کەڵکی لـێوەردەگیردرێ. هەمموو تاکێك، زمانی زگماکی خۆی زۆر ئاسانتر لە ڕێگای گوێ گرتن لە قسەی ئەوانیتر و قسەکردن لەگەڵ کەسانیتردا هەر لە تافی منداڵییەوە فێر دەبێ. سەرەتا ئەوانیتر لەو کەسە باشتر زمانەکە دەزانن، بەڵام بەرە بەرە هاوسەنگی زمانی لەگەڵ گەیشتن بە تەمەنی باڵق بوون شێوە دەگرێ. بەڵام لە ئاستی تەنینەوەی نێونەتەوەییدا دۆخەکە جیاوازە. کەسێکی تەمەن پەنجا ساڵەی بیانی لە کاتی قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ تازە لاوێکی یا مێردمنداڵێکی تەمەن پانزە ساڵەی ئینگلیزی هەر لە خۆیەوە هەست بە کەم و کورتی و سووکایەتی دەکا و دواتر ڕەنگە بە هۆی ئەستەمییەکانی تێگەیشتنی قسەکانی لە لایەن کەسی بەرامبەر( بەردەنگ)ەوە، بە لەبزێکی ئیهانەت و سووکایەتی پێکردنەوە لەگەڵی ڕووبەڕوو ببنەوە و ئەوە ببێتە هۆی ئازارچێشتنی ئەو کەسە.



* زمانێکی سرووشتی مێژوو و کولتوور و ژیاری نەتەوەیەك لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ. بۆ وێنە، وشە و واتاگەلێك کە فێر دەکرێن جگە لە واتای دایرەتولمەعارفی خۆی، گەلێك واتای پاڵەکی یا لاوەکی دیکەشی هەبێ کە لە ئاستی ئەوەدا نەبێ کە دەرکەوێ و ڕەنگ بداتەوە. ئەوە دیاردەیەکی کولتوورییە کە شووناسێکی تایبەتی بە نەتەوەیەك دەبەخشێ، بەڵام لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئەوە بە تەواوی مانا ڕەها و پڕ بە پێستی وشە کارەساتێکی پەیوەندی گرتنە.

* زمانە سرووشتییەکان، بە هۆی پێشینەی مێژوویی کۆنیان خاوەنی گەلێك تایبەتمەندین کە ئەزموونی و بێ ڕێسان. لە ژینگەی ناوچەیی و خۆماڵیدا فێربوونی ئەم تایبەتمەندی گەلە بە هۆی کاراییان لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە کارێکی هێندە ئەستەم نیە، بەڵام فێربوونیان بۆ کەسێکی بیانی دیاردە و کارێکی زۆر ئەستەمە.

* زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی تایبەتی، خەزێنەیەکی زۆر دەوڵەمەندی لە وشەگەلێك لە واتاگەلێکی هاوتا و هاوچەشنەوە هەیە. ئەم وشەگەلە خاوەنی واتایەکی بنەمایی یەکن، بەڵام واتای لاوەکییان جیاوازە و لە گەلێك دۆخی تایبەتیدا کەڵکیان لـێوەردەگیردرێ. بۆ کەسێك کە ئینگلیزی زمانی زگماکی ئەو نیە کارایی و کەڵکی وشەگەلێکی دروست لە شوێنە دروستەکان دا گرفتێکی بەرچاوە. لە ڕاستیدا هەمموو وشەیەك بۆ کەسانێك لە بوارگەلێکی زەینی و هزری و کۆمەڵایەتی جیاوازدا واتاگەلێکی جیاوازیشیان هەیە و دەکرێ کەڵك وەرگرتنیان ببێتە هۆی خراپ تێگەیشتن(سوء تفاهم)یش.

* ئینگلیزی زمانێکە حەزی لەوەیە کە وشەگەلێك بە قەرز لە زمانە سروشتییەکانی دیکە لە جیاتی وشە تازەکان بۆ تێگەیشتنی چەمك و واتای نوێ و ناوچەییەکان لە کەڵك وەرگرتن لە وشەگەلێکی کۆن یا وشەداتاشین و کەرت کەرت کردن وەرگرێ. خەڵکی زۆرتر وەك "خەزێنەی دەوڵەمەندی وشە" ناوی زمانی ئینگلیزی دێنن. ئەم دەوڵەمەند بوونە کە لە بنەڕەت دا بە هۆی قەرز وەرگرتنی وشەکانە بۆتە هۆی ئەوەی کە گەلێك لەم وشانە کە بەڕواڵەت واتایەکی پەیوەندیداریان لەگەڵ یەکتریدا هەیە هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتردا نیە. قەرزوەرگرتنی وشەکان بەڕواڵەت بۆتە هۆی قەبووڵ بوونی جیهانی زمانێك، بەڵام لە لایەکی دیکەوە فێربوونی وشە بێ ڕێساکانی، کارێکی ئەستەم و چەتوونە.

## زاراوە (جۆرەکانی زمانی ئینگلیزی)

لە ساڵی ١٨٧٧ دا هێنری سویت زمانناسی ناسراو — کە بە بڕوای هەندێك کەس مۆدێلی پێش بینی ئەگەری بێرنارد شاوی بۆ داهێنانی ئەفراندنی کەسێتی هێنری هیگینێز لە پیگمالیۆن بووە — کردووە کە تا سەدەیەکی دیکە، خەڵکی ئینگلیز، ئەمریکا و ئوستراڵیا بە زمانگەلێك قسە دەکەن کە هەرچەند ناوی هاوبەشیان ئینگلیزییە، بەڵام تێگەیشتنی هەر کام لەوانە بۆ کەسانی قسەکەر بەوانی دیکە گونجاو و شیاو نیە. ئەو پێش بینی چارەنووسێکی بۆ ئینگلیزی کرد کە هاوشێوەی ئەو شتەی کە بە سەر لاتینی هات (و زمانە فەرەنسیەکان، ئیسپانی، و ئیتالی کە لەویەوە وەرگیراوە) یان چارەنووسێکی هاوچەشنی زمانی ئەڵمانی کە زمانەکانی هۆلەندی، دانیمارکی و سویدی لەویەوە وەرگیراون. هەڵبەت پێش بینی سویت تا ئێستاش هەر بە ئاکام نەگەیشتووە و ڕووی نەداوە. زاراوەکانی زمانی ئینگلیزی سەرەڕای جیاوازییە کەم و زۆرەکانی، بۆ قسەکەرانی ئەم زمانە لە هەموو شوێنێکی دنیادا کەم و زۆر جێگای تێگەیشتنە. لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا هەندێك کەس پێیان وایە کە هەر لە ئێستاوە نیشانەکانی لێك ترازانی دەروونی لە زمانی ئینلگیزیدا دەرکەوتووە. بە بڕوای ئەوانە هەر ئێستا گەلێك هێما لە سەر ئەستەمییەکانی تێگەیشتنی بەرامبەر لە زمانی ئینگلیزی لە هیند، ئەفریقای باشووری و یان تەنانەت خودی بریتانیا و ئەمریکا بە بەرچاو دەکەوێ. ئەم گۆڕان و جیاوازییانە تایبەت نین بە زمانی ئاخاوتن و قسەکردن و لە زمانی نووسینیش دا بە تایبەتی لە کەڵك وەرگرتن و کارایی لە ژمارەیەك وشەی شیاو و زەق دا ئاسەوارەکانی بە بەرچاو دەکەوێ، بۆ وێنە لە بابەتێك دا بە زمانی ئینگلیزی لە بلاڤۆکێکی هیندی دا، ڕەنگە تۆ لەگەڵ هەندێك وشەی roti لە جێگای berad(نان) Kapa لەجێگای clothing(جل و بەرگ) و makan لە جێگای dwelling(شوێنی نیشتەجێ بوون) rail koko لە جێگای railway strike ڕووبەڕوو ببیەوە. لە هەندێك زاراوەی ناوچەیی ئینگلیزیدا، ژمارەی وشەگەلی خۆماڵی نائینگلیزی (بریتی لە ناوی چێشت و خواردەمەنییە خۆماڵییەکان، شوێنە جوگرافیەکان، ڕوەك و ئاژەڵەکان) زیاتر لە هەزاران وشەیە. ئەم پرسە دەبێتە هۆی گەڵاڵە بوونی پرسیارگەلێکی بێ ئەژمار. زمانی ئینگلیزی بە داوێن و پانتاییەکی هێندە فراوان لە زاراوە جۆراوجۆرە جیاوازییەکان چۆن دەتوانێ ڕۆڵی ئامرازێکی نێونەتەوەیی بۆ پەیوەندی گشتی



هەموو خەڵکی جیهان لەگەڵ یەکتری بگێڕێ؟ کام جۆر و زاراوەی ئینگلیزی دەبێ بە چەشنێکی ستاندارد دانرێ: بریتانی، ئەمریکی، ئۆستراڵی یان هیندی؟ مامۆستاکانی زمانی ئینگلیزیش بە نۆرەی خۆیان لەگەڵ پرسیارگەلێکی لەم چەشنە ڕووبەڕوو دەبنەوە ئایا دەبێ ئینگلیزی بریتانی فێری قوتابیان بکەن یا خود ئینگلیزی ئەمریکی؟ یان هەر دووکیان یان سەرنجی خۆ بدەنە ئەو زاراوەیەکی لەبار و گونجاو کە لە ناوچەی خۆیان دا باوە؟ بڕیاری ئەوان چ کاریگەرییەکی لە سەر لێهاتووییەکانی زمانی فێرخوازە زمانییەکانیان دادەنێ کە بڕیار وایە وەك ئامرازێك بۆ پەیوەندی گرتنی نێونەتەوەیی کەڵك لەم زمانە وەرگرن؟ لە بەرامبەر گرفتی فرەبوونی زاراوە و جۆری ئاخاوتنە جیاوازەکان، ڕاندۆڵف کێرك زمانناسی ئینگلیزی لە دەیەی هەشتادا، پێشنیاری "ئینگلیزی ناوکی"ی خستە بەردەست. "ئینگلیزی ناوکی" زمانێکە کە دوور لە هەموو تایبەتمەندییەکی ناپێویست و شیاوی چاوپۆشی کە تەنیا دەبێتە هۆی لێك ترازان و جیاوازی نێوان جۆر و زاراوە جۆراوجۆرەکانی ئینگلیزی. نموونەگەلێك لە ستراکتۆری شیاوی وەلاخستن و نەهێشتنیان بریتین لە tag question، isn't it، aren't they کە دەتوانن بە شێوەیەکی هاوبەش و تاك (وەکو right?) کۆ بکرێنەوە و یان بانتربوون و لە سەرووتر بوونی یەکێك لە ستراکتۆرەکانی ئەنجامدراوی ناڕاستەوخۆ ( I gave a book to the man یا I gave the man a book ).

## داهاتووی زمانی ئینگلیزی وەك زمانی جیهانی

هەلومەرجی هەنووکەیی و ئێستا نیشاندەری دەسەڵاتی ڕەها و تەواوی زمانی ئینگلیزی لە گۆڕەپانی جیهان دایە، بەڵام هیچ شتێك پێش بینی ناکرێ. مێژووی زمان زۆر جار نیشانی داوە کە زمانەکانیش وەکو ئیمپراتۆرییەکانی سەردەمی سەرهەڵدان و دەسەڵات و سەردەمی ڕووخان و نەمانی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاست دا کەسێك باسی مردنی زمانی لاتینی کردبایە هەموو گاڵتەیان پێ دەکرد، لە سەدەی هەژدەش دا ئەگەر کەسێك بانگەشەی ئەوەی کردبایە کە لە ماوەی سەدەی داهاتوودا، زمانێکی دیکە جگە لە زمانی فەرەنسا، دەبێتە زمانی جیهانی سیاسەت هەموو گومانیان لە سەلامەتبوونی هزر و عەقڵی دەکرد. بەڵام دەبێ

ئەوەمان لە بیر بێ، هەرچەندە هەفتەیەك لە دنیای سیاسەت دا زۆر دوور و درێژە لە دنیای زمانناسیدا سەدەیەك زۆر کورتە.

یەکێك لە هۆکارە ئەگەرییەکانی لاوازبوونی زمانی ئینگلیزی دەکرێ لە بەهێزبوونی جووڵانەوە نەتەوەییخوازانەکان و هەوڵەکانی خەڵك لە هەموو شوێنێکی جیهان دا بۆ وەرگرتنی شووناسی نەتەوەییان بە دوای دا بگەڕێین. بۆ وێنە لە تانزانیا زمانی ئینگلیزی تا ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ زمانی سواهیلی زمانی فەرمی ئەم وڵاتە بوو. بەڵام دوای بڕیاردانی دەوڵەتی تانزانیا بۆ نەهێشتنی ڕۆڵی فەرمی ئەم زمانە، بەرە بەرە بەهای ئینگلیزی لەم وڵاتەدا کەم بۆوە. لە کینیاش لە ساڵی ١٩٧٤دا لە سەر بڕیاری دەوڵەت، سواهیلی لە جیاتی ئینگلیزی بە زمانی فەرمی وڵات ناسرا. لە ئاسیا و لە مالیزیاش لە ساڵی ١٩٦٧دا ئینگلیزی پلەی خۆی وەك زمانی ڕەسمی و فەرمی لە دەست دا و زمانی مالاگایی جێی ئەو زمانەی گرتەوە.

گەلێك هۆکاری ئابووریش دەتوانن ببنە هۆی هاندان و پاڵنەری وڵاتێك بۆ کەمکردنەوەی دانانی سەرمایە لە سەر ڕاهێنان و پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی. دەوڵەتی وڵاتێك پێدەچێ داهاتووی ئابووری خۆی لە بەر دەستی سەرنجی زیاتر بە زمانی خۆماڵی و ناوچەیی خەڵکەکەی دا ببینێ تاکو زمانێکی جیهانی، تەنانەت پێدەچێ زمانێکی ناوچەیی خۆماڵی بە سەرووتر لە زمانی ئینگلیزی دانرێ. بۆ وێنە وێدەچێ دەوڵەتە ئەمریکاییەکانی باشوور سەرنجی خۆیان بەرەو بەهێزبوون و پەرەپێدانی زمانی ئیسپانی — زمانی ناوچەیی وڵاتانی ئەمریکای باشوور — دانێن.

لە هاوتای هێزەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی و گیر و گرفتە ناکۆتاکانی زلهێزەکانیش کەمتەر خەم مەبن. ئەگەر یەکیەتی ئەورووپا لەوەدا سەرکەوتوو بێ کە لە گۆڕەپانی ئابووری و بازرگانی و سیاسەتی جیهانیدا ئەمریکا بخاتە ئەو لاوە و ببێتە زلهێزی نوێ و گەورەی جیهان، ئەوە زۆر دوور لە چاوەڕوانییە کە ڕێبەرانی سەرەکی ئەو (ئەڵمانیا و فەڕەنسا) بیرو ڕایەکی هێندە لەبار و گونجاویان بۆ درێژەی گێڕانی ڕۆڵی زمانی جیهانی لە لایەن زمانی ئینگلیزییەوە هەبێ.



## پوختە و دەرئەنجام

یەکێك لە ڕێکارە کاریگەر و پراکتیکییەکانی پێکهێنانی پەیوەندی جیهانی، پەرەسەندن و باوبوونی فێربوونی زمانێکی سرووشتییە وەك زمانێکی جیهانی. ئەم زمانە سرووشتییە کاتێك دەتوانێ وەك زمانێکی جیهانی بناسرێ و بچەسپێ کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا خاوەنی ڕۆڵێکی تایبەت — چ وەك زمانی زگماك، چ وەك زمانی دووهەم و چ وەك یەکەمین زمانی بیانی — بێ. لە ڕاستیدا دۆخ و متمانەی ئەم زمانە دەبێ بە چەشنێك بێ کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك کە ئەم زمانە، زمانی زگماکیان نیە بۆ بەرەو پێشبردنی مەبەست و ئامانجە بازرگانی، ئابووری، کۆچبەری، سیاسی و ڕاهێنانەکانی خوددا بۆ فێربوونی حەز و مەیل و هۆگری نیشان بدەن. لە چەسپانی ڕۆڵی زمانێکی سرووشتیدا وەك زمانێکی جیهانی، پرش و بڵاوبوونی قسەبێژ زۆر لە ژمارەی قسەکەرانی ئەو زمانە ڕۆڵ دەگێڕێ و بە واتایەکی دیکە هۆی بنەڕەتی نێونەتەوەیی بوونی زمانێکی سرووشتی، پەرەسەندنی جوگرافی ئەوە کە ئەم پرسە خۆی پێڕەوی لە هێزێکی سیاسی — ئابووری — نیزامی یا وڵاتانێك دەکات کە ئەم زمانە، زمانی زگماکی ئەو — یان ئەوان — دێتە هەژماردن.

هەنووکە زمانی ئینگلیزی بە سەرنج دان بە ئامادەبوونی پڕ ڕەنگ و بەهێزی خۆی لە بوارەکانی ئابووری، بازرگانی، سیاسی و هونەری، وەرزشی و لە هەمووان گرنگتر کۆمپیوتەر و ئێنتەرنێتی دا بە کردەوە ڕۆڵی زمانێکی نیمچە جیهانی دەگێڕێ. فێربوونی گشتی زمانی ئینگلیزی لە ئاستی جیهان دا هەرچەندە بۆتە هۆی نەمانی خەرجییەکانی وەرگێڕان و خۆبواردن لە هەستیارییەکانی نەتەوەییانەی زمانی لە کۆمەڵگای چەند زمانی ئاسیایی و ئەفریقاییدا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هۆکاری کاریگەردار لە خێرایی مردنی زمانە کەمینەکان دا و سەرووتربوونی زمانی قسەکەرو ئاخاوتنکەرانی خۆماڵی ئەو زمانەدا دەبێ. لەگەڵ ئەوەدا کە زمانی ئینگلیزی جۆر و زاراوەگەلێکی جۆراوجۆری هەیە کە هەندێکجار تەنانەت تێگەیشتنی قسەی قسەکەری زاراوەیەك بۆ قسەکەرانی زاراوە یا جۆرەکەی دیکە زۆر ئەستەم و زۆرجار نەشیاو و نەگونجاوە.

# پاری پێنجەم

## ئاڕاستەی وەرگێڕان

### رووبەڕووبوونەوەی زمان

دەستەواژەی رووبەڕووبوونەوەی زمانی لە کتێبی زمانناسیدا بە گەلێك واتای جۆراوجۆرەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام لە واتای گشتی ئەودا دەکرێ بە گەلێك شێوەی جۆراوجۆر رووبەڕووبوونەوەی دوو زمانی بوون و کاریگەرییەکانیان راڤە بکرێ و گەلێك دەرەنجام و رەهەندی جۆراوجۆری وەك بە قەرزوەرگرتنی زمانی، دەستێوەردانی زمانی، هاوچەشن خوازی زمانی، زمانی ئاوێتە و تێکەڵ بە یەکترەکان و دوو زمانی بوون بۆ لە بەرچاو بگرین. بە واتایەکی دیکە رووبەڕووبوونەوەی تاکگەلێك کە بە زمانە جۆراوجۆرەکان قسە دەکەن دەکرێ گەلێك کاردانەوەی جۆراو جۆر و جیاوازی هەبێ. لە هەندێك نموونەدا تەنیا چەند وشە بە قەرز وەردەگیردرێ و لە هەندێك کاتدا دەبێتە هۆی ئەفراندنی زمانێکی تازە و نوێ. ئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی زمانی پەیوەندی بە چەندین هۆکارەوە هەیە کە کات و رادەی رووبەڕووبوونەوەی قسەکەرانی دوو کۆمەڵە زمانەکە، جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی نێوان ئەوانە، و پلەی هاوچەشنی نێوان دوو زمان کە ئەندامەکانی ئەو دوو گرووپە قسەی پێ دەکەن لە خۆدەگرێ. زۆربەی زمانە سرووشتییەکانی جیهان، بە درێژایی مێژوو لە ژێر کاریگەر و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا تووشی گۆڕان و گۆڕانکاری هاتوون. بۆ وێنە زمانی ئینگلیزی — هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد — بڕێکی زۆر وشەی فەڕەنسی، لاتینی، یۆنانی و لە گەلێك زمانی دیکەی بە قەرز وەرگرتووە. هەڵبەت ئەم جۆرە گواستنەوەگەلە پێویستی بە ئەنجامی تێکەڵبوونی خەڵکی ئینگلیز لەگەڵ یۆنانی و



فەڕەنسییەکان نیە، لە راستیدا زۆرێك لەم وشەگەلە ئەنجامی خوێندنەوەی کتێب یا ئامادەبوون و چوون بۆ پۆلە وانەییەکانی زمانی ئینگلیزی، گوازراونەوە.

یەکێك لە دەرکەوتەکانی رووبەڕووبوونەوەی زمانی بەرهۆی تێکەڵبوونی نێوان قسەکەرانی کۆمەڵە بچووکەکانی زمانییە کە دەبێتە هۆی چەند زمانێکی فراوان و گەورە و بڵاوبوونەوە و تەنانەت گەلێك نموونەی رێزمانی و واتایی. گەلێك نموونەی لەم جۆرە لە ناوچەگەلێکی وەك پاپۆاگینەنۆ، ئامازۆن و دەشتاییەکانی ئوستراڵیا بەبەرچاو دەکەوێ.

هاوسێ بوونی جوگرافیش یەکێك لەو رێگایانەیە کە لە رێگای ئەوەوە رووبەڕووبوونەوەی زمانی روو دەدا و سنووری هاوبێژی (همگویی) پێك دێ. نموونەیەکی بەناوبانگی لەم جۆرە لە ناوچەکانی باڵکان دەبیندرێ، شوێنێك کە قسەکەران و ئاخاوتنکەرانی زمانگەلێکی وەك یۆنانی، ئەڵبانی، رۆمانی و بولغاری گەلێك تایبەمەندییان لە زمانی یەکترەوە بە قەرز وەرگرتووە.

### زمانە ئاوێتەکان

لە نێوان سەیرترین نموونەکانی رووبەڕووبوونەوەی زمانی، دەبێ ئاماژە بە نموونەگەلێك بکەین کە بەرهەمی پەرەسەندنی سنووری بازرگانی یا سنوورە داگیرکەرانەییەکانن کە دەبێتە هۆی گەلێك جۆری جۆراوجۆر سازئاسای زمانی بە مەبەستی پێکهێنانی پەیوەندی بەرامبەر لەگەڵ یەکتری. سازئاساگەلێکی ئەوتۆ بە نۆرەی خۆیان دەبنە هۆی ئەفراندن و لە دایك بوونی زمانە ئاوێتە یا "پەیجین"* - زمانگەلێك زۆر قووڵ چاککراو و ساناکراو بە رادەیەك لایەنیکەمی کەمکردنەوەی وشە و رێسای رێزمانی بۆ وەلاختن و نەهێشتنی پێداویستی ئابوورییەکان — دەبن. سەبارەت بە چوونایەتی نەسەن و شێوەگرتنی زمانە ئاوێتەکان گەلێك تیۆری و بیرو رای جۆراوجۆر هەیە. رەنگە سەرکەوتووترینیان تیۆری زمانی منداڵانە یان گرۆگاڵی ساوایانە کە دەڵێن هی زانای ئەڵمانی سەدەی نۆزدەهەم، هۆگۆ شوخارتە. بە پێی ئەم تیۆرییە زمانی ئاوێتە لە رێگای زنجیرەگەلێکی لاساییکردنەوەی دووپاتەوە

* pidgin

(لاسایی بێژەرانی زمانە جۆراوجۆرەکان لە بێژەر و قسەکەری زمانێك کە زۆرتر زمانێکی ئەوروپاییە و دواتر لاسایی قسەکەرانی زمانێك کە لاسایی لـێدەکرێتەوە لە شێوەی لاسایی و ساناکراوی زمانی خۆی و هەتا دوایی هەر بەم شێوەیە) پێك دێ. گریمانەیەکی دیکە سەبارەت بە چوونایەتی سەرهەڵدانی زمانە ئاوێتەکان ئەوەیە کە ئەم جۆرە زمانانە هەرچەندە کە بە هۆی رووبەڕووبوونەوەی کورتخایەن و تێکسمڕاوادا پێك دێن، بەڵام زمانناسان سەرهەڵدان و شێوەگرتنیان بە کتوپڕی و لە ناکاو نازانن. ئەو جیاوازییە بەرچاوانەی زمانە ئاوێتەکان لەگەڵ زمانە سرووشتیی و دەستکردەکان بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

١- زمانە ئاوێتە و تێکەڵەکان بە پێچەوانەی زمانە سرووشتییەکان خاوەنی قسەکەری خۆماڵی و ناوچەیی نین و تەنیا لە هەندێك بارودۆخی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا و بۆ چارەسەرکردنی پێویستییە تایبەتییەکانی پەیوەندی نێوان قسەکەرانی زمانە جۆراوجۆرەکانەوە وەك زمانێکی ناونجی کەڵکیان لـێوەردەگیردرێ، لە راستیدا ئەم جۆرە زمانانە تەنیا لە تۆڕێکی پەیوەندی رێژەییدا کەڵکیان لـێوەردەگیردرێ و لەگەڵ لە ناوچوونی هەلومەرج و دۆخی کۆمەڵایەتی تایبەتی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانیان، بەرە بەرە لە ناو دەچن.

٢- وشەکانی زمانە ئاوێتەکان بە بەراورد لەگەڵ زمانە سرووشتییەکان زۆرتر بەرتەسکتر و کەمترن، چونکە زمانێکی ئاوێتە بە لایەنیکەمی وشەکانی پێویستەوە بۆ پەیوەندی لە بوارێکی دیاریکراودا کەڵکی هەیە.

٣- تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانە ئاوێتەکان، پێکهاتی سانا و ساکاریانە. لەم جۆرە زمانانەدا، زۆربەی کاتەکان چەمکگەلی رێزمانی و دەستووری زۆر سانا و ساکار دەکرێنەوە و بە تایبەتی وێنەگەلی رێزمانی تاڕادەیەك لە ناو دەچن و نامێنن. گوتەزاگەلێکی وەك رەگەز، ژمارە، نموونەگەلی ئاڵۆزی دەستووری کردار، نموونەگەلی جۆراوجۆری پێکهێنانی رستە و بێ رێسابوونەکان لە زمانە ئاوێتەکان دا کەمتر بەبەرچاو دەکەون.

٤- زمانە ئاوێتەکان بە هۆی نەهێشتنی گەلێك نموونە و توخمی بنەڕەت و ئاڵۆزی رێزمانی، دەستووری، واچی و وشەیی و هەروەها هەندێك ئەگەر و دەرەتانی زیادە لە زمانە



سرووشتییەکان دا بە شێوەیەکیان لـێدێت کە فێربوون و کەڵك وەرگرتن لەوان بۆ کەسانێك کە لە بارودۆخی رووبەڕووبوونەوەی زمانی دان، بە ئاسانی و زۆر خێرا بگونجێ.

٥- زمانە دەستکردەکان بە شێوەیەکی ئاگایانە و گشتی و هەمەکیانە بە هۆی تاك یا کۆمەڵێکی دیاریکراو لە تاکەکان لە چاخێکی کاتی کورت دا گەڵاڵە دەکرێن و دەخولقێن و لەم رووەوە زۆربەی کاتەکان خاوەنی پێکهاتێکی دەستووری ورد و هەڵسەنگێندراون بەڵام زمانە ئاوێتەکان بە شێوەیەکی ناخودئاگایانە و بەرهەستانە لە زەمەنێکی دوور و درێژدا (دوو یا سێ تۆرەمە) بەرە بەرە شێوە دەگرن و زۆربەیان لە رەهەندی دەستووری و رێزمانییەوە پێکهاتێکی لاواز و پڕ لە کەم و کورتیان هەیە. (مدرسی، ١٣٦٨: ١٠١ — ١٠٧).

رادەی قەرزوەرگرتنی زمانە ئاوێتەکان لە زمانەکانی دیکە لە رووبەڕووبوونەوەدا، جیاواز بووە و جیاواز دەبێ. هەندێك جار لە گەلێك زمانی وەك رووس نۆرسێك* - زمانێك کە لە بازرگانی نێوان رووسیا و نەرویج لە سەدەی بیستەم دا کەڵکی هەبوو — بە یەك رادە کەڵك لە وشەگەلی رووسی و نەرویجی وەردەگیردرا و هەندێکجار سەبارەت بە زمانە ئاوێتەکانی وەك "زمانی ئاوێتەی ئیسکیمۆکان" و "زمانە ئاوێتەکانی ئینگلیزی چینی" وشەکان زۆرتر لە زمانی کەسانێکەوە وەردەگیردرێن کە قسەکەرەکانی کۆنتڕۆڵی بازاڕی بازرگانی یا ناوچەیی جوگرافییان لەبەردەست دایە. گەلێك زمانی ئاوێتەیی لە ناو پێکهاتەگەلێکی نابازرگانی وەك ناوچەگەلێك لە ژێر دەسەڵاتی سەربازی (وەکو زمانە تێکەڵاو و ئاوێتەکانی ئینگلیزی ژاپۆنی لە ژاپۆنی دوای دووهەمین شەڕی جیهانی) یان لە ناوچەگەلێکی نیشتەجێ بوون (زمانە ئاوێتەکانی خزمەتکارە هیندییەکان لە ماڵی دەوڵەمەند و ئەشرافییە ئینگلیزییەکان)یش دا کەڵکیان لـێوەردەگیردرێ.

هەندێك جار ئەم زمانە ئاوێتانە بەهایەکی ئەوتۆ بەخۆوە دەگرن، کە وەك زمانی نەتەوەیی و فەرمی وڵاتێك دەناسرێن، وەك زمانەکانی "توك پیسێن" و "بیسلاما" زمانی فەرمی پاپۆواگینەی نوێ و واناتۆن. لەو کاتانەدا و هەروەها کاتێك کە قسەکەرانی زمانێکی ئاوێتە لە درێژخایەن دا بەرە بەرە لە گەلێك دۆخ و هەلومەرجی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیدا زۆرتر و

* Russe norsk

فرەچەشنانەتر کەڵکی لـێوەرگرن دەگوترێ کە ئەم زمانە ئاوێتەیە، بۆتە زمانێکی زگماکی ئاوێتە یان کریۆڵ بوو کە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- پێشینەی مێژوویی کورتتریان لە هەمبەر زمانە سرووشتییەکاندا هەیە.

٢- متمانە و بەهای کۆمەڵایەتی لە خوارەوە و کەمیان هەیە.

٣- وشەکانی ئەوان دەتوانن لەگەڵ وشەکانی زمانێکی ئاوێتەیی و تێکەڵاوی بنەڕەتی جیاواز بێ، چونکە لە کاتی شێوە و فۆرم گرتنی کریۆڵێکدا زیادبوون و هەندێکجار گەلێك کز و کەمبوونەوە لە ئاستی وشەییدا روودەدا.

٤- بە پێچەوانەی زمانە ئاوێتەکان، بواری کارایی بەرتەسکیان نیە و هەرێمی کەڵك وەرگرتنیان تا ڕادەیەك کەمترە.

٥- پیجینەکان قسەکەری خۆماڵی یا ناوچەییان نیە و هەرێمی کۆمەڵایەتی و جوگرافییان بەرتەسکە، بەڵام کریۆلەکان قسەکەر و پەیڤکەری خۆماڵی و ناوچەییان هەیە.

٦- کریۆلەکان وەکو زمانە سرووشتییەکان دەتوانن وەك زمانی ناوچی کەڵکیان لـێوەرگیردرێ. بەڵام پیجنەکان تەنیا لە کاتێك دا پێك دێن کە قسەکەرانی زمانە جۆراوجۆرەکان پەیوەندی پێکەوە دەگرن و هەربۆیە بە ناچار پێویستیان بە زمانێکی ناوچی دەبێ. (مدرسی، ١٣٦٨: ١١٢ —١١٦).

دەکرێ بۆ نموونەی زمانێکی کریۆلی ئاماژە بە زمانی رۆخی کانگا(لێرەدا کانگا بە واتای ناو هاتووە نەك بە واتای خودی وشەی کانگا (سەرچاوە) کە لە زمانی کوردیدا هەیە. وەرگێڕی کورد) بکەین کە لە بنەڕەت دا لە کریۆلی رۆخی کنگۆیی جیابۆتەوە و لە راستیدا لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم زمانە لەگەڵ زمانە فەرەنسیەکان، لۆبا و گەلێك شێوەزاری ناوەندی بانتۆ پێك هاتووە. لەگەڵ پەرەسەندنی تێکۆشانەکانی یەکیەتی کانگاچییەکان (کانگا لێرەدا مەبەست لە "معدن"ە، وەرگێڕی کورد) لەم ناوچەیە و پەرەسەندنی رەوتی شارەزابوون و راکێشانی کرێکاران وەك هێزی کاری ناخۆماڵی، کارایی رەخەکان لە کاتانگا زۆرتر بوو. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانە کە لە رەخەکانی کاتانگا بۆتە زمانی زگماکیان، ئەم زمانە لە کاتانگا بۆتە کریۆلێك و تاکو بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو باو بوو. ئەگەرچی جگە لە خولێك یا چاخێکی کورتی دوای سەربەخۆیی هیچکات لە راهێنان



و فێرکردنی فەرمیدا کەڵکی لـێ وەرنەگیردرا، بەڵام داوێنی تەشەنەکردنی ئەو بووە هۆی ئەوە کە تەواوی بەڵگە و ئارگیۆمێنتە دەوڵەتییەکان بە دوو زمانی فەرەنسی و رۆخی کاتانگایی چاپ و بڵاوبێتەوە.

## چەند زمانی

زۆربەی خەڵك پێیان وایە یەك زمان بوون دیاردەیەکی ئاسایی و سرووشتییە و ئەو کەسانەی کە بە سەر چەند زمان دا زاڵن کەسانێکی ناوازە و بلیمەتن، بەڵام ئەم وێناکردنە هەڵەیە. چەند زمانی بوون، شێوەیەکی سرووشتی ژیانە بۆ سەدان میلیۆن مرۆڤ لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیادا. هەڵبەت ڕێژەی فەرمی و جێگای باوەڕ لەم بارەوە نیە بەڵام ئەم پرسە کە نزیکەی ٥٠٠٠ زمان لە کەمتر لە دوو سەد وڵاتی جیهان دا بۆ ئاخاوتن و وتووێژ کەڵکی لێ وەردەگیردرێ نیشاندەری ئەوەیە کە خێڵێکی گەورە لە حەشیمەتی ئەم وڵاتانە بە سەر زیاتر لە یەك زمان دا زاڵن. ئەوەی کە بۆچی چەند زمانبوون بەو شێوەیە کە لە تیۆریدا وێنا دەکرێ لە پراکتیك دا فراوان و شیاوەی دیتن نیە بۆ سیاسەتی تایبەتی دەوڵەتی و حکوومەتی وڵاتانی جیهان دەگەڕێتەوە. کەمتر لە یەك چواری وڵاتانی جیهان، دوو زمانیان وەك زمانی فەرمی خۆیان دەناسن (ئەفریقای باشوور بە فەرمی ناسینی یازدە زمان، بریتی لە ئینگلیزی، ئافریکانس و نۆ زمانی ناوچەیی، لەم نێوەدا شتێکی تایبەتی و ناوازەیە) بەڵام کاتێك لە جیاتی سیاسەتە رەسمی و فەرمییەکانی حکوومەت، خەڵکی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیا بە شێوەی تاك بێنینە بەرچاو بە گەلێك دەرەئەنجامی جۆراوجۆر دەگەین" دیاردەی تاك زمانی بە شێوەیەکی گشتی و هەمەکی لە هیچ وڵاتێکی جیهان دا نیە. تەنانەت لە وڵاتانێك دا کە زمانێکی تاك و بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی خەڵك و دانیشتوان کەڵکی لـێوەرگرن (بۆ وێنە بریتانیا، فەرەنسا، ئەمریکا، ئەڵمانیا و ژاپۆن) بەو حاڵەش ژمارەیەکی بەرچاو لە حەشیمەتەکەیان بە زمانەکانی دیکە قسە دەکەن. بۆ وێنە لە ئەمریکادا دە لە سەدی خەڵك بە گەلێك زمانی دیکە جگە لە ئینگلیزی قسە دەکەن و لە بریتانیا پتر لە سەد زمانی کەمینە خەڵکانێك لە رەگەزە جۆراوجۆرەکان دا کەڵکیان لـێوەردەگیردرێ. لە ژاپۆن، یەکێك لەو وڵاتانەی کە بۆ تاك زمانی زۆرینە زۆر بەناو بانگە، گەلێك کۆمەڵی پڕ هەژماری کۆرییایی

زمان و چینی زمان هەیە. لە غانا، نێجیریا و گەلێك وڵاتی دیكەی ئەفریقا، كە زمانێكی فەرمی و نەتەوییان هەیە پتر لە ٩٠٪ حەشیمەتیان بە زیاتر لە یەك زمان قسە دەكەن.

شرۆڤەكردنی چوونایەتی چەند زمانی لە وڵاتە جۆراوجۆرەكانی دنیادا كارێكی زۆر چەتوون و نەشیاو و نەگونجاوە. گەلێك جیاوازی فراوان و زۆر لە هەلومەرجی كولتووری و كۆمەڵایەتی شوێنە جۆراوجۆرەكانی دنیادا هەیە. هەندێك جار، زۆرینەی حەشیمەت دوو زمانەیە (كەڵك وەرگرتنی بەرینی ئیسپانی و گوارایی لە پاراگوای، شوێنێك كە یەكمینیان زمانی فەرمی و ئەویتر زمانی نەتەوەییە) و هەندێكجار تەنیا كەمینەیەكی بچووك لە كۆمەڵگا لە خۆ دەگرێ (بۆ وێنە قسەكەرانی زمانی سەڵتی لە ڤێڵز)، پێدەچێ چەند زمانی بە هۆی هاوسێ بوونی درێژخایەنی كۆمەڵە جۆراوجۆرە كۆمەڵایەتییەكان (وەكو بەلجیكا) یان بە هۆی كۆچكردنی (وەك دیاردەی ئامادەبوونی ٢٤ میلیۆن كرێكاری كۆچبەر لە ئەورووپادا) بێ. تایبەتمەندییەكی گرنگی هەلومەرجێكی ئەوتۆ، رەوان و تراوبوون و هەرمانی بوونە. زۆر بە دەگمەن دەكرێ ناوچەیەك بدۆزینەوە كە زمانە جۆراوجۆرەكان لە حاڵەتی هاوسەنگی و دوور لە پاڕادۆكسە كۆمەڵایەتییەكان لە تەنیشت یەكتری درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

زۆرتر هاوسەنگی زمانی، بە هۆی گۆڕانكاری دەروونی كۆمەڵگا و یان بە هۆی تەوژمەكانی حكوومەتی هەمیشە لە حاڵی گۆڕان دایە. لە هەندێك وڵاتاندا، رادەی چەند زمانی روو لە زیاد بوونە(وەكوو سوید دوای شەڕی دووهەمی جیهانی) و لە هەندێك وڵاتدا روو لە كەمبوونە (وەكو تەك زمانە بوونی تۆرەمەی دووهەم و سێهەمی كەسانێك كە بۆ ئەمریكا كۆچیان كردووە).

زمانناسان لە نێوان شێوەیەك كە زمانێك سەرەڕای كاریگەری و كاریگەری دراوسێ بەهێزە زمانییەكانی خۆی پێكهاتی خۆی دەپارێزێ(*پاراستنی زمانی*) (نموونەی زمانی كوردی لە هاوسێ بوون لەگەڵ زمانی بەهێزی و بەپێزی عەرەبی و زمانەكانی فارسی و توركیدا پێكهاتی خۆی راگرتووە، وەرگێڕی كورد) و حاڵەتێك كە زمان دەكەوێتە ژێر كاریگەری زمانەكانی دیكەوە و قسەكەرەكانی روو لە كولتوور و هەڵكردن لەگەڵ كولتووری زاڵ بە سەر زمانی زاڵ دا دەكەن (*گۆڕانی زمانی*) جیاوازییەكی زەق و بەرچاو دادەنێن. ئەگەرەكانی دیكە بریتییە لە قەرزوەرگرتنی فراوان و بەربڵاوی وشەكان لە لایەن یەكێك لە زمانەكانەوە، یان داهێنانی



جۆرێك زمانی نوێ لە ئاكامی رووبەڕووبوونەوە یا تێكەڵ بوونی دوو زمان دا — هەر وەك پێشتر سەبارەت بە ئاوێتە بوونی زمانی گوتمان . لە هەندێك كات و خاڵی تایبەت دا (وەكو زمانە سەڵتییەكان) تێكەڵبوونی زمانی دەبێتە هۆی نەمانی بە تەواوی مانای زمانێك (*مردنی زمانی*).

## هۆكاری چەند زمانی بوون

زۆربەی كاتەكان چەند زمانی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی خودی خەڵكە، بەڵام هەندێك كاتیش هەلومەرج لەم ناوەدا رۆڵێكی گرنگ دەگێڕێ. كریستاڵ سەبارەت بە پرسگەلی بەرچاو و گەلێك هۆكار كە دەبنە هۆی پێكهاتنی چەند زمانی بوون ئاماژەی بەو خاڵانەی خوارەوە كردوە: (كریستاڵ، ١٩٩٧: ٣٦٣).

ئا — **پرسگەلی سیاسی:** كۆچی بە كۆمەڵ، پێوەلكان یا تێكەڵبوونی سیاسی و داگیركردنی سەربازی نموونەی پرسگەلێكی ژێئۆپلۆتیكین، كە دەتوانن گەلێك دەركەوتەی زمانی فراوان و بەربڵاویان هەبێ. پێدەچێ كەسانێك بە هۆی پەنابەری سیاسییەوە مەجبوور بن فێری زمانی مەوتن یا وڵاتی تازەیان بن. دوای شاڵاوێكی سەركەوتووی سەربازی یان داوی داگیركردنی ئابووری سیاسی وڵاتێك، خەڵكی زاڵ مەجبوورن فێری زمانی ئەوانە بن كە بە سەریان دا زاڵن.

ب — **هۆكاری ئایینی:** پێدەچێ خەڵك بە هۆی هۆگری ئایینی حەزیان لە وڵاتێكی تایبەتی بێ (وەكو ئێرانییەكانی دانیشتووی سوریا و عێراق) هەروەها پێدەچێ بە هۆی سەركووتی ئایینی یا رەگەزكوژی "جینۆساید" مەجبوور بن كۆچ بكەن (كۆچی جوولەكەكانی ئەورووپا بۆ ئیسرائیل) لەم كاتانەشدا ئەوان مەجبوور دەبن فێری زمانی نوێ بن.

ج — **هۆكاری كولتووری:** هۆگری و تامەزرۆ بوون بە كۆمەڵێكی كۆمەڵایەتی یا كولتووری بیانی، دەتوانێ ئەنگیزەیەكی گرنگ بێ بۆ فێربوونی زمانەكانی ئەو كۆمەڵانە. نەتەوەخوازییش هۆكارێكە كە دەتوانێ هاندەر بێ بۆ فێربوونی زمانە خێڵ و نەتەوە لە بیركراوەكان.

د — **هۆکاری ڕاهێنان / ئاکادێمیك:** ڕەنگە هۆکاری فێربوونی زمان بەدەستهێنانی زانستی سەردەمی جیهانی بێ. ئەم هۆکارە لە سەدەکانی ناوەڕاست دا بووە هۆی ئاراستەیەکی لێکۆڵەران و خوێندکاران بۆ فێربوونی زمانی لاتین و زمانی عەرەبی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا. ئەمڕۆکە ئاراستە و حەزی گشتی ڕووی لە فێربوونی زمانی ئینگلیزییە.

هـ — **هۆکاری ئابووری:** زۆرێك لە خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی کار و دەست خستنی ژیانێکی ئاسایی و ئاسوودە کۆچ دەکەن. ئەم هۆکارە گرنگترین هۆکاری تێکەڵ و ئاوێتەبوونی زمانی لە وڵاتی ئەمریکایە و یەکێك لە هۆکارە بەرچاو و گرنگەکانی دوو زمانی بوونە لە ئەورووپای ئەمڕۆییدا.

و — **کارەساتە سروشتییەکان:** سێلاو، گڕکان و وشکە سالّی دەتوانێ هۆکاری کۆچی گرووپ و بە کۆمەڵی خەڵکی سەرزەوییەك بێ کە زمانێکی بیانییان لەگەڵ هی ئەوان هەیە.

## دوو زمانی

ڕەنگە بکرێ زۆر ساکار و ڕوون دیاردەی دوو زمانی بەمشێوەیە پێناسە بکەین: کەسێك یا کەسانێك کە بە دوو زمان قسەدەکەن. هەڵبەت وادێتە بەرچاو کە ئەم پێناسەیە لە ڕادەبەدەر گشتی و هەمەکییە. لە ڕاستیدا بە پێی پێناسەیەکی ئەوتۆ، کەسانێك کە توانایی قسەکردنیان بە سەر یەکێك لەو دوو زمانەی فێری بوون، نیە و یان کەسانێك کە زۆر لەمێژە بە یەکێك لەو دوو زمانە قسە ناکەن (و ئەوان زۆرتر وەك "دوو زمانەی نائەکتیڤ" ناویان دەبردرێ) بە دوو زمانە دانانرێن.

هەروەها ناکرێ لەم پێناسەوە بۆ وێناکردنی کەسانێك کەڵك وەرگرین کە لە تێگەیشتنی زمانێکی بیانیدا پێشکەوتنێکی بەرچاویان هەبووە بەڵام ناتوانن بەو زمانە بنووسن یا قسەی پێ بکەن" هەروەها پەیوەندی زمانە جۆراوجۆرەکان و چەشنە جیاوازەکان، ڕێبازەکان و یان ئاستە زمانە یەکسانەکان ڕوون ناکاتەوە و لە هەمووان گرنگتر، ئەم پێناسەیە هیچ شتێك سەبارەت بە ئاستی لێهاتوویی و شارەزایی تاك لە کارایی ئەم دوو زمانەدا دەرناخات. بە پێی پێناسەیەکی دیکە، کەسانێك دوو زمانەن کە تەواو بە سەر دوو زمان دا زاڵ بن و لە کەڵك وەرگرتنیان دا ئەوپەڕی شارەزایی و لێهاتوویان هەبێ، بەڵام ئەم پێناسەیەش دەردێك دەرمان

PDF 4 KURD



ناکا و دووبارە ئەم پرسیارە دووپات دەبێتەوە، کە دەبێ کەسانی دوو زمانە لە سەر زمانی زگماکی خۆشیان دا بە ڕادەی قسەکەرانی خۆماڵی و ناوچەیی ئەو زمانە، شارەزا و لێهاتوو بن. سرووشتییە کەسانێك هەن کە شارەزاییەکی تەواو و کامڵیان لە کەڵك وەرگرتن لە دوو زمان دا هەیە، بەڵام ئەوانە ناوازەن نەك ڕێسا. لە ڕاستیدا زۆربەی کەسانی دوو زمانە زاڵبوونێکی یەکسانیان لە کەڵك وەرگرتنی دوو زمانیدا نیە کە قسەی پێ دەکەن، زۆرتر ئەوان بە زمانێکی ساناتر و ڕوون تر لە زمانەکەی دیکە قسە دەکەن و یان بە واتایەکی دیکە لە هەندێك دۆخی تایبەتیدا، یەکێك لەو دوو زمانە بە باشتر لەوی دیکە دادەنێن. لەم ڕووەوە زاناگەلێك کە لەم دوو سێ دەیەی دواییدا لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە دوو زمانی بوون بە دیاردەیەکی ڕەها نازانن بەڵکو وەك دیاردەیەکی ڕێژەیی لێی دەڕوانن. پیتێر هۆرن بی دەروونناسی ئەمریکی پێی وایە دوو زمانی بوون تایبەتمەندییەکی ڕەها نیە کە کەسێك بە شێوەیەکی تەواو و کامڵ هەیبێ و یان لە بنەڕەت دا بێ سوود بێ بەڵکو ئەم تایبەتمەندییە بە پێی گەلێك پلە و ئاست لە تاکەکان دا هەیە. هەربۆیە دەکرێ دوو زمانە زاڵ وشارەزاکان لە ڕەهەندی ڕادەی زاڵبوونیان بە سەر دوو زمان بە دوو گرووپی یەکسان و دوو زمانە شارەزاکان دابەش بکەین. دوو زمانەی یەکسان (هاوشان)، کەسێکە کە بە ڕادەیەکی یەکسان بە سەر هەر دوو زمان دا زاڵە، بەڵام دوو زمانی شارەزا کەسێکە کە بە سەر یەکێك لەو دوو زمانە بە سەر یەکیان دا زیاتر زاڵە. (کریستاڵ، ١٩٩٨: ٣٦٣).

بەها و متمانەی کۆمەڵایەتی، زانستی و سیاسی زمانەکان، لەو هۆکارانەن کە لە دوو زمانە بوونی تاکەکان و ڕادەی زاڵبوونی دووزمانەکان دا بۆ زمانی دووهەم و هەروەها هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ پاراستنی زاڵبوون بە سەر زمانی یەکەم دا زۆر کاریگەردارە. هەندێك کەس بە هۆی بەها و متمانەی کۆمەڵایەتی، زانستی و سیاسی زمانێك، هۆگری و تامەزرۆییەکی زۆریان بۆ فێربوونی ئەو زمانە وەك زمانی دووهەم لە خۆ نیشان دەدەن. زۆرێك لەم کەسانە، دوای ئەوەی کە لە ڕێگای کۆچکردنەوە لە کۆمەڵگا و کلتووری خۆماڵی و زگماکی خۆیان جیا دەبنەوە و لە کۆمەڵگای زمانی تازەدا جێگیر دەبن، پێدەچێ بەرەبەرە لە ماوەی خول یا چاخێکی تاڕادەیەك دوور و درێژدا زمانی زگماکی خۆیان وەلا نێن و دووبارە ببنەوە بە یەك زمانە. ئەم دیاردەیە کە بلۆمفیلد پێی دەڵێ گۆڕانی زمانی بە تایبەتی لە ناو کۆچبەران دا زۆر

باوە. هاوسەرگیرییە دەروون کۆمەڵییەکان، بە جێ مان لە هاوزمانان و هۆگر نەبوونی زمان و کلتووری خۆماڵی، نموونەی ئەو هۆکارە گرنگانەن لە رەوتی گۆڕانی زمان دا. بۆ وێنە لە ناو ئەو ئێرانییە دانیشتووانەی ئەورووپا و ئەمریکادا نموونەی ئەم جۆرە یەکجار زۆرە. هەڵبەت لە بەرامبەر دوو زمانەکان دا کە بە هۆی راکێشانەکانی زمانی دووهەم، کلتوور و زمانی زگماکی خۆیان وەلا دەنێن و زمانیان دەگۆڕن، کۆمەڵێکیش هەن کە بە ئاگادار بوون لە بەها و متمانەی کۆمەڵایەتی زمانی دووهەم و پەیوەندی زۆر توند و قووڵ کە بە کلتوور و زمانی یەکەمی خۆیان هەیانە، وێڕای فێربوونی زمانی دووهەم، زمانی خۆشیان دەپارێزن، ئەم کۆمەڵە لە دوو زمانەکان، لە بارو دۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دا لە رێگای رەوتی گۆڕینی کۆد بە یەکێك لەو دوو زمانە قسە دەکەن و زۆرتر لە بارو دۆخە رەسمی ترەکان و پەیوەندی لە دەرەوەی کۆمەڵەکەی خۆیان دا کەڵك لە زمانی دووهەم و لە دۆخ و هەلومەرجە نارەسمی تر و پەیوەندی لە ناوەوەی کۆمەڵەکەی خۆیان دا کەڵك لە زمانی یەکەم وەردەگرن. بۆ وێنە زۆرێك لە ئازەرییەکانی دانیشتووی تاران پێیان خۆشە زمانی دووهەمی خۆیان (کە دەبێتە فارسی، وەرگێڕ) لە گەلێك هەلومەرجی زیاتردا بەکار بێنن و تەنیا لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا کەڵك لە زمانی فارسی وەردەگرن، کە دەرەتانی کەڵك وەرگرتن لە زمانی ئازەری بوونی نیە.

یەکێك لە دیارە باوەکان لە ناو تاك و کەسەکانی دوو زمانەدا، نۆرەکردنی زمانی*یە. ئەم دیاردەیە گەلێك شێوەی هەیە. پێدەچێ بێژەر لە کاتی قسەکردن لەگەڵ گوێرەکەی خۆیدا، زمانەکەی بگۆڕێ و کەڵك لە زمانێکی دیکە وەرگرێ، تەنانەت پێدەچێ رستەیەك بە زمانێك دەست پێ بکا و بە زمانێکی دیکە درێژەی پێ بدا. یان واتاگەلێك لە هەر دوو زمانەکە بە شێوەیەکی بەردەوام و پەیتا پەیتا بەکار بێنێ (هەرچەندە کە بەرتەسك بوونەکانی رێزمانی کاریگەرییان لە سەر شێوە و رادەی ئەم نۆرە کردنە هەبێ) دەکرێ ئەم نموونەگەلە بە لە بەرچاوگرتنی هۆکار و هەلومەرج گەلێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی زمان بەو شێوەیەی خوارەوە روون بکەینەوە.

- قسەکەران ناتوانن مەبەست و ئایدیای خۆیان بە شێوەیەکی گونجا و روون بە زمانێك دەرببڕن، هەربۆیە کەڵك لە زمانێکی دیکە بۆ هەندێك واتا، رامان و هەستیاری خۆیان

* languge switching

PDF 4 KURD



وەردەگرن. پێدەچێ ئەم هۆکارانە ببێتە هۆی ئەوە کە تاك دەست بە قسەکردن بە زمانێکی دیکە بکا. ئەم مەیلانە زۆربەی کاتەکان کاتێك لە کەسێکی دوو زمانەدا پێك دێن کە رەنجاو، ماندوو یان پەشۆکاو بێت.

- نۆرە کردن لە زمانی زۆرینەوە بۆ زمانی کەمینە، شتێکی ئاسایی و باوە بۆ دەربڕینی تەنیا و دوورەپەرێزی تاکێکی ناو کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتیی. نۆرەکردنی زمانی ئەوە لە بیسەر تێدەگەیەنێ کە قسەکەر بواری زمانی و کلتووری تایبەت و جیاوازی هەیە ئەگەر بیسەر هەر بە هەمان زمان دەست بە قسە بکاتەوە پەیوەندی بەرامبەر پێك دێ. ئەم جۆرە گۆڕین یان نۆرەکردنە زمانییە زۆرتر بۆ پێکهێنانی جیاوازی لەگەڵ کەسانی دەورووبەر کە ئەم زمانە نازانن، روو دەدات.
- نۆرەکردنی زمانی دەتوانێ نیشاندەری هەستیاری دوژمنانە، دۆستانە، گاڵتەچییانە، تانەو تەشەرانە و تەنزئامێزانەی بێژەر سەبارەت بە بیسەرەکەی خۆی بێ، زۆرتر کەسانی تەك زمانی هەستیارییەکی ئەوتۆیان بە هۆی گۆڕینی لەبز و گفتیان نیشان دەدەن.

کەسانی تەك زمانی زۆرتر بە چاوی گاڵتەجاڕانە و سووکەوە لە نۆرەکردنی زمان و گۆڕینی زمان دەڕوانن و ئەو شتە بە جۆرێك هێمای بێ ئەدەبی و گاڵتەکردن بە خۆیان دەزانن و زۆرتر بە ناوگەلێکی وەك فرانگلیش، سپانگلیش، فینگلیشی، هەڵیت — پەڵیت و ... ناویان دێنن. رەنگە هەر لە بەر ئەم تێگەیشتن و روانینە ناشیرینەیە کە زۆر کەسی دوو زمانە سەبارەت بە گۆڕین و نۆرەکردن بە زمان زۆر هەستیارانە و بەپارێزەوە کار دەکەن و دەچنە پێش و هەوڵ دەدەن ئەوەندەی بۆیان دەکرێ و دەتوانن لەگەڵ بیانییەکان یا لە شوێنە رەسمییەکان دا خۆیان لە گۆڕینی زمان بپارێزن.

## پلان دانانی زمانی

زمان هەمیشە لە سیاسەتی دەوڵەتی — لە ئاستی نەتەوەیی یا ناوچەیی — دا پرس خولقێن و کاریگەردانەر بووە. کۆمەڵە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان پێیان خۆشە هۆگری و شووناسی زمانی ئەوان لە ئاستی ئیداری و فەرمیدا کاری ناوی بێت و بە شێوەیەکی ئەکتیڤ و زۆرجار توند و تیژانەش بۆ پڕاکتیزەکردنی ئەم گرنگایەتییە، دەست بۆ هەندێك کار دەبەن. دەوڵەتەکان لە

کارلێك پێچەوانە بۆ ئەم کار و هەوڵانە، لە پەیوەندی لەگەڵ هەلومەرجی هەنووکەیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هەوڵ دەدا ئەو زمانانە یا بە فەرمی بناسێ و یان هەوڵی نەهێشتنیان دەدا. سیاسەتی دەوڵەتی و حکوومەتی لە ڕاستی پاراستن، چەسپاندن یا مردنی زمانەکان بەشێك لە باسێکە کە بە ناوی پلان دانانی زمانی یا سیاسەتی زمانی دەیناسین.

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و زاڵبوونی ئاسایش و هێمنی ڕێژەیی بەسەر دونیا، بەهای پلان دانانی زمانی لە ڕاست و ڕەوتی چارەسەکردنی پرس و گرفتی جۆراوجۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە وڵاتانی جیهان — بە تایبەتی وڵاتانی تازە بە سەربەخۆیی گەیشتوو — لەگەڵی بەرەو ڕوو بوون لە جاران زیاتر ئاشکرا بوو. لە دەیەی شەست بەم لاوە تارادەیەك لە تەواوی وڵاتانی جیهان دا یەکە، ناوەند، کۆمیتە، ڕێکخراو و ئەنجوومەنگەلێکی دەوڵەتی و نیمچەدەوڵەتی کاریان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پلان دانانی زمانی دا دەست پێکرد. هەربۆیە بەهای پرسگەلی زمانی لە هەندێك لە وڵاتان دا، پلان و بەرنامە دانانی زمانی کەوتە بەر سەرنجی زانایان و پێداگری لە سەر ڕۆڵی ئەو بۆ چارەسەرکردنی پرسگەلی زمانی کرا. سەرنجی زمانناسان لە وەڵامدانەوەی پرسگەلی زمانی لە ڕێگای پلان دانانی زانستی و هەوڵی فراوان و بەربڵاویان بۆ بەهێزکردنی لایەنە تیۆرییەکان و لە ناوبردنی ناڕوونییە زانستییەکان لەم بوارەدا لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا گەلێك هەوڵی زمانناسی، پێشکەوتنی تیۆری و کارایی بەرچاوی بەدواوە بووە. زمانناسان بۆ پلان دانانی زمانی پێناسەگەلێکی جۆراوجۆریان خستۆتە ڕوو، بەڵام زۆربەی ئەم پێناسانە خاوەنی بنەمایەکی هاوبەشن و پلان دانانی زمانی بە هەوڵێکی ڕێکخراو دەزانن، کە بۆ چارەسەرکردنی پرسگەلی زمانی کۆمەڵگەیەك، لە ڕێگای پێکهێنانی گەلێك گۆڕانکاری ئاگایانە لە پێکهێنان یا کارایی زمان دا بە ئەنجام دەگا.(مدرسی، ١٣٦٨: ٢٠٨).

پلان دانانی زمانی وەکو زۆربەی پلان دانانەکانی دیکە، هەوڵێکە کە لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەو ماوەیەی ئەو بە پێی جۆری پرسی زمانی و هۆکاری جۆراوجۆری دیکە دەگۆڕدرێ. بە بڕوای فێشمەن، دەکرێ پلان دانانە زمانییەکان وەکو زۆربەی بوارەکانی پلان دانان بە دوو بەشی ورد و درشت دابەش بکەین. پلان دانانی ورد، بەشێکی دیاریکراو لە حەشیمەتی وڵاتێك یا کۆمەڵگەیەکی زمانی دەخاتە ژێر تیشکی خۆی و لەم



حاڵەتەدا تێکۆشان و هەوڵی پلان دانانی زمانی لە ئاستی ناوچەیەك، شار یان تەنانەت دامەزراوەیەکی دیاریکراوی وەك قوتابخانەکان، ئیدارەکان و کۆمپانیاکانی شارێك ئەنجام دەدرێ. لە پلان دانانی زمانی درشت دا، تەواوی کۆمەڵگایەکی زمانی یا وڵاتێك دەکەوێتە بەر تێکۆشان و هەوڵی پلان دانانە زمانییەکانەوە.

پلان دانانی زمانی وەکو زۆربەی لایەنە پلان دانانەکان، بە هەوڵێك بە کۆمەڵی ڕێکخراو و ڕێك و پێك دژمێردرێ کە زۆرجار بەرپرسێتی ئەو لە ئەستۆی ڕێکخراو و دامەزراوە دەوڵەتییەکانە. ئەم جۆرە دامەزراوانە، پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی، ئابووری و دەروونی لە کۆمەڵگایەکدا، هەروەها کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی ماڵی و وزەی مرۆڤی بەرچاوە، کە بە شێوەیەکی باو لە بەردەستی کەسانێك یان تەنانەت دامەزراوەگەلێکی تایبەتی دا نیە. هەربۆیە سرووشتییە کە تێکۆشان و هەوڵەکانی پلان دانانی زمانی دەبێ لە لایەن دامەزراوەگەلێکی دەوڵەتی یان ڕێکخراوەگەلێکی نادەوڵەتییەوە ئەنجام بدرێن، کە پشتیوانی دیار و نادیاری دەوڵەتییان لـێدەکرێ.

لە بنەڕەت دا ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان بۆ پلان داڕشتن و پراکتیزەکردنی سیاسەتەکانی زمانی لە بەرامبەر نووسەران و زانایانی تاك گەلێك جیاوك (امتیاز) و ئیمکاناتی زیاتریان لەبەردەست دایە. دەرەتانی هاوکاری نزیکی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی پلان دانانی زمانی و دامەزراوە و ناوەندە دەوڵەتییەکان و خستنە بەردەستی ئیمکانیاتی ماڵی (دراوی) بۆ دابین کردنی خەرجی پلان دانانەکان و متمانە و باوەڕی زانستی هەندێك دامەزراوەی پلان دانانی زمانی، وەکو فەرهەنگستان لەو جیاوکە بەرچاوانەی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پلان دانانی زمانە. لە لایەکی دیکەوە گەلێك هۆکاریش هەن کە هەوڵ و تێکۆشانی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پلان دانانی زمانی تووشی ئەستەمی و دژواری دەکەن. لێڕوانینی نێگەتیڤ و خراپی کۆمەڵگا لە کردەوەی دامەزراوەکانی پلان دانان لە پلەی ناوەندێکی دەوڵەتی دا کە دەبێتە هۆی پلان دانان بە بێ لە بەردەست دا بوونی ئیمکانیاتێکی زۆر، پشتیوانی و یارمەتی نزیکی خەڵکیان نەبێ.

پلان دانانی زمانی تێکۆشان یا هەڵسووڕانێکی ئاڵۆز و وردە کە بە پێی کات ئەنجام دەدرێ و وەکو ڕەهەند و لایەنەکانی دیکەی پلان دانان قۆناغ گەلێکی جۆراوجۆری هەیە. رابین بۆ پلان دانانی زمانی چوار قۆناغی جیاوازی لە بەرچاو گرتووە کە بریتین لە:

**ئا- کۆکردنەوەی زانیاری، ب- پلان دانان، ج- بەڕێوەبردنی پلان (بەرنامە)، د- هەڵسەنگاندنی دەرئەنجام.**

## ڕەهەندەکانی پلان دانانی زمانیی لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی زمانی دا

- **پێوەرسازی:**

هەڵبژاردنی زمانی پێوەر و نووسین و چەسپاندنی نموونە و سومبوولەکان و شێوەگەلی دەربڕین، ڕێنووسی و ڕێزمانی نموونەی ئەو بابەتگەلەن، کە لە هەندێك کۆمەڵی زمانیدا سەرنجی پلان دارێژەرانی پێ دەدرێ. زمانی پێوەر، جۆرێکی جێگای متمانە و باوەڕی زمانە کە زۆرتر بە هۆی قسەکەرانی خوێندەوار کە لە ناوەندێکی کولتووری و سیاسی وڵاتێکدا دەژین، کەڵکی لێوەردەگیردرێ. جۆری پێوەر کە پێدەچێ لە ڕەوتێکی سرووشتی و دوور و درێژ یا لە سەردەم و کاتێکی تارادەیەك کورتتر و لە ڕێگای پلان دانانەوە پێك بێ و لە ڕاستیدا سومبوولێکی زمانی باوەڕپێکراوە کە بێژەر و قسەکەرانی جۆرەکانی کۆمەڵایەتی و جوگرافی جۆراوجۆری زمانێك تێدەکۆشن لێی نزیك بکەونەوە و لە هەندێك دۆخی گونجاو دا کەڵکی لــێ وەرگرن.

پێوەرسازی زمان، ڕەوتێکە کە لە ماوەی ئەودا جۆرێك زمانی دیاریکراو دەبێتە جۆرێك پێوەر و سومبوولی دەربڕین، ڕێنووس یان ڕێزمانی ئەو وەك نۆرمێکی بانتر و سەرووتر لە جۆرە کۆمەڵایەتی و ناوچەییەکانی دیکە بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو قەبووڵ دەکرێ. پێوەرسازی زمانی لە چین، نموونەیەکە کە سەرنجی گەلێك زمانناسی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لەم وڵاتە پان و بەرین و پڕ حەشیمەتەدا، جۆر و فرەچەشنی زمانی زۆر بەرچاوە و زمان و شێوەزارگەلێکی زۆری تێدایە، کە هەر کام لەوان خاوەنی میلیۆنان بێژەر یا قسەکەرە، هەربۆیە یەکێك لە پرسەکانی زمانی لەم وڵاتەدا، نەبوونی دەرەتان و شیمانەی پەیوەندی لە نێوان ئاخاوتنکەرانی

PDF 4 KURD



زمانەکان و شێوەزارگەلی جۆراوجۆر بووە و لەم ڕووەوە، هەڵبژاردنی زمانێك وەك زمانی هاوبەش لە سەرانسەری وڵات دا و پێوەرسازی ئەو، یەکێك لە ڕێگاچارەگەلێك بووە کە سەرنجی پلان دارێژەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. دوای شۆڕشی ١٩٤٩، پێویستی هەڵبژاردنی زمانێکی هاوبەش و پێوەرسازی ئەو زۆر زیاتر هەست پێکرا و هەربۆیەش، لە ساڵی ١٩٥٥دا کۆنفرانسێك بۆ پێوەرسازی زمانی چینی تازە بەڕێوەچوو. ڕێگاچارەیەك کە ئەم کۆنفرانسە خستیە بەردەست، هەڵبژاردنی زمانێك بوو بە ناوی پۆتۆنگ هوا (زمانی هاوبەش) و چەسپاندنی شێوەکانی ئەو بوو. ئەم زمانە لە سەر بنەمای شێوەزاری پێکەنی و شێوەزارەکان دیکەی باکووری چین ڕاوەستاوە، کە بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی چین لەگەڵیان ئاشنان و دەیانزانن. لەوەڕا کە شێوەزاری پێکەنی لە چەند سەدەی ڕابردووشدا سەرنجی پێدراوە، هەڵبژاردنی پۆتۆنگ هوا وەك زمانی پێوەر، لە ڕاستیدا بەڕەسمییەت ناسینی شێوەزارێك بوو کە لە ماوەیەکی زۆر لەوەو پێش لەم وڵاتەدا هەبووە. بە سەرنجدان بە هۆکارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی پەیوەندیدار بەم پرسەوە، چەسپاندن و پەرەپێدان و پێوەرسازی پۆتۆنگ هوا لە لایەن دەوڵەت و پلان دارێژەرانی زمانییەوە تەئید کرا و چەسپا و خەڵك هۆگری فێربوونی ئەم زمانە بوون. پۆتۆنگ هوا لە ساڵی ١٩٥٦ لە ڕاهێنان دا کەڵکی لــێ وەرگیردرا و کۆمیتەی ڕاستکردنەوە و چاکسازی زمانی و گەلێك ڕێکخراو و دامەزراوەی پەیوەندیدار لە ڕەوتێکی بەرەبەرەیی و درێژخایەن دا گەلێك سیاسەتیان بۆ پەرەپێدان و پێوەرسازی بەڕێوە برد.

- **هەڵبژاردنی زمانی فەرمی:**

یەکێك لە ڕەهەندە گرنگەکانی پلان دانانی زمانی بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە بە سەربەخۆیی گەیشتوودا، پرسی هەڵبژاردنی زمانی ڕەسمی یا فەرمییە. بە بڕوای گاروین زمانی فەرمی بریتییە لە زمانێك کە لە لایەن پلە بەرزەکانی دەوڵەتییەوە ڕەسمییەتی پێ دەدرێ. هەڵبژاردنی زمانی فەرمی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان دا، بە پێی تەنراوی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی — کولتوورییان بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ. لە پلان دانان دا بۆ هەڵبژاردنی زمانە فەرمییەکان بە شێوەیەکی گشتی هۆکار یان پێوەرگەلێکی بان زمانی (وەکو ژمارەی قسەکەرانی زمانێك و بانتربوونی کلتووری و سیاسییان، دەمارگرژییە نەتەوەیی —

زمانییەکانی پلە بەرزە ڕەسمی و دەسەڵاتدارەکان و تەنانەت بەریان و حەز و ئارەزووی ڕووناکبیرانی کۆمەڵگەیەك) و هۆکار یان پێوەرگەلێکی زمانی (وەکو پێکهاتی ساکار، وشەگەلی فراوان و ڕادەی کارایی) بە پێوەر دادەنرێن. لە تەنراوی کۆمەڵایەتی — کلتووری جۆراوجۆردا هەر کام لەم هۆکارانە پێدەچێ بەهایەکی تایبەتی بەخۆوە بگرن و کاریگەری لە سەر ڕەوتی هەڵبژاردنی زمانی فەرمی دانێن. زۆربەی کاتەکان هەڵبژاردنی زمانی فەرمی لە درێژخایەن دا ڕوو دەدا بەڵام لە هەندێك نموونەی ناوازەدا، پێدەچێ هەڵبژاردنی زمانی فەرمی لە وڵاتێك دا لە ژێر کاریگەری هەلومەرجێکی تایبەتیدا، لە کاتێکی تاڕادەیەك کورت دا ڕوو بدا و لە کاتێکی ئەوتۆدا، تێکۆشان و هەوڵی پلان داڕێژەرانی زمانی شێوەیەکی جیاواز بەخۆوە دەگرێ. زۆرجار ئەم دۆخە کاتێك ڕوو دەدات کە وڵاتێکی تازە بە سەربەخۆیی گەیشتوو لە هەوڵی چەسپاندنی شووناسی کلتووری و سیاسی خود بێ. لەوەڕا کە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا زمان دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ پرسی هەڵبژاردنی زمانی فەرمی بۆ وڵاتە تازە سەربەخۆکان بەهایەکی تایبەتی بەخۆوە دەگرێ. لەم جۆرە نموونەگەلەش دا زۆربەی کاتەکان لە نێوان زمانە خۆماڵی و ناوچەییەکانی وڵاتێك دا، زمانێك کە متمانەی کۆمەڵایەتی و کلتووری زۆرتری هەیە وەك زمانی فەرمی هەڵدەبژێردرێ بەڵام ئەم کارە لە کاتێکی تاڕادەیەك کورت دا ڕوو دەدات.

لەم سەدەیەی ئێستادا شان بە شانی گەشەکردنی بزاڤە تازە سەربەخۆخوازەکان و ڕزگاری نەتەوەکان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران دا، وڵاتانێکی تازە لە سەرانسەری جیهان دا بە تایبەتی لە ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین هاتوونەتە ناو گۆڕەپانەوە. بۆ وێنە، دوای ئەوە کە وڵاتی ئەندۆنیزیا لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی هۆلەندی و ژاپۆنی چووە دەر و سەربەخۆیی بەدەست هێنا، زمانی ئەندۆنیزی وەك یەکێك لە زمانە خۆماڵی و ناوچەییەکانی ئەم وڵاتە، جێی زمانی بیانی هۆلەندی گرتەوە و بە پلەی زمانی فەرمی ئەم وڵاتە گەیشت. هەر بەم شێوەیە، لە مالێزیا زمانی مالیائی جێی ئینگلیزی گرتەوە و لە جەزائیر زمانی عەرەبی لە جێی زمانی فەڕەنسا دانیشت و لە فیلیپین، زمانی تاگالۆگ جێی زمانەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی گرتەوە.(مدرسی: ٢٤٥ —٢٤٧).

PDF 4 KURD



پێدەچێ لە هەندێك نموونەی تایبەتیدا زمانێکی مردوو و لە ناوچوو بە هۆگەلێکی نەتەوەیی، سیاسی، ئایینی و... دووبارە زیندوو دەبنەوە و دەژیێنەوە و وەك زمانی فەرمی وڵات هەڵدەبژێردرێن. دەکرێ نموونەی ئەم چەشنە پلان دانانە سەبارەت بە زمانی عیبری لە ئیسرائیل ببینین. عیبری بە شێوەی ئاخاوتن نزیك بە دوو سەدە پێش زایین لە ناوچووە و ئیدی هیچ قسەکەرێکی نەبووە بەڵام جۆری نووسینی ئەو وەك زمانێکی ئایینی، بە درێژایی سەدان ساڵ لە لایەن کەسانێك بە گەلێك زمانی جۆراوجۆرەوە خوێندنەوەی لە سەر کراوە. دوای پێکهاتنی ئیسرائیل و کۆچی زۆرێك لە جوولەکەکان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە و بە گەلێك بواری جۆراوجۆری زمانییەوە بۆ ئەم وڵاتە، پێویستی بە زمانێکی هاوبەش و تەواو هەست پێ دەکرا. لە دۆخێکی ئەوتۆدا، زمانی عیبری بە هۆی پەیوەندی مێژوویی ئەو لەگەڵ نەتەوەی جوولەکە و ڕۆڵی گرنگی ئەو لە پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەیی و چەسپانی شووناسی مێژوویی ئەو نەتەوەیە ئاوارەیە، سەرنجی ڕێبەرانی ئیسرائیلی پێ درا و وەك زمانی فەرمی ئەم وڵاتە هەڵبژێردرا. لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا، بەرنامەداڕێژەرانی زمانی بۆ نووسینی ڕێسای ڕێزمانی، دەربڕین و ڕێنووس و هەروەها پەرەپێدان و بەهێزکردنی وشەکانی عیبری تێکۆشان و هەوڵێکی فراوان و زۆریان بەکار هێنا بۆ ئەوەی ئەم زمانە بۆ بەئەستۆگرتنی ڕۆڵی زمانی فەرمی و دابین کردنی پێداویستییە پەیوەندییەکانی ئەمڕۆیی ئامادە بکەن. لە هەندێك نموونەی دیکەدا لە جیاتی زمانێك، دوو یا چەند زمانی فەرمی لە لایەن دەوڵەتی وڵاتێکەوە دەناسێندرێ. هیندستان وڵاتێکی پڕ حەشیمەت و پان و بەرینە بە گەلێك زمانی جۆراوجۆری ناوچەییەوە، کە هەر کام لەوان میلیۆنان کەس قسەکەری هەیە، بەڵام بە هۆی دەسەڵاتی درێژخایەنی ئینگلیز، زمانی ئینگلیزی ماوەیەکی زۆر زمانی فەرمی ئەو وڵاتە بوو. دوای سەربەخۆیی ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٤٧دا، گەلێك هەوڵ بۆ هەڵبژاردنی زمانە فەرمییەکان ئەنجام دران و دواجار چواردە زمانی (ماراتی، گجراتی، پنجابی، هیندی، بەنگاڵی، ئاسامی، کشمیری، ئوریا، ئوردۆ، سانسکریت، تەلەگو، تامیل، مالایام و کامادا) لە دوو بنەماڵەی گەورەی هیندۆ ئەورووپی و دراویدی وەك زمانە فەرمییەکانی ناوچە هەڵبژێردران. لەگەڵ ئەوەش دا، ئینگلیزی هەر وا ڕۆڵی خۆی وەك زمانی فەرمی ناوەندی یا زمانی هاوبەشی قسەکەرانی زمانە ناوچەییە فەرمی و نافەرمییەکان پاراستوە. بەڵام چونکە ئینگلیزی

بەبیرهێنەرەوەی سەردەمی بەر لە سەربەخۆیی بووە، بەرەبەرە پێویستی بە زمانێکی هاوبەشی خۆماڵی و ناوچەیی لە جاران زیاتر دەرکەوتووە. لە ناو ئەو چواردە زمانە هەڵبژێردراوەدا، زمانی هیندی دۆخێکی گونجاوتر و لەبارتری بۆ گێڕانی رۆڵی زمانی هاوبەش هەیە، چونکە یەکەم نزیك بە لە سەدا چلی حەشیمەتی وڵات ئەم زمانە دەزانن و ئاریایی لەم وڵاتەدا هەبووە کە فێربوونی زۆر ئاسان دەکردەوە.

- **هاندانی دوو زمانی بوون و چەند زمانی بوون:**

لۆئی ژان کالوە (١٣٧٨: ١٧٧ –١٧٨) سەبارەت بە رۆڵی سیاسەتوانی دیاردەی پلان دانانی زمان لە پرسی بەڕێوەبردنی چەند زمانیدا دەنووسێ:

"کاتێك ژماری زمانەکانی سەر گۆی زەوی بێنینە بەرچاو، پێدەچێ هەست پێ بکەین کە هەموو هەلومەرجێك ئامادە و لەبارە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە قسەکانی یەکتری تێنەگەن، لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا پەیوەندی زمانی لە هەموو شوێنێك هەر هەیە. لە راستیدا دوو شێوە بەڕێوەبردنی چەند زمانی هەیە:" یەکیان بەرهەمی کردەوە و خوو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە و ئەویتر دەرئەنجامی دەستێوەردان لەم کردەوە و خوو و نەریتانەیە. یەکەمینیان بە ناوی بەڕێوەبردنی دەروونی یا سرووشتی لـێ‌دەنێین، بە شێوەی وەڵام دانەوەی پرسی پەیوەندییەوە بەستراوەتەوە کە مرۆڤەکان رۆژانە لەگەڵی بەرەو روو دەبنەوە. ئەو شتەی کە وەك زمانە ئاوێتەکان یا پیجین دەیناسین بەرهەمی نموونە ئاسای شێوەی بەڕێوەبردنی دەروونی چەند زمانییە. لەم نموونەیەدا راستییەکەی ئەوەیە کە پەیوەندی بە یارمەتی ئەفراندن و خولڤاندنی زمانێك دابین بووە و ئەم ئەفراندنەوە کەمترین پەیوەندی لەگەڵ بڕیاردانی فەرمی و هیچ یاسا یا خود دەستوور و فەرمانێکەوە نیە و تەنیا و تەنیا بەرهەمی کردەوە و خوو و نەریتە. بەڵام رووبەڕووبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ پرسی چەند زمانیش هەیە: رووبەڕووبوونەوەی حکوومەتی یا شێوەی بەڕێوەبردنی دەرەکی. زمانناسان، دۆخەکان و زمانەکان لە ناو تاقیگەکاندا، شرۆڤە و وێنا دەکەن، گەلێك گریمانە سەبارەت بە داهاتووی دۆخەکان، و پێشنیارگەلێك بۆ وەڵام دانەوەی پرسی زمانی دەخەنە روو، دواتر سیاسەتوانان لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم گریمانە و پێشنیارگەلە دەکەن، گەلێکیان لـێ هەڵدەبژێرن و کەڵکیان لـێ‌وەردەگرن.

PDF 4 KURD



دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە دەرەکی و سیاسەتە پلان دانانە زمانییانە رێگایەکی دژ و بەپێچەوانەی میتۆدی بەڕێوەبردنی دەروونی و هەستیاری زمانی بێژەران بگرنە بەر، بەداخەوە پێدەچێ دۆخەکە دوژمن ئاسای لـێ بێت. هەر بەم هۆیەوە زۆر بە ئەستەمی دەتوانین زمانێك بە سەر خەڵك دا بسەپێنین کە نایانەوێ یان پێیان وایە لە راستی دا ئەو زمانە سەپاوە زمان نیە بەڵکو زاراوەیە. هەروەها ئەگەر لە شوێنێك دا زمانێکی ناونجی زۆر باو بێ و پەری سەندبێ، هێندەش لۆژیکی نیە زمانێك کە لە کەمینەدایە لە جیاتی زمانی نەتەوەیی بسەپێندرێ."

لە راستیدا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەکردنێکی بەرچاو لە رێك و پێك بوونی پلان دانانی راهێنانی دوو زمانی و چەند زمانی بە سەرنجدان بە پاراستنی زمانەکان لە مەترسی مردن و ئامانجی بەدەست هێنانی زمانێکی ناونجی هاوبەشی جیهانیدا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا ئەنجام دراوە. تەنیا زیاتر لە یەك میلیارد دۆلار لە ئەمریکا لە ماوی دەیەی نەوەددا بۆ پرۆگرامەکانی هاندان و پەرەپێدانی دوو زمانی و چەند زمانی خەرج کراوە. لە هەندێك وڵاتدا، مەبەستی وەدەستهێنانی رێکارێك بۆ یەکیەتی نەتەوەیی (وەك ناساندنی زمانی باهاسا لە ئەندۆنیزیا) و لە هەندێك وڵات دا وەکو رووسیا، راهێنانی زمانی رووسی بە قسەکەرانی زمانە ناوچەیی و خۆماڵییەکان لە راستی بەهێزکردنی هاوچەشنەکردنی ئایدیۆلۆژیکە. فێرکردنی ئینگلیزی لە وڵاتانی ئەفریقیا بە مەبەستی بەدەست هێنانی دەرەتانگەلێکی زۆرتر لە بواری نێونەتەوەییدا ئەنجام دەدەرێ. لە لایەکی دیکەوە فێرکردنی زمانە ئەفریقاییی و ناوچەییەکان لە ناو کۆمەڵە کەمینەکان لە ئەفریقای باشووریدا لە ماوەی دەیەی پەنجا و شەست و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی رەگەزپەرستی ئەم وڵاتەدا، لە راستی بەهێزکردن و چەسپاندنی دابەش کردنە چینایەتی و رەگەزایەتییەکانی کۆمەڵگا لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەودا بووە.

یەکێك لە گرنگترین شێوەگەلێك کە سەرکەوتنی پلان دانانی زمانی لە بەشی هاندانی دوو زمانی و چەند زمانیدا لە مەهەك دەدرێ، راهێنان و فێرکردنی زمان بە منداڵان لە خولەکانی خوێندنی سەرەتاییدایە. دەبێ کام زمان و شێوەکانی زمانی لە قوتابخانەکان دا فێربکرێ؟ و دەبێ ئەم فێرکردنە لە چ تەمەنێکەوە و بۆ ماوەیەکی چەند بێ؟ ئەم پرسیارانە تەنیا بە

سەرنجدان بە بواری راهێنان فێرکردنی زمانی بیانییەوە دەکرێ وەلأم بدرێتەوە. لەم شێوەیەدا، سیاسەتە زمانییەکان دەتوانێ ببێتە هۆی بەهێزبوونی دەست ئەنقەستی زمانێك، هەڵکردنی کارلێکی پێچەوانەی زمانێك، لە بەرچاو نەگرتنی بە ئەنقەستی زمانێك یان قەدەغەبوونی رەهای زمانێك بێ. نموونەیەکی بەرچاو و زەقی ئەم سیاسەتانە، راهێنانی زمانی ئینگلیزی وەك زمانی هاوبەشی نێونەتەوەیی لە ئاستی جیهانی دایە. لە زۆر وڵات دا فێرکردن و راهێنانی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکان دا بە نرخی لە بیرچوونەوە و لە بەرچاونەگرتنی زمانێکی دیکە ئەنجام دەدرێ. بۆ وێنە لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتا، زمانی ئینگلیزی وەك یەکەمین زمانی بیانی جێی زمانی فەرەنسی لە سیستەمی راهێنانی خوێندنی سەرەتایی ئیسپانیادا گرتەوە. هەروەها هەر لە بەرامبەر ئەوەدا گەلێك نموونە لە یاساخ و قەدەغە کردنی فەرمی راهێنانی زمانێك لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا بەبەرچاو دەکەون. نموونەیەکی بەرچاوی ئەو قەدەغەکردنە فێرکردنی زمانی ئەڵمانییە لە وڵاتانێکی وەکو ئیسرائیل، ئیتالیا و فەرانسا دوای شەڕی دووهەمی جیهانی.

داهاتووی زمانە کەمینەکان لە سیاسەت دارِشتنگەلێکی ئەوتۆدا تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە دۆخی سیاسی — کۆمەلأیەتی قسەکەرانیان و هەروەها سیاسەتەکانی ئاسایشی — نەتەوەیی دەوڵەتەکانیانە. پێدەچێ سیاسەتی دەوڵەتێك هەوڵ بدا بۆ بەهێزکردن و پاراستنی زمانێك، وەکو فێرکردنی وێلش لە قۆناغە سەرەتاییەکان لە قوتابخانەی ڤێلز و یان پێدەچێ نەهێشتنی زمانێکی لە بیردا بێ، وەکو قەدەغەکردنی فێرکردن و کەڵك وەرگرتنی زمانی باسکی و کاتالان لە ئیسپانیای ژێر دەسەلأتی حکوومەتی فرانکۆدا. ئەمرۆکە لە زۆربەی وڵاتانی پەنابەر وەرگری جیهان دا، راهێنان و فێرکردنی زمانی ئەو وڵاتانە بۆ کۆچبەر و پەنابەرەکان بۆتە یاسایەك و مەرجێکی قەبووڵکردنی کۆچی تاکەکان. لەو چەند نموونەیەی خوارەوەدا زۆر بە کورتی بە سەر دۆخی راهێنانی زمانە بیانییەکان لە چەند وڵاتی دونیادا دەچینەوە و دواتر بە تێر و تەسەلی ئاوڕ لە سیاسەتی فێرکردنی دوو زمانی بوون لە هیند دەدەینەوە:

*لە ئیسپانیا، تەواوی منداڵان دەبێ زمانی زگماکی خۆیان (کاستیل، کاتالان یا باسك) بخوێنن. منداڵانی کاستیل زمان، دەبێ لە تەك زمانی زگماکیان، فێری زمانی ئینگلیزیش بن،

PDF 4 KURD



بەلأم بۆ منداڵانی کاتالان و باسك زمان، خوێندنی زمانی کاستیل تۆپزی و حەتمییە و فێربوونی زمانی ئینگلیزی دڵخوازانەیە.

* لە یەکێتی سۆڤییەتی پێشوودا تەواوی دانیشتووانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەبوو فێری زمانی رووسی بن وەك زمانی دووهەم و هاووڵاتیانی کۆماری رووسیاش دەبوو زمانی یەکێك لەم وڵاتانە بە ئارەزووی خۆیان فێر بن.

* لە ڤێلز و ئسکوتلەنددا راهێنانی زمانی ئینگلیزی لە قۆناغە سەرەتاییەکان دا بەزۆرییە، بەلأم لە بەرامبەردا لە ئینگلیز، منداڵان دەتوانن بە دڵخوازی خۆیان فێری ئسکوتلەندی یا ڤێلزی بن.

* دوو و نیو میلیۆن کەسی حەشیمەتی وڵاتی ئەفریقایی "تۆگۆ" بە زیاتر لە چل میلیۆن زمانی خێڵەکی و نەتەوەیی ئەم وڵاتە قسەدەکەن. زمانەکانی "ئێوێ"، "گۆبی" و "کوتۆکولی" زۆرترین ژمارەی قسەکەرانیان لەم وڵاتەدا هەیە. منداڵان دەبێ لەم وڵاتەدا فێری زمانی زگماکی خۆیان وەك یەکەمین زمان بن و بە سەرنجدان بەوە کە غانا و نێجیریا وڵاتانی هاوسێی تۆگۆن فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەك زمانی سێهەمیش لەم وڵاتەدا پێشنیار دەکرێ.

بەلأم لە هیند، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، دوو زمانەبوون نەریتێکی کۆمەلأیەتییە لە هیند. لە راستیدا هەموو کەس بۆ ئامادەبوونی ئەکتیڤ لە کۆمەڵگادا — دەیەوێ لە قوولأیی و دڵی دێهیلیدا بێ یان لە کورەیەك دا لە میسۆر — دەبێ لانیکەم بە سەر دوو زمان دا زاڵ بێ. ئەم دوو زمانەبوونەش هەم بە شێوەیەکی سرووشتی و هەم بە شێوەی پلان دانانی هاوشان و هاوتەریبی یەکتری لەم وڵاتەدا هەیە.

بە پێی سیاسەتەکانی خوێندنی هیند، قوتابیان دەبێ پێش چوونە ناو قۆناغی خوێندنی تەواو کردنەوە لانیکەم دەبێ سێ زمان فێر بن، دوو زمانی فەرمی هیند و زمانێکی دیکەی ویلایەتی شوێنی دانیشتن یا خوێندنیان، و ئەگەر زمانی فەرمی ویلایەتی زمانی هیندی بێ ئەو کەسە دەبێ زمانێکی دیکە لە زمانی خۆماڵی و ناوچەییەکانی هیند — دەبێ یەکێك لەو چوارزمانەی باشووری هیند بێ — فێر ببێ.

لە دەیەی سییەوە کە دەوڵەتی بریتانیا وەك بەشێك لە چاکسازییە سیاسیەکانی خۆی و لە راستیدا بە مەبەستی پێکهێنانی کێشە و شەڕی زیاتر لە نێوان دانیشتوانی وڵاتی حەفتاو و

دوو نەتەوەیی بە دەسەڵاتی لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی هیندا ئەنجام دا، نموونەیەکی تازەی بۆ ڕاهێنانی زمان لە قۆناغەکی خوێندنی وڵاتی هیندیدا دارِشت. بە پێی ئەم نموونەیە، بەریان و حەزی بەرچاو لە ئاستی خوێندنی سەرەتاییدا بەرەو لای زمانە هیندییەکان و لە ئاستی ئەکادیمی و زانکۆییدا بەرەو لای ئینگلیزی بوو. دوای سەربەخۆیی هیند، دەوڵەتی ئەم وڵاتە، لە ڕاست و ڕەوتی کەمکردنەوەی باڵادەستی زمانی ئینگلیزی و زۆرکردنی بەها و متمانەی زمانە ناوچەییەکانی خۆی سیاسەتێکی تازەی ڕاهێنانی دارِشت و خستیە قۆناغی بەڕێوەبردنەوە. بە پێی ئەم سیاسەتە، ڕاهێنان و فێرکردنی وانە زانستییە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەیان بە زمانەکانی هیندی و فێرکردنی وانە تایبەتی و پسپۆڕی و تەکنیکییەکان زۆرتر بە زمانی ئینگلیزی بوو. فێرخوازانی زمانی هیندی بەم جۆرە وێڕای پاراستنی شووناسی ناوچەیی خۆیان دەیانتوانی زۆر بە ئاسانی بابەتە تازە و نوێیە زانستی و تەکنیکیەکانی ڕۆژ و سەردەمی دونیا بخوێننەوە (کوباروبیاس، ١٩٨٣: ٧٣ — ٨٠).

لە ساڵی ١٩٨٩دا، کۆمەڵێك لە مامۆستا و ئەدەبیەکانی هیند خوازیاری گونجاندنی ڕاهێنانی زمانی کلاسیکی سانسکریتی لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابیان بوون، بەڵام لەوەڕا کە فێربوونی چوار زمان بۆ قوتابیان دیاردەیەکی قورس و تاقەت پڕووکێن بوو بڕیار درا قوتابیانی ئەم وڵاتە لە نێوان فێربوونی زمانی ناوچەیی و ویلایەتی خۆیان یان زمانی سانسکریتیدا مافی هەڵبژاردنیان هەبێ.

### نموونەیەکی سەرکەوتووی سیاسەتەکانی زمانی: پلان دانانی زمانی لە سەنگاپوور

سەنگاپوور لە ڕەهەندی نەتەوەییەوە کۆمەڵگایەکی نایەکسانە: لە سەدا ٧٦ی حەشیمەتی ئەو چینی، لە سەدا ١٥یان مالیائی، لە سەدا حەوتی هیندی و دوو لە سەدی کۆمەڵە ڕەگەزی و نەتەوەییەکانی دیکەن. سرووشتییە بە تەنراوی و پێکهاتەیەکی ئەوتۆی ڕەگەزییەوە، هەلومەرجی زمانی ئەم وڵاتەش زۆر جۆراوجۆر و فرەچەشن و جیاواز دەبێ. لایەنیکە سی و سێ گرووپی زمانی لەم وڵاتەدا هەن و لەم نێوەندەدا بیست کۆمەڵی زمانی تەنیا ١٪ی حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێك دێنن. چوار زمان لە لایەن دەوڵەتی ئەم وڵاتەوە وەك زمانە فەرمییەکان ناسێندراون: مالایائی، ئینگلیزی، چینی ماندارین و تامیل (زمانی هاکین

PDF 4 KURD



سەرەڕای ئەوەی کە زمانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەم وڵاتەیە بە هۆگەلێکی سیاسییەوە وەك زمانی فەرمی هەڵنەبژێردراوە). لە ناو ئەو چوار زمانەدا کە ناویان هێنرا، مالایائی زمانی نەتەوەیی سەنگاپوور پێك هات. هۆی ئەم دیاردەیە بۆ مێژووی سیاسی و هەڵکەوتیی جوگرافی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە.

سەنگاپوور لە ماوەی ساڵەکانی ٦٥ — ١٩٦٣دا بەشێك لە فێدراسیۆنی مالێزی بوو و لەگەڵ ئەوەشدا دوو وڵاتی دیکەش واتە مالایائی زمانی مالیزی و ئەندۆنیزیا هاوسێی ئەم وڵاتە بوون. لەم ڕووەوە زمانی مالایائی لە کۆنەوە ئامرازی پەیوەندی نێوان نەتەوەیی بووە لە سەنگاپووردا. لە لایەکی دیکەوە، ئینگلیزی وەك تەنیا زمانی بان نەتەوەیی ئەم کۆمەڵە، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕۆڵی خۆی وەك زمانی ناونجی لە سەنگاپووردا چەسپاند. ئینگلیزی، زمانی دەوڵەت، یاسا، خوێندنی باڵا و بازرگانی نێونەتەوەیی سەنگاپوور لە ماوەی سەد و پەنجا ساڵی دواییدا بووە.

چینی ماندارین — لە لایەکی دیکەوە — وەك زمانی بنەڕەتی گەورەترین کۆمەڵی نەتەوەیی ئەم وڵاتە پلەیەکی تایبەتی هەیە. تەنانەت لە دەیەی شەست و هەفتادا، باس و لێدوانێکی زۆر لە سەر ناساندنی ئەم زمانە وەك زمانی نەتەوەیی سەنگاپوور کرا، بەڵام بە هۆی پرسگەلێکی ژیۆپۆلۆتیکی — کە سەرەکیترینیان هاوسێ بوون لەگەڵ وڵاتی کۆمۆنیستی چین بوو — ئەم بابەتە پراکتیزە نەکرا. هەرچەندە ماندارین لەگەڵ ئینگلیزی، لە هەر دوو زمانەکەی دیکە زیاتر کەڵکی لـێ وەردەگیردرێ. بەڵام زمانی تامیل، ئەم زمانە وەك زمانی نەتەوەیی کەمینەی هیندی سەنگاپوور ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لاواز بوون و لە دەست دانی پلە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگادا دەچێ. هۆی ئەوەش ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی کۆمەڵگای هیندییە لە چاو ژمارەی تەواوی حەشیمەتی سەنگاپوور و زۆربوونی زمان و کەرت کەرتبوونی کولتووری فراوان لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا.

سیاسەتی زمانی سەنگاپوور، بە سیاسەتی چەند زمانی وێنا دەکرێ کە بەو واتایەیە کە چوار زمانی فەرمی بە یەك ڕادە بەهادارن بەڵام ڕاستییەکەی شتێکی دیکەیە، چونکە بە پێی بۆچوونی زۆربەی کارناسان، یەکسانی زمانی تەنیا لە وڵاتێك دا کە دوو زمانی فەرمی هەیە دەشێ و دەگونجێ و یەکسانی زمانی لە نێوان چوار زمان دا پێویستی بە خەرجی قورس و دوور

لە تواناداية بۆ دەوڵەتی ولاتێك. هەربۆیە لە سەنگاپووردا، ئینگلیزی وەك زمانی ناونجی و هۆکاری یەکیەتی نەتەوەیی دۆخ و هەڵکەوتەیەکی تایبەتی و چەسپاوی هەیە. لە لایەکەوە کەڵك و کارایی زمانی ئینگلیزی، ئامرازی پێشکەوتنی ئابووری چ لە رەهەندی کۆمەڵگاییەوە و چ لە رەهەندی تاکەکەسییەوە دابین دەکا و لە لایەکی دیکەوە، ئەم کارایی و کەڵك لـێوەرگرتنەی زمانی ئینگلیزی لە ئاستی کۆمەڵگادا، بە بێ پێکهاتنی هیچ چەشنە خراپ لێك تێکەیشتنێك سێ گرووپی بەرچاوی نەتەوەیی ئەم ولاتە مەجبوور دەکا کە هیچ جۆرە پێشێلکارییەکی نەتەوەیی و رەگەزی لە لایەن دەوڵەتەوە لە سیاسەتە زمانییەکانیدا پراکتیزە بکا.

دامەزراوەیەك کە لە سەنگاپووردا رۆڵێکی زۆرتری لە نووسین و روونکردنەوەی پلان دانانە زمانییەکان دا هەیە ناوەندی راهێنان و فێرکردنی بەرزی ئەم ولاتەیە. رۆڵی ئەم ناوەندە دوای سەربەخۆیی سەنگاپوور لە ١٩٦٥دا، لە پێشتر زیاتر بوو. پێش سەربەخۆیی ئەم ولاتە، چوار جۆر قوتابخانە لە سەنگاپووردا هەبوو کە هەر کامیان، یەکێك لە چوار زمانی سەرەکی ئەم ولاتەیان وەك زمانی راهێنانی خۆی هەڵدەبژارد. دەقە وانەییەکانی ئەم قوتابخانەیە بە شێوەی ناوچەیی دروست دەکرا و مامۆستاکانیان بە شێوەی ناوچەیی رادەهێنران و فێر دەکران. دوای سەربەخۆیی، سیاسەتی دوو زمانی لە قوتابخانەکاندا، لە قوتابخانەکانی ولات دا بەڕێوە چوو. بە پێی ئەم سیستەمە تازەیە، تەواوی قوتابیانی سەنگاپووری دەبوو وانەکانی خۆیان بە زمانی ئینگلیزی و یەکێك لە زمانە نەتەوەییەکان، زۆرتر زمانی زگماکی قوتابی، فێر بن. لە ماوەی دەیەی شەست و حەفتادا، ئەم دوو زمانە بە هاوتەریبی یەکتری لە فێرکردنی وانەکان دا کەڵکیان لـێوەردەگیردرا. تەنانە لە وانەگەلێکی وەك کیمیا و فیزیك و ئەژمێردا نیوەی مادە دەرسییەکان بە زمانی ئینگلیزی و نیوەکەی دیکە بە یەکێك لە زمانە نەتەوەییەکان بوو. پلان و بەرنامەی فێرکردنی دوو زمانی لە سەنگاپووردا لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەوە دەستی پێ دەکرد. لە سەرەتای خوێندنەوە، سەرپەرشتان قوتابخانەی منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن. هەڵبەت بە کردەوە، زۆرتر چینییەکان قوتابخانەی چینی، مالاییەکان قوتابخانەی مالایی و هیندییەکان قوتابخانەی تامیلی هەڵدەبژێرن، بەڵام لە هەندێك کات و نموونەی تایبەتی و ناوازەش دا کە سەرپەرشتانی هیندی و مالایی بۆ دۆخی پیشەیی داهاتووی منداڵەکانیان وایان پێ باشترە کە منداڵەکانیان لە قوتابخانەگەلێك کە چینی ماندارینی تێدا دەگوترێتەوە بخوێنن.

PDF 4 KURD



لە دەیەی هەشتا بەم لاوە گەلێك گۆڕان لەم سیستەمە راهێنانەدا ئەنجام دراوە. بەو پێیە زمانی ئینگلیزی و زمانی نەتەوەیی هەر کامێکیان بۆ وتنەوەی ماددەو وانە جۆراوجۆرەکان بە کار دەهێندران. بەمشێوەیە بوو کە ئینگلیزی بۆ وانەگەلی زانستەکان نموونەگەلی دیکەی پەیوەندیدار بە زانست و تەکنەلۆژیا هەڵبژێردرا لە حاڵێك دا کە زمانی نەتەوەیی بۆ وتنەوەی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکان هەڵبژێردرا.

سیاسەتی چەند زمانی دەوڵەتی سەنگاپوور، لە راگەیاندنە گشتییەکانی ئەم ولاتەش دا ئەنجام درا. چوار زمانی رەسمی ئەم ولاتە هاوشان و هاوتەریبی یەکتری لە بلاڤۆکەکان دا، پرۆگرامی رادیۆیی، تەلەفزیۆنی و سینەمایی کەڵکیان لـێوەردەگیردرێ. بۆ وێنە پرۆگرامی رادیۆیی کەناڵی دەوڵەتی ئێس، بی. سی لە چوار کەناڵ بە چوار زمانی جیاواز بڵاو دەبێتەوە، لە حاڵێك دا کە تەنیا لە سەدا پێنجی بیسەرانی بەرنامە رادیۆییەکانی سەنگاپووری تامیلی زمانن. هەڵبەت سەبارەت بە بەرنامەگەلی تەلەفزیۆنی دۆخەکە کەمێك جیاوازە. چونکە زۆربەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی ئێس. بی. سی وەرگیراون و بەرهەمی ئەمریکا (بەرنامەگەلی ئینگلیزی) و یان تایوان و هۆنگ کۆنگ (بەرنامەگەلی چینی زمان)ن. بە پێی ئامارێك کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا راگەیاندراوە، زیاتر لە نیوەی بەرنامە بڵاوبووەکان لەم کاناڵەوە بە زمانی ئینگلیزی و نزیك بە یەك لە چواریان بە زمانی چینی ماندارین بوون. هەڵبەت بۆ ئەم چەشنە بەرنامەگەلە کەڵك لە ژێرنووس وەردەگیردرێ، بۆ بەرنامەگەلی نائینگلیزی زمان کەڵك لە ژێرنووسی ئینگلیزی و بۆ بەرنامەگەلێك بە زمانی ئینگلیزی کەڵك لە ژێرنووسی مالایی (بە هۆی ژمارەی هەندێك بەرنامەی کەم بە زمانی مالایی) وەردەگیردرێ.

لە بواری پلان دانانی پەیکەری زمانیشەوە گەلێك هەوڵ لەم ولاتەدا دراوە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بەو نموونەگەلەی خوارەوە بکەین:

١- ورد کردنی تایبەتمەندییە چینییەکانی ساکار کراو: لە بواری سیستەمی خەتی تازە داهێنراو لە چین، پیتە راستکراوەکان لە سەرەتاکانی دەیەی حەفتاوە لە ناو بڵاوکراوە و قوتابخانەکانی سەنگاپووردا کەڵکی لـێوەردەگیردرێ.

٢- چاکسازی خەت و زمانی مالایی، هاوکات لەگەڵ مالیزی و ئەندۆنیزی لە سەنگاپووریش دا ئەنجام درا.

٣- بە هۆگەلێك كە پێشتر ئاماژەمان پێكرد زمانی تامیل بەها و رۆڵێكی كەمی لە وڵاتی سەنگاپووردا هەیە، لەم دواییانەدا هەندێك هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی ئەم زمانە لەم وڵاتەدا دووبارە نۆژەن بكرێتەوە و تەنانەت ئەنجوونێكی تایبەتی لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ چاكسازی و پەرەپێدانی كارایی زمانی تامیل دامەزرا.

٤- بە سەرنج دان بەوە كە زمانی ئینگلیزی كە لە قوتابخانەكان دا دەخوێندرێ، ئینگلیزی ستاندارد بریتانیایە، بەڵام زمانێك كە زۆربەی خەڵك لە بڵاوكراوە یا فیلمە سینەماییەكان دا لەگەڵی رووبەڕوو دەبنەوە ئینگلیزی ئەمریكییە هەندێك هەوڵ بۆ راهێنان و فێركردنی جیاوازییەكانی سیستەمی دەنگ و وشەیی ئەم دوو جۆرە زمانە لە ئاستی كۆمەڵگادا رووی داوە.

دەكرێ ئەنجامی تەواوی ئەم هەوڵانە لە سەقامگرتوویی و ئاسایشی زاڵ بە سەر وڵاتی سەنگاپووردا بە چاو ببیندرێ. لە ئاكامی بڕیارگەلێكی زمانی ورد كە هاوكات لەگەڵ سەقامگرتوویی سیاسی و ئابووری سەركەوتوو لە سەردەمی سەربەخۆییەوە تا هەنووكە بووە دەوڵەتی سەنگاپوور سەرەڕای بوونی نەتەوەگەلێكی جۆراجۆر لەم وڵاتەدا، زۆر بە باشی توانیوەتی دەرەقەتی ئەم رووبەڕووبوونەوە و تێكهەڵچوونە رەگەزییانە لەم وڵاتەدا بێت.



## پوختە و دەرئەنجام

باوبوون و پەرەسەندنی فێربوونی دوو یا چەند زمان، رێكار و رێگاچارەیەكی دیكەیە بۆ پەیوەندگرتنی زمانی خەڵكی جیهان. ئەم رێكارە بانتر لە ئاستی تاكەكەسی وەرگێڕان، ئاستی گرووپی و بە كۆمەڵی زمانە دەستكردەكان و ئاستی ناوەندی پەرەسەندنی زمانێكی سرووشتی یەكە، پێویستی بە سەرنج و قۆڵ هەڵماڵینی تەواوی سیستەمی حكومەتی و دەوڵەتی وڵاتانی جیهانە. لە راستیدا ئەم گوتەزایە لە چوارچێوەی بەرنامە و پلان دانانی زمانییەوە دەگونجێ كە بریتییە لە دەستێوەردان یان دەسكاری ئاگایانە كە لە لایەن دەوڵەت یان رێكخراوێكی كەم و زۆر لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دا، لە پێكهاتن و كارایی زمان لە كۆمەڵگەیەك دا پڕاكتیزە بكرێ. پلان دانانی زمانی لە بواری راهێنانی دوو یان چەند زمان لە ئاستێكی بەرین و بەربڵاوی كۆمەڵگادا دەبێ لەگەڵ دۆخی تایبەتی كۆمەڵگایەك بگونجێ و یەكتر بگرێتەوە. بە واتایەكی دیكە بە پێی متمانەی هەلومەرجی تایبەتی ناوچەیی، نەتەوەیی و كلتووری هەر كۆمەڵگایەك دەبێ ستراتیژییە تایبەتییەكان بخرێنە روو. لەم راستا و رەوتەدا هۆكاری نەتەوەیی خەڵك بۆ فێربوونی دوو یان چەند زمانی بیانی و پشتیوانی دەوڵەت بۆ یەكسان كردنی پلان دانانی زمانی بەهایەكی تایبەتییان هەیە. هەستەوەرییەكانی نەتەوەییانە و دوژمنایەتییە نەتەوەییەكان لەو هۆكارە بنەڕەتییانەی سیاسەتە رادیكالیستانەی زۆربەی دەوڵەتەكانی جیهانە لە هەمبەر پەرەسەندن و هاندەر بوونی فێربوونی زمانە بیانییەكان.

# پاری شەشەم

## پوختە و دەرەنجام

PDF 4 KURD

هێرمەن کلیتس یەکێك لە زماناسە ئەمریکییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا وتوویەتی: "دەکرێ زمانە زیندووەکان بە فرۆشگا یا کۆگایەکی گەورە بشووبهێنین کە هەموو کەس دەتوانێ جل و بەرگی گونجاوی خۆی بدۆزێتەوە و بۆ دۆخ و بۆنەگەلی جۆراوجۆریش جل و بەرگی جیاواز بەدەست بێنێ". (سایمنێز، ١٩٦٧: ١٥)

هەموو زمانێك پێکهێنەر و خولقێنەری مۆدێلێکی دیاریکراو و تایبەتییە لە جیهانی بوون دا، سیستەمێك و نیشانەیەکە بۆ تێگەیشتن و دەرکی جیهان. ئەگەر ئێمە چوار هەزار ڕێگا و میتۆدی جۆراوجۆر بۆ وێناکردنی جیهانمان هەبێ ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەرەتانگەلێکی زۆرترمان بۆ تێگەیشتن و دەرکی دروست لەو هەبێ. بەڵام لە لایەکی دیکەوە گرفتی پەیوەندی نێونەتەوەییش لە جیهانی مۆدێرندا، بەهایەتی تایبەتی، و بە تایبەتی لە ئەنستیتیۆکان، ناوەند و ئۆرگانە نێونەتەوەییەکاندا هەیە و بە سەرنجدان بە پرسگەلێکی وەك بازرگانی جیهانی و پاراستنی ئاشتی نێونەتەوەیی ئەم پەیوەندییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهایەکی زۆرتر بەخۆوە دەگرێ. لە سەرەتادا ئاماژەمان بە تاوەری بابل کرد.

ئەم تاوەرە لە زۆر لایەنەوە شیاوی سەرنج دانە، بە تایبەتی لەو ڕەهەندەوە کە ئاماژە بە ڕۆڵی بنەڕەتی زمان لە هاوکاری و هەرەوەزی مرۆڤایەتی دەکا. لە ڕەهەندی بابەتی زمانێکی یەکە و تاك و هاوبەشی جیهانیشەوە شیاوی سەرنج دانە، چونکە نیشاندەری هۆگری کۆن و لەمێژینەوەی مرۆڤە بۆ بوونی زمانێکی یەکە و هاوبەش.

پێویستی بە تێگەیشتن و دەرکی بەرامبەر لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆنەوە و هاوکات لەگەڵ گەشەکردن و دروستبوونی کۆمەڵگای شاری و پێکهاتنی ژیارە جۆراوجۆرەکان هەست پێ دەکرا، لەم ڕووەوە وەرگێڕان – وەك یەکەمین ڕێگاچارەی گرفتی لاوازی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان – دیاردەیەکی نوێ و تازە نیە. ڕەنگە هەر لە هەمان سەردەمەوە کە ڕووبەڕووبوونەوە و تێکهەڵچوونی نەتەوەکان دروست بووە، و دوای ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی زمانیش ڕوویداوە، وەرگێڕان و وەرگێڕ ڕۆڵێکیان لە پەیوەندی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە. بۆ وێنە بوونی چەند زمان لە نووسراوەکانی بێستوون دا ئەوە نیشان دەدا کە وەرگێڕان لە سەردەم و چاخە دێرینەکانی ئێرانیدا هەبووە. هەمیشە وەرگێڕان یەکێك لە ئاسانترین ڕێگاکانی زاڵبوونە بە سەر لەمپەرەکانی زمانیدا. هۆگۆبارت لەم بارەوە دەنووسێ:

"سەبارەت بە مێژوو و دیرۆکی کاری وەرگێڕان دەبێ بڵێین کە ڕەنگە مێژووی ئەو هاوکاتە لەگەڵ تەمەنی مرۆڤایەتی و پێویستی بەو لە سەردەمی پێکهاتنی جیاوازی لە زمانەکان دا بووە، چونکە بۆ تێگەیشتن و لێك تێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا، تاکەکان ناچار بوون لەگەڵ یەکتری پەیوەندی دروست بکەن و لە ئەنجام دا پێویستی بە کەسانێك هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن بابەتەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بگوازنەوە". (سایمێنز، ١٩٦٧، ١٥٢)

لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا لە ماوەی سەردەم و چاخەکانی ڕابردوودا پتر لەوەی کە ئامرازێك بێ لە ڕاست لێك تێگەیشتن و پەیوەندی خەڵکی وڵاتان و نیشتیمانە جۆراجۆرەکان زۆرتر کەرەسەیەك بووە بۆ گواستنەوەی بیرۆکە و کولتوور و هونەری بژاردە و بلیمەت و ناوازەکان، هەربۆیە ڕووکەرد و ئاڕاستەی ئەو زۆرتر لایەنی تایبەتی هەبووە تاکو



گشتی. لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی بیستەم هەڵبەت دۆخەکە هەندێك گۆڕدرا. بە ئاسان بوونی سەفەرەکان لە دەرەوەی سنوورەکان و پێشکەوتنی ئامراز و کەرەسەی گواستنەوە لە لایەك و شۆڕشی زانستی – تەکنەلۆژی لە لایەکی دیکەوە، وەرگێڕان ببوە ئامرازێکی تایبەت بە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکان بە شێوەیەکی ڕێگاچارە لە ڕاست چاکسازی پەیوەندی نێونەتەوەیی و بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و پەرەپێدانی ئابووری وڵاتان لەگەڵ زۆر بوون و گرنگ بوونی ڕۆڵی کاریگەری وەرگێڕان، کەموکووڕییەکانی وەرگێڕانی مرۆڤ لە جاران زیاتر و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گەشەی کرد" بەڵام پرسگەلێکی وەك خێرایی کەم، گونجاندنی مرخ و سەلیقەی تاکەکەسی، وردبینی نەبوون و نەبوونی شارەزایی و زانستی بان زمانی، کە لەم چەشنە وەرگێڕانەدا هەبوو بووە هۆی ئەوە کە لێکۆڵەر و توێژەرەوەکان بیر لە داهێنانی مێتۆدێکی کاراو بەسوود بۆ خستنەڕووی وەرگێڕانێکی دوور لە هەڵە و پەڵە بکەنەوە. ئایدیالی ئەم لێکۆڵەر و زانایانە خولقاندن و ئەفراندنی ئامێرێکی میکانیکی و لە هەمان کات دا هۆشیاربوونە بۆ وەرگێڕانی دەقە جۆراوجۆر و فرەچەشنەکان بە شێوەیەك کە ئەو هێزە بە هەموو کەسێك بدا کە بە بێ فێربوونی زمانەکانی دیکە تەواوی دەقی زمانەکانی دیکە بە زمانی خۆی وەرگێڕێ و دەقەکانی زمانی خۆی بە زمانەکانی دیکە وەرگێڕێ.

لە ماوەی چەند ساڵی دواییدا تیۆر و گریمانەگەلێك سەبارەت بە شێوەی داهێنانی سیستەمێکی وەرگێڕانی ئامێری کاریگەر و بەسوود خرایە ڕوو، بەڵام پرۆگرامەکان و سیستەمە بەسوود و پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو تاکو ئەم دواییانەش لە بەر دەست دا نەبوو. بەرزەفرییەکانی کارناسان و لاوازبوونی تەکنەلۆژی دەیەی پەنجا و شەست و کارامەنەبوون و بەسوودنەبوونی ئەو ئیمکاناتەی لە بەردەستدا بوو بووە هۆی نائومێدی کاتی و ماوەیی خاوەن بیرو بۆچوونەکان لە داهاتووی وەرگێڕانی ئامێری (ئەو وەرگێڕانە کە بە کۆمپیوتەر دەکرێ. و). بەڵام لە دەیەی حەفتا بەملاوە، بە خستنە ڕووی پرۆگرامگەلێکی وەرگێڕان کە لە سەر بنەمای لێکدانەوە و ڕاڤەی ڕێزمانی دروست کرابوون و زانیاری واتایی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە فەرهەنگی وشەکانیان دا بوو

PDF 4 KURD

وەرگێرانی ئامێری جارێکی دیکەش کەوتەوە بەر سەرنج و گرنگی پێدان. یەکێك لە پرس و گرفتەکانی وەرگێرانی ئامێری بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەیە کە لێکۆڵەرانی وەرگێرانی ئامێری، خۆیان وەرگێری پسپۆڕ نین و تەنیا بە سەر زمانی زگماکی خۆیان دا زاڵن و ئاگاداری وردەکاری و جوانکارییەکانی وەرگێڕانێکی باش نین. نەبوونی دیاریکردنی ناڕوونییە پێکهاتییەکان، وشەیی و ڕێزمانییەکان کە بەرهەمی نەبوونی کەرەسەی وەرگێرانی ئامێری لە هۆش و لۆگۆس و زانستی بان زمانی مرۆڤە، یەکێکی دیکەیە لە گرفتە بەرچاوەکانی ئەم شێوە وەرگێرانانەیە.

ئەم پرسگەلە بۆتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت پێشکەوتووترین پرۆگرامەکانی وەرگێڕانیش کارایی و کەڵکێکی بەرتەسکیان هەبێ و لە بوارگەلێکی وەك ئەدەبیات، فەلسەفە، ئاین و... بە گشتی بێ دەسەڵات لە خستنە بەردەستی وەرگێرانێکی شیاوی قەبووڵ کردن.

وەرگێران باسێکی گومانهێنەرە لە باسی پەیوەندی هاوبەشی زمانیدا. لە راستیدا وەرگێران زۆرتر پرۆسەیەکە لە راستی کەڵك وەرگرتن لە چەمکە هاوبەشەکانی زمانی چ لە رەهەندی پێکهاتی و چ لە رەهەندی واتاییەوە. واتە هەروەك دەزانین ئەزموونی ئێمە لە جیهانێك کە لەودا دەژین بەرپەرچ دەداتەوە، روون و ئاشکرایە ئەگەر سەبارەت بە شتێك، ئەزموونمان نەبێ، لە واتاکەی تێناگەین، واتە نەك تەنیا لە رەهەندی زمانییەوە لێی تێناگەین، بەڵکو لە رەهەندی سۆزداری و هاوژینی کۆمەڵایەتی خۆشمانەوە ناتوانین راڤەی بکەین. بەڵام ئەزموونی ئێمەش لە جیهانی دەرەوە بە نۆرەی خۆی پرسێکی دەست لێنەدراو و راڤە نەکراوە و هەموو چەشنە دابەش بوونێك کە ئێمە لە ئاکامی پێویستی و بەزۆرییە زمانییەکانی خۆمانەوە ناچار دەبین بیانهێنینە هەرێمی خۆمانەوە بە تەواوی پەیمانی و گرێبەستانەن. کاتێك کە لە زمانێکەوە دەچینەوە ناو زمانێکی دیکەوە، خێرا ئاشکرا دەبێ کە شێوەی ئەم راڤەیە لە زمانە جۆراوجۆرەکان دا جیاوازە، واتە زمانە جۆراوجۆرەکان واتایەکی جۆراوجۆر بە شێوە و وێنەکانی خۆیان دەدەن، تەنانەت ئەم بابەتە بۆ وشە و واتاگەلێکیش دروستە کە ئێمە پێمان وایە واتا زۆر ساکار و روونە. هەرێمی واتایی کە شێوەگەلێکی هاوچەشن لە زمانە جۆراوجۆرەکان دا لە خۆ بگرێ لە هیچ دوو

PDF 4 KURD



زمانێك دا یەکتری ناگرنەوە. بۆ وێنە هەرێمی واتایی وشەی ئینگلیزی go لە زمانی فارسیدا زیاتر لە بیست وشە و واتا لە خۆدەگرێ.

بوونی واتای مەجازی و پەیوەندییان لەگەڵ واتای راستەقینەی هەموو شێوەیەك، پرسێکی دیکە کە لە زمانە جۆراوجۆرەکان دا جیاوازە، هەروەك سەبارەت بە تاکە زمانێکدا لە ماوەیەکی دوور و درێژدا جیاواز دەبێ. گەلێك لە میتافۆرەکان بە بڕوای ئێمە ئاسایی و روونن بۆ کەسانی دیکە لە زمانێکی دیکەدا تەواو نامۆن. بۆ وێنە هیچ فارس زمانێك وشەی باڵندە وەك وشەیەکی ئینگلزی زمان بە واتای مەجازی کەسێك بە کار ناهێنێ (he’s a queer old bird) یان ئەوەی کە بە واتای مەجازی "گاڵتە پێ کردن یان بە هەموو شێوەیەکی نێگەتیف" بە کار ناهێنن (he gave me the bird) یان بۆ وێنە لە کاتێك دا مانگ لە زمانی فارسیدا وێنایەکە بۆ رووخساری جوان(هەروەها کوردیش، بۆ وێنە دەڵێ: لەگەڵ مانگ بە شەڕ دێ، واتە یەکجار جوانە، وەرگێری کورد) لە ئینگلیزیدا ئاماژەیە بە قەد و باڵایەکی ناشیرین و رووخسارێکی کونج کونج(آبلەرو).

سەرەرای واتای مەجازی، وێنەگەلی زمانی جۆرێك بەهای پاشکۆی دیکەش هەن. واتاناسان جیاوازی لە نێوان واتای روون کە شێوەیەك بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە کەڵکی لــێوەدەگرن و واتای لاوەکی کە هەر ئەو واتایە جگە لە واتای روونی خۆی بۆ بێژەرێك یان هەندێك بێژەر پێدەچێ هەبێ دادەنێن. فەرهەنگەکانی وشە تەنیا واتای روون بە ئێمە دەبەخشن، واتە ئەو رادەیە لە واتا کە بکرێ بە شێوەیەکی بەرچاوەکی و بۆ هەموو کەس کە بە زمان دەدوێ دەربڕدرێ.

لە بەراورد لەگەڵ میتۆدە گوتراوەکانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندی هاوبەشی زمانی، وەرگێران، رەهەندی زانستی زۆرترە، هەرزانترە و پێویستی بە ناوەندگەلی پشتیوانی نیە“ بەڵام لە هەمان کات دا کارایی و سوودێکی بەرتەسکتری هەیە، زۆرتر کات هەڵدەگرێ، وردبینییەکی زۆرتری دەوێ و ئەگەری خراپ لێك تێگەیشتن و نەبوونی پەیوەندیش لەودا هەیە. کاتێك چاو لە بابەتی هەوڵ دان بۆ دۆزینەوەی زمانێکی نێونەتەوەیی بە گشتی دەکەینەوە لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ خاڵێك رووبەڕوو دەبینەوە:

هۆگری بە سانایی فێربوون، ئاسان بوونێکی زۆر زیاتر لە زمانە سرووشتییەکاندا هەیە. بیرۆکەی داهێنانی زمانێکی دەستکرد بۆ سەدان ساڵ لەوەو پێش دەگەڕێتەوە، بەڵام لە سەدەی حەڤدەهەم دا بۆ یەکەمین جار ئەم هەوڵە لە سەیترەی خەیاڵ و فانتازیاوە بۆ بازنەی بیرۆکە و زانست هەنگاو دەنێ و لە سەر بنەمای رامان و بیرۆکەی زانستی دەست بە ئەفراندنی دەکرێ. لە بەراورد لەگەڵ زمانە دەستکردەکان لەگەڵ زمانە سرووشتییەکان دەکرێ ئاماژە بەو چەند خاڵەی خوارەوە بکەین:

١- زمانی سرووشتی هی کۆمەڵێکی دیاریکراوە کە هەلومەرج پێکەوەهەڵکردنی بەردەوام و بێ‌راوەستانی قسەکەرانی ئەو زمانە دابین دەکا.

٢- زمانی سرووشتی وەك هۆکاری یەکێتی رەگەزی، نەتەوەیی یان خێڵەکی کۆمەڵێك کار دەکات.

٣- زمانی سرووشتی لە رەهەندی جوگرافی پرش و بڵاوەوە قسەکەرێکی دیاریکراوی هەیە.

٤- زمانی سرووشتی لە تۆرمەیەکەوە بۆ تۆرەمەیەکی دیکە دگوازرێتەوە.

بە چاولێکردن لە مێژووی پرۆژە زمانییە دەستکردەکان دەکرێ دان بەوەدا نێین، کە زۆربەی ئەم زمانانە بە تایبەتی زمانە دەستکردە داهێنراوەکان لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەم تا نۆزدەهەم دا بەر لەوەی ئامرازی پەیوەندی گرتن بن بەرپرچ دەرەوەی گیانی فەلسەفی و رامانەکانی زمانی خۆیان بوون. لە راستیدا لە سەدەکانی ناوەڕاست دا کاتێك کە زمانی لاتین رۆڵی زمانێکی ناونجی لە ناو تاکە خوێندەوارەکان دا گێڕا هیچ کەس گوێی نەدەدایە گرفتی زمانی، بەڵام لە ماوەی سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا لەگەڵ بەرجەستەبوونی شووناسی نەتەوەیی و ئەو شووناسی زمانییەی وڵاتانی ئەورووپایی، لاتینی ئەو بەهایەی پێشووتری خۆی لە دەست دابوو و ئەورووپا لە بوونی بۆشایی زمانێکی هاوبەش رەنج و ئازاری دەچێشت. لە لایەکی دیکەوە بە زیادبوونی رادەی دۆزینەوە جوگرافییەکان و پەرەسەندنی بازرگانی نێونەتەوەیی پێویستی بە بوونی زمانێکی هاوبەش زۆر بە توندی هەست پێ دەکرا. لە ژێر کاریگەری ئاوەزمەندان و هاوەڵانی دایرەتولمەعارف، سیستەمەکانی هەڵێنجان و وێنا هەڵگرتنەوە / پاسیگرافی باو بوو. بە



سەرنەکەوتنی ئەم جۆرە زمانانە کە زۆربەیان هیچ خزمایەتی و هاوچەشنییەکیان لەگەڵ زمانە سرووشتییە ئاشناکان بۆ خەڵکی نەبوو، لێکۆڵەران و هاوکارانی داهێنەری زمانە دەستکردەکان، روویان لە دروستکردنی گەلێك زمان لە سەر بنەمای نموونە و سومبوولەکانی زمانە سرووشتییەکان کرد. لە ماوەی ئەم سەدەیەی دواییدا لە سەد زمانی دەستکرد لە سەر بنەمای سومبوولە ئەزموونی و سرووشتییەکان داهێنران کە سێ زمانی سپرانتۆ، ڤێلاپووك و ئایدیۆ لە زمانەکانی دیکە سەرکەوتووتر بوون. ئەم سەرکەوتنانەش کاتی و سنووردار بوون. سپڕانتۆ و زمانە دەستکردەکانی دیکە بە گەلێك هۆ پەرەیان نەسەند. یەکەم هەر لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم زمانانە کۆمەڵێکیان بۆ قسەکردن دەدۆزییەوە، هەر لە خۆوە دەگۆڕدران، بریتی لەوە کە ئەم گۆڕانە بەرهەمی کاریگەری زمانی زگماکی قسەکەران یان گۆڕانی دەروونی و لە ئاکام دا ئەنقەستی نەبوو و یان لە ئەنجامی چاکسازییەکی ئەنقەستانە و ئاگایانە بوو.

PDF 4 KURD

هەر وەك سەبارەت بە سپڕانتۆ و کۆمەڵەی لایەنگری ئایدۆدا بینیمان هەر ئێستاش ژمارەیەکی زۆر هەن کە لە راستیدا قسەکەری خۆماڵی سپڕانتۆن و لە لایەن دایك و باوکی سپڕانتۆ زمانەوە پەروەردەکراون و هەر لە منداڵییەوە وەك زمانی ئاسایی بنەماڵەیی کەڵك لە زمانی سپڕانتۆ وەردەگرن. لە راستیدا قسەکەرە خۆماڵییەکانی سپڕانتۆ هێندە کەمن کە لە کۆی ئەوان ناکرێ بۆ دیاریکردنی زمانێکی ستاندارد کەڵك وەرگرین.

گرفتێکی دیکەی ئەم کۆمەڵە زمانانە ئەوە بوو کە ئەم زمانانە لە بنەڕەت دا لە لایەن خەڵکی ئەورووپای رۆژئاوایی و بۆ کەڵك وەرگرتنیان لە رۆژئاوادا گەڵاڵە کرابوو — کە زۆر روونە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هەموو جیهاندا یەکسان نەبوو. هەر بۆیەش لە ئاکام دا زمانێکی وەك سپڕانتۆ هەرچەندە بۆ قسەکەرانی زمانەکانی سەر بنەماڵەی هیندۆ ئەورووپی نوسخەیەکی سادەکراو لە زمانی زگماکیان دەهاتە هەژماردن، بەڵام بە هۆی بوونی بەش و پاژگەلێکی وتەیی جۆراوجۆر و گوتەزاگەلێکی واتایی تایبەت بۆ خەڵکی زۆربەی شوێنەکانی دیکە نائاشنا و نامۆیە.

گرفتەکەی دیکە پرسێکی ریشەییە. یەکێك لە گریمانەگەلی بنەڕەتی زمانی جیهانی لە چاخی ئێستادا، رەهەندی گشتی یان جیهانی فێرخوازانی زمانە. منداڵان لە سەرانسەری جیهان دا، بە چاوپۆشی کردن لە کۆمەڵگا یا کولتوورێك کە لەودا گەشە دەکەن و چاوپۆشی کردن لە جۆری پەروەردەکردنێك کە لە بنەماڵەدا هەیانە لە فێربوونی زمان دا پێڕەوی لە نموونەیەکی نەگۆڕ دەکەن. ئەم پرسە زانایانی بۆ ئەو بیر و بۆچوونە پاڵ پێوە ناوە کە دەبێ زمان خاوەنی پێکهاتەیەکی ژێنێتیکی بێ کە لە رێگای خەملاندن و کامڵبوون لە ماوەی سەدان ساڵ دا بەرهەم هاتووە و لە کاتی لە دایکبوونی زاتی هەموو منداڵ و مرۆڤێکە. لە راستیدا زمانێك کە منداڵ لە کۆمەڵگای خۆیەوە فێری دەبێ، وەك رووکەشێکە کە لە سەر ئەم پێکهاتە ژێنێتیکییە رادەوەستێ. دۆزینەوەی بنەمایەکی هاوبەش بۆ هەموو زمانەکانی جیهان، واتە تەنیا کەڵك وەرگرتن لەو دەنگانە، چینەکانی وێناکردن، پێکهاتە و واتاکان کە بۆ هەموو تاکێکی مرۆڤایەتی ئاشنا بن، کارێکی تەواو نەشیاو و نەگونجاوە، هەرچەندە زماننامە مەزنەکان وەك ترۆبێتسکیش ویستوویانە بیخەنە خانەی پراکتیکەوە. لە لایەکی دیکەوە پشت بەستن بە زمانە دەستکردەکان لە سەر بنەماڵەیەکی زمانی بە شێوەیەکی لاوەکی و حاشاهەڵنەگر نوێنەر جۆرێك بەها دانانە: نیشاندەری جۆرێك سازانی کولتووری گریمانەکراو یان باڵادەستی رەگەزییە. بە واتایەکی دیکە زمانێکی دەستکرد لە لایەکەوە لە نەبوونی بەرهەمگەلی زانستی، ئەدەبی، هونەری وەك پشتیوانی زمانی خۆی رەنج و ئازار دەچێژێ و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی پێکهاتی وابەستەی خۆی بە یەکێك لە بنەماڵە زمانییەکانەوە، لەگەڵ دژایەتی یان بێ سەرنج دانی قسەکەرانی بنەماڵەکانی دیکەی زمانی رووبەڕوو دەبێتەوە. بە پەی بردن بەم راستییە کە زمانێکی تەواو دەستکرد پەرەناگرێ، لەم ساڵانەی دواییدا رێگاچارەیەکی دیکەیان پێشنیار کردووە و ئەویش ئەوەیە کە وێنەی ساکار کراوی زمانێکی نەتەوەیی کە بە کردەوەش قسەی پێدەکرێ، داهێنرێ. نموونەیەکی بەناو بانگی ئەوە ئینگلیزی پایەییە، بەڵام بەداخەوە بنەمایەك کە ئینگلیزی پایە لە سەر ئەو دانراوە بنەمایەکی دروست نیە و وەك شێوەی ساکار کراوی زمانی ئینگلیزی بە هیچ شێوەیەك جێگای دڵخۆشی و رازیبوون



نییە و تەنانەت دەرەجەی کارایی ئەو لە زمانە ئاوێتەییە خوود جۆشەکانی وەك "پی جین چینی" کەمترە. هەڵبژاردنی ٨٥٠ وشەی ئەو تەواو دڵخوازانە ئەنجام دراوە و وشگەلێکی کەم بەهای وەك sticky تێدا هاتووە لە حاڵێك دا وشەگەلێکی زۆر بەهادارتر وەلانراون. واتایی، بریتی لە واتای راستەقینە و مەجازی هەمان واتای وشە ئاساییەکانی ئینگلیزییە، بە بێ هیچ سەرنجدانێك بەم راستییە کە هەرێمی واتایەك کە بۆ هەر وشەیەك لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە بۆ قسەکەرانی زمانەکانی دیکە تەواو تازە و نوێیە.

ئاراستەی پەرەسەندنی جیهانی زمانێکی سرووشتیش پێشینەیەکی هێندە لەمێژینەی نیە. یەکەم هەوڵەکان لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا لە راست بووژانەوە و نۆژەن کردنەوەی زمانێکی مردوودا واتە زمانی لاتیندا ئەنجام درا کە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا (هەڵبەت لە سەدەی بیستەم دا گەلاڵەی بووژانەوەی زمانی مردووی عیبری لە ئیسرائیل بە گەلێك هۆی ئایینی، رەگەزی و ژیۆپۆلێتیکی سەرکەوتنی بەدەست هێنا). لە بەرامبەر کەڵك وەرگرتن لە زمانێکی مردوو وەك ئامراز و کەرەسەیەکی پەیوەندیگرتنی نێونەتەوەیی، رێگاچارەیەکی بەرچاوی دیکە پێشنیار کرا کە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی زمانێکی سرووشتی بەکەڵك بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی لـێوەرگیردرێ. تارادەیەك لە ١٦٥٠ تا ١٧٥٠فەڕەنسا لە بواری فیکری و سیاسی لە ئەورووپادا لە نەتەوەکانی دیکە لە سەرووتر بوو و هەر بەم هۆیەشەوە، زمانی فەڕەنساش وەك زمانێکی یارمەتیدەری نێونەتەوەیی پەرەی سەند. هەڵبەت بەم هۆیە تایبەتمەندییەکی باش لە زاتی زمانی فەڕەنسی بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی دیکە نەبوو، بەڵکو تەنیا پەیوەندی بە هۆگەلێکی نازمانییەوە هەبوو. زمانی ئینگلیزی بەرە بەرە لە ماوەی دوو سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، پلەی خۆی وەك یەکەمین زمانی نێونەتەوەیی سەلماند کە هۆی ئەم دیاردەیەش سەرەتا بە قەرزباری پێشکەوتوو بوونی ئینگلیز و دواتر ئەمریکا لە بوارەکانی بازرگانی، پیشەسازی و زانستەکان دا بوو و سرووشتییە خەڵك هەمیشە زمانێك وەك زمانی دەرەوەیی و بیانی خۆیان هەڵدەبژێرن کە بتوانن لە کەڵك وەرگرتنی ئەو ئەوپەڕی کەڵك و سوود وەرگرن.

بەڵام پەرەسەندنی زمانێکی سرووشتی وەك زمانێکی جیهانی، گەلێك لایەنی نێگەتیڤی سیاسی کۆمەڵایەتیشی هەیە. بە واتایەکی دیکە، لە سەد و پەنجا ساڵی رابردوودا، هۆکارێکی دیکە سەریهەڵدا و لەگەڵ ئینگلیزی، فەرەنسا یان هەر زمانێکی سرووشتی دیکە وەك زمانی نێونەتەوەیی رکابەرایەتی کرد، ئەم هۆکارە نەتەوەخوازی نوێیە. لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا و بە شێوەیەکی وردتر و دروستتر دوای رووخانی ناپلیۆن، هەستی نەتەوەخوازی تاڕادەیەك لە هەموو نەتەوە بچووك و گەورەکان دا، بە شێوەیەکی رۆژ لە دوای رۆژ و بەردەوام گەشەی کرد و حەزی خەڵکی هەموو وڵاتێك ئەوە بووە کە زمانی خۆیان وەك هێمای نەتەوەیی خۆیان بەکار بێنن، هێمایەك کە رەنگە لە هەموو شتێك زیاتر پێی وابەستە بن و لە هەموو شتێك کەمتر ئامادەن دەستی لـێ‌هەڵگرن. هەربۆیە دژایەتی کردن لەگەڵ زمانی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی سرووشتی دیکە هەروا بەردەوام گەشەی کردووە. جگە لەوەش زیادبوونی رۆژ لە دوای رۆژی حەشیمەتی ئینگلیزی زمانەکان کە ئینگلیزی زمانی زگماکی ئەوان نیە گۆڕانکاری گەلێکی بەرچاوی زمانی بە شێوەگەلێکی چاوەڕوان نەکراو، یەکێکە لە دەرکەوتە حاشاهەڵنەگر و خۆنەبوێرەکان.

ئاراستەی پلان دانانەکانی زمانی لە راستیدا دەرئەنجامێکە لەو سێ ستراتیژییەی کە لە سەرەوەدا باسکران کە پشتیوانی ماڵی (دراوی) و یاسایی دەوڵەت و حکوومەت لە ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان و دیاریکراوەکان شیاوی بەڕێوەبردنە. حکومەتە جۆراوجۆرەکانی دونیا سەبارەت بە ئاراستەی وەرگێڕان زۆربەیان دژکردەوەیەکی پۆزەتیڤ و باشیان هەیە، بەڵام لە بواری پەرەسەندنی زمانێکی سرووشتییەوە وەك زمانی جیهانی و هاندانی کەڵك و کارایی زمانە دەستکردەکان ئاراستە و رووانگەگەلێکی تەواو خۆپارێزانەیان هەیە بە تایبەتی سەبارەت بە نموونەی دووهەم. یەکێك لە بەرچاوترین هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی سیاسەتەکانی پلان دانانی زمانی، دوژمنایەتییە نەتەوەیی و خێڵەکییەکانە کە سرووشتیی پانتایی و فراوانی ئەو بەرەو پرسگەلی زمانیش رادەکێشرێ و دەبێتە لەمپەری سەر رێگای سیاسەتەکانی یەك دەست بوونی زمانی. لە لایەکی دیکەوە نابێ کاریگەری پەیوەندی



نێونەتەوەییش لە بیر بکەین. پێدەچێ بە هۆی تێکچوونی پەیوەندی دەرەوەیی لەگەڵ وڵاتێك بۆ وێنە ئینگلیزی زمان — وەك ئەمریکا — سیاسەتەکانی راهێنان و فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەرتەسك بکرێ یان بەتەواوی داخرێ. لە بواری زمانە دەستکردەکانیشەوە حەز و بەریانی کەم، زۆر کەم لە هاندانی کارایی و کەڵکی ئەم جۆرە زمانانە لە لایەن دەوڵەتانی جیهانەوە بەبەرچاو دەکەوێ. راستییەکەی ئەوەیە کە زۆربەی سیستەمە حکوومەتییەکان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی زمانی دەستکرددا خۆیان لە گرفتێکی دوو روانگەییدا دەبینن. روانگەی پەیوەندی جیهانی، کە هیچ هەڵگرێکی ناسراوی نیە جگە لە گرووپە کەمینە ئاشتیخوازەکان و روانگەی جیاوازی زمانی نەتەوەیی، رەگەزی، کە زۆرینەی خەڵکی وڵات و حیزبە سیاسییەکان لایەنگری ئەون. دەبێ لە بەراورددا دان بەوەدا بنێین کە هەروەك نەبوونی شووناسێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی نەبوونی زمانە دەستکرد و ناسرووشتییەکان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا شووناسی کولتووری، کۆمەڵایەتی، رەگەزی بە جیاوازی زمانە سرووشتییەکان بەرچاوترین و زەقترین لەمپەری پەرەسەندنی جیهانی ئەوانە دادەنرێ.

PDF 4 KURD

## کەواتە دوایین رێگاچارە چیە؟

نە وەرگێڕانی زمانێك بۆ زمانێکی دیکە رێگاچارەی لێبڕاوە و نە بوژانەوەی زمانێکی مردوو بە کەڵك دێ، نە زمانە دەستکردەکان دەردێك دەرمان دەکەن و نە پەرەسەندنی زمانێکی سرووشتی، کەواتە ئاساییە کە پلان دانانی زمانیش وەك پێڕەوێك لە هۆکارەکانی سەرەوە کارایی و سوودێکی ئەوتۆی نیە.

یسپیرسن لە دوایین نووسراوەکانی تەمەنی خۆیدا نائومێد لە کاری کارایی و تاکەکسی زمانە دەستکردەکان، پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە زمانە دەستکردەکان وەك زمانی دووهەم لە تەنیشت زمانی زگماکی کەڵکیان لـێ‌وەرگیرێ. ئەو پێی وابوو کە راهێنان و فێرکردنی زمانی دەستکرد لە قۆناغەکانی خوێندنی بەرزدا دەتوانێ پێداویستی زۆربەی کەسانێك کە پێویستیان بە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە لە سنوورەکانی زمانی

خۆیان هەیە دابین و چارەسەر بکا. ئەم ئایدیایە رێگاچارەیەکە بە مەرجێك کە پشتیوانی بەهێزی سیاسی و ئابووری دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی وەك یەکێتی ئەورووپای هەبێ. ناکرێ چاوپۆشی لە رۆڵی ئینتەرنێتیش بکەین، بە پێکهاتنی گەلێك سایتی سەرنج راکێش سەبارەت بە دروستکردنی زمان، دەکرێ بۆ پایە و بنەماکانی کار و زانیاری بەسوود گەلێك دەرئەنجامی بەسوود وەرگرین. هەروەها دەکرێ لە زمانێکی دەستکرد بە شێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ زمانی ئینگلیزی کەڵکی لێوەرگرین. لە لایەکی دیکەوە کەڵك لە تێکەڵاوێك لە ئامێری وەرگێران و زمانە دەستکردەکان وەرگرین بەو واتایە کە پێکهاتی پرۆگرامی ئامێرێك یا کەرەسەیەکی وەرگێران لە سەر زمانێکی دەستکرددا دانێین کە بتوانرێ زۆر بە ئاسانی زمانەکانی جیهانی پێ وەرگێڕین. رێگاچارەیەکی دیکە، کەڵك وەرگرتن لەگەڵ پرۆگرامەکانی زمانی و پەرەسەندنی کارایی زمانێکی سرووشتییە وەك زمانێکی جیهانی. هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە پێویستی بە تێگەیشتن و لێك تێگەیشتنی بەرامبەر و پێویستی بەپاراستنی شووناسی نەتەوەیی و خێڵەکی، زۆرجار بۆ کۆمەڵگا و وڵاتانی جیهانی پێکناکۆك و دژ بە یەکترییە. یەکەمینیان پێویستی فێربوونی زمانێکی نێونەتەوەیی و لە بیر کردنی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی هان دەدا و دووهەمینیان نەبوونی متمانە بە توخمە بیانییەکان و پێبەندی بە کولتووری دووزمانی نەتەوەیی.

کارایی سیاسەتەکانی خوێندن و راهێنانی دوو زمانی و چەند زمانی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا رێگاچارەیەکە بۆ ئەم گیر و گرفتە بەڵام، کەڵگ وەرگرتنی سیاسەتەکانی راهێنانی زمانی لەم ئاستەدا چ لە رەهەندی زمانی و چ لە رەهەندی ماڵی(دراوی)یەوە پێویستی بە پشتیوانی نێونەتەوەیی و پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەنەی وڵاتانی جیهانە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەبێ دان بەوەدا نێین کە تەنانەت ئەگەر ئێمە بە دۆخێکی ئایدیاڵیش بگەین کە هەستیاری نەتەوەیی نیشتیمانی نەبێتە لەمپەر لەو، کە زمانی نەتەوەیەکی دیکە وەك ئامرازی پەیوەندی گرتنی جیهانی هەڵبژێرین، بەو حاڵەش یەکێتی



زمانی لە ئاستی جیهانیدا وەدی نایەت. بۆ ئەوەی یەکێتی زمانی بەدەست بێ و بپارێزرێ، رەگەزی مرۆڤ دەبێ زۆر لەوە زیاتر کە ئێستا دەتوانێ یان نیشان دەدا کە لە داهاتوودا بتوانێ، هێزی قەبووڵ کردن و پێڕەوی کردن لە یاساگەلێکی وشك لە تەواوی لایەن و رەهەندەکانی زمانی بریتی لە دەنگ، رێزمان، وشە، واتا و تەنانەت رێنووسی وشەکانی هەبێ. کاتێك کە زمانێکی هەڵبژێردراو تەواو پەرەی سەند، هەر لە خۆوە بە سەر زاراوەگەلێك دا دابەش دەبێ، چونکە ئەم زمانە لە لایەن قسەکەران و ئاخاوتنکەرانی زمانە جۆراوجۆرەکانەوە فێر دەکرێ و سازگاری و گونجانە جۆراوجۆرەکان بە خۆوەدەگرێ. زاراوەکان لە ئاکامی گۆڕانێکی دەروونی لە لایەك و لە ئەنجامی قەرزوەرگرتن لە لایەکی دیکەوە، زۆر بە زوویی لە یەکتری دوور دەکەونەوە تا ئەوەی کە دوای چەندین سەدە دووبارە هەر لە هەمان زمانی یەکەی جیهانی کۆمەڵێك زمانی جۆراوجۆر و جیاواز پێك دێن و تەواوی گرفتەکانی وەرگێران، فێربوونی زمانی بیانی و دەرەوەیی و هەتا دوایی سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە.

PDF 4 KURD

# کتێب نامە


**سەرچاوە فارسییەکان:**

١ — اچسون، جین. *زبانشناسی همگانی*. ترجمه حسین وثوقی، تهران: کتابسرا، ١٣٦٣.

٢ — امامی، کریم، *از پست و بلند ترجمه*. تهران: انتشارات نیلوفر، ١٣٧٣.

٣ — باطنی، محمد رضا. "ترجمهء ماشینی". *مسایل زبان شناسی نوین*. تهران: آگاه، ١٣٥٤.

٤ — باطنی، محمد رضا، *زبان و تفکر*. تهران: کتاب زمان، ١٣٥٤.

٥ — بدوی، عبدالرحمن. "فن ترجمه و انتقال فلسفه یونانی به جیهان اسلام". ترجمه اسماعیل سعادت. *گزیده مقالەهای نشر دانش*. تهران، مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٧٦.

٦ — بی یرویش، مانفرد. *زبان شناسی جدید*. ترجمه محمد رضا باطنی. تهران: ئاگاه ١٣٥٦.

٧ — پازارگادی، علاء الدین. "هنر و فن ترجمه". *مجموعه مقالات سمینار بررسی مسایل ترجمه*. جهاد دانشگاهی علامه طباطبایی. ١٣٦٤.

٨ — ترادگیل، پیتر. *درآمدی بر زبان و جامعه*. ترجمه محمد طباطبایی. تهران. انتشارات آگاه، ١٣٧٦.

٩ — چامسکی، نوام. *دانش زبان*. ترجمه: علی درزی، تهران: نشر نی، ١٣٨٠.

١٠ — دلیل، ژان. *تحلیل کلام: روشی برای ترجمه*. ترجمه: اسماعیل فقیه، تهران: انتشارات رهنما، ١٣٨١.

١١ — رابین، سی. "ترجمه از دیدگاه زبان شناسی" ترجمه پرویز بیرجندی. *فصلنامه ترجمه*. جهاد دانشگاهی دانشگاه علامه طباطبایی شماره ٣و ٤ بهار و تابستان ١٣٦٦.





١٢ — ساغروانیان، سید جلیل. *فرهنگ اصطلاحات زبانشناسی*. مشهد: نشر نما، ١٣٦٩.

١٣ — شفیعی، محمد، *کلیاتی در باب پیدایش زبان و تحولات آن*، انتشارات دانشگاه پهلوی. ١٣٤٦.

١٤ — صاحب الزمانی، ناصرالدین. *زبان دوم*. تهران: انتشارات عطائی، ١٣٥٥.

١٥ — صفارزاده، طاهرة، *اصول و مبانی ترجمه*، تهران: کتابفروشی خیام، ١٣٦٣.(بەشێك لەم کتێبە لە لایەن هاوڕێی خۆشەویستم، کاك قادر وریا وەرگێڕدراوە بە کوردی کە دەزگای چاپ و پەخشی خانەی وەرگێڕان لە قەوارەی کتێبێکی گیرفانی دالەگەڵ چەند وتارێکی دیکە چاپ و بلاوی کردۆتەوە. وەرگێڕی کورد).

١٦ — صفوی، کورش. *درآمدی بر زبانشناسی*. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب، ١٣٦٠.

١٧ — صفوی، کورش. "نسبیت در ترجمه" *مجموعه مقالات سمینار بررسی مسائل ترجمه*. جهاد دانشگاهی دانشگاه علامه طباطبایی. ١٣٦٤.

١٨ — صفوی، کورش، گفتارهایی در زبان شناسی. تهران: انتشارت هرمس ١٣٨٠.

١٩ — صلح جو، علی. "بحثی در مبانی ترجمه". *گزیده مقالەهای نشر دانش*، تهران: مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٧٦.

٢٠ — عاصی، مصطفی. "کاربرد کامپیوتر در زبانشناسی و فرهنگ نگاری". *مجموعه مقالات نخستین کنفرانس زبانشناسی نظری و کاربردی*. به کوشش محمد دبیر مقدم. تهران: دانشگاه علامه طباطبایی، ١٣٧٢،

٢١ — عاصی، مصطفی. *واژگان گزیده زبانشناسی*. تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی. ١٣٧٥.

٢٢ — کاتسنر، کنت. *زبان های جیهان*. ترجمه رضی هیرمندی. تهران. مرکز نشر دانشگاهی. ١٣٧٦.

٢٣ — کالوه، لویی ژان. *درآمدی بر زبان شناسی اجتماعی*. ترجمه محمد جعفر پوینده. تهران: انتشارات قلم، ١٣٧٨.


PDF 4 KURD

٢٤ – كولرز، پال. "ترجمه و دوو زبانگی". ترجمه بهروز عزبدفتری. ***مجله دانشکده ادبیات تهران***. سال ٢٥. شماره ٤ – ١. پاییز ١٣٦٢.

٢٥ - لطفی پورساعدی، کاظم. ***درآمدی به اصول و روش ترجمه***. تهران: مرکز نشر دانشطاهی، ١٣٧١.

٢٦ – لودو ویسی، جیمز. ***منشاء زبان***. ترجمه قاسم کبیری. تهران: انتشارات رهنما. ١٣٦٩.

٢٧ – مختاری اردکانی، محمد علی. ***هفده گفتار در اصول***، روش و نقد ترجمه. تهران: انتشارات رهنما. ١٣٧٥.

٢٨ – مدرسی، یحیی. ***درآمدی بر جامعه شناسی زبان***. تهران: موسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی. ١٣٦٨.

٢٩ – مذکور، ابراهیم. نهضت ترجمه در جهان اسلام. ترجمه اسماعیل سعادت. ***گزیده مقالەهای نشر دانش***. تهران: مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٧٦.

٣٠ – مشیری، مهشید. ***ده مقاله درباره زبان***، فرهنگ، تهران: نشر البرز. ١٣٧٣.

٣١ – موقن، یداللّه. زبان، ***اندیشه و فرهنگ***. تهران انتشارات هرمس، ١٣٧٨.

٣٢ – مینووا، شیگئو، ترجمه: آینـــه سرزندگی فکری ملتها. ترجمه ناصر ایرانی. ***گزیده مقالەهای نشر دانش***. تهران: مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٦٠.

٣٣ – نایدا، یوجین. "***نقش مترجم***". ترجمه سعید باستانی. گزیده مقالەهای نشر دانش. تهران، مرکز نشر دانشگاهی، ١٣٧٦.

٣٤ – نایدا، یوجین. "ترجمه از دیدگاه جامعەشناسی زبان". ترجمه مهشید مشیری. ***فصلنامه ترجمه جهاد دانشگاهی***. دانشگاه علامه طباطبایی. شماره ٢، زمستان ١٣٦٥.

٣٥ – نجفی، ابولحسن. "مساله امانت در ترجمه". ***گزیده مقالەهای نشر دانش***. تهران: مرکز نشر دانشگاهی. ١٣٧٦.





٣٦ – نجفی، ابولحسن. "آیا زبان فارسی در خطر است؟". ***گزیده مقالەهای نشر دانش***. تهران: مرکز نشر دانشگاهی. ١٣٧٦.

٣٧ – واینرایش، آوریل. ***برخورد زبان ها***. ترجمه ناصر بقایی و حمید سرهنگیان. تبریز: دانشگاه آذرآبادگان، ١٣٥٥.

٣٨ – پول، جرج. ***نگاهی به زبان (یك بررسی زبانشناختی)***. ترجمه نسرین حیدری، تهران: سمت، ١٣٧٤.


**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**


1- Arnold, David, *Machine translation: an introductory guide:* oxford. Blackwell. 1994.

**2** – Basnett, Susan, *translation: History and culture.* London. Pinter publishers. 1990.

3 – Borgmann, Albert, *The Philosophy of language.* Nether lod: Hague. 1974.

4 – Bailey, chrisg. *English as a world language.* London: CUP. 1982.

5 – Cooper: Conrod the Spread of English: *The sociology of English as an additional language.* Rowley. Mass. Newbury House. 1977.

6 – Cobarrubias, J. *Progress in Languge Planninag*, Berlin: Mouton. 1983.

7 – Collins, N. *An Ensyclopedia of language*. London and Newyork: Routledge. 1990.

8 – Crystal, David, *The Cambridge Ensclopedia of language*. Newyork: Cambridge university press. 1997.

9 – Crystal, David, *English as a global language*. Newyork. Cambridge university perss. 1998.

10 – Diamond, A. S. *History and origin of language*. London: Methuen. 1959.

11 – Eco, umberto. *the search for the perfect language*. London: Fontana perss. 1997.

12 – Edwards, John language. *Society and identity*. oxford: Blackwell, 1985.

13 – Edwards, John. *linguistic minorties, policies and pluarilism*. London: Academic press. 1984.

14 – Finlay, Frank. Translating. London: Teach yourself Books, 1971.

15 – Gros Jen, F. life with two languages: an introduction to bilingualism. Blackwell. 1982.

16 – Large. J. a. *the foreign – language barrier: Problems in communication*. oxford: Blackwell. 1983.

17 – Large, J. a. *the artificial language movement*. oxford: Blackwell. 1985.



18 – Pei. M. *One Language for the world*. Newyork: Deuin – Adaor, 1958.

19 – Pinker, steven. *the language Instinct*. Newyork: Harper Perennial. 1995.

20 – Schubert, klus. *Interlinguistics: Aspects of the Science of planned langages*. Berlin: Newyork. Moutoa de Gruyter. 1989.

21 – simmons, Tom. *one language, one world*. Newyoek: Harper Perennial. 1983.